# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢٠) کانوونی یەکەم
٢٠١٨

ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: پێگەی خێزان لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا


بەرەو خوێندنەوەیەکی گشتگیرتر بۆ پرسی تیرۆر! ........................................ ئیسماعیل تەها ٥

کورتە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی (تیرۆر)ەوە ........................................ مامۆستا عەلی باپیر ٧

زەمینەکانی گەشەکردنی تیرۆر ........................................ د. کامەران محەمەد ٢٢

توندڕەویی و پەیوەندی بە تیرۆری ئیسلامی ........................................ ئەبوبەکر عەلی ٢٤

ڕەهەندەکانی تیرۆر و ترس و تۆقاندن لە پەروەردەی تاکدا ............ بوخاری عەبدوڵڵای قەسری ٤٤

فاشیزم وەک تایپێکی تیرۆری دەوڵەت ........................................ کاروان فەتاح عەبدولڕەحمان ٥٢

ڕووماڵی «تیرۆر» ئەرکێکی میدیایی یا دوانگەیەک بۆ تیرۆریستان؟ پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی ٥٩

فاکتەرەکانی هزری توندڕەوی ........................................ د. ناصح مەلا کەریم ٦٦

تیرۆری دەوڵەت چییە ........................................ هۆشمەند عەتا ٧١

خۆسەپێنی و گەندەڵی لە هزری ئیسلامییدا ........................................ کۆسرەت ساڵح ئەحمەد ٧٦

ئیرهاب دیاردەیەکی نامۆ، لکێندراو بە ئیسلام و مسوڵمانان ........................ د. ئیدریس کاریتانی ٨١


بابەتی گشتی


پەرەسەندنی مێژوویی مزگەوتەکانی هەڵەبجە ........................................ عادل صدیق عەلی ٨٨

پایەکانی سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە لای پێشەوا ماوەردی .......... عومەر ئیسماعیل ڕەحیم ١٠٠

پوختەی بیروباوەڕ و بنەماکانی ئەهلی حەدیس و ئەسەر ........................................ ئیمداد تەها ١١٣

شێخ عەلی ئەمین بانگەشەکاری یەک ئوممەتی ........................................ سەرتیپ عەزیز فارس ١٢٣

تیرۆر، گەورەتر لە کوشتن!! (دواخاڵ) ........................................ مودریک عەلی عارف ١٣٤




# تەوەری داهاتوو

# زمانی کوردی

## لە بەردەم ئاستانەی نوێدا

تەوەری داهاتووی گۆڤارەکەمان لەسەر زمان دەبێت، دەزانین تەوەرێکی ئاوکێشە و پەلوپۆی زۆری لێ دەبێتەوە، بەڵام خۆ ناکرێت لەبەر قووڵیی و فراوانییەکەی دەستبەرداری بین، گۆڤاری خاڵ بابەتی (زمانی کوردی لە بەردەم ئاستانەی نوێدا) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

1- زمانی کوردی بەپێوانە لەگەڵ زمانە زیندووەکانی دنیا لە چ حاڵێکدایە؟ ئایا دەرفەتی فراوانبوونی هەیە؟

2- ئاستەنگەکانی بەردەم زمانی کوردی چین؟ ئایا بە ئینگلیزی کردنی پرۆسەی خوێندن لە خوێندنگا و زانکۆکاندا چ مەترسییەك لەسەر زمانی کوردی دروست دەکات؟

3- پەیوەندی نیوان زمان و شووناسی نەتەوەیی چییە؟

4- تەکنەلۆژیا و زمان کاریگەریی و کارتێکردن.

5- جیهانگەرایی چ کاریگەرییەکی لەسەر زمان هەیە؟

6- پرۆسەی وەرگێڕان و زمانزانین چ خزمەتێك بە زمانی کوردی کردووە؟

7- سروشتی نێوان هزر و زمان.

8- پەیوەندی نێوان زمان و سیاسەت کاریگەرییان لەسەر یەکدی.

9- ئایا لە باشووری کوردستاندا ڕێنووسی زمانێکی ستاندارمان هەیە؟ ئەگەر نییە بۆچی؟

10- ئایین چ کاریگەرییەکی لەسەر زمان هەیە؟

11- بەراوردی زمانی کوردی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا.

- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (2018/1/10) بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.




# دیاردەی تیرۆر

## تێگەیشتن و چارەسەر

تیرۆر بڵاوترین زاراوەی سەدەی بیست و یەکە، کە تا ئەمڕۆش پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی بۆ نەکراوە، بەڵکو سیاسەت و بەرژەوەندیی و ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێناسە و دەستنیشانکردنی.

ئەم چەمکە مێژوویەکی دێرینی هەیە و بەرفراوانە، ئێمە هەوڵمانداوە لەلایەنە مەعریفییەکەی بکۆڵینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک نووسەر و توێژەری بەڕێز قەڵەمی بەبرشتی خۆیان خستووەتەکار و لە سوچێکی تەوەرەکەوە لە بابەتەکەیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام نەتوانراوە ڕەهەندە سیاسییەکەشی ببوێرێت و باس نەکرێت، چونکە تیرۆر و سیاسەت دوانەیەکی پێکەوە ئاڵێنراون و لەیەک جیاناکرێتەوە.

گرنگی ئەم تەوەرە لەوەدا دەردەکەوێت کە بابەتێکی زیندووە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین قسەی لەسەر کراوە و نوسراوە لەسەر ئاستی جیهان بە عێراق و کوردستانیشەوە، جگەلەوەش ئێمە لەبری وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە یان پشتبەستن نووسەرانی بیانی کە زۆر دیدگای خۆیان و دەوروبەرەکەیان ئەم تەوەرە شێدەکەنەوە، ڕوومان لە نووسەر و توێژەری هاوزمانی خۆماننا تا بابەتەکە شیبکەنەوە و چارەسەری بۆ دەستنیشان بکەن.

ئومێدەوارین لە هەڵبژاردنەکەماندا سەرکەوتووبووبین و ئەو بەرێزانەش توانیبێتیان تینوێتی ئێوەی خوێنەر لە بوارەکەدا بشکێنن.

سەروتار

# بەرەو خوێندنەوەیەکی گشتگیرتر بۆ پرسی تیرۆر!

**ئیسماعیل تەها**

بۆ قسەکردن لەسەر پرسێک، پێویستە مرۆڤ ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بکات، نەک تەنها لایەنێکی ئەو پرسە وەربگرێت و لایەنەکانی تری فەرامۆش بکات، چونکە ئەو کات خوێندنەوەکانی دەبێت بەخوێنەوەیەکی لاسەنگ، ئامانجی خۆی ناپێکێت، بەڵکو دەبێتە خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژی.

لە چەند ساڵی ڕابردوو هیچ گرووپێکی توندڕەو بەقەد ڕێکخراوی دەوڵەتی عێراق و شام «داعش» قسەی لەسەر نەکرا، بەڵام لە بازنەیەکی زۆر تەسک. لە دوای دروستبوونی داعش جارێکی تر تێوەگلاندنی ئایین لە پاڵپشتی تیرۆر بەشێوەیەکی بەرفراوان نووسینەکانی گرتەوە، ئەمجارە وەک جارانی تر نەبوو، جاران تەنها خوێندنەوەکانیان بە بەرپرس دەزانی بۆ بەرهەمێنانی تیرۆر، بەڵام ئەمجارە زۆرینەی ئەوانەی قسەیان لەسەر تیرۆر دەکرد خێرا پەنجەی تۆمەتیان بۆ ئیسلام درێژدەکرد، ئەمە وایکرد لە لایەنەکانی تری گرووپە تیرۆرستەکانیش کەمترین قسەی لەسەر بکرێت.

ئەم حاڵەتە زەمینەی سازکرد بۆئەوەی لەکاتی داعش زۆرینەی ئەو نووسین و قسانەی کە لەبارەی تیرۆرەوە نوسران، تەنها قسەکردن بێت لەسەر ئایین وەک تاکە سەرچاوەی تیرۆر، یەکەم کەسێک کە بەجدی قسەی لەسەر سەرچاوەکانی تری داعش کردبێت، د.عادل باخەوان بوو، لە کۆنفراسی «کوردستان و ئیسلامی سیاسی» لە هۆڵی تەوار گوتی: کۆتا شت داعش سودی لێوەربگرێت ئایینی ئیسلامە، چونکە داعش هەموو ئامادەسازییەک دەکات، تەنها دەیەوێت شەرعیەت لە دەقەکان وەربگرێت، هەر ئەوکات چەند نووسەرێک زۆر نیگەران بوون، بەو قسانەی د.عادل، چونکە ئەوان دەیانویست جگە لە پاڵنەری ئاینی ئیسلام هیچ پاڵنەرێکی تر باس نەکرێت. قسەکردن لەسەر پرسێکی وا گەورە ناکرێت تەنها لە ڕەهەندێک کۆبکرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە خوێندنەوەی جددیی و بەدواداچوون هەیە، بۆیە ئەگەر بابەتیانە سەیری لایەنە جیاوازەکانی پێکهاتەی داعش بکرێت ئەوکات دەزاندرێت، کە داعش سودی لەچی وەرگرتووە.

نکۆڵی لەوە ناکرێت کۆمەڵێک گەنجی حەماسی بە پاڵنەری ئایینی چووینە ناو ئەو ڕێکخراوە، ئەوانیش ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێت مەرج نیە هەموویان هەر پاڵنەری ئایینیان لە پشت بێت، ڕێکخراوێکی گەورەی وەک داعش تەنها بە فەتوا کارەکانی بەرەو پێش ناڕوات، چونکە پێویستی بە چەندین شتی تر هەیە بۆ برەودان بە کارەکانی خۆی، ئەو ڕێکخراوە پێویستی بە سەرچاوەی پەیدانکردنی: چەک و تەقەمەنی، دارایی، ڕاگەیاندن و تاکتیکی سەربازی هەیە. تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی جددی لەسەر بوارەکانی تری داعش نەکراوە، ئەگەر کرابێتیش ئێمە نەمان دیوە، جگەلە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی (ئەرسەلان ڕەحمان) لەسەر ڕاگەیاندنی داعش.

داعش لە بواری سەربازیدا خاوەنی تاکتیکی جۆراوجۆر بوو، ئەگەر سەیری شێوازی هەڵکۆڵینی ئەو هەموو تونێلە بکرێت، دەیان پرسیاری جددی لەسەر ئەو تونێلانە دروست بێت، بەنمونە ئەو ئامێرانەی کە داعش تونێلەکانی پێ هەڵکەند، کێ بۆی دروستکردوون؟ ئایە ئەو تونێلانە بەرهەمی بیکردنەوەی دوو فەتوای حەماسییە کە ئەو گەنجانە وەک پاڵنەر پێی بوون بە داعش؟ یان بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی سەربازییە، ئەو کەسانەی نەخشەی هەڵکەندنی ئەو تونێلانەیان داڕشتووە، کەسانی زۆر شارەزابوون لە بواری جەنگدا. لە ڕووی داراییەوە، داعش پشتی بە چ سەرچاوەیەک بەستووە؟ لە ڕووی چەک و تەقەمەنی، ئایا داعش هەر پشتی بەو چەک و تەقەمەنیانە بەستووە کە لە جەنگەکان دەستیدەکەوت؟ جۆری ئەو چەکانە چی بوون داعش بەکاری دەهێنا؟ ئەگەر چەکی کڕیوە لە کوێی کڕیوە؟ کێ هاوکاری کردووە؟

لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە داعش خاوەنی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر بوو، وڵاتە زلهێزەکان زۆر بەئاسانی دەتوانن هەموو چالاکیەکانیان بلۆک کەن، بەڵام بۆ نەیان کرد؟ بۆچی کاتێک ڕەسمێکی عەبدوڵلا ئۆجەلان بڵاودەکرێتەوە فەیسبوک ئەو پەیجە سزا دەدات، بڵاوکردنەوەی قەدەغە دەکات، بەڵام دەیان ڤیدیۆی مەترسیداری داعش لە تۆڕەکان بڵاودەکرێتەوە، هیچ سزایەک نابیندرێت.

گواستنەوەی (٣٠٠) کەس لە چەکدارانی داعش لە لوبنانەوە بۆ عێراق، بۆچی ڕێگرییان لێ نەکرا؟ بۆچی دەستگیر نەکران؟ ئەو چەکدارانە ئێستا لە کوێن، بۆ کەس دەستگیری نەکردوون، هەڵوێستی ئەمریکا چی بوو؟ ئایە گواستنەوە و ڕێپێدان بە گواستنەوە نابێتە هاوکاریکردنی تیرۆر؟

هێشتنەوەی داعش بۆماوەی سێ ساڵ و دواتریش تەختکردنی شارێک بەبیانووی لەناوبردنی تیرۆر!! بۆچی زووتر هەڵنەستان بە پاکردنەوەی موسڵ لە داعش، دەوڵەتێکی وەک عێراق لە ماوەی بیست ڕۆژ کۆتایی پێهات، بەڵام بۆ شارێک ماوەی سێ ساڵ هاوپەیمانییەک هەبوو لە نێوان شەست دەوڵەت بەسەرکردایەتی ئەمریکا، ئینجا هێشتا داعش کۆتایی پێ نەهاتووە، ئایا ئەوە ڕێکەوتە، یان پیلانە، ئەوانە پرسیارن دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت.  خەڵکی دینداریش ناکرێت بەپاساوی داعش دروستکراوی دەستی خۆیانە، کە وەک پیلان لە دروستکردنی داعش دەڕوانن، وەڵامی خەڵکێک بدەنەوە، بەڵکو پێویستە لە گۆشەنیگای ترەوە وەڵامیان هەبێت، بەڵام لە کۆی گشتی ڕێکخراوە توندەڕەوەکان ئەگەر دروستکراوی دەستی خۆشیان نەبێت، بەڵام دواجار بۆ سودی ئەوانن.

گرفتی بەشێکی زۆر نووسەرانی کورد ئەوەیە، هەمیشە ململانێیان لەگەڵ ئیسلام لە نەخوێندنەوەی قوڵیانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەندەی خەریکی قسە فڕێدانن ئەوەندە خەریکی لێکۆڵینەوەی جددی نەبووینە. دەبوو نووسەرانی کورد  پرۆژەی گەورەتریان هەبوایە بۆ قسەکردن لەسەر داعش، چونکە زیاندمەندترین کەس لە ناوچەکە بوو، ئەوەی کردمان بەرامبەر داعش، هیچی بۆ کورد نەبوو، هەموو دەستکەوتی کورد لە شەڕەکانی لەگەڵ داعش ستایشە بەناوبانگەکەی دۆناڵد ترامپ بوو، کە گوتی: کوردەکان شەڕکەری چاکن، نووسەرانی کورد دەبوو بێن قسە لەسەر ئەو پرسانەش بکەن، نەک تەنها قسە لەسەر یەک ڕەهەندی توندڕەوی بکەن و هەموو ڕەهەندەکانی تری پشتگوێ بخەن، پشتگوێ خستنی ئەو ڕەهەندانە چ بەرهەمێکی دەبێت؟  ئەگەر ئەوان بەدوای چاسەرەی ڕیشەییدا دەگەڕێن بۆ توندڕەوی، پێویستە ئاڕاستەی خوێندنەوەکانیان بگۆڕن، نەک هەر دووبارەی قسەکانی پێشووبن، گشتگیرانە تر قسە بکەن، نەک تەنها لە پەنای داعش شەڕێکی ئایدۆلۆژیانە بکەن لەگەڵ ئیسلام، چونکە ئەوکات ئەوان نیشانەی پرسیار لەسەر خۆیان دروست دەکەن، ئەوەندەی دەبێتە شەڕێکی دەروونی لەگەڵ کەسانی پابەند بە ئیسلام، ئەوەندە نابێتە شەڕی نەهێشتنی توندڕەوی.

# كورتە لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی (تیرۆر)ەوە





مامۆستا عەلی باپیر

بابەتی (تیرۆر) لەم ڕۆژگارەدا بۆتە بابەتێکی گرنگ و هەستیاری خاوەن ڕەهەندی فیکیریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و هەواڵگریی، بۆیە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە هەویرێکی ئاوخوازە و، هیواداریشم بتوانم بەم برە توێژینەوەیەم، تیشکێکی باش بخەمەسەر چەند لایەنێکی ئەم بابەتە، کە ئێستا یەکێک لەو بابەتانەی زۆرترین قسە و وتوێژ و مشتومڕیان لەبارەوە دەکرێت و، لەلایەن ناحەزانی ئیسلام و مسوڵمانانەوە لە پەنای ئەو زاراوەیە(TERROR)دا «کە لەئەسڵدا زاراوەیەکی ڕۆژئاوایی (فەڕەنسی)یە و پەیوەندیی بە ئیسلام و مسوڵمانانەوە نیە« ستەم و ناهەقیی و بێویژدانیی زۆر دەرهەق بە مسوڵمانان و ئایینەکەیان دەکرێت.

هەربۆیەش ئێمە لەم برە توێژینەوەیەماندا پانتاییەکی باش بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەت و بوختانانە تەرخان دەکەین، کە لە پەنای باسی تیرۆر و ئیرهابدا دەگیرێنە ئیسلام و مسوڵمانان.

**١- پێناسەی تیـرۆر**

وەک زانایانی ئوصووڵ(١) گوتوویانە: **(الحكم على الشَّيءِ فرعٌ عن تصورهِ)**. بەڵێ، ئینسان ناتوانێت هەڵوێستێکی ڕاست و ڕێک و مەنتیقیی و ژیرانە لە بەرانبەر هیچ شتێدا وەربگرێت، تاکو چاک نەیناسێت، هەربۆیەش زانایانی (أصول الفقه) لە مەسەلەی (قیاس)دا عیبارەتێکیان هەیە، کەبریتییە لە: (تحقيق المناط) و(تنقيح المناط) واتە: ئەو شتەی حوکمەکەی پێوە بەستراوە، دەبێت ساغ بکرێتەوە و دیاریی بکرێت و، جوان بپاڵێورێ و سپی بکرێ، ئەوجار دەگونجێ وەک پێویست هەڵسەنگێنرێت، چونکە زۆرجار دوو کەس لەسەر شتێک دەبێتە کێشە و مشتومڕیان، بەڵام دوایی تێدەگەن کە لەیەکدی حاڵی نەبوون! بۆیە عەرەب گوتوویانە: **(فهم السؤال نِصْفُ الجَواب)** ئەگەر ئینسان لە پرسیارێک تێنەگات، بێگومان ناتوانێت وەڵامی ڕاست و دروستی بداتەوە، کەواتە: بابزانین مانای وشەی تیرۆر چییە و لەکوێوە هاتووە؟!

هەموو فەرهەنگەکانی زمان، بۆ وێنە: فەرهەنگی (المعجم الوسيط)(٢)، فەرهەنگی (مجمع اللغة العربية)(٣)، قامووسی (ئۆکسفۆرد)ی بەریتانیی، **(لغت نامة دَهخُدا)**(٤) کە گەورەترین قامووسی فارسییە، هەروەها فەرهەنگی (عميد)(٥) و، فەرهەنگەکانی دیکەش هەموویان لەسەر ئەوە یەک دەنگن و دەڵێن: وشەی تیرۆر لە ئەسڵدا وشەیەکی فەڕەنسییە، کە سپێڵەکەی بەمشێوەیە دەنووسرێت: (Terror)و دەڵێن: تیرۆر واتاکەی ترساندن و تۆقاندن و هەڕەشە لە خەڵک کردنە، کە جاری واش هەیە ترساندن و تۆقاندنەکە، سەر دەکێشێ بۆ کوشتار و فەوتاندنیش!

ئەوە مەعنای زمانەوانییەتی، ئەگەرچی وشەکە لە ئەسڵدا فەڕەنسییە، بەڵام دوایی لە زمانەکانی دیکەشدا بەکارهێنراوە و ڕەواجی پێدراوە، وەک گەلێک وشەی دیکە.

مانای سیاسی ئەو وشەیەش لە قامووسی سیاسیدا بەکورتی بریتییە لە : (کوشتنی سیاسییانە بەهۆی بەکارهێنانی چەکەوە)، هەندێکیان ئاوایان پێناسە کردووە، بۆ وێنە: (مجمع اللغة العربية) کە قامووسێکی بەناوبانگی زمانی عەرەبییە. هەروەها (المعجم الوسيط) دوای ئەوەی کە لەڕووی زمانەوانییەوە، وشەی (تیرۆر) دەبەنەوە سەر ئیرهاب، وشەی ئیرهاب (إرهاب)یش وەک زانایان گوتوویانە: **(أَرْهَبَ فُلانٌ فُلاناً يُرْهِبُهُ أَيْ: خَوَّفَهُ وفزَّعَهُ)**، واتە: فڵان کەس فڵان کەسی ترساند و تۆقاندیی و زراوی برد، دوای ئەوە گوتوویانە: **(الإرهابيون وَصفٌ يُطَلَقُ على الذين يَسْلُكُون سَبيلَ العُنْفِ والإرهاب لتحقيق أهدافهم السياسية)**، واتە: (ئیرهابییەکان، ئەوە وەسفێکە بۆ کەسانێک بەکاردەهێنرێت کە ڕێگای توندوتیژیی و تۆقاندن دەگرنەبەر بۆ هێنانەدی مەرامە سیاسییەکانیان).

کەواتە هەرکەسێک ڕێگای توندوتیژیی و ڕێگای کوشتن و بڕین و ڕێگای داپۆڵسین و

تۆقاندن بگرێتەبەر، بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسیی، ئەوە تیرۆریستە، و ڕێبازەکەشی تیرۆریزمە و کارەکەشی تیرۆرە، ئیدی ئەو کەسە هەرکەسێک بێ، مسوڵمان بێ، یان کافر، ڕۆژهەڵاتیی بێ یان ڕۆژئاوایی، جیاوازیی نیە و، هەمان حوکمی هەیە، مادام ئەو وەسف و پێناسەیەی بەسەردا بچەسپێ.

فەرهەنگی (عمید)یش، کە فەرهەنگێکی فارسییە، بەمشێوەیە پێناسەی (تیرۆرزم) دەکات: (تیروریسم روش کسانی أست کە آدمکشی وتهدید مردم و إیجاد خوف وحشت را بهر طریقی کەباشد، برای رسیدن بەهدفهای سیاسی خود، أز قبیل تغییر حکومت یا دردست گرفتن زمام أمور، لازم ومباح میدانند)(٦)، واتە: تیرۆریزم ڕێبازی کەسانێکە، کە خەڵک کوشتن و هەڕەشەکردنی مەرگ لە خەڵک، وە پەیداکردنی ترس و دڵەڕاوکە و تۆقاندن بەهەرشێوەیەک، کە بۆیان بگونجێ، بەکاردەهێنن و بەڕەوا دەزانن، بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی، وەک: گۆڕینی حکومەت، یاخود گرتنەدەستی جڵەوی حوکمڕانی.

### ئەو وشەیە کەی پەیدابووە؟!

لە کتێبی (تأریخ جهان)(٧)دا، کە کتێبێکی فارسی گەورەیە، هاتووە، وەک قامووسەکانی زمانیش ئاماژەیان پێکردووە، کە یەکەمجار وشەی تیرۆر لە ساڵی (١٧٩٣)دا و لە وڵاتی فەڕەنسا بەکارهێنراوە، چونکە شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی(١٧٨٩) کرا، ئەنجا ماوەیەک دوای بەرپابوونی ئەو شۆڕشە کەسێک بەناوی (ڕوبسپیر) جڵەوی حوکمڕانی لە فەڕەنسا گرتەدەست، ناوبراو ڕێبازی توندوتیژیی و تیرۆر و تۆقاندنی گرتەبەر، حوکمەکەی لە نێوان ساڵانی (١٧٩٣ـ١٧٩٤)بوو، واتە نزیکەی ساڵێک زیاتری خایاند، هەرکەسێک گومانی لێکردبایە، کە دژی شۆڕشە (شۆڕشی فەڕەنسا) دەیکوشت! بەوهۆیەوە لە ماوەی حوکمڕانییەکەیدا (٣٥,٠٠٠) کەسیان بەبیانووی ئەوەی کە دژی شۆڕشن، کوشت، هەرکەسێک بەس گومانیان لێکردبایە، دەیان کوشت، یەکێک لەوانەی بەو بیانووە کوژرا (دانتۆن)بوو، کە ڕێبەری خۆشەویستی شۆڕشی فەڕەنسا بوو، یەکێکیشیان (لویسی شازدەیەم) بوو کە پادشای فەڕەنسا بوو.

ئەوانەی کە دەکوژران، بە ئامێرێک دەیانکوشتن و سەریان دەبڕین بەناوی (گیوتین) کە ئالەتێکە لە هەندێک لە فەرهەنگەکاندا وێنەی کێشراوە و، شوێنێکی تێدایە، کە کەسەکانیان وەک لاشەی مردوو تێداراکێشاوە و ئاسنێکی تیژیش لە سەرەوە بووە، پلاکێکی لێبووە، کە دەستیان پێداهێناوە بەربۆتەوە و ملی ئەو کەسەی قرتاندووە، ئیدی (٣٥)هەزار کەسیان بەوشێوەیە کوشتوە! دواتر لە ساڵی ١٧٩٤دا (ڕوبسپیر) خۆشی هەر بەو ئامێری (گیوتین)ە، کوژراوە، پاشان ئەو سەردەمە کە بە زمانی فارسی پێی گوتراوە (دورانی وحشت) کە بە زمانی عەرەبی پێیانگوتوە: (عصر الإرهاب) و بە فەڕەنسی پێیانگوتووە: (چاخی تیرۆریزم)، کۆتایی پێهاتووە.

کەواتە: ئەگەر واقیع بینانە تەماشای ئەو وشەیە بکەین، و تەماشای ئەو ڕێبازە بکەین، چ وەک لایەنی زمانەوانیی و، چ وەک زاراوەیەکی سیاسیی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە وشە و زاراوەی (تیرۆر) هیچ پەیوەندیی بە عالەمی ئیسلامیی و بە جیهانی ڕۆژهەڵاتەوە بەگشتی، نیە، بەڵکو وشە و زاراوەیەکی فەڕەنسییە.

### ٢- نێوەڕۆکی تیرۆر، دیاردەیەکی جیهانیی و گشتیی و لە مێژینەیە

پێشتر باسی تیرۆریزممان، وەک وشە و زاراوەیەکی سیاسیی و شێوازێکی هەڵسوکەوت کرد، ئێستاش باسی نێوەڕۆک و جەوهەری تیرۆریزم دەکەین، وەک دیاردەیەکی جیهانیی و گشتیی، کە تایبەت نیە و نەبووە بە گەل و کۆمەڵ و کات و شوێنێکەوە، بەڵکو دیاردەیەکی لەمێژینەیە.

تیرۆریزم واتــە: فەرزکردنی بیروڕای خۆت لەسەر غەیری خۆت بەزۆر و زۆرداریی، کە بەبێ ئەوەی ئەو بەرانبەرە قەناعەتی پێ بێت، لەسەری فەرز بکەیی و دایپلۆسیی و ئیرادەی پێشێل بکەی، ئا ئەوە تیرۆریزمە، هەروەها تیرۆریست کەسێکە کە هەوڵی سەپاندن و فەرزکردنی بیروبڕوا و قەناعەتی خۆی دەدات، جا چ قەناعەتێکی دینیی بێت، چ سیاسیی بێت، چ فەلسەفیی بێت، چ مەزهەبیی، چ هەر شتێکی دیکە بێت، هەرکاتێک قەناعەتی خۆت یان قەناعەتی پێڕ و دەستە و کۆمەڵی خۆت، بە تۆپزیی لەسەر غەیری خۆت فەرز بکەی، بێگومان ئەوە حاڵەتێکی تیرۆریستانەیە.

کەواتە: نێوەڕۆکی تیرۆریزم و کاکڵ و جەوهەرەکەی، دیاردەیەکی گشتی و جیهانییە، چونکە ئەگەر ئێمە تەماشای مێژووی دنیا بکەین، دەبینین کە ئەو حاڵەتە هەر هەبووە، چونکە ئەو حاڵەتە پەیوەندیی بە غەریزەی شەڕخوازانە و یاخیبوون و لەخۆباییبوون و غەڕرابوونی ئینسانەوە هەیە، ئەو غەریزەیەش وەک گەلێک غەریزەی دیکەی شەڕخوازانە، لە سروشتی مرۆڤدا دانراوە، وەک چۆن زۆر غەریزەی خێرخوازانەش لەگەڵ فیترەتی دا شێلراون، تاکو بگونجێ بە هەردووک باری خێر و چاکە و شەڕ و خراپەدا بجووڵێ و، بە کەڵکی ئەوە بێت کەتاقی بکرێتەوە و بجەرِبێنرێ، وەک خوای کاربەجێ فەرموویەتی: (**فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا**) الشمس: ٨. واتە: خوا ئینسانی فێری خراپەکاریی و پارێزکاریی کردووە، بەڵێ خوای پەروەردگار سروشتی ئینسانی واهەڵخستوە و خوڵقاندووە، کە بتوانێ هەموو جۆرەکانی خراپە بکا و، هەموو جۆرەکانی چاکەش بکات.

ئینسان لەنێو بوونەوەردا مەخلوقێکی ناوازەیە و، مەودا و مەسافەیەکی ئەوەندە بەرینی هەیە بۆ هاتوچۆ، بۆ بەرزبوون و نزمبوون، کە هیچ مەخلوقێک نیەتی، مەلائیکەت هەر مەلائیکەتە و، دەبێ هەر لەو ئاستە بەرزەی خۆیدابێ، کە خوا پێی بەخشیوە، دار و بەرد و ژیاندارانیش هەر داروبەردو ژیاندارن و، کەهکەشان و ئەستێرە و خڕۆکەکانیش، هەر لە پلە و شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە و، مەودا و بواری هەڵکشان و داکشان و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیان نیە، بەڵام ئینسان دەتوانێت هێندە بەرز بێتەوە، بەراددەیەک چاک و پاک بێ، کەشایستەی ئەوە بێ فریشتەکان سەجدەی بۆ بەرن، دەشتوانێ، هێندە نزم بێتەوە، کە خوا -جل جلالە- و فریشتەکان و هەموو دروستکراوەکانی لەعنەتی لێ بکەن، وەک خوای دادگەر دەفەرموێت: **لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيم . ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ . إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (التين:٦)**. واتە: بێگومان ئینسانمان لە جوانترین و چاکترین شێوەدا(٨) خوڵقاندووە، [شێوەیەک کە دەتوانێت بەهۆیەوە جێنشینی خوا بێت لەسەر زەوی، واتە: شەریعەتی خوا لەسەر زەوی پیادە بکات] وەک (القاسمي) و (القرطبي) و (سید قطب) لە تەفسیرەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە(٩).

هەروەها دەشتوانێت بەهۆی ئیرادەی ئازادانەیەوە، لەجیاتی بەرزبوونەوەی، نزمبێتەوە و وەک شەیتان بێ و بچێتە پلەیەکی نزمی هەرە نزم: (**ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ**) واتە: دوایی گێڕامانەوە بۆ نزمی هەرە نزمان!

ئەنجا یەکێک لەو هاندەر و غەریزە شەڕخوازانەی کە خوای پەروەردگار بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ئینسان، لە ئینساندا خوڵقاندوونی، بریتییە لە غەریزەی یاخیبوون و لەخۆبایی بوون، وەک خوای کاربەجێ فەرموویەتی: **كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى(٦) أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى العلق**:٦-٧. واتە: نەخێر، ئینسان یاخی دەبێت، کاتێک کە خۆی بێنیاز و باڵادەست دەبینێت.

ئەگەر تەماشای سەربردەی پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) بکەین، دەبینین هەمیشە نەیارانی پێغەمبەران بە زۆری دووچین بوون: چینی

خۆشگوزەرانان و، چینی خاوەن دەسەڵاتەکان، کە خوای دادگەر وشەی: (مترفین)(١٠) و (مسرفین) ی(١١) بۆ پێناسەی چینی یەکەمی نەیار و ناحەزانی پێغەمبەران، بەکارهێناون، چونکە ئەوان بەهۆی ماڵ و سامانەکەیانەوە، لە خوا عاسی دەبن و لە خەڵک یاخی دەبن!

بۆ ئەوانی دیکەش وشەی: (مستکبرین)ی بەکارهێناوە، واتە: خۆبەزلگران و خۆ گەورەکەرانی بە ناهەق، چونکە وشەی (مستکبر)، لە (کبر)ە و (س)ی (طلب)ی چۆتە سەریَ! واتە گەورە و زل نیە، بەڵام خۆی گەورە و زل کردووە، هەروەها بۆ پێناسەی کەسانێکیش کە دەچەوسێنرێنەوە، خوای پەنهان بین وشەی: (مستضعفین)ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش لە (ضعف)ەوەیە و (س)ی (طلب)ی لەسەرە، تاکو دەری بخات کە ئەوانیش لە ئەسڵدا بێهێزنین، بەڵام بێهێز (ضعیف) کراون!

دیارە ئەو ئایەتەش کە فەرموویەتی: **وَخُلِقَ الْإِنسَانُ ضَعِيفًا** (النساء: ٢٨)، ناکۆکیی نیە لەگەڵ ئەو مەبەستەدا کە خەریکی توێژینەوە و ئیسپاتکردنینی، چونکە مەبەست لەو بێهێزییەی ئینسانەکان، ئەو حاڵەتەیە کە هەموویان تێیدا یەکسانن، بەڵام ئەو بێهێزکردنەی کە لەلایەن تاغووت و فیرعەونەکانەوە بەسەر خەڵکی بێچارەدا سەپێنراوە، مەبەست حاڵەتێکە، کە بە ناحەق دەیانچەوسێننەوە و زەعیفیان دەکەن! با تەماشای ئەم ئایەتە بکەین، خوای پەروەردگار لە ئایەتی (٣٤)ی (السبأ)دا و هەر هەمان ئایەت لە سوورەتی (الزخرف)یش دا بەشێوەیەکی دیکە هاتووە، دەفەرموێت: **وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ** سبأ: ٣٤ واتە:ئێمە هیچ ڕەوانەکراوێکمان لە هیچ ئاوەدانییەکدا نەناردووە، مەگەر خۆشگوزەرانەکانی گوتوویانە: ئەوەی ئێوە پێی ڕەوانەکراون، ئێمە بڕوامان پێی نییە.

بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان ئەو ڕاستییە گرنگە زۆر باش بزانین، کە یەکەمین کەسانێک کە دژی پێغەمبەران وەستاونەتەوە و بەربەرەکانێیان کردووە: خۆشگوزەرانان(مترفین)بوون، ئەوانەی لەسەر حیسابی خەڵکی ڕەش و ڕووت سەروەت و سامانی حەرامیان وەسەریەک ناوە و کۆشک و تەلاریان پێ دروستکردووە. پێغەمبەران کە هاتوون بانگی زوڵاڵی ئازادیی و پەیامی سەرفرازیی و ڕزگاریی لە چەوسانەوەیان، بەگوێی ئەو خۆشگوزەرانانەدا داوە، بێگومان ئەوان دەستبەرداری ناز و نیعمەت و کەیف و سەفا و سەروەت و سامانی ناشەرعییانەی خۆیان نەبوون! بۆیە سەرسەختانە لە دژی پێغەمبەران وەستاون و لەگەڵیاندا دەستەویەخە بوون.

ئەوەلەبارەی خۆشگوزەرانان و زێدەڕۆییکەرانەوە، کە جۆری یەکەمی دوژمنان و ناحەزانی پێغەمبەرانی خوا و شوێنکەوتووانیانن، جۆری دووەمیش کە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد: دەستەڵاتدارە خۆپێ زۆر و خۆبەزلگرەکان(مستکبرین)ن، واتە: کەسانێک کە وەک چۆن (مترفین) لەڕێی حەرام و ناشەرعییەوە، ماڵیان وەسەریەک ناوە و دەوڵەمەندبوونە، ئەوانیش لەڕێی ستەم و ناهەقییەوە دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە گرتووە و، خۆیان بەسەر خەڵکدا فەرزکردووە، وەک خوا فەرموویەتی: ( **قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ** الاعراف:٨٨. واتە: خۆبەزلگرەکان (ئەوانەی کە دەسەڵاتیان هەبوو بەهۆی دەسەڵاتەکەیانەوە لەخۆیان بایی بوون) گوتیان: ئەی شوعەیب! خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن و ئیمانیان پێت هێناوە، یان لە ئاوەدانی خۆمان دەرتان دەکەین، یان دەبێ بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی ئێمە! ئەویش فەرمووی: ئەدی چارەمان چییە، ئەگەر حەز لە ڕێبازی ئێوە نەکەین و قەناعەتمان پێی نەبێ؟!

وەک دەبینین نەیارانی پێغەمبەران زۆر بە ڕاشکاویی و بێ شەرمانە، بە خۆیان و پەیڕەوانیان دەڵێن: کە مافی ئەوەتان نیە بە ئازادیی بیر بکەنەوە و، جگە لە ڕێباز و بەرنامەی ئێمە، شوێن شتێکی دیکە بکەون، ئەگەرنا دووچاری سزا و تۆڵە و

دەرکران دەبن!

کەواتە: ئەوانە نەیار و ناحەزانی ئایین و بەرنامەی خوابوون، کە مافی بیرکردنەوەی ئازاد و هەڵبژارنی ڕێبازی ژیان و گوزەرانیان لە ئەهلی ئیمان زەوتکردووە و، بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی دوژمنانی ئیسلامەوە، کە بەرانبەر بە ئیسلام دەیڵێن، چونکە پێغەمبەران هیچ کاتێک مافی بیرکردنەوە و بیروڕا و ئازادیی مرۆڤ، ئیمان دێنێ یان ناهێنێ، یان لە خەڵکی زەوت نەکردووە، وەک دوایی باسی دەکەین.

بەکورتی: تیرۆریزم، کە بریتییە لە فەڕزکردن و سەپاندنی بیروبڕوا و قسە و بۆ چوونی خۆت بەسەر غەیری خۆتدا و، پێشێلکردنی ئازادیی تەرەفی بەرانبەر و، پڵیشاندنەوەی ئیرادە و کەسایەتیی و کەرامەتی، بەڵێ، ئا ئەم ڕەفتار و دیاردەیە: وەک نیوەڕۆک و جەوهەرەکەی، دیاردە و حاڵەتێکی لەمێژینە و گشتیی و جیهانییە و، هەمیشەش نەیار و ناحەزانی پێغەمبەرانی خوا و دوژمنانی ئایین و ڕێبازەکەی، پاش تێشکان و بەزین و هیچ پێنەمان، لە بواری وتووێژ و بەڵگەهێنانەوەدا، پەنایان بردۆتە بەرێ، بۆئەوەی بە بەڵگەی هێز (منطق القوة) کەلێن و بۆشایی هێزی بەڵگە (قوة المنطق)ی ڕێچکە و بیردۆزەکانیان پڕبکەنەوە، بۆیە:

شتێکی زۆر بێ ویژدانانە و دوور لە عەقڵ و مەنتیق و واقیعە، کە تۆمەتی (تیرۆر و ئیرهاب) پاڵدرێتە لای ئیسلام و ئەهلی ئیسلام، چونکە ئەگەر بگونجێ هەر بیروبڕوا و فەلسەفەیەک بە تۆپزیی و زۆر و چاولێزەق کردنەوە و، هەڕەشە و فشار لەسەر خەڵک، فەرز بکرێت، مەحاڵە ئەو شێوازە بۆ ئیسلامێک دەستبدات، کە بەر لەهەر شتێک، سەروکاری لەگەڵ دڵ و دەروون و دیوی پەنهانی ئینساندا هەیە و، هەر کار و کردەوە و چالاکییەک، کە هەرچەندە بە ڕواڵەت زۆر چاک و پەسند بێت، بەڵام مادام قەناعەت و نیەت و خوا پێ مەبەستبوونی دەروونی لەگەڵدا نەبێت، ئیسلام نەک هەر قبووڵی ناکات و فلسێکی پێ نادات! بگرە ئەگەر خاوەنەکەی بە ئەنقەست و بۆ فریودان ئەنجامی دابێت، لەسەریشی تووشی سزا و جەزرەبەی توند دەبێت و، بابای وا لە پێناسەی شەرعدا بە دەغەڵ و دووڕوو (منافق)، یان لایەنی کەم، ڕیاباز (مرائي) لەقەڵەم دەدرێ!

هەر بۆیەش پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: **{إِنَّ اللَّهَ لاَ يَنْظُـرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُـرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ} أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٨١٤)، وَمُسْلِم برقم: (٢٥٦٤)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم:** (٤١٤٣). واتە: بێگومان خوا سەرنجی قەد و قیافە و دیمەنتان و ماڵ و سامانتان نادات، بەڵکو تەماشای دڵ و کردەوەکانتان دەکات.

کەواتە: با هەموو لایەک بزانن و دڵنیابن کە: تیرۆر و بە زۆر دین بەسەر خەڵکدا فەرزکردن، بەرلەوەی پێچەوانە و دژی حوکمەکانی شەریعەت بێت، لەگەڵ ئەسڵ و بناغەی ئیسلامدا، کە ئیمان و عەقیدەیە، ناکۆک و نەگونجاوە. بۆیە هەر تۆمەتبارکردنێکی ئیسلام بە تیرۆر و ئیرهاب، بەڵگە و نیشانەی نەزانیی و بێ ئاگایی و نەشارەزاییە بە ئەلیف و بێی ئیسلام.

خۆ ئەگەر مسوڵمانێکیش، یان تاقمە مسوڵمانێکیش، لەو بوارەدا دووچاری هەڵە و کەم و کوڕییەک بووبێ، ئەوە هیچ ڕەوا و ماقووڵ نیە، کە ڕەفتار و هەڵوێستێکی هەڵە و ناشەرعیی، کە ئیسلام لێی بەرییە لەسەر ئیسلام حیساب بکرێ!

وەک دواتریش باس دەکەین: گەلێک جار ناحەز و دوژمنانی داخلەدڵی ئیسلام و مسوڵمانان، هەر جۆرە زبریی و توندوتۆڵیی و دەستکردنەوە و هێز بەکارهێنانێکی مسوڵمانان، هەر لەبەرئەوە بەناوی ئیسلامەوەیە و لەلایەن مسوڵمانانەوەیە، هەر بە تیرۆر و ئیرهاب ناوزەد دەکەن! کە بێگومان ئەوەش دژ و پێچەوانەی عەقڵ و شەرع و ویژدانە، چونکە هەموو خاوەن عەقڵ و ویژدانێکی ساغ و زیندوو دەزانێ، کە تیرۆر و تۆقاندن و زەبروزەنگی ستەمکارانە و، دیفاع و لەسەرخۆکردنەوە و

# تیرۆر و بە زۆر دین بەسەر خەڵکدا فەرزکردن، بەرلەوەی پێچەوانە و دژی حوکمەکانی شەریعەت بێت، لەگەڵ ئەسڵ و بناغەی ئیسلامدا، ناکۆك و نەگونجاوە.

بەرهەڵستیی ڕەوا (المقاومە الشرعیە)، هێندەی زەویی و ئاسمان لەیەک جیا و دوورن!

٣- تیرۆر لە شەریعەت ئیسلامدا جێی نابێتەوە

بێگومان تیرۆر بەوشێوەیەی کە پێناسەمان کرد، کە بریتییە لە: (فەرزکردن و سەپاندنی ڕاوبۆچوونی خۆ، بەسەر بەرانبەردا، بە زۆر لێکردن و، پەنا بردنەبەر هێز و کوتەک و زەبروزەنگ و توندوتیژیی). بەهیچ شێوەیەک لە شەریعەتداجێگای نابێتەوە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

### یەکەم: حیکمەتی ژیانی دنیا:

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، حیکمەتی ژیانی دنیا بریتییە لە تاقیکردنەوەی ئینسان، ئەنجا ئایا ئینسان کەی و چۆن تاقی دەکرێتەوە؟! خوێندکارێک کە مامۆستایەکەی دەیەوێت تاقی بکاتەوە، کەی تاقی دەکرێتەوە؟ دیارە کاتێک کە بتوانێ لە تاقیکردنەوەکانی دەربچێ و دەرنەچێ و، ئەگەری دەرچوون و دەرنەچوونی هەبێت، ئەنجا پێی دەگوترێ: تاقیکردنەوە(امتحان)، دەجا خوای پەروەردگار کە ژیانی دنیای واهەڵخستوە: ئینسانی تێدا تاقی بکرێتەوە، بواری بە ئینسان داوە، کە ئیمان بهێنێ، یان ئیمان نەهێنێ، دۆستی خوا بێ، یان دوژمنی بێ! دەرفەتی هەردووکیانی هەیە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: **إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا** الکهف: ٧، واتە: ئێمە سەرزەوییمان ڕازاندۆتەوە وەک شانۆیەک هەڵمانخستووە - تاکو تاقییان بکەینەوە، داخۆ کامەیان کردەوەی باشترە.

بەڵێ، دەبێ ئینسان دەرفەتی هەبێت و مەجال و مەودای پێ بدرێ، تاکو دەربکەوێ: داخۆ دۆستایەتیی خوای پەروەردگاری دەکات، یان دوژمنایەتیی؟ چاک دەکات، یان خراپ دەکات؟! وەک لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: **إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا** الانسان:٣، واتە: ئێمە ڕێگامان پیشانی ئینسانداوە، ئەنجا دەتوانێ سوپاسگوزار بێ (بۆ خوا)و دەشتوانێ سپڵە و پێنەزان بێ، واتە: هەردووک لای بۆ هەن.

کەواتە: زۆریی لە خەڵک کردن، بۆ وەرگرتنی عەقیدە و دین، کە بریتی بێ لە ئیسلام، پێچەوانەی حیکمەتی خوای پەروەردگارە، لە خوڵقاندنی ئینساندا و لە ڕەخساندنی ژیاندا.

### دووەم: فیطرەت و سرووشتی ئینسان:

بە زۆر سەپاندنی بیروبڕوا بەسەر خەڵکدا، پێچەوانەی فیطرەت و سروشتی ئینسانیشە، چونکە: ئایا دەگونجێ ئینسان بە زۆر و تۆپزیی والێبکەی، قەناعەتی وەک هی خۆت لێبکەی؟! بێگومان ئەوە موستەحیلە، چونکە ڕەنگە بتوانی ناچاری بکەی، کردەوەیەکی بە زۆر پێ بکەی، بەڵام مەحاڵە بتوانی بە زۆر ناچاری بکەی و، وایلێبکەی کە بەدڵ تۆی خۆش بویت، لەحاڵێکدا کە خۆشی ناوێی! واتە: بەهیچ جۆرێک ناگونجێ دەروون و دڵی ئینسان داگیر بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێ!

**سێیەم: نێوەڕۆک و سرووشتی ئیسلام:**

تیرۆر و ئیرهاب و فیكرە بەسەر خەڵك داسەپاندن، پێچەوانەی نێوەڕۆكی دینە، چونكە دین واتە – ئیسلام هاتووە، كە خەڵك ئازاد بكات، پاشان سەرپشكیان بكات، لە نێوان ئیمان هێنان و نەهێناندا، بێگومان ئەو ئازادكردن و سەرپشك كردنەی خەڵكی لە نێوان ئیمان و كوفردا، لە هەردوو قۆناغی بانگەواز (دعوە) و دەوڵەتیشدا هەر هەیە و، بەردەوام دەبێت، ئەمەش بۆیە دەڵێم، چونكە هەندێک كەس، ئیسلامییەكان بەوە تۆمەتبار دەكات، دەڵێ: ئیسلامییەكانی كوردستانیش كە باسی ئازادیی بیرورا دەكەن و، باسی ئەوە دەكەن كە ئینسان ئازادە، لەوەدا كە ئیمان دێنێ یان ئیمان ناهێنێ، ڕاست نیە و كە دەسەڵاتیان كەوتە دەست، بەپێچەوانەوە ڕەفتار دەكەن! جا بەڕاستی من نازانم ئەو قسەیان لە كوێ هێناوە! چونكە بە تەئكید ئەوە وانیە و لە ئیسلامدا بۆ هەڵسوكەوت لەگەڵ نەیاراندا، بە گشتی دوو قۆناغ هەن:

١- قۆناغی بانگەواز: كە خەڵك بانگ دەكرێت بۆ ئیمان هێنان و كاركردن بە ئیسلام، ئەنجا ئەوەی وەڵامیدایەوە، ئەوە باشە و، ئەوەی وەڵامیشی نەدایەوە، ئەوە ئاشكرایە كە دەسەڵاتێک نیە، تاكو زەبر و زۆر بەكاربهێنرێت و، بە زۆر ئیسلام بەسەر خەڵكدا بسەپێنرێت!

٢- لە حاڵەت و قۆناغی دەوڵەتیشدا: ئێمە چەندان بەڵگەمان بەدەستەوە هەن، كە سەپاندن و تۆپزیی كردن دروست نیە، كە دوایی ئاماژە بۆ چەند ئایەتێكی قورئان دەكەین و لێرەشدا دەڵێین: زەقترین بەڵگە لەوبارەوە، سیرە و ژیانی پێغەمبەرمانە، هەروەها سیرەی خەلیفە ڕاشیدەكانیەتی، كە لەلای هەموو كەس ئاشكرایە، چۆن چۆنی لەگەڵ كەمایەتییە دینییەكان(الأقلیات الدینیة)دا ڕەفتاریان كردووە، كە دیارە بەدرێژایی مێژوو لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامییدا، ژیان و كەرامەتیان پارێزرا و بووە، و هیچ یەزیدییەک و نەصرانییەک و جوولەكەیەک و زەردەشتییەک، بە زۆر و تۆپزیی مسوڵمان نەكراون، هەركاتێكیش زوڵم لە (ذمي)یەک(١٢) كرابێت، مسوڵمانان هەموویان و بەتایبەت زانایان لەسەریان بەدەنگ هاتوون، بۆ وێنە: پیاوێكی وەک (إبن تیمیە)، كاتێک چووە بۆ لای (قازان)، كە یەكێک بووە لە دەسەڵاتدارەكانی مەغۆل، بۆئەوەی، كە دیلە مسوڵمانەكان ئازاد بكات، پاش گفتوگۆیەكی بوێرانە (قازان) پێی دەڵێت: من تائێستا هیچ زانا (عالم)ێكم وەک تۆ نەدیوە، ئەوەندە سام و ڕێز و هەیبەتی لە دڵمدا هەبێت، بۆیە تۆ هەر تەكلیفێک بكەی، من ڕەتی ناكەمەوە و، ئەوە هەموو دیلە مسوڵمانەكان بەتۆ دەبەخشم! (إبن تیمیة)ش دەڵێت: نەخێر دەبێ دیلەكانی (ئەهلی كیتاب)یشمان پێ ببەخشی، چونكە ئەوانیش وەک ئێمەن، (واتە: مادام هاوڵاتی ئێمەن و هاوژینی ئێمەن، با هاودینیشمان نەبن، هەتا ئەوانیش نەبەمەوە، ناڕۆم!) (١٣) ئیدی بەناچاریی هەموو ئەوانەی ئەهلی كیتابن (واتە: جوولەكە و مەسیحی) و گرتوونی، ئەوانیشی بۆ ئازاد دەكات!.

بەڵێ، ڕاستە ئیسلام لە هەردوو حاڵەتی بانگەواز و دەوڵەتدا، سرووشتەكەی وایە، كە بەهیچ جۆرێک ڕێگا نادات: تۆپزیی لێكردن و ناچاركردنی ئینسانەكان هەبێت، وەک خوای دادگەر لەوبارەوە لە سورەتی (البقرة)دا زۆر بە ئاشكرا دەفەرموێت: **لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ البقرە: ٢٥٦.**

واتە: (تۆپزیی لێكردن، لە وەرگرتنی دیندانیە)، توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە، ئەوە بوو كە خەڵكی مەدینە پێش كۆچی پێغەمبەر (د.خ)و هاوەڵانی بۆی (یثرب) یان پێگوتووە وەک عادەتێكی نەفامییانە دابیان وابووە، كە ئافرەتەكانیان نەزریان دەكرد و لەخوا دەپاڕانەوە و دەیانگوت: ئەگەر ئەمجارە خوا كوڕێكی پێداین و پێ بەخشین، بەڵێن بێ دەیكەین بە نەصرانی، یان بە جوولەكە، چونكە دەیانزانی كە ئەوان ئەهلی كیتابن و بەحیساب

دینێکیان هەیە، ئەنجا دەیانگوت: بەڵکو خوا لەبەرئەوەی کە کوڕەکەمان دەکەینە جوولەکە، یان نەصرانیی، کوڕمان بداتێ، ئیدی هەندێک لەوانەی کە کوڕەکانیان نەزر کردبوو بۆ ئەهلی کیتاب، کابرا خۆیی و خێزانی بتپەرست و هاوبەش بۆ خوادانەر **(وَثني و مُشرك)**بوون، بەڵام کوڕەکەیان جوولەکە یان نەصرانی بوو، ئەنجا کاتێک پێغەمبەر(د.خ) تەشریفی بردە مەدینە و، دەوڵەتی ئیسلامیی دامەزراند و، هەندێک لە تیرە جوولەکەکان ویستیان بڕۆن، هەندێک لەو کوڕانەش کە ببوونە جوولەکە، یان ببوونە نەصرانی، کەسوکاریان ویستیان ئیزنیان نەدەن و، نەهێڵن لەگەڵ هاودینەکانیاندا بڕۆن و شاری مەدینە بەجێبهێڵن، ئیدی بەوبۆنەوە خوای دادگەر، ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە و، ئەو ڕەفتار و هەڵوێستەی ئەو باب و دایکانەی قەدەغەکرد و، بەشتێکی هەڵە و ناشەرعیی دانا، کە دەیانویست بە زۆر ڕۆڵەکانیان مسوڵمان بکەن و، بیانگێڕنەوە و نەهێڵن لەگەڵ جوولەکەکاندا بڕۆن(١٤).

دیارە هۆی دەرکرانی جوولەکەکانیش لە شاری مەدینە، ئەوەبوو کە ئەو بەڵێن و پەیمانانەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا و مسوڵماناندا بەستبوویان، شکاندنیانن و، خیانەتیان کرد، هەرکام لە سێ تیرەکانی (بني قینقاع) و (بني النضیر) و (بني قریظة)، بۆیە پێغەمبەر(د.خ) سزای هەرسێکیانیدا(١٥)، جا باب و دایکەکان ویستیان تۆپزیی لە کوڕەکانیان بکەن، بەڵام خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: **لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ** البقره: ٢٥٦. واتە: تۆپزیی کردن نیە لە وەرگرتنی دیندا، ڕێی ڕاست و ڕێی چەوت لەیەک جیابوونەتەوە.

بەڵێ، مادام خوای کاربەجێ ڕێیداوە، کە ئینسان هەرکام، لەڕێی ڕاست و ڕێی چەوت بگرێ(١٦)، دەبێ بۆ خۆی سەرپشک بێ و نابێ زۆریی لێبکرێت و ئیجبار بکرێت، خوای پەروەردگار هەر لەوبارەوە، کە تەنانەت ئەویش مافی ئەوەی نیە ئەو هەقە لە ئینسانەکان زەوت بکات، بە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: **(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ يونس:٩٩.** واتە: ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە –کە خەڵکی بە تۆپزیی ئیمان بێنن ئەوە هەموو ئەوانەی کە لەسەر زەوین، تێکڕا ئیمانیان دەهێنا، ئەنجا ئایا تۆ ئەی موحەممەد! زۆر لە خەڵکی دەکەی تاکو ئیمان بێنن؟!!

وەک دەبینین خوای کاربەجێ زۆر بە ڕوونی ڕەفزی ئەوە دەکات، کە تەنانەت پێغەمبەری کۆتاییش(د.خ) مافی تۆپزیی لێکردنی خەڵکی هەبێت، بۆ ئیمان هێنان، چونکە ئەگەر خوای کاربەجێ بیویستایە بە زۆر ئیمان بهێنن، هەموویان ئیمانیان دەهێنا، کێ هەیە بەرانبەر بە ئیرادەی خوا بوەستێت؟! بەڵام کە خوا نەیویست بە زۆر ئیمان بە خەڵک بێنێ، ئایا ئەی محەمەد (د.خ) تۆ زۆر لە خەڵک دەکەی کە ئیمان بێنن؟! واتە: بۆت نیە، هەروەها خوای دادگەر دەفەرموێت: **لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ الغاشیە-٢٢.** واتە: تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندانیە، یان دەفەرموێت: **وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ ق:** ٤٥. واتە: تۆ بۆت نیە زۆریان لێ بکەی.

بۆیە دەڵێین، ئەو ئایەتانەی کە ڕابردن، زۆر بە جوانی دەیسەلمێنن، کە ئازادبوونی ئینسان لە بەرانبەر ئایین و بەرنامەی خوادا، کە ئیمانی پێ دێنێ، یان نا! حەقیقەتێکی شەرعیی گەورە و ڕوون و بێ چەند و چوونە و، ئینسان لە شەریعەتی خوادا، خاوەنی ئیرادەی ئازادانەی خۆیەتی.

بەڵام هەندێک کەس کە لە ئیسلام شارەزا نین و، جاروباریش دەبینن کە مسوڵمانێک، یان چەند مسوڵمانێک، یان لایەنێکی ئیسلامیی، بیروبۆچوونێکی هەیە، کە لەگەڵ سروشتی ئیسلامدا و، لەگەڵ ئەو حەقیقەتانەدا کە باسم کردن دەربارەی شەریعەتی خوای دادگەر ناگونجێت، لە سۆنگەی دیتنی ئەو هەڵوێست و ڕەفتار و بیروبۆچوونە هەڵە و ناشەرعییانەوە،

دووچاریی بەهەڵەدا چوون و چەواشەبوون دەبن و، وادەزانن کە ئەوەی بینیویانە و بیستوویانە، ئەوە هەڵوێست و ڕای ئیسلامە! بەڵام من زۆر بە ڕاشکاوییەوە دەیڵێم: کە بەهیچ ڕەنگێک شێواز و ڕێگای شەرعیی و سروشتی بنیاتنانی قەوارە و دەوڵەتی ئیسلامیی، بریتی نییە لە تیرۆر و تۆقاندن و، زۆر و تۆپزیی لە خەڵک کردن! بە بەڵگەی ئەوە، کە هەموو دواندن(خگاب)ەکانی قورئان، کە لە شاری مەدینە و پاش دامەزراندنی قەوارە و دەڵەتی ئیسلامیی، بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری ژیان و گوزەرانی مسوڵمانان، هاتوونەتە خوارێ، تێکڕای ئەو دواندنانە (خطابات)، کە یاسا شەرعییەکانیان گرتوونە خۆیان، بە: **[يأيها الذين آمنوا]** دەستپێدەکەن، ئەنجا ئایا ئەوە چی دەگەیەنێت؟! یانی: دەبێ سەرەتا کۆمەڵگایەک پێکبێت و خەڵکێک هەبن، ئیمان بهێنن، ئەنجا خوای پەروەردگار بە شایستەی ئەوەیان دەزانێت، کە ئەمر و نەهییەکانی خۆییان ئاڕاستە بکات، لە بوار و لایەنە جیاجیاکانی ژیان و گوزەراندا، وەک چۆن بینایەک پاش دانرانی بناغەکەی، ئەوجار دیوارەکەی دادەنرێت!

بەکورتی: دەبێ کۆمەڵگایەک هەبێ، ئەنجا دەوڵەتی ئیسلامیی دەبێت، بۆیە هەرکەسێک بیەوێت دەوڵەتێکی ئیسلامی بنیاتبنێ، دەبێ لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامییەوە دەستپێبکات، ئەگەر بیەوێت کارەکەی وەک دیواردانانی بێ بناغە، نەیەتە بەرچاو و، کرد و کۆشەکەی نەبێتە جموجۆڵێکی عاتیفییانە و نەخشی سەر ئاو!

### ٤- وەڵامدانەوەی سێ ئیشکال و پرسیار

لەم خاڵی چوارەمەشدا بە پێویستی دەزانم، کە ئەگەر بە کورتیی و گوشراوییش بێت، ئاماژە بۆ سێ بابەت بکەم، کە لە مێشکی زۆر کەسدا جۆرێک لە دوو دڵیی و بەرچاو لێڵییان دروستکردووە، لە بواری هەڵوێستی شەریعەت بەرانبەر بە تیرۆر و ئیرهاب.

**یەکەم : مەسەلەی جەنگ و جیهاد:**

کەسانێک کە وەک پێویست لە نێوەڕۆکی تیرۆر و، لە مەسەلەی جەنگ و جیهادی ئیسلامییش حاڵی نەبوونە دەپرسن و دەڵێن: چۆن ئیسلامێک کە بڕوای بە جیهاد هەیە و، دەڵێت: دەبێ جەنگ لە گەڵ ئەهلی کوفردا بەردەوام بێت، هەتا بستە خاکێکی سەر زەمین نامێنێ، کە بانگەوازی پەیامی خوای پەروەردگاری نەگەیشتبێتێ؟(١٧) دەگونجێ بگوترێت: دژی زەبر و زەنگ و ئیرهابە؟!

لەوەڵامدا دەڵێین:

١- جەنگ و جیهاد لە ئەسڵدا و لە حاڵەتی ئاسایی و سروشتی مسوڵماناندا، دەوڵەتی ئیسلامیی پێی هەڵدەستێت، (الماوردی) لە کتێبی: (الأحكام السلطانية)داو، باقی شارەزایانی سیاسەتی شەرعیی لە کتێب و سەرچاوەکانیاندا هێناویانە، کە پێکهێنانی سوپای جەنگاوەر و جەنگ و جیهادکردن، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی حوکمڕانی مسوڵمانان، کە (الماوردی)(١٨) لە دە(١٠) خاڵدا کورتی کردوونەتەوە.

٢- بەڵام لە حاڵەتی نائاسایی مسوڵماناندا، کە دەوڵەتیان نامێنێ وەک وەزعی ئێستای ئوممەت کە قەوارە و سایە و سێبەرێکیان نیە کۆیان بکاتەوە ئەوە لەو حاڵەتانەدا، وەک شتێکی ناچاریی و هەڵاواردن (إستثنائي) لەسەر هەر کۆمەڵێک لە مسوڵمانان پێویستە، کە بەپێی توانا، خۆیان بۆ جەنگ و جیهاد ئامادە بکەن، چونکە ناکرێت هەموویان دەست لە کراسی دەربێنن و(١٩) دەستیان لە ئەژنۆیان وەربێنن و، لێبگەڕێن ئەهلی کوفر تێکڕای دینەکەیان بفەوتێنن، دیارە چەندان فەرموودەش هەن کە باسی کۆمەڵی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة)و کۆمەڵی دەربازبوو(الفرقة الناجية) دەکەن و، موژدەی ئەوە بە مسوڵمانان دەدەن، کە لە حاڵەتی شپرزەیی وەزعی ئوممەتیشدا، کۆمەڵێک هەردەمێنن، کە درێژە بە فیداکاریی و جەنگ و جیهادی ئیسلامییانە دەدەن، بۆ وێنە: { **لَنْ**

يَبْرَحَ هَذَا الدِّينُ قَائِمَاً يُقَاتِلُ علية عِصَابَةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ} أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٩٢٢).**

هەڵبەتە ئەم ئایەتەش کەدەفەرموێت: **وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ الانفال: ٦٠.**

شتێکی یەکجار ڕەوایە و مافێکی سروشتی هەر دروستکراوێکە، کە دوژمنی خۆی بترسێنێ، دیارە هەم لە ڕووی عەقڵ و هەم لە ڕوانگەی شەریعەتیشەوە، هەموو مەخلووقێک ئەوە بۆ خۆی بەهەق دەبینێ، کە دوژمنی خۆی بترسێنێ و، ئەوە کە ئینسان دەسەڵات و سام و هەیبەت و هێزێکی هەبێت کە دوژمنەکەی بترسێنێت، بۆئەوەی نەتوانێت دەستدرێژیی بکاتەسەر، بە هیچ پێودانگ و عەقڵێک تۆقاندن و ئیرهاب نیە، واتە: ئەو ئیرهابە نیە کە هاوتای تیرۆرە، بەڵکو ئەوە ترساندنێکی ڕەوا و شەرعییە و، هیچ تۆز و گەردێکی لەسەر نیە و، بەپێچەوانەوە: بەرگریی لەخۆنەکردن و تەسلیمبوون، گوناحێکی یەکجار گەورەیە، چونکە تۆ دەبێ دوژمنی خۆت بترسێنی، بۆئەوەی تەماعت تێنەکات و، بە نێچیرێکی ئاسان و تووک نەرمت تێنەگات، چونکە هەرکەسێک بەهۆی تەسلیمبوون و خۆبەستەوەدانییەوە، دوژمنەکەی هان بدات کەستەمی لێبکات و دەستدرێژیی بکاتەسەر، ئەوە لە زوڵم و ستەمەکەیدا بەشدارە! بەڵام ئیسلام دەڵێت: دەبێ بەشێوەیەکی بە هەق و لە سنووری شەرعدا ئەو هێز و توانایەت بەکاربهێنیت و، خۆت گیرۆدەی ستەم و دەستدرێژیی و تێپەڕاندن نەکەی!

بەڵێ ئیسلام دەڵێت: **وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ الانفال:** ٦٠. واتە: چیتان پێ دەکرێ لە هێز و توانا و، ئەسپی بەستراوە و تایبەت، ئامادەی بکەن، تاکو دوژمنی خوا و دوژمنی خۆتانی پێ بترسێنن، ئەنجا جێی سەرنج ئەوەیە کە خوای کاربەجێ نەیفەرمووە: **(تُهْلِكُون بە..)** پێی بفەوتێنن و بنبڕ بکەن، بەڵکو تەنها دەفەرموێت: پێی بترسێنن! کەواتە: هەرئەوەندە کە دوژمنەکەت بترسێت و شەڕت پێ نەفرۆشێ و وازت لێ بهێنێ و، هێندە بترسێت کە ڕێگریت لێنەکات و، لێت بگەڕێ، شەریعەتی خوا ڕابگەیەنی و، لە ژیان و گوزەرانی خەڵکیدا بەڕێوەی بەری، مادام سەرانە دەدات و مل بۆ دەوڵەتی ئیسلامی کەچ دەکات ـ تۆش وازی لێبێنە، با لەسەر کوفری خۆشی بمێنێتەوە.

**دووەم: مەسەلەی ئیغتیال (پەنهانکوژیی):**

(الإغتيال) واتە: پەنهانکوژیی، ئەم مەسەلەی ئیغتیالیشە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لە مێشکی هەندێک کەسدا، دوو دڵیی و گومانی دروستکردووە.

هەندێک کەس لەبەرئەوەی کە پێغەمبەر(د.خ) یەکێک لە هاوەڵانی بەناوی (محمد بن مسلمە)ی ناردووە بۆ کوشتنی (کعب بن الأشرف) سەرۆکی جوولەکەکانی (خەیبەر) وەک لە (صحیحی: البخاری ومسلم)دا هاتووە، هەروەها کە پێغەمبەر(د.خ) (عبدالله بن عتیک)ی ناردووە بۆ کوشتنی **(إبن أبي حُقَيق)** کە کونیەکەی (أبو رافع)ە، ئەوەش لە (صحيح البخاری)دا هاتووە و، ئەمیش یەکێک بووە لە سەرانی کوفر و شیرک.

هەندێک کەس دەڵێن: پێغەمبەر(د.خ) نەفەری تایبەتی ناردووە بۆ ئیغتیالکردنی هەرکام لە: **(إبن الأشرف)** و **(إبن أبي حُقَيق)**، ئەنجا دیارە ئەوانە ئیغتیالیش بە تیرۆر تێگەیشتوون!، بۆیە پێیانوایە کە پەنهانکوژکردنی ئەو دوو سەرکردەیەی ئەهلی کوفر، بەڵگەیە لەسەر هەبوون و ڕەوابوونی تیرۆر لە ئیسلامدا!، بەڵام لەڕاستیدا بەڵگە هێنانەوەکەیان ڕاست و تەواو نیە، چونکە ئێمە پێشتر پێناسەی تیرۆرمان کرد و گوتمان: بریتییە لە بە زۆر سەپاندنی بیروڕا و سیاسەتی خۆت بەسەر غەیردا، بەڵام ئیغتیال واتە: پەنهانکوژیی!

پاشان پێویستە بپرسین: کە ئایا پێغەمبەری خوا (د.خ) کە نازناوی (رحمه للعالمین)ی هەیە! کەی و چۆن ئیجازەیداوە کە ئەوانە بکوژرێن؟! لەوەڵامدا

# زۆریی لە خەڵك كردن، بۆ وەرگرتنی عەقیدە و دین، كە بریتی بێ لە ئیسلام، پێچەوانەی حیكمەتی خوای پەروەردگارە

دەڵێین: ئەو مۆڵەتدانەی پێغەمبەر(د.خ) لەکاتێکدا بووە، کە دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبووە و، پەیمانی مۆرکردووە لەگەڵ ئەو سەرکردانەدا، لەگەڵ (کەعبی کوڕی ئەشرەف) کە سەرۆکی جوولەکەکانی خەیبەر بووە و، لەگەڵ (ئیبن و ئەبی حوقەیق)دا، کە هاوڵاتییەکی باش و سەر ڕاست بن، کەچی ئەوان غەدریان کردووە و، پەیمانیان هەڵوەشاندۆتەوە و، دەستیانکردووە بە خیانەتکاریی و دوژمنایەتیی ئیسلام و مسوڵمانان و، ژێربەژێرکاریی لەگەڵ دوژمن و ناحەزە ئاشکرایەکانی پێغەمبەر(د.خ)و دەوڵەتە ئیسلامییەکەیدا، ئیدی خوای دادگەر ئەم ئایەتەی ناردۆتە خوارێ لەوبارەوە کە دەفەرموێت:

**وَإِن نَّكَثُوا أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ التوبه:١٢.**

واتە: ئەنجا ئەگەر هات و دوای ئەوەی کە پەیمانیانداوە، پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە و، تانە و تەشەریان لە دینی ئێوەدا و، دژایەتییان کردن، ئەوە لەوحاڵەتەدا سەرانی کوفر بکوژن، چونکە ئەوانە خاوەن بەڵێن نین، بۆئەوەی وازبێنن لەو دژایەتیی و خیانەتەیان، کەواتە: کوژرانی سەرانی بێ بەڵێنی کوفر، بەشێوەی پەنهانکوژیی، بۆ ئەوە بووە، کە میللەتەکەیان لەگەڵیان نەفەوتێ و، تەنها سەری مار پان بکرێتەوە، ئاخر بۆچی ئەو خەڵکە بەبێ خەتا بکوژرێت، لەحاڵێکدا کە بابای سەرکردە پەیمانی هەڵوەشاندۆتەوە و خیانەتی کردووە و، ڕەنگە خەڵکەکە ئاگای لە هیچ نەبێت، بۆچی باجی لەگەڵ بدەن؟! ئەو کەین و بەینی لەگەڵ موشریکەکاندا کردبێ، کە پیلان بگێڕن دژی ئیسلام، میللەتی بێ خەتا و بێ ئاگا، هیچ پاساوێک نیە بۆ کوشتنیان، کەواتە: باشترین چارەسەر ئەوەیە کە سەری ئەو مارە پان بکرێتەوە، ئەوە شتێکی زۆر ڕەوایە و، وەک عەرەب گوتوویانە: (لا غبار علیه).

ئنجا ئێمەش وەک گەلی کورد لە خەباتی ڕزگارییخوازیماندا، کە بەرپرسان و سەرانی (بەعس)مان دەکوشتن، هەر لەسەر ئەو بناغەیە بووە، هەروەها هەر میللەتێکی دیکە کە بەرپرس و سەرانی دوژمنەکانی خۆی دەکوژێت، شتێکی مەنتیقیی و ڕەوایە، جا بەئاشکرا بێت یان بەپەنهانیی، چونکە چۆن باشتر زەفەر بە دوژمنت بەریی و، زیانت کەمتر بێت، ئەوە چاکترە، مادام ئەو هەرچی لەدەستی بێت و، پێی بکرێت لە دژت ئەنجامی دەدات و، لە هیچ شتێک سڵ ناکاتەوە و، بەهیچ بەڵێن و پەیمانێکەوە پابەند نیە!

سێیەم: مەسەلەی کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع و لاشەڕ: ئەمیش ئیشکالی سێیەم و کۆتاییە، کە بەپێویستی دەزانم تیشکی بخەمەسەر و ڕوونی بکەمەوە.

خەڵکێک دەڵێن: چۆن تیرۆر لە ئیسلامدا نیە! لەحاڵێکدا کە ئیسلام ڕێگا دەدات، خەڵکی بێ دیفاع وەک: ئافرەت و منداڵ و پیر و نەخۆش و ڕەبەن و کرێکار، بکوژرێن؟! ئێمە لە وەڵامی ئەو قسەیەشدا

به پێویستی دەزانین ئەم چەند ڕاستییە بخەینەڕوو:

١- زانا و پێشەوایانی ئیسلام تێکڕا لەسەر ئەوە یەک دەنگن، کە (ئافرەت و منداڵ) نابێت بکوژرێن، چونکە دەقی فەرمایشتی پێغەمبەر(د.خ) لەسەرە، وێڕای حوکمی گشتی ئایەتی: **(وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ البقرە:١٩٠.**

یەکێک لەو فەرموودانەش کە بەڕاشکاویی لە گەرمەی جەنگیشدا کوشتنی ئافرەت و منداڵ قەدەغە دەکات، ئەو فەرمایشتەیە، کە دەفەرموێت: **{وُجِدَتْ امْرَأَةٌ مَقْتُولَةً فِي بَعْضِ مَغَازِي رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ علية وَسَلَّمَ فَنَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ علي وَسَلَّمَ عَنْ قَتْلِ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ} أَخْرَجَهُ مَالِكٌ فِي (الموطأ) برقم: (٢٧٧)، وَأَحْمَد برقم: (٤٧٣٩)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٨٥١)، وَمُسْلِم برقم:** (٤٦٤٥) وغيرهم. واتە: جەنازەی ئافرەتێکی کوژرا و لە یەکێک لە جەنگەکانی پێغەمبەر(د.خ) بینرا، پێغەمبەر(د.خ) فەرمانی دەرکرد و، کوشتنی ئافرەت و منداڵی قەدەغە کرد.

٢- هەروەها لەبارەی نەکوژرانی کرێکار و کارمەند (الأجير و الموظف)یشەوە فەرموودەی ڕاست و دروستی پێغەمبەر(د.خ) هەیە، کە دەفەرموێت: پێغەمبەر(د.خ) نەفەرێکی نارد بۆ لای (خالیدی کوڕی وەلید) خوای لێ ڕازی بێ، کە سەرکردەی سوپا بوو، پێی فەرموو:

**{إِنْطَلِق إِلى خَالِدِ بْنِ الوَلِيد، فَقُلْ لَهُ: إِنَّ رَسُولَ اللَّه يأمرك يَقُولُ: لا تقتلَنَّ ذريَةً ولا عَسِيفاً} أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٦٠٣٥)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٦٦٩)، وَالنَّسَائِيُّ فِي «الكُبْرَى» برقم: (٨٦٢٥)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٤٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٧٨٩)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٥٦٥)، وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ.** واتە: بچۆ بە خالیدی کوڕی وەلید بڵێ: پێغەمبەری خوا فەرمانت پێ دەکات، کە ژن و منداڵ و کرێکار مەکوژە.

٣- هەروەها لەبارەی ئینسانی پیر (شیخ) یشەوە، ئەم فەرمایشتە هەیە، کە نابێت لە جەنگدا بکوژرێت، هەرچەندە فەرموودەی یەکەم و دووەم بەهێزترن و ئەمیان تۆزێک مشتومڕی لەسەر هەیە، دەفەرموێت:

**{وَلاَ تَقْتُلُوا شَيْخًا فَانِيًا وَلاَ طِفْلاً وَلاَ صَغِيرًا وَلاَ امْرَأَةً} أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٦١٤).**

٤- هەروەها دەربارەی جوتیار و کاسبکارانیش ئەم فەرموودەیە لە (عمر بن الخطاب)ەوە هاتووە، کە گوتوویەتی(٢٠) : **(إتقوا الله في الفلاّحين، فلا تقتلوهم إلا أن ينصبوا لكم الحرب)** ، واتە: پارێز لەخوا بکەن لە بارەی جوتیار و کاسبکارانەوە و، دەستیان لێ بپارێزن و مەیانکوژن، مەگەر بۆتان بێنە مەیدانی جەنگەوە.

بەڵام پێویستە بزانرێت کە هەرکام لەمانە بەمەرجێک ناکوژرێن، کە بەشداریی جەنگ نەکەن، بەڵام ئەگەر بەشداریی جەنگ بکەن، ئەوە بێگومان دەکوژرێن.

دیارە پێشتریش باسمان کرد، کە ڕای جەماوەر و زۆربەی هەرەزۆری پێشەوایان و زانایان ئەوەیە وەک (إبن تيميه) لە کتێبی: (السياسة الشرعية)دا(٢١) هێناویەتی، کە کوشتنی ئەهلی کوفر لە شەڕدا، لەبەر کوفرەکەیان نیە، بەڵکو لەبەر دژایەتییانە بۆ ئەهلی ئیسلام، هەربۆیەش هەرکاتێک سەرانەیاندا، دەست لە کوشتینان هەڵدەگیرێت، دیارە ئەمە هەڵوێستی شەریعەتە دەربارەی کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع لەکاتی جەنگدا، بەڵام ئەگەر لەکاتی جەنگدا نەبێت، ئەوە چاکتر و لە پێشتر دروست نیە، چونکە ئەگەر لەکاتی جەنگدا کوژرانی غەیری بەشداربووان دروست نەبێ، دیارە دروست نەبوونی کوژرانیان لە غەیری کاتی جەنگدا، شتێکی ڕوون و بێ چەند و چوونە.

بەڵام لەوبارەوە کە ئایا لەکاتێکدا دوژمنێکی وەک جوولەکە هەڵدەستێ بە قەلاچۆکردن و کوشتنی مسوڵمانانی وەک گەلی فەلەستین، بێ ئەوەی جیاوازیی بخاتە نێوان جەنگاوەر و مەدەنییەکانەوە، ئایا دروستە مسوڵمانانیش وەک بەرپەرچدانەوە، بەهەمان شێوە و، بەهەر شێوازێک،

که بۆیان بگونجێ، خەڵکی ئەوان بکوژن؟! لەوبارەوە زانایانی ئیسلام ڕاجیایی (إختلاف)یان هەیە، بەڵام واپێ دەچێ ڕای ئەوانە ڕاستتر بێت، کە دەڵێن: بەڵێ دروستە، چونکە خوای دادگەر فەرموویەتی: **فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ البقرە:** ١٩٤. واتە: جاهەرکەسێک دەستدرێژیی کردنەسەر، وەک خۆی دەستدرێژیی بکەنەوە سەر، هەروەها فەرموویەتی: **وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا** الشوری: ٤٠. واتە: تۆڵە و سزای خراپەیەک، خراپەیەکی وەک خۆیەتی. بەڵام پێویستە بزانرێ، کە هەر کار و کردەوەیەک زیانی لە قازانجی زیاتر بێت، ئەگەر لە خودی خۆیشیدا ڕەوا (مباح) بێت، لەبەر زیانی زۆری، هەر حەرام دەبێت.

**لە کۆتاییشدا دەڵێم:**

تیرۆر وەک وشە و زاراوەیەکی فیکریی و سیاسیی، هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایەکانی ڕۆژئاوایە، بەتایبەتی فەڕەنسا و، تیرۆرکردنیش وەک جەوهەر و نێوەڕۆک، دیاردەیەکی جیهانییە، واتە: جەوهەری تیرۆرکردن و ئیرهاب دیاردەیەکی جیهانییە و، هیچ پەیوەندییەکی بەئیسلام و مسوڵمانانەوە نیە و، ئەگەر مسوڵمانێک ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیرهاب و تیرۆری کردبێت بە پیشە، ئەوە پێچەوانەی شەریعەتی خوا و پێچەوانەی ئایین و بەرنامەکەی خۆی جوڵاوەتەوە، بەڵام ترساندنی دوژمن لە حاڵەتی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا، هچ پەیوەندیی بە تیرۆر و ئیرهابەوە نیە، بەپێی پێناسەو چەمک و واتای ڕاستەقینەی وشەی ناوبراو، بێگومان بەرگریی لەخۆکردن و تەسلیم نەبوون بەدوژمنیش، شتێکی پیرۆزە و هەموو میللەتان و، هەموو خاوەن عەقڵێکیش ئەوە بەڕەوا دەزانێت، کە لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەدا سامێکی هەبێت و عیززەت و هەیبەت و قووەتێکی هەبێت و، وابێت کە دوژمن لێی بسڵەمێتەوە و، نەتوانێت دەستدرێژیی بکاتە سەرێ و زوڵمی لێ بکات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) واتە زانایانی (أصول الفقه) کە لەبارەی چۆنیەتی هەڵهێنجانی حوکمە شەرعییەکانەوە دەکۆڵێتەوە.

(٢) ص٢٧٦.

(٣) کە (المعجم الوسيط) لێیەوە نەقڵکردووە.

(٤) ج ٥ ص٦٦٨٣.

(٥) ص ٤٣١، ط٨.

(٦) بڕوانە: ص٤٣١ ط٨ ساڵ:١٣٧٥ هـ ق.

(٧) ئەو کتێبەم لەسەر (CD)ییەک تەماشاکرد، کە بە فارسی نووسراوە.

(٨) مەبەست لە شێوە (تقويم) تەنها دیمەن و ڕواڵەتی جەستەیی نیە، بەڵکو مەبەست شێوە و پێکهاتەی دەروونیی و ڕواڵەتییەتی، کە مرۆڤ پێیان لە دروستکراوەکانی دیکە خوا جیاکراوەتەوە.

(٩) (تفسير القاسمي) ج١ص٩٥، (الجامع لأحكام القرآن) ج١ ص٢٢٣، (في ظلال القرآن) ج١ص٥٦.

(١٠) خۆشگوزەرانان.

(١١) زێدەڕۆییکەران.

(١٢) (**ذمێون**) واتە: ئەوانەی کە مسوڵمان نین و لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا ژیان بەسەردەبەن، کە دەبێت دەوڵەتی ئیسلامیی ئاگای لێیان بێت و مافەکانیان بۆ دابین بکات و ئازادییەکانیان بپارێزێ، بۆیەش ناونراون: (ذمي) چونکە مافەکانیان وەک ئەرکێکی شەرعی لەئەستۆی مسوڵمانان و دەوڵەتی ئیسلامییدان. وشەی (**ذِمَّة**)ش وەک (**مختار الصَحاح**) ص٢٠٦، گوتوویەتی: **[هي العهد والعَقْد الـمُبْرَمُ بين طرفين أو أكثر]**.

(١٣) ئەوەی نێوان دوو کەوانەکە خۆم زیادم کردوە، چونکە سیاقی قسەکانی (شيخ الإسلام) دەیگەیەنێ.

(١٤) بڕوانە: (فتح القدير) للشوكاني، ج١ ص٣٥٧، کە گوتوویەتی: ئەو بەسەرهاتە هەرکام لە (أبو داود: ٢٦٨٢، والنسائي: ٦٨و٦٩، وإبن جرير(١٠/٣) وإبن المنذرو..الخ) لە (إبن عباس)ەوە گێڕاویانەتەوەو، بڕوانە: الإستيعاب فى بيان الاسباب، ج١ ص١٩٥. لەئاڵقەی یەکەم دا دەقی ئەو هۆی هاتنەخوارەوە (سبب النزول)مان لەعەرەبیی هێناوە.

(١٥) بۆ زانینی بەسەرهاتی چۆنیەتی دەرکرانی ئەو سێ تیرە جوولەکەیە لە شاری مەدینە، کە لە ئەنجامی پەیمان شکاندن و خیانەتیان دا، دووچاری سزاو تۆڵەبوون، بڕوانە: (السيره النبويه) لابن هشام، ج٣ص ٥٠ تا٥٤،و ج٣ ص١٩٩هو ج٣ ص٢٤٤ تا٢٦٥.

(١٦) بڕوانە: (مختصر تفسير إبن كثير)ج١ ص٢٣٩ ، (فتح القدير) للشوكاني، ج١ ص٣٥٧.


(١٧) ئەو قسەیە بەو ڕەهاییە ڕاست نیە، چونکە قەوارەی ئیسلامیی دژی سەرجەم ئەهلی کوفر ناجەنگێ، بەڵکو تەنیا دژی دوژمنانێک کە لە دژی دەجەنگن، دەجەنگێ، وەک خوا فەرموویەتی: **وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ البقره** –١٩٠– کە لە ئەڵقەی یەکەمی ئەم زنجیرە بابەتەدا قسەمان دەربارەکرد، دیارە گەیاندنی پەیامی خواش لەم ڕۆژگاری گەشەکردنی تەکنۆلۆژیایی زانیاریی و ڕاگەیاندن دا، ئاسان بووە و پەکی لەسەر سوپا و هێز نەکەوتووە.

(١٨) بڕوانە: (الأحكام السلطانية)ص٦و٧.

(١٩) بۆ کەسێک بەکاردێ، وەک مردوو تەمای لە خۆی نابێ، چونکە ئینسان کە مرد، پێش ئەوەی لاشەی ڕەق ببێ، دەستەکانی لە کراسی دێننە دەرێ، چونکە کە ڕەق بوو، دەبێ جلەکانی لەبەردا بدڕێنی، ئەگەر نا دەستەکانی نایەنە دەرێ.

(٢٠) بڕوانە: (سنن البيهقى) ج٩، ص٩١.

(٢١) ص ١٣٢،١٣٣.


زەمینەکانی گەشەکردنی
تیرۆر
د. کامەران محەمەد
ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی مێژوو. پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

تیرۆر وەک پەتایەکی کوشندەی سەردەم، زەمینەی گەشەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، جا بۆ کۆنترۆڵکردنو بنەبڕکردنی ئەو دەردە کوشندەیە، دەبێت بەو زەمینەیە ئاشناببین و پەی بە هۆکارەکانی ئەو دیاردە ترسناکەی کۆمەڵگەی مرۆیی ببەین. تا بتوانین لەو سەربەنەوە چارەسەری بنەڕەتی پێشکەش بکەین، تیرۆر وەک هەر دیاردەیەکی مرۆیی و مێژوویی زادەی تاکە هۆکارێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هۆکاری جیاواز و ڕەهەندی جۆراوجۆر رۆڵیان لە بەدیهێنانیدا هەیە، گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

**هۆکاری ئایدیۆلۆجی**: ئایدیۆلۆجیا وەک سستمێکی بیروباوەڕی عەقڵانی کۆمەکی باوەڕدارانی دەکات بۆ تێگەیشتن لە واقیع و ئاشناکردنیان بە کایە زانستییەکان و هاندانی کۆمەڵ بۆ ئەنجامدانی شێوازی دیاریکراو لە کردار و گەشەپێدانی کاریگەرێتییەکانی تاک و حوکم لەسەردانی واقیع لەمیانەی لەخۆگرتنی بڕیارە بەهاییە دیاریکراوەکان. هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی ویستێکی ئازاد و هەڵبژاردنی ئازادانەی ئایدیۆلۆجیا لەلایەن چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان.

بەمشێوەیە ئایدیۆلۆجیا ڕاڤەیەکی تایبەت بۆ جیهان دەخاتەڕوو، هەر گفتوگۆکردنێک سەبارەت بە بنەما و بنەڕەتەکانی ڕەتدەکاتەوە، چونکە دان بەهیچ ڕاڤەیەکی دیکەدا نانێ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەو کۆمەڵانەی کە تەبەنیان کردووە بەرەو داخرانی فکری ئاڕاستە دەکات. ئەمەش بۆ داننەنان بە(بەرامبەر) و (جیهانی دەرەکی) و هەوڵی گۆڕینی بە هەرشێوەیەک لە شێوەکان خۆش دەکات(١).

لەمیانەی خۆنواندنی (ئایدیۆلۆجی) یا (دروشمیی) یاخود (ئایینی) مان بۆ جیهان ئەوا بە زەرورەتی لایەنگری تێروانینێکی دیاریکراو دەکەین و هەر دیدێکی تر ڕەتدەکەینەوە. کاتێکیش بەتەنها کە دان بەو خۆنواندان (تمثلات)ەدا دەنێین بۆ جیهان، ئەوا بەو خۆنواندنە جیاوازییەکانی دیکە ڕەتدەکەینەوە. داننان بە جیهان بەرگریکردنە لە خود، ئەو خۆنواندنانەش بەدەستهاتووی ئەزموونی مێژوویی درووروودرێژی گەلێک یاخود نەتەوەیەکی دیاریکراوە. بەرگریکردنیش لێی دەگاتە ئاستی مردن، نموونەش بۆ ئەوانە جیهادی ئایینی و شۆڕشە سیاسییەکانە. ئەو بەرگریکردنە لە خۆنواندنەکان بریتییە لە داننان بە (خود) لە مێژوودا یاخود لە جیهاندا. پرۆسەی ئەو دانپێدانانە ئەوەیە کە (سلزفسکی) بە ئەرکی ئایدیۆلۆجی ناوی دەبات.

بۆیە توندوتیژی ئایدیۆلۆجی پشت بە بنەما گەلێکی فیکریی و کۆمەڵە چەمکێکی دیاریکراو دەبەستێت، کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە نوێیەکان دەکات، ئەوەش بەشێوەیەکی ورد بێژەی تیرۆری بەسەردا جێبەجێ دەبێت، لەبەرئەوەی لەم دۆخەدا تەنها کردارێکی (ساد)ی یاخود (تاوانێکی ئاسایی) نییە! بەڵکو گۆڕانە بۆ ئایدیۆلۆجیا و لەسەر بنەمای تیرۆر و بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و تەنانەت فیکریی و ڕۆشنبیریش ڕاوەستاوە! ئەمە لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵانە ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەت و یاسا و بەهای کۆمەڵایەتی دیاریکراو (٢).

ڕەهەندی ئایدیۆلۆجیی تیرۆر بە ترسناکترین ڕەهەند دادەنرێت! چونکە لە بەردەم بیروباوەڕێکدایت، کە زۆرینەیەک باوەڕیان پێهێناوە و ئەویش یاسای کوشتن دادەنێت و هەمیشە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی پشت بە بنەمای توندوتیژی دەبەستێت، جا ڕەنگە ئەو ئایدیۆلۆجیایە ئایینی یان ئاینزایی یان نەتەوەیی یان چینایەتی یان...تاد بێت.

لەم سەربەنەوە ئایدیۆلۆجیا لە زۆرینەی کار و مومارەسە تیرۆریستییەکاندا ڕۆڵی بزوێنەر دەبینێت. نموونە (المثل) و ئەو بنەما باڵایانەی کە ئەو کەسانە باوەڕیان پێهێناوە، ئەنجامدانی دزێوترین کار و لەژێر بیانوو گەلێکی مرۆیی یا نەتەوەیی یاخود ئاینی و ... تاد، پاڵیان پێوە دەنێت.

بۆ نموونە ناتوانرێت نکۆڵی لە ڕۆڵی بنەماکانی

شۆڕشی فەڕەنسی وەک (برایەتی و یەکسانی و ئازادی) بکرێت، لە دەرکەوتنی ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی توندڕەوی وەک (یەعقوبیەکان) لە فەڕەنسای ئەو کاتەدا و بەکارهێنانی تیرۆر وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان‌و لەدوای دەرکەوتنی ئایدیۆلۆجیای ئانارشیزمی‌و بونگەرایەکان دیاردەی تیرۆر بڵاو بووەوە. ئەو ئایدیۆلۆجیایانە بانگەشەی لەناوبردنی تەواوی ئەو قەوارانەیان دەکرد کە ئازادییەکانی مرۆڤیان سنوردار دەکرد، لەسەرو هەمووشیانەوە دەوڵەت. هەروەها بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی بێچین هاندەری ئەو کۆمەڵانە بوو کە بەکاری کوشتن‌و تەقاندنەوەو تۆقاندن هەڵدەستان.

دواتر ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییە پەرگیرەکانی نێو هەندێ لە سستمە شمولیەکانی وەک نازیزم و فاشیزم و ڕێکخراو و کۆمەڵە نەتەوەییە پەرگیرەکان پشکداربوون لە بەرزکردنەوەی ئاستی تیرۆر و توندوتیژی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا (١٩١٨ – ١٩٣٩).

ئایدیۆلۆجیا ئایینیەکانیش لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تائێستا ڕۆڵێکی گەورەیان لە برەودان بەکاری تیرۆریستی گێراوە. تێگەیشتنی تایبەتی ئەو ڕێکخراوانە دەربارەی سروشتی دەوڵەت و فەرمانڕەواکان لە کۆمەڵگەکانی جیهانی ئیسلامیدا و هاوڕێ لەگەڵ ئەوەدا (جیهادکردن) شوێنەوارێکی ئاشکرای بەجێهێشت لە دەرهاویشتنی جۆرێکی نوێی هزری (ئاینی) کە بانگەشەی تەکفیرکردنی تەواوی کۆمەڵگە ئیسلامییە هاوچەرخەکانی دەکرد و هەوڵی دەدا بەهێز بیانگۆڕێت.

بەکورتی تەواوی ئایدیۆلۆجیا چەپ و نەتەوەیی و ئاینییەکان بەداننەنان بەژیریی و بنەما و شێوازەکانی ژیانی کەسانی دیکە جیادەکرێنەوە و، ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەی لە پێکهاتەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بوونی هەیە ئایدیۆلۆجیا پێی قبوڵ ناکرێت، بۆیە داننانێت بەو جیهانە دەرەکییەی کە دەوری داوەو چەند بتوانێت هەوڵدەدات بیگۆڕێت یاخود تێکوپێکی بدات، بۆ ئەمەش هەموو ئامرازێک بەکاردەهێنێت، تابتوانێت ئەو جیهانە تایبەتییەی لە زەینیدا وێنەی بۆ کێشاوە، بونیادی بنێت.

**هۆکاری سیاسی:** (مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە) لێرەدا بەوگوتەیەی ئەرستۆ و هەندێ لە ئەنترۆپۆلۆژەکان دەچینە نێو باسکردنی ئەو هۆکارە سیاسییانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی تیرۆردا هەیە(٣)، جا ئەگەر سیاسەت بریتیبێت لە (هونەری بەڕێوەبردنی ژیان)و مرۆڤیش وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ژیان لە سەرەتای بەدیهێنانییەوە هەوڵی بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی دابێت، ئەوا لە چرکەساتە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤدا سیاسەت ئاوێزانی ئەو ژیانە بووە و شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆی بەسەر بەشێکی زۆری جموجوڵەکانی مرۆڤەوە جێهێشتووە.

بەڵام کاتێک سیاسەت لەسەربەنی (مرۆڤایەتیبوون) بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤەکان بەکارناهێنرێت، ئەوا بێگومان لەسەربەنگەلێکی دیکەوە ژیان بەڕێوەدەبات کە (شکۆ و ڕێز و مرۆڤایەتیبوون)ی مرۆڤەکان دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوونەوە. کاتێکیش ئەو چەمکانە بەهای بۆ دانەنرا، ئەوا ئاسایی دەبێت کۆمەڵە بیانوویەک بە هەندێ لە مرۆڤەکان بدات کە هەموو ڕێگەیەکی شیاو و نەشیاو بۆ ئەو گێرانەوەیە بگرنەبەر، بەڵام ئەوانیش لەبەرئەوەی لە سایەی هەمان سستمدا پەروەردەبوون، لە باتی ئەوەی ئەو بەها لە دەسچووانە بکەنە سەربەنی چاکسازییەکانیان، ئەوا وەک کاردانەوەیەک بۆ پێشێلکارییەکان هەمان سیاسەتی سستەمە باڵادەستە نامرۆڤایەتییەکە دەگرنەبەر، تەنانەت زۆرجار توندوتیژتر لە بەرانبەرەکانیان ژیان و شکۆ و مرۆڤایەتیبونی مرۆڤەکان پێشێل دەکەن. بەمەش کەشێکی تیرۆریستی باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا

## تیرۆر وەك هەر دیاردەیەكی مرۆیی و مێژوویی زادەی تاكە هۆكارێكی دیاریكراو نییە، بەڵكو هۆكاری جیاواز و ڕەهەندی جۆراوجۆر ڕۆڵیان لە بەدیهێنانیدا هەیە.

دەكێشێت، لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو هۆكارە سیاسیانە بخەینەڕوو كە بەها مرۆییەكان لەرزۆك دەكەن و دواتر زەمینە بۆ دروستكردنی تیرۆر خۆش دەكەن.

١ فەرامۆشكردنی هاوڵاتیان و كەمتەرخەمیكردن لە چارەسەركردنی كێشەكانیاندا: ئەركی سەرشانی فەرمانڕەوایان و كاربەدەستان لە دەوڵەتدا و لەسەر ئاستی ناوخۆ بریتییە لە بەڕێوەبردنی هاوڵاتیان و ڕاستگۆیتی لەگەڵیاندا و پڕكردنەوەی پێداویستییەكانیان و بەدیهێنانی ژیانێكی ڕێزدارانە بۆیان و سودوەرگرتن لە تواناكانیان و پڕكردنەوەی كاتەكانیان و ئاسانكردنی كاروبارە ماددیی و بژێویی و مەعنەویی و مرۆڤایەتیەكانیان، هەروەها بڵاوكردنەوەی خوێندەواریی و هاندانی زانین و بەگەرخستنی ژیرییەكانیان(٤).

بەڵام هەركاتێك كاربەدەستان بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر بە گەلەكەیان فەرامۆشكرد و لەگەڵ هاوڵاتیاندا كەمتەرخەمیان كرد، ئەوە دەبێتە كلیلی خۆونكردن و ڕێگەی لەناوچوون و ڕێگەخۆشكەری نارەزایی هاوڵاتیان.

٢ نەبوون و تەسكبوونەوەی بازنەی دیموكراتێتی: سەرەڕای تێپەڕبوونی زەمەنێكی درێژ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ، بەڵام هێشتا زۆرینەی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە جێگەی دیموكراتیەت لە سستمی سیاسیاندا بكەنەوە. ئەزموونی دیموكراتێتی لە زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەدا ئەزمونێكی نوێ و ڕووكەشییە، بۆیە تائێستا نەتوانراوە كەناڵە یاساییەكانی پەیڤین و گوزارشتكردن لە ڕا و هزرە جیاوازەكان بكرێتەوە(٥).

لێرەوە نەبوونی ژیانی دیموكراتێتی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی هەندێ توێژی كۆمەڵایەتیی و سیاسیی و دوورخستنەوەی كەمینەكان و توێژ و بزوتنەوە بەرهەڵستكارەكان. ئەو بارودۆخەش كەشێكی بەدیهێناوە كە مرۆڤ تێیدا هەست بە ستەم دەكات و هەر ئەو كەشە دەبێتە پاڵنەرێك كەوا لەو ستەمدیدانە دەكات بچنە نێو كاری سیاسی توندڕەوەوە(٦).

بەمشێوەیە دەسەوسانبوون لە پەیڤكردن لەگەڵ لاواندا و بوار نەڕەخساندن بۆیان تابتوانن گوزارشت لە خۆیان بكەن و خزمەتی وڵاتەكەیان بكەن، وا لە زۆرینەی گەنجەكان دەكات ببنە قوربانی ئەو توندوتیژییە دامەزراوییە و لە نێوانیاندا دیاردەی پەرگیری لەدایكدەبێت.

هەروەها لە كۆمەڵگەیەكدا كە دیموكراتێتی تەنها دروشم بێت، ئەوا بەشداریكردنی سیاسی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگە لە ئاستێكی زۆر لاوازدا دەبێت، بەتایبەت لەو دۆزانەی كە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، گەنجان كە زیندوترین و چالاكترین توێژی كۆمەڵ پێكدێنن، كەنارگیركراون یاخود خۆیان خستووەتە پەراوێزەوە، ئەمەش حاڵەتێكی خراپی ئەوتۆی لێكەوتووەتەوە، كە بە ئاسانی نەتوانن ڕای بەرامبەر قبوڵ بكەن و شیكردنەوە و ڕەخنەگرتن بكەنە میتۆدی وەرگرتن یاخود ڕەتكردنەوەی

بۆچوونەکان، دیارە هەرکەسێک بەشداری سیاسی بکات، ئەوە توانای ڕادەربرین و پەیڤینکردنی سەبارەت بە کێشە گشتیی و کۆمەڵایەتییەکان لا دروست دەبێت(٧).

بەهەمان شێوە نەبوونی فرەیی سیاسیی و ئازادی ڕادەربرین و ئاڵوویری ڕاستەقینەی دەسەڵات، دەبێتە هۆی بێبەشکردنی هێزگەلێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەوەدا کە بتوانن گوزاشت لە خواستە سیاسییەکانیان بکەن و فەرامۆشکردنی خواستی کەمینەکان و سەرکوتکردنی کۆمەڵە بەرهەڵستکارەکان، هەموو ئەمانە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ بەدیهێنانی کەشێکی گونجاوی توندوتیژیی و تیرۆر(٨).

٣ ستەمکاری: ستەمکاری یەکێکە لەو هۆکارانەی ڕاستەوخۆ کار لەسەر سڕینەوەی کەسێتی و شکۆی مرۆڤەکان دەکات، دواتر تەواوی بەها ئاکاریی و کۆمەڵایەتییەکان لەرزۆک دەکات، جا کاتێک فەرمانڕەوا کە ئەرکی سەرەکی دەبێت چەسپاندنی دادوەری بێت، بەڵام ئەو بەتەواوی کۆشکی دادپەروەری لەو وڵاتەدا خاپوور دەکات و تەواوی هاوڵاتیان دەخاتە خزمەتی ئارەزووەکانی خۆیەوە، زەوتکردنی مافە سیاسیی و دارایی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنە بەرەنجامێکی حەتمی ستەمکاری، ئەم بارودۆخە بێزارییەکی بێوێنە لای هاوڵاتیان دروستدەکات و لە هەر چرکەساتێکدا چاوەڕوانی تەقینەوەی لێدەکرێت.

٤ داگیرکاری: داگیرکاریی و زاڵبوونی داگیرکەر بەسەر نەتەوەیەکدا و پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی تێیدا و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و داگیرکردنی خاکەکەیان و کوشتن و تێکدان و دەستدرێژیکردن و ناچارکردنی خەڵکی بۆ جێهێشتنی خاک و نیشتمانیان، ئەو زەمینە لەبارەن کە زۆر بەخێرایی پەرگیریی و تیرۆر و توندوتیژی بەرهەم دێنن(٩).

٥. بوونی دژایەتی و نەسازی لە نێوان تیۆر و پراکتیکی بەڵێننامەکانی سستمی سیاسی نێودەوڵەتیدا: سستمی سیاسی نێودەوڵەتی لەسەر کۆمەڵە بنەمایەک دامەزراوە کە بانگەشە بۆ بەها مرۆیی و سیاسییە باڵاکان دەکات، بەڵام ئەگەر بڕوانینە هەڵسوکەوتە کردارییەکانی، ئەوا گەیشتووەتە ئاستێک کە دژایەتییەکی گشتی بەرامبەر بەتەواوی ئەو بەها و بنەمایانە کردووە، ئەو دژایەتییە بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەند بانگەشە و مومارەسەیەکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی، وەک وەڵامدانەوەیەکی نارەزایی توند بەرامبەر بەو نەسازییەی لە نێوان گوفتار و ڕەفتاردا بەدیدەکرێت(١٠).

٦. دەسەوسانبوونی سستمی سیاسی نێودەوڵەتی لەوەدا کە بتوانێت بوێرانە و بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە وەڵامی ئەو سەرپێچی و پێشێلکارییانە بداتەوە کە ڕووبەڕووی بەڵێننامەکانی بووەتەوە، ئەمەش بێمتمانەییەکی گشتی بەرامبەر بە ڕۆڵی ئەو سستمە لێکەوتووەتەوە(١١).

لێرەوە هۆکاری نێودەوڵەتی بوارێکی فراوانی لە بەردەم تۆڕی تیرۆری نێودەوڵەتیدا کردووەتەوە، کە لەڕیزەکانیدا پیاوکوژە ناسراو و بەکرێگیراو و... هتد لە خۆی کۆبکاتەوە و لەسەر بەهیچ زانینی یاسای نێودەوڵەتی هانیان بدات و بیانخاتە نێو پرۆسەی دەستدرێژیکردنە سەر سەروەریتی دەوڵەتان و ماف و بەرژەوەندییە مەشروعەکانیانەوە، ئەمەش بە ئامرازگەلێکی وەک هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و کوشتن و خۆتەقاندنەوە و فڕاندنی فڕۆکە و ئەشکەنجەدانی بارمتەکراوانی مەدەنی و بێتاوانان کە بەتەواوی ئاکار و نەریتە نێودەوڵەتییەکان بەخراپی دەزانن و ڕەتیدەکەنەوە. ئەم ڕەوشە نێودەوڵەتییە بەڕای ئەو کەسانەی کە ئەم ڕاڤەیان خستۆتەڕوو، بە کارەساتێکی نێودەوڵەتی بێسنور کۆتایی دێت.

٧ کاتێک پەیڤینی زانستی و بابەتی لە نێوان تاک و گرووپە سیاسییەکاندا پشتگوێ بخرێت و نەکرێتە ئامراز و میکانیزمی ئاشتیانەی یەکلایکردنەوەی ململانێکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی

کە لە نێوان تاک و گرووپە سیاسیەکاندا هەن، زەمینە بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست خۆش دەبێت.

**هۆکاری ئابووری:** ئابووری وەک لایەنێکی گرنگی ژیان رۆڵی بەرچاوی خۆی دەبینێت لە بزووتنەوەی مرۆڤ لە ژیاندا و شوێنەواری راستەوخۆ بەسەر تەواوی جموجوڵەکانی مرۆڤ جێدەهێڵێت. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها تیشک دەخەینە سەر ئەو لایەنانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەدیهێنانی کرداری تیرۆریستی هەیە، بۆیە دەتوانین ئەو کاریگەرێتییانە لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

١. گۆڕانکارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان: ئەو گۆڕانکارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییانەی بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویدا، بووە هۆی چڕکردنەوەی بزووتنەوەی کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شارەکان، ئەمەش بڵاوبوونەوەی گەڕەکە هەڕەمەکی (العشوائی)یە هەژارەکانی لێکەوتەوە و ئەو گەڕەکانە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لە خۆگرتبوو کە پەرگیرانە ئایین و داب‌و نەریتەکانیان وەرگرتبوو، بۆیە بەهۆی جیاوازی بەها شاریی و لادێیەکانەوە لەیەکتر، لادێنشینەکان دەستەوسان بوون لەوەدا کە بتوانن بەها جیاوازەکانی شار وەربگرن و خۆیانیانی لەگەڵدا بگونجێنن. لەلایەکی دیکەوە ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاریی بەتایبەت لەنێو گەنجاندا، لێرەوە کێشکردنی ئەم گەنجانە بۆ نێو تۆڕە تیرۆریستییەکان یاخود چوونە نێو ئەو تۆڕانەوە بەشێوەیەکی خۆویستانە، زۆر بەئاسانی بەڕێوەچوو(١٢).

٢. ئابووری یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ئارامی دەروونی لای مرۆڤ بەدیدێنێت، بۆیە هەرکاتێک داهاتی تاک ناجێگیر بوو، ئەوا رەزامەندیی و ئارامی تێکدەچێت. ئەم حاڵەتە رقێکی ئەستوری بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی لادروست دەکات و دواتر نەبوونی پەیوەندارێتی بۆ نیشتمانەکەیی و تۆڵەسەندنەوەی لادروست دەبێت(١٣).

لێرەوە پەرگیرەکان دێن و تواناداری خۆیانی بۆ دەرازێننەوە سەبارەت بە باشترکردنی بارودۆخی ئابووری! ئەو بەبێ ئەوەی بڕوانێتە سەرئەنجامەکانی و ئەو خراپییانەی کە لێوەی دەکەوێتەوە دەبێت بەشێک لێیان.

٣. قەیرانە ئابوورییەکان: قەیرانە ئابوورییەکان بە پلەی یەکەم کار لە چینە ئاست نزمەکان دەکات، ئەوان بەدەست ناڵەباری بارودۆخی بژێویی و بڵاوبوونەوەی بێکاریی و ئیفلیجبوونی خزمەتگوزارییەکان دەناڵێنن.

تەنگەژە ئابوورییەکان تێکڕای بێکاریی و هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخەکانی زیادکردووە و بارودۆخە چینایەتییەکانی ئاڵۆزتر کردووە. دواتر ئەو رەوشە شوێنەواری ترسناکی بەسەر لاواندا جێهێشتووە و زەمینەیەکی لەباری بۆ گرووپە پەرگیرەکان رەخساندووە، تا ڕیزەکانیان بەو تاکانە پڕبکەنەوە کە بەدەست بێکاریی و بێئومێدیی و متمانە نەبوون بەداهاتوویەک کە تێیدا پێداویستییەکانی ژیانی تێدا فەراهەم بێن، دەناڵێنن.

٤. نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی: کەمی سەرچاوەکانی سامان و شمەک و خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی سامان و جیاوازی لە دابەشکردنی تێکڕای داهات و خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت فێرکردن و تەندروستی و نیشتەجێکردن و کارەبا لەنێو شار و لادێکاندا. ئەمە سەرەڕای زۆربوونی دەرچوونی پەیمانگا و زانکۆکان کە هەلی کارکردنیان بۆ نارەخسێت، هەموو ئەمانە بێئومێدی تاک و بێزاری کۆمەڵ بەرهەمدێنێت(١٤).

٥. بێکاری : بڵاوبوونەوەی بێکاری لە کۆمەڵگەدا دەردێکی کوشندەیە. هەر کۆمەڵگەیەک بێکاری زۆری تێدابێت، ئەوا پەککەوتەی زۆری تێدا دروست دەبێت و هەلی کارکردنی تێدا کەمدەبێتەوە، ئەمەش دەرگاگەلێکی خراپ بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا دەکاتەوە، وەک بڵاوبوونەوەی تیرۆر و تاوان و

ماددەسڕکەرەکان و دەستدرێژیی و دزی و ... هتد(١٥).

بەدەستنەهێنانی مافەکانی بەتەواویی و فەراهەم نەبوونی هەلی کارکردن، تورەبوونێکی گشتی لێدەکەوێتەوە و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دوور یاخود نزیک پەیوەندیان بە بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە هەبێت، برسێتی و هەژاریی و بێدەرەتانی خەڵکی دەبزوێنێت و دارایی بێدەنگیان دەکات.

لێرەوە بێکاری یەکێکە لە بەهێزترین ئەو هۆکارانەی کە پشکداری دەکات لە چاندنی تۆوی تیرۆردا، چونکە بژێوی قورس و ئەستەم دەکات و خراپبوونی داهاتی تاک یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕۆحی بەفیڕۆدان لە نەتەوەدا بەدیدێنێت، جا ئەگەر نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا زاڵ ببێت و داگیری بکات و خێروبێری بخوات، ئەوا ڕقێکی ئەستور بەرامبەر بە داگیرکەرەکە و بەرامبەر بەوەش ڕێپێدەدات یاخود ئاسانکاری بۆ دەکات دروست دەبێت.

٦. جیهانگیری: جیهانگیری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر هەژموونداتر دەبێت و وا چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا وڵات و کۆمەڵگە دواکەوتووەکان زیاتر ڕووبەڕووی قەیران بکاتەوە، کە لێنی نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەند و دەوڵەتە هەژارەکان زیاتر دەکات. هەندێ لە بیرمەند و لێکۆڵەرە کۆمەڵناسەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە شوێن و گرنگی و دەسەڵاتی سەرمایەدار و بازرگانەکان زیاد بکات و لە بەرامبەریشەوە دەسەڵات و ڕۆڵی سیاسەتمەداران کەم ببێتەوە، یەکێک لەو بیرمەندانە (ولیام نوک) دانەری کتێبی (جیهانی نوێی گۆڕاو) پێشبینی ئەوە دەکات، کە تیرۆر وەک گوزارشتکردنێکی تورەیی کۆمەڵگا و چینە بێبەشەکان، ئەو کاردانەوەیانەیە کە لە بەرامبەر گۆڕانکارییە ئابوورییە ترسناکەکان دروست دەبێت، پێشبینی ئەوەش دەکات کە لەم سەدەیەدا تیرۆریستەکان پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیەکان بۆ گواستنەوەی پارە و هزر و ڕێنماییەکانیان لە نێوان نزیکترین و دوورترین شوێنی زەویدا بقۆزنەوە، ئەمەش بەهۆی سستمی بانکی جیهانییەوە بڵاودەبنەوە و بازرگانی و دارایی دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن و ئەو بەها و ئاکارانەی کە فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگاکان دەکەن، بەرەوئاوابوون دەڕۆن.

٧. ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەتوانین لە دوو بواردا ئاماژە بەم ڕۆڵە بکەین:

أ) دەسەوسان بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دامەزراندنی هاریکارێتییەکی نێودەوڵەتی و یەکلاکردنەوەی کێشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتان، ئەوەش لەڕێگەی پەرەپێدان و کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەند و دەوڵەتە هەژارەکاندا هەیە و بەدیهێنانی ئاستێکی باشتری ژیان بۆ زۆرینەی گەلان تابتوانن بەڕێز و شکۆمەندییەوە بژین.

ب) بێتوانایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دۆزینەوەی ڕێکخستنێکی دادگەر و هەمیشەیی بۆ ژمارەیەک لە کێشە نێودەوڵەتییەکان. وەک زەوتکردنی زەویەکان و بەتاڵانبردن و چەوساندنەوە، کە ئەمە ئێستا ئادگاری زۆر لە کۆمەڵگەکانی جیهانە(١٦).

هۆکاری کۆمەڵایەتی: تیرۆر بەزۆری لەو کۆمەڵگایانەدا لەدایک دەبێت، کە بونیادێکی شێواوی کۆمەڵایەتیان هەیە و بە ڕەوتی سروشتی گەشەکردنی خۆیاندا تێنەپەڕیوون. لێرەوە بوونی کێشە گەلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە ئادگارێکی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە. بۆیە کۆمەڵگە وەک چوارچێوە و ئەو ژینگەیەی مرۆڤەکان ژیانیانی تێدا دەگوزەرێنن و پەیوەندییەکانیانی تێدا ڕێکدەخەن، زۆرجار دەبێتە کایەیەک بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر.

لەومیانەیەدا دەتوانین ئاماژە گەلێک بخەینەڕوو:

١. خێزان: خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و

# بێکاری یەکێکە لە بەهێزترین ئەو هۆکارانەی
# کە پشکداری دەکات لە چاندنی تۆوی تیرۆردا

پێگەیەنەری مرۆڤەکانە و دەبێت ئەو چوارچێوەیە بێت. کە ئەندامەکانی ناوی، بەهۆیەوە کەناڵی هەست بە ئینتیماکردن بۆ کۆمەڵگە و نەتەوە و مرۆڤایەتی بدۆزنەوە و ڕێز لەو بەها و پێوەرانە بگرن کە لە ئەنجامی ئەو ئینتیماکردنەدا دەکەوێتە ئەستۆیان(١٧).

هەروەها دەبێت خێزان ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە بێت، کە ئەندامەکانی ناوی پەروەردە بکات بەوەی کە لەسەر بنەمای ڕێز و ئازادی دادپەروەریی و میانڕەوی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا بکەن، نەک ڕەفتارکردن لەسەر بنەمای گەورە و بچووک یان حاکم و مەحکوم یان توندوتیژی یان نایەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا، دواتر ئەو نایەکسانییەش بکرێتە پاسا و بۆ سەرکوتکردن و چەپاندن.

لێرەوە کاتێک خێزان نەیتوانی لە ئاست ئەرکە بنیاتنەرییەکەی خۆیدا بێت و لە پرۆسەی پێگەیاندنی ڕۆڵەکانیدا شکستی هێنا، ئەوا زەمینە بۆ دروستبوون و دەرکەوتنی مرۆڤی پەڕگیر و تیرۆریست خۆش بێت.

٢. قوتابخانە: قوتابخانە بە هەموو قۆناغەکانییەوە، وەک دەزگایەکی پەروەردە و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زانست، لەبەر هەر هۆیەک بێت، توانای بەرهەمهێنانی نەوەی زانستخواز و پێگەیاندنی قوتابی و خوێندکاری شەیدا بە مەعریفە و ڕۆشنبیریی و زانستی نەبێت، ئەوا تەنها دەبێتە وێستگەیەک بۆبەخشینی بڕوانامە و بەڕێکردنی فێرخواز(١٨).

لێرەوە مرۆڤەکان دەسەوسان دەبن لەوەدا کە بتوانن لەسەر بنەڕەتێکی زانستی و مەعریفی واقیع بخوێننەوە و لە جیاکردنەوەی ڕەوا و ناڕەوادا بەهەڵەدا دەچن و دواتر وەک نێچیر لەلایەن گرووپە تیرۆریستەکانەوە ڕاودەکرێن ودەقۆزرێنەوە.

٣. ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان: ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان وەک چوارچێوە گەلێکی کۆمەڵایەتی دەبنە چێوەگەلێکی کارتۆنی یاخود سیاسی و تەواوی ئەرکە ڕۆشنگەرییەکانیان لەدەستدەدەن و دەبنە ئامرازی دەستی هێز و گرووپە سیاسییەکان و دەوڵەت و تەنهاش بەپێی ویست و بەرژەوەندیی و ئایدیۆلۆجیای ئەوان هەڵدەسوڕێن. یاخود دەبنە چوارچێوەگەلێکی بێ نەخشە و بێ ستراتیج و تەقلیدیی و بەتاڵ لە هەر پێگەیاندێکی ڕۆشنبیری مۆدێرن و مرۆڤدۆست(١٩).

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕۆشنبیرانی لە ئاستی ئەرکە باڵاکانیاندا نەبن و خەمی گۆڕان و بووژانەوەی کۆمەڵگەکەیان لەدەستدابێت، ئەوە کێیە تاریکی شەوەزەنگ بۆ تاکەکانی دەکاتە ڕووناکی ڕۆژ ؟! تەنها تیرۆریستانن کە ئەو تروسکاییە ڕووناکیانەی لە ناخی تاک و واقیعی کۆمەڵگەدا ماوەتەوە، ئەوان دەیکەنە تاریکی شەوەزەنگ.

٤. یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەو هزرانەی کە تەبەنی تیرۆر دەکەن، بوون و دەرکەوتنی نایەکسانی و جیاوازییەکانە لە ژیانی خەڵکدا، دواتر نایەکسانی لە دابەشکردنی دەسەڵات، نایەکسانی لە دابەشکردنی داهات و سامان،

دامەزراندن، دەسکەوت و... تاد. وێڕای ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی لە زیادبووندان گوشاری زۆر لەسەر گرووپە جیاوازەکان دروست دەکەن و ڕەنگە ڕۆڵیان لە بە تیرۆریستبوونی هەندێ تاکەکەس یاخود لایەنگیریکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان و دواجار یارمەتیدانیاندا هەبێت(٢٠).

زۆرجار تاکەکان دژکارییەکی گەورە و سەرسوڕهێنەر لە نێوان ئەوانەدا کە دەیخوێننەوە و ئەوانەدا کە دەیبینن، بەدیدەکەن، یاخود لە نێوان ئەوانەی کە فێری دەبن و ئەوانەدا کە تێیدا دەژین و ئەوانەی دەگوترێت و ئەوانەی کە دەکرێن و .... تاد. تەواوی ئەم جیاوازیی و نەسازییانە ناتەواوی لە جیهانبینییەکان و شێواندنی هزرەکاندا بەدیدێنێت. شێواندنی هزرەکانیش زەمینەیەکی لەبار دەبێت بۆئەوەی هزرگەل و گرووپگەلێکی پەڕگیر بتوانن بیقۆزنەوە و بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەگەڕی بخەن.

٥. لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگە: کاتێک کۆمەڵگە لێکهەڵدەوشێت، پەیوەندیی و وابەستەییەکانی نێوان تاکەکان لاواز دەبێت، ئەوا تاک بەرامبەر بەو کۆمەڵگە لێکهەڵوەشاوە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات و خەمی بۆ ناخوات و گرنگی پێنادات و چاودێری کەسانی دیکە ناکات، ئەم بارە هەستێکی خراپی ئەوتۆ لەو تاکانەدا بەدیدێنێت، کە هەوڵی ڕیشەکێشکردنی هەرباشییەک بدات تێیدا.

لێرەوە ئەم بارودۆخە لەسەر هەست و دەروونی تاکەکانی ڕەنگدەداتەوە و لەباتی ئەوەی ببنە هۆکارێکی ئیجابی لە ڕاستکردنەوەی ئاڕاستە شێواو و بونیادە لەرزۆکەکەی کۆمەڵگەکە، ئەوان زیاتر لەبارتر دەبن بۆئەوەی لەلایەن گروپگەلێکەوە بقۆزرێنەوە، تا لە پڕۆسەی تیرۆر و تۆقاندندا بەگەڕ بخرێن، بەڵام کاتێک بونیادی کۆمەڵگە بونیادێکی دامەزراو و تەندروستبێت، تاکەکانیش دامەزراو و تەندروست دەبن و هەموو هەوڵێکی ئیستغلالکردن شکست دەهێنێت.

٦. ئەو کۆمەڵگانەی لە مێژوویاندا ڕووبەڕووی پڕۆسە داگیرکارییەکان بوونەتەوە، داگیرکەرەکان بۆ قایمکردنی شوێنپێکانی خۆیان بە هەموو شێوازێک هەوڵی شێواندنی بوونیادی کۆمەڵایەتییەکەیانداوە. دیارترین نموونەش دروستکردنی ناکۆکی و ململانێی ئەتنیی و ئاینیی و ئاینزایی لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بووە، لەئاکامدا ململانێ و کێشەی خوێناوی لێکەوتۆتەوە. ئەم بارودۆخە زەمینەیەکی لەباری ڕەخساندووە، تا هێزە دەرەکییەکان پاڵپشتی لەو گرووپ و کۆمەڵە تیرۆریستییانە بکەن کە هەوڵی ڕیشەدارکردنی کەلتووری توندوتیژیی و تۆقاندنیان لەنێو کۆمەڵگەکانیانداوە(٢١).

**هۆکاری دەروونی:** ئەو هۆکارە دەروونیانەی ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی تیرۆردا جیاواز و جۆراوجۆرن، دەتوانین بەمشێوەیە پۆلێنیان بکەین:

١. پاڵنەرە شەڕەنگێزییە دەروونییە ڕیشەدارەکان: هەندێ لە زانا دەروونناسە شیکارەکانی وەک (فرۆید و میلانی کلاین) بوونی ئەو پاڵنەرانە بۆ غەریزەی مردن و حەزی دوژمنکارانە لە ناخی مرۆڤەکاندا دەگێڕنەوە و پێیانوایە لەگەڵ چرکەساتەکانی بەدیهێنانی مرۆڤدا ئەویش بەدیهاتووە. بۆیە بەشێک لە دەروونناسەکان وادەبینن، ئەو حاڵەتە خاڵیکردنەوەی وزەیە یاخود بەتاڵکردنەوەی بارگەکانی پاڵنەری دوژمنکاریی و حەزکردن بە وێرانکارییە، جا ئەگەر ئەو خاڵیکردنەوەیە بۆ خود یاخود بەرامبەر ئاڕاستەکرابێت، وەک یەک وایە(٢٢).

بۆ نموونە: ئەو بارگەگەلە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە کاتی پڕۆسە بەردەوامە داگیرکارییەکانی دوژمنان بەشێوەیەکی نموونەیی خاڵی دەکرایەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو دوژمنە نەما و لە باشووری کوردستان نیمچە سەربەخۆییەک بەدیهات، دەبینین ئەو وزە و حەزە دوژمنکارییانە بە ئاڕاستەیەک گۆڕا، کە زیانێکی گەورەی بۆ خودی کۆمەڵگەی کوردی لێکەوتەوە، ئەوەش خۆی لە شەڕی براکوژیدا بینییەوە، دواتر ڕۆڵی لە بەدیهێنانی

تیرۆر داگیرا.

٢. لاوازی منی باڵا و دەروونی سەرزەنشتکەر یا ژیری یاخود ویژدان، و زاڵبوونی نزمە خود و ئارەزووە یاخود دەروونی فەرمانکەر( بەخراپە) بەسەر کەسێتی مرۆڤایەتیدا: لەمبارەدا مرۆڤەکە بەپێی ئارەزووەکانی یاخود ئەو رێنماییە دەرەکییانەی کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە دەردەچن و ئەو بە سیمبولی هێز و ئازادیی و بە نموونەی باڵا و پێشەنگی خۆیان دادەنێت، هەنگاوەکانی دەنێت. ئەو کەسێتییەش هەمیشە لای ئەو تاکانە دروست دەبێت کە لە خودی خۆیاندا هەست بەناتەواوی دەکەن، یا ئەو مرۆڤانەی رووبەرووی پەروەردەیەکی باوکسالاری یاخود خێزانی توندوتیژبوونەتەوە، یاخود ئەو کەسانەی کە بوونی خۆیان نەسەلماندووە و کەسێکیان نەبینیوەتەوە دەستیان بگرێت یاخود لە خۆیان بگرێت. بۆیە لەلایەن حەز و پاڵنەری دوژمنکارانەی شاراوە لە ناخیاندا دروست دەبێت، واتە دەشێت لە ئاستێکی نەستیدا بێت و هەرکاتێک هەل و زەمینەی لەباری بۆ رەخسا، ئەویش دەربکەوێت(٢٣).

٣. تاک سیفەتە دەروونییەکانی لە ژینگەی دەوروبەری بەدەستدێنێت، جا ئەو ژینگەیە خێزانەکەی بێت، یاخود کۆمەڵگەکەی. هەموو ناتەواوییەک لەو دەوروبەرەدا رەنگدانەوەی لەسەر رەفتاری تاکەکە جێدێڵێت، تا دەبێتە بەشێک لە بونیاد و پێکهاتە دەروونیەکانی، لێرەوە شکستهێنانی لە ژیانی خێزانیدا دەبێتە گرنگترین هۆکاری لادانی تاکەکان و بەدەستهێنانی سیفەتگەلێکی خراپ.

٤. شکستهێنان لە بەدیهێنانی هەندێ ئامانج یا حەز یاخود گەیشتن بە شوێنی خواستراو: لە ئەنجامی هەستکردنی تاک بە شکست و نووسستی نائومێد و رەشبین دەبن و دواتر هەندێک یاخی دەبن و رەفتاری دوژمنکارانە یاخود پەرگیرانەیان لا لەدایک دەبێت، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر بابەتی شکستهێنانەکە لای کەسەکە گرنگ بوو، یاخود پەیوەندی بە بوارێکی زیندوو راستەوخۆی ژیانەوە هەبوو، ئەوا شکستەکەش توندتر دەبێت، دواجار کاردانەوەکەش بەشێوەیەکی بەهێزتر و توندوتیژتر خۆ دەنوێنێت(٢٤).

دەشێت هۆکاری بەدیهێنانی تیرۆر شکستهێنان بێت لە فێرکردندا کە هۆکارێکی کاریگەرە لە بەرجەستەکردنی بونیادێکی کۆمەڵایەتی دروست و دژایەتیکردنی لادانی هزریی و ئاکاری تاکەکان، کاتێک مرۆڤ لە بواری خوێندن شکستدێنێت، هەست بە ناتەواوی دەکات و وا دادەنێت کۆمەڵگەکەی ئەوی پێ قبوڵ ناکرێت. بۆیە رەنگە ئەو هەستە ببێتە پاڵنەرێک بۆ مرۆڤەکە کە هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی لەمیانەی چەند شوێن و کەناڵێکی دیکەوە بدات. تەنانەت ئەو شوێنانە کردارگەلێکی تیرۆریستیش بن. هەر لەبەرئەوەیە زۆرینەی ئەوانەی پەیوەندییان بە بزوتنەوە تیرۆریستییەکانەوە کردووە لەوکەسانەن کە لە خوێندندا شکستخواردووبوون، یاخود خاوەنی پیشەگەلێکی نزم بوون لە کۆمەڵگەدا، واتە تەواوی ئەوانەی هەست بە نزمێتی کردن لە ناخیاندا رەگی داکوتاوە و هەوڵی سەلماندنی خۆیان دەدەن، یاخود کەسانێکن کە چاوتێبڕینی کەسییان هەیە.

٥. پەتای مەزنێتی بوون: پەتای مەزنێتیبوون هۆکارێکی دیکەی دەروونییە، دەشێت مرۆڤ بەرەو تێوەگلان لە توندوتیژی یاخود جەنگێکی وێرانکەر ئاراستە بکات. پەتای مەزنێتیبوون نیشانەی نەخۆشییەکی ژیرییە، واتە ئەو بیروباوەڕە بەسەر هزری نەخۆشەکەدا باڵ دەکێشێت، کە ئەو کەسێکی مەزنە، بەبێ ئەوەی ئەو باوەڕە پشت بە واقیعێک ببەستێت کە لۆجیک پشتگیری بکات(٢٥)، (ئەدولف هتلر) و (سەدام حسین) دوو نموونەی ئاشکرای ئەو جۆرەک کەسێتییە بوون، ئەو دوو کەسێتییە لە بەرێوەبردنی جەنگەکانیاندا زیادەرەوییەکی ئاسابەدەرییان لە هەڵسەنگاندنی هێز و لێهاتوویی سوپاکەیاندا کردبوو، لە ئەنجامی ئەو نەخۆشیەشدا بوو کە بە تراژیدیترین شێوە کۆتایی بە ژیانیان

هات و وڵاتەکانیان وێرانکرد.

سەبارەت بە هیتلەر ئەو بیرکردنەوەیەی بووە هۆی دابەشبوونی ئەڵمانیا بۆ دوو دەوڵەتی جیا لەیەکتر، کە ئەوانیش ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو، ئەم دوو دەوڵەتە هەریەکەیان تەبەنی ئایدیۆلۆجیایەکی جیاوازی لەوی دیکە کرد و سیاسەت و ئابووریی و کۆمەڵایەتیان تەواو دژبەیەک بوون. تەنانەت زۆر لەوە نزیکبوونەوە کە لەگەڵ یەکدا بجەنگێن، ئەگەر بارودۆخەکە بەیەکگرتنیان لەیەک دەوڵەتدا کۆتایی نەهاتایە.

دەربارەی (سەدام)یش بەچاوی خۆمان بینیمان دەوڵەتی عێراقی تووشی چ کارەساتێک کرد، کارەساتێک کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنەبوو.

٦. دەردی چەوساندنەوە: بەهەمان شێوە ئەم دەردەش یەکێکە لە نیشانەکانی نەخۆشییە ژێرییەکان. لێرەدا سەرۆک یاخود سەرکردە لەمیانەی چەند بانگەشەیەکی ناڕەوا باوەڕی وایە ئەوانی دیکە لە پیلاندانانداندن بۆ زیان پێگەیاندن یاخود لەناوبردنی خۆییان و ئەو وڵاتەی کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات. یا ئایدیۆلۆجیاکەی یا ئەو بەهایانەی کە ئەو باوەڕی پێیان هەیە. لەبەرئەوە هەمیشە لە گوماندا دەمێنێتەوە و وای بەباش دەزانێت هەڵوێستی هێرشکردن بگرێتەبەر، پێش ئەوەی ناچار بێت هەڵوێستی بەرگریکردن بگرێتەبەر. لەو بارەدا دەبینین زۆر بەئاسانی وڵاتەکەی یاخود ڕێکخراوەکەی یا کۆمەڵەکەی لە جەنگێک یا کارێکی تیرۆرستی دەگلێنێت.

هەندێ جار تێبینی دەکرێت دەردی چەوساندنەوە هاوڕێ لەگەڵ دەردی مەزنێتی بوون لەیەک کەسدا کۆدەبێتەوە، ئەوکات سەرکردەکە یاخود کۆمەڵەکەی زۆر بە ئاسانی دەگلێنە نێو شێوازەکانی توندوتیژی یاخود جەنگەکانەوە.

هەندێ لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ هۆکاری ئەم نەخۆشییە دەکەن کە تێکچوونی پەیوەندییە خێزانییەکان هۆکارێکی سەرەکین لە بەرهەمهێنانی کەسێتی تێکچوودا، هەروەها زیادەڕەوی کردنی دایک و باوک لە زاڵبوون و پەروەردەکردنێکی توندا، ئەمە سەرەڕای ئەو منداڵانەی کە لە ئەنجامی لێکهەڵوەشان و جیابونەوە و هەژاریی و بەریەککەوتنە هەڵچوونییەکان (الصدمات الانفعالیە)و نەخۆشییە جەستەییە کوشندەکانی منداڵی گەورە دەبن. جا ئەگەر ئەوانە لەگەڵ هۆکاری بۆماوەیی یاخود ئەندامی یا هۆکارێک کە پەیوەندی بە لایەنی دەروونی یاخود سۆزدارییەوە هەبوو، ئاوێزانبوون، ئەوا ڕێگە بۆ دەرکەوتنی تێکچوونی کەسێتی لە گەورەییدا خۆش دەکات.

٧ کەسێتی شیزۆفرینی (الفصام الشخصی): کەسێتی شیزۆفرینی هۆکارێکی گرنگە لە هۆکارە دەوورنییەکانی دەرکەوتنی تیرۆر و پەرگیریدا، ئەو کەسێتییە بارێکی نەخۆشی دەنوێنێت کە خاوەنەکەی لە واقیع دادەبڕێت و لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەیدا دەکەوێتە هەڵەوە و لە هەستەکان خاڵی دەبێتەوە و گوێ بە هیچ نادات(٢٦).

بەمشێوەیە ئەگەر سەرۆکی وڵات لەو شێوە کەسێتیانە بوو، ئەوە بە خراپی هاوکێشە سیاسییەکان و تەواوی بارودۆخەکانی دیکەی واقیعەکە هەڵدەسەنگێت. ئەمە گرنگییەکی لە ئەندازە بەدەری هەیە لە (هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان و گرتنەبەری بڕیارە چارەنووسسازە تایبەتیەکاندا). هەروەها دەشێت گوێ بەو وێرانکارییانە نەدات کە وڵاتەکەی یان کۆمەڵەکەی یاخود دوژمنەکەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١) بڕوانە: کامەران محەمەد: ئایدیۆلۆجیا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٢)، ٢٠١٧، ل١٣و دواتر.

٢) فضل عباس فرج الله: الارهاب (الایدیولوجیة والسلطة)، (htm.٩/http://www.madarik.net/mag٣)

٣) عەدالەت عەبدوڵڵا: دەرکەوتنی مرۆڤی تیرۆریست لە کۆمەڵگای کوردیدا (تیۆریزەکردنی هۆکار و مێژوو)، لە کتێبی: دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکارەکان و چارەسەرکردن، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٩١.

٤) صالح بن غانم السدلان: أسباب الارهاب والعنف والتطرف، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٤، ص١٠.

٥) محمد الهواری: الارهاب: المفهوم ولاسباب وسبل العلاج، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٤، ص٢٤.

٦) المصدر نفسه والصفحة.

٧) المصدر نفسه والصفحة.

٨) المصدر نفسه والصفحة.

٩) صالح بن غانم السدلان: المصدر السابق، ص ١٠ ومابعدها.

١٠) اسماء بنت عبدالعزیز الحسین: أسباب الارهاب والعنف والتطرف (دراسة تحليلية)، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٤، ص١٣.

١١) المصدر نفسه والصفحة.

١٢) محمد الهواری: المصدر السابق، ص٢٢.

١٣) صالح بن غانم السدلان: المصدر السابق، ص٢٩.

١٤) محمد الهواری: المصدر السابق، ص٢٣.

١٥) صالح بن غانم السدلان:المصدر السابق، ص٢٩.

١٦) اسماء بنت عبدالعزیز الحسین: المصدر السابق، ص٣٠.

١٧) عەدالەت عەبدوڵڵا: سەرچاوەی پێشوو، لە کتێبی: دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکارەکانو چارەسەرکردن، بەرگی یەکەم، ل ٣١٣.

١٨) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

١٩) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٣١٤.

٢١) چنار سعد عبدالله: زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر لە کوردستاندا، لە کتێبی: دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکارەکان و چارەسەرکردن، بەرگی یەکەم، ل٥٣٦و دواتر.

٢٢) اسماء بنت عبدالعزیز الحسین:المصدر السابق، ص٢٢، یوسف حمة صالح مصطفى: تیرۆر و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری سایکۆلۆژی، لە کتێبی: دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکارەکان و چارەسەرکردن، بەرگی یەکەم، ل٤٨٧.

٢٣) اسماء بنت عبدالعزیز الحسین: المصدر السابق، ص٢٣، یوسف حمة صالح مصطفى: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٠.

٢٤) اسماء بنت عبدالعزیز الحسین: المصدر السابق، ص ص٢٤ ٢٥.

٢٥) المصدر نفسه والصفحة.

٢٦) المصدر نفسه، ص ٢٧.

# توندڕەویی و پەیوەندی بە تیرۆری ئیسلامی





**ئەبوبەکر عەلی**

لەدایکبووی ١٩٦٥. بەکالۆریۆس لە یاسا

پانزە بەرهەمی چاپکراوی هەیە

چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

**پێشەکی**

توندڕەوی نەخۆشییەکی فکری کوشندەیە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بڵاوبێتەوە، هەڕەشە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئایندەی دەکات، لە سەردەمی کرانەوەی سنورەکان و بە جیهانی بوونیشیدا، کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیانەش.

ئەوەی لەم بابەتەشدا خراوەتە ڕوو کارکردنە لەسەر دیاریکردنی سرووشتی پەیوەندی توندڕەوی بە تیرۆری ئیسلامییەوە، ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیە کە هەموو توندڕەوییەک بە تیرۆر دەزانێت، لە هەندێ کات و شوێن و لای هەندێ ناوەندی ئایدۆلۆژیی و ڕژێمە سەرکوتکەر و نادیموکراسیش، تیرۆر لە توندڕەویدا کورت دەکرێتەوە! وەک هەوڵێک بۆ پەردەدان لەسەر هۆکارە بنەڕەتییەکانی کە لە قەیرانە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان و ناعەدالەتیی و زەبروزەنگ و زۆر شتی تردا بەرجەستە دەبن.

پاشگریی ئیسلامیی بۆ تیرۆر گەر ئەو گشتاندنەی لێ لابەین کە هەندێک لە ناوەندەکانی خۆرئاوا و ناوچەکە بانگەشەی بۆ دەکەن و لەڕێی ئەوەوە دەخوازن ئیسلام و تێکڕای شارستانێتیی و فکری ئیسلامی نوێ و تەنانەت فۆڕمی ئیسلامی میللیش بخەنە ژێر پرسیارەوە، ئاماژە بە ڕاستییەکی واقیعی ژیانی ئەمڕۆی مسوڵمانان و جیهان دەکات، گەر لە شەست و حەفتاکاندا جیهان سەرقاڵی توندوتیژیی و تیرۆری مارکسییەکان بووبێت، ئەوا لە هەشتاکان بەدواوە، لەگەڵ مانەوەی پاشماوەی ئەوان و بوونی چەندین فۆڕمی تری توندوتیژی، توندوتیژیی و تیرۆری ئیسلامی بۆتە ناونیشانی ئەم قۆناغە مێژووییە.

هێزەکانی وەکو (القاعده)و (داعش) و لق و هاوبیرەکانیان لە ئێستای جیهانی ئیسلامیدا، لە کەم شوێنی تری جیهاندا دەبینرێن، هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەرجەم ڕەفتاری ئەم هێزانە بە تیرۆر ڕاڤە ناکرێت، چونکە تەنها ڕەهەندێکیان یاخود میکانیزمێکی کارکردنیان کاری تیرۆریستییە و سەرجەم چالاکییە چەکداریی و توندوتیژەکانیان لەو بازنەدا قەتیس نەداوە، کە ئێرە جێگەی قسەکردن لەسەر ئەوە نیە. بۆیە ئەوەی دەبێت کاری لەسەر بکرێت نکۆڵیکردن لە پاشگری ئیسلامیی نیە، بەڵکو ڕاکێشانیەتی لەسەر ئاستی ئیسلامەوە بۆ سەر ئاستی مسوڵمانان و بزاڤ و فکری ئیسلامی نوێ و تێگەیشتنی کەمینەیەک لەو نێوەندەدا، کە لە سۆنگەی توندڕەویی و داخراویی و دەمارگیریی و ڕق ئەستوورییەوە، خوێن و مەرگ و وێرانی بەرهەم دەهێنێت، دەستی هێزە وێرانکەرە خاوەن بەرژەوەندییەکانیش دەکەنەوە بۆئەوەی لەسەر داوای بەشێک لە پێکهاتەی ناوچەکە و ڕژێمە سەرکوتکەرەکان، هەرچی چەک و چۆڵی نوێیانە لە وێرانکردنی ناوچەکەدا تاقیبکەنەوە.

هەربۆیە نکۆڵیکردنی هەر ناوەندێکی ئیسلامی لەوەی کە تیرۆر پەیوەندی بە فکری ئیسلامییەوە نیە، ناڕاستە، هەروەک چۆن ئەوانەی دەشیانەوێت تیرۆر بە ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی لێکبدەنەوە ناڕاستە، چونکە حەقیقەت ئەوەیە کە تیرۆری ئیسلامی واتە تیرۆری بە ئیسلام پاساودراو واقیعە، دەبێت ناوەندە ئیسلامییەکە وەک تەحەددایەکی بەردەوامی خۆی و نەخۆشییەکی فکری ببینێ و دیدگای بۆ لەقاڵبدان و چارەسەرکردنی هەبێت، ئیسلامبوونی تیرۆریش لێرەدا لە دوورونزیکەوە پەیوەندی بە خودی ئیسلامەوە نیە، وەک هەندێک ناوەندی توندڕەوی نێوخۆیی و دەرەکی وێنای دەکەن و بەوەش گەورەترین خزمەت بە تیرۆر دەکەن و باشترین پاساوی مانەوە و ڕەوایەتی پێ دەبەخشن، توندڕەوی ئیسلامی پەیوەستە بە بازنەی فکری ئیسلامیی و مۆدێل و فۆڕمێک لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ئیسلام کە سەرەنجام حوکمی جاهیلیەت بەسەر کۆمەڵگە مسوڵمانەکاندا دەداو چەکی تەکفیریش وەک ئامرازێکی دووبارە پێناسەکردنەوەی مرۆڤ و گەل و وڵات و ئاین و

سیاسەت بەکاردەهێنێت.

ئەوەی ئێمەش خوازیارین لەم بابەتەدا ئاماژەیەکی کورتی پێ بدەین هەڵوێستەکردنە لەسەر دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان توندڕەویی و تیرۆری بە ئیسلام پاساودراو، سەرەتاش لەسەر هەندێک لە ئاماژەکانی چەمکی تیرۆر و خەسڵەتەکانی بیرکردنەوە و کەسێتی تیرۆریست وەستاوین، دواتر قسەیەکمان لەسەر جەدەلیەتی نێوان توندڕەویی و توندوتیژی لە مێژوو واقیعی موسڵماناندا کردووە، پاشان دەستنیشانکردنی هەندێک جیاوازی لە ڕوانگەی ئێمەوە لە نێوان (غلو)ی ئیسلامیی و توندڕەوی (تطرف) وەک چەمکێکی فکریی و سیاسی نوێ، لەکۆتایشدا ئاماژەیەکی کورتمان بە هەندێک لە جیاوازییەکانی نێوان توندڕەویی و تیرۆر کردووە.

### (١) دەربارەی چەمکی توندڕەویی:

توندڕەوی لەم سەردەمەدا، بە یەکێک لە بەربڵاوترین چەمکە فکریی و سیاسییەکان دادەنرێت، بێ ئەوەی تاکو ئێستا توانرابێت پێناسەیەکی ورد و هەمەلایەنە و، سازان لەسەرکراوی بۆ بخرێتە ڕوو. لە سۆنگەی ئەوەی کە لە گۆشە نیگای فکریی و ئاینیی و سیاسی جیاوازەوە سەیر دەکرێت و، ناوەڕۆکی پێ دەدرێت، هەربۆیە هێندەی هەوڵ دەدرێت لە ڕێی خەسڵەت و سیماکانییەوە ناوەڕۆک و مەبەست لە چەمکەکە و، ڕەنگدانەوە و دەرکەوتەکانی دیاریبکرێت، بەو ئەندازە، هەوڵی پێناسەکردنێکی کۆنکرێتی و چوارچێوەداری بۆ نادرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە بیرمەند و نوسەر و ناوەندێکی فکریی و ئەکادیمی هەوڵیانداوە لە ڕێی هەندێک پێناسەکردنەوە لە ناوەڕۆکی چەمکەکە و ئاماژەکانی نزیک ببنەوە. لەم چوارچێوەدا ئاوەڵناوی توندڕەوی بەسەر ئەو بیروباوەڕانەدا دابراوە، کە بێ پاساو و، ئایدۆلۆژین و، لە ڕەوت و ئاڕاستەی کۆمەڵگای سیاسییەوە دوورن(١).

دیارە کە باس لە توندڕەویی دەکرێت، قسە لەسەر فکر دەکەین، قسە لە زیادەڕەوی لە مەسەلە فکریی و سیاسیی و ئاینیی و مەزهەبییەکان دەکەین، باس لە هەندێک خەسڵەتی بیرکردنەوەی ناتەندروستی وەک دەمارگیری، ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و هاوچەشنەکانیان دەکەین.

توندڕەوی بەو بیرکردنەوە دەوترێت کە بە واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نامۆیە، واتە دەرچوونە لە ڕێسای فیکریی و بەها و پێوەر و شێواز و ڕەفتارە باوەکانی کۆمەڵگە، کە بەخۆ گۆشەگیرکردن و هەست بە نامۆییکردن لە واقیع کۆتایی پێدێت. توندڕەوەکان لە سۆنگەی دژبەیەکییان لەگەڵ بەها و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگە، بۆ سەپاندنی بیروڕاکانیان و گۆڕانکاری لە دۆخەکەدا بە قازانجی خۆیان پەنا دەبەنە بەر شێوازەکانی ترساندنی دەروونیی و سەرکوت، لە هەندێک هەلومەرجیشدا سەریان لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژیی و خوێنڕێژی بەناوی ئاین و شەریعەتەوە دەردەچێت و دەست لە هیچ کەس و هێزێک ناپارێزن لە ڕێگایاندا بوەستێت!!.

بەم جۆرەش توندڕەوی ڕوونترین بەرجەستەکردنی دۆگما و چەقبەستویی عەقیدەیی و داخراوی فکرییە، بەواتایەکی تر، توندڕەوی، شێوازێکی داخراوی بیرکردنەوە و سوڕانەوەیە لە بازنەیەکی بەرتەسکی لێکدانەوەیەکی کاڵ و کرچ و تاک ڕەهەند و نازانستیدا.

### هەندێک لە سیماکانی توندڕەویی:

هەروەک وتمان توندڕەوی زیاتر لەوەی لەڕێی پێناسەکردنییەوە بناسرێتەوە، لەڕێی سیماکانییەوە دەستنیشان دەکرێت. بۆیە هەوڵدەدەین لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە سیماکانی توندڕەوی بکەین، بۆئەوەی لە دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی چەمکەکە، دیاریکردنی کەس و ڕەوتی توندڕە و، نزیکتر ببینەوە بەشێک لەو سیمایانەش ئەمانەی

خوارەوەن :ـ

١. دەمارگیری: دەمارگیری واتە بە کوێرانە و توندبەرگری کردن لە بیروباوەڕ و ڕێباز و ئەو گرووپەی مرۆڤی توندڕەو لە ناویدا دەژیی و سەر بە ئەوە و ڕەتکردنەوەی هەموو بیروڕا و بۆچوونێکی تر و خۆ تەنها بەڕاست بینین و گوێ نەدان بە بەڵگەخوازیی و لۆژیکی بەرامبەر!.

٢. سەختگیری(التشدد): واتە هەوڵدان بۆ بەتوندی دەستگرتن بە (جزئیات)ی ئاینەوە و لە خەڵکی پرسینەوە و تۆمەتبارکردنیان لەسەر ئەو بناغە.

٣. ڕەهایی گەرایی: واتە بەڕەهایی خستنەڕووی بیروڕاکان و خۆ بە هەقی ڕەها بینین، ئامادەنەبوون بۆ گفتوگۆی بەڵگەکان و کرانەوە بەسەر ڕای بەرامبەردا، کە هەندێک جار دەگاتە ئاستی تەکفیرکردن!.

٤. ئیدانەکردنی هەموو جیاوازێک، داننەنان بە هیچ جیاوازیەکدا، ڕەتکردنەوەی هەمەڕەنگیی ژیان و فرەیی واقیع و بە دوژمن سەیرکردنی کەس و گرووپ و ناسنامە جیاوازەکان!.

٥. ئامادەیی بۆ زۆرلێکردن و توندوتیژی، بەرامبەر کەسانی دی و کۆمەڵگە لەپێناو سەپاندن و پیادەکردنی بۆچوونە داخراوەکانی سەبارەت بە دین و شەریعەت.

٦. نانەتەوەیی بوون و ڕەتکردنەوەی سنورە نەتەوەییەکان و دیموکراسیی و بنەمای هاوڵاتێتی یەکسان.

**(٢) لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان:**

(غلو) و توندڕەوی/ بە سەرنجدان لە قورئان و کۆمەڵێک دەقی فەرموودە و تێگەیشتن و پێناسەی زانایان بۆ چەمکەکە و ڕەگە زمانیەوانییەکانی، دەتوانین بڵێین (غلو) ئەم ڕواڵەت و خەسڵەتانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١. زیاد لە پێویست مەزنکردن و بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کەسێک یاخود بنەمایەک بۆ سەروو ئەوەی کە سروشت و توانای خۆی دەیخوازێت و ویستی خوای گەورەی لەگەڵدایە، هەروەک قورئان بەرامبەر شوێنکەوتووانی حەزرەتی مەسیح و خاوەنە کتێبەکان دەفەرموێت: **يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ ۚ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ ۖ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ۖ وَلَا تَقُولُوا ثَلَاثَةٌ ۚ انتَهُوا خَيْرًا لَّكُمْ ۚ إِنَّمَا اللَّهُ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ ۘ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾ النساء /١٧١.**

لەم ئایەتەدا ئەمانەی خوارەوە مەترەحن:

(أ) یەکێک لەو نەخۆشیانەی تووشی خاوەن کتێبەکان بووە زیادەڕەوییە لە دیندا، خوداش داوای دەستبەرداربوونیان لەو زیادەڕەوییە لێ دەکات و بە دۆخێکی ناخودا پەسەند وەسفی دەکات.

(ب) زیادەڕەوی لە ئایندا بە شێوازی جۆراوجۆر پەیوەستە بە هۆکاری ناهەقی وتن لەسەر خودا. واتە دەبێتە هۆی تێکچوونی دیدگای خواناسانە و ناسینی خوای گەورە بەوجۆرەی خۆی ناساندووە. بەمەش زیادەڕەوی پێش هەرشتێک دەبێتە تاوان بەرامبەر خوای گەورە خۆی و شێوان لە ئایین و عەقیدەدا، لەڕێی تێکچوونی بۆچوونەکان دەربارەی بنەڕەتترین پایەی ئیمان کە باوەڕبوون و ناسینی خوای گەورەیە.

(ج) ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی(تثلیث)و جەخت کردنەوە لەوەی کە پەیوەندی حەزرەتی مەسیح بە خوداوە پەیوەندی پێغەمبەرێتییە نەک باوک و کوڕی بەوجۆرەی عەقیدەی (تثلیث) دەیخوازێت لەگەڵ پێداگرتن لەوەی کە خودا تاک و تەنهایە و قیاس ناکرێتە سەر هیچ بەدیهێنراوێکی تر لەکاتێکدا خۆی بەدیهێنەری هەمووانە. ئایەتی دواتریش وێنایان دەربارەی مەسیح بۆ ڕاستدەکاتەوە کە ئەو خۆی بە بەندەی خوای

# دەتوانین بڵێین هەموو تیرۆریستێك توندڕەوە، بەڵام مەرج نیە هەموو توندڕەوێك تیرۆریست بێت.

گەورە دەزانێت.

(غلو) لەم دەقەدا زیادەڕەوییە لە مەسەلەکانی بواری خواناسی و(علم الكلام)دا، کە پێموایە هەر ئەمەش ڕیشەی خەسڵەت و ڕواڵەتەکانی تریەتی. گەر بشگەڕێینەوە بۆ تەفسیرەکەی مەلای گەورە و مێژووی سۆفیزم چەندین نموونەی جۆراوجۆرمان لە (تعظیم)ی ناڕاست بەرچاو دەکەوێت، کە دژ بە لۆژیک و عەقڵ و بۆچوونی ئیسلامە، دیدگای شیعەکانیش بۆ مەعسومیەتی (١٢) ئیمامەکە لە ڕوانگەی ئیسلامییە گشتییەکەوە دەچێتە هەمان چوارچێوەوە.

هەندێک لە زانایانیش هەمان پێناسەیان بۆ چەمکەکە هەیە لەوانەش فەخری ڕازی کە لەم ڕووەوە دەڵێت: زیادەڕەوی زیادەڕەوییە لە ڕووی بە مەزنکردنەوە(تعظیم)، زەمەخشەریش هەمان بۆچووونی هەیە و چەمکەکە دەبەستێتەوە بە سنور بەزاندن لە مەزنکردندا(٢).

جێگای سەرنجە مەرج نیە مەزنکردنەکە تەنها و تەنها بۆ کەسەکان بێت، واتە پێغەمبەر (د.خ)، ئیمام، شێخ و هاوشێوەکانی، بەڵکو دەشێت بۆ بنەما و پێوەرێکیش بێت. بۆ نموونە خەواریجەکان بە گەورەکردنی بنەمای (تحکیم) و خستنەڕووی لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆی، ئامادەگی پێشەوا (عەلی)یان بۆ ناوبژیکردن لە نێوان خۆی و موعاویە و سوپای هەردوو لادا، لە مەسەلەیەکی سیاسیی و ڕێژەیی و ناپیرۆز و کاتی و سنوردارەوە گۆڕی بە پرسێکی عەقیدەیی پیرۆزی ڕەهای سەروو مێژوویی!! هەر ئەوەش دەرگای جەنگێکی کراوەی خوێناوی دوورودرێژی لە کۆمەڵگەی مسوڵماناندا کردەوە. بەم جۆرەش لەحزەی توندڕەوی دەبێتە لەحزەی فراندنی (دەق)، بەڵکو تیرۆرکردن و خوێناوی کردنیەتی.

ئەم چەشنە لە (غلو)ی زیادەڕەوییە لە بواری (عەقیدە) و (تصور)دا هەروەک شاطبي دەڵێت:( سەر دەکێشێ بۆ دووبەرەکیی و ناکۆکی و سەرهەڵدانی چەندین گرووپی جۆراوجۆری دان نەکوڵ و لەگەڵ یەکتردا)(٣).

مێژووی سەرجەم ئاینەکانیش پڕن لەم جۆرە شتانە، ئەگەر جۆری یەکەمی زیادەڕەویش خراپ تێگەیشتن بێت لە خوا و خراپ (تأویل) کردنی بەشێک لە ئایاتی خوا و ژیاننامەی پەیامبەرەکانی بێت، ئەوا جۆری دووەم واتە زیادەڕەوی لە کردەوەدا کە بە زاراوەی ئێستا (التشدد) یاخود سەختگیری گوزارشتی لێ دەکرێت. بەرهەمی خراپ تێگەیشتنی کەلامی خوایە دەربارەی دروشم و پەرستن و بنەما ئەخلاقییەکان و ئەحکامە فقهیەکان. ئەگەر جۆری یەکەم دابەشکردنی وێنای خوا بێت لە نێوان خودا و کەسێکی دیدا، بەناوی خودی خودا خۆیەوە، ئەوا جۆری دووەم گوێزانەوەی وێنای خودایەکی (قهار) و (جبار) و (منتقم)ە و وەرگێڕانیەتی بۆ بوارە پەرستشیی و ئەخلاقی و فقهییەکە! هەڵبەت لێرەشدا گەورەکردن و زێدەڕەوی(مبالغە)، کە

پەیوەستە بە ڕیشەی بنچینەیی زمانەوانی و زاراوەیی چەمکەکە، ئامادەیە. بە حوکمی ئەوەی بەشێک لە کێشەی مرۆڤی زیادەڕەوی سەختگیر مامەڵەکردنە لەگەڵ (جزئيات) وەکو (كليات)، (نوافل ) وەکو (واجبات)، (دابونەریت) وەکو (ئەخلاقیات). بێ هیچ حسابکردنێک بۆ ئەو گۆڕانە گەورەی بەسەر دنیادا هاتووە. یاخود خواست و حەز و ئازادی کەسەکان، هەڵبەت چەمکی بەرامبەری (تشدد) لە ئیسلامدا (تیسیر)ە، کە بە یەکێک لە بنەما ئوسولیی و شەرعییەکان دادەنرێت، کەچی زیادەڕەویی و سەختگیریی و توندڕەوی حسابی بۆ ناکات! بەوەش بازنەی لێبووردەیی و میهرەبانی و ئومێدی ئیسلام بەرەو بچوک و تەنگبوونەوەیەکی ترسناک دەبرێت، بە گشتیش چەمکی (وسط) یاخود (الوسطية) لە بەرامبەر کۆی ئاماژەی چەمکی زیادەڕەوی بە هەردوو ڕەهەندی عەقیدیی و کرداریی و فقهی لە قەڵەمدەدرێت.

**توندڕەوی و لێکچوون و جیاوازی لەگەڵ زیادەڕەویدا:**

هەروەک لە پێشەوە هەندێک ئاماژەمان پێکرد، توندڕەوی (التطرف) چەمکێکی فکریی و سیاسی نوێیە و لە چوارچێوەی مۆدێرنەی فکریی و سیاسیی و دەوڵەتی نوێدا سەریهەڵداوە و ناوەڕۆکی پەیداکردووە. بۆیە کاتێک دەمانەوێت لە ئاماژەکانی توندڕەوی ئیسلامی نوێش تێبگەین، ناتوانین بە تەنها لەڕێی یەکسانکردنی بە چەمکی (غلو) تێی بگەین و ڕەگەزە نوێکانی فەرامۆش بکەین، بەحوکمی ئەوەی توندڕەوی ئیسلامی نوێ بەرهەمی واقیعی نوێی وڵاتانی ئیسلامی و جیهانە. لە هەندێک ڕووەوە تێکەڵە لەگەڵ ململانێ فکریی و سیاسیەکانی ناوی و سروشتی دەسەڵات و میکانیزمەکانی پیادەکردنی، بە واتایەکی تر، ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان دین و سیاسەت و ڕەوایەتی سیاسی و مۆدێرنە و ئیسلامەوە هەیە لە دنیای نوێدا، گەرچی لەم نێوەندەدا زیاد لە فۆرم و ئاست و شێوازێکی توندڕەویمان هەیە(٤).

توندڕەوی ئیسلامی نوێ ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە و بەهاکانیەتی، جگە لە مۆدێرنەی زانستیی و تەکنیکی، شەڕکردنە لەگەڵ دنیای نوێ، دەوڵەتی نوێ، دادگای نوێ، یاسای نوێ و... هتد.

سەبارەت بە بابەتەکەی ئێمەش توندڕەوی تێگەیشتنێکی دیاریکراوی ئیسلامی سەلەفیانە و نامێژوویی حەرفی و کەلەپووریی و فقهی بە سیاسیکراوە لە دین، بەواتایەکی تر بەرهەمی تێکەڵاوکردن و موتوربەکردنی عەقیدەی وەهابی و حەرەکیەتی (سید قطب) و (حاکمیەتی) مەودوودیی و دواتریش (سید قطب)ە(٥).

ئەوەی مەترسییە گەورەکەشی لەسەر موسڵمانان دروستکردووە بە سیاسیکردنەکەیە، یەکسانە بە (اسقاط) کردنێکی ترسناکی هەندێک دەقی قورئان و فەرموودە بەتایبەتیش ئەو دەقانەی پەیوەندیان بە چەمکی (جهاد) و (قتال)ەوە هەیە بۆ سەر واقیعی نوێ، هەروەها دەرهێنانی هەندێ فتوای زانایانە لە سیاقە مێژووییەکەی خۆیدا و بەکارهێنانی بۆ وەسفکردنی واقیعێکی نوێ و هاوچەرخی زۆر جیاواز(٦).

توندڕەوی لە فۆرمە جیهادیە سەلەفیەکەیدا، ئاماژەیە بە حوکمدانێکی توند و دڵڕەقانە بەرامبەر کۆمەڵگە مسوڵمانە نوێکان، دابڕینی ئاوەڵناوی جاهلیەتە بەسەر ئەم کۆمەڵگایانە و دواتر تەکفیرکردنی دەسەڵات و لای هەندێکیشیان تێکڕای کۆمەڵ(٧).

وەزیفەی خۆشی بە دووبارە گێڕانەوەی حاکمیەتی خوا، واتە سەپاندنی شەرع بەهسەر کۆمەڵگەدا لەڕێی هێزەوە دەزانێت. هەڵبەتە شەرعەکەش لە بەرگی (فقه)دا و بەو جۆرەش پیادەی دەکەن کە خۆیان لێی تێگەیشتوون.

لێرەوە دەتوانین ئاماژە بە هەندێ خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان (غلو)ی ئیسلامی و (تطرف)وەک چەمکێکی نوێ بکەین:

١. هەردووکیان بەرهەمی خوێندنەوەیەکی سەلەفیانە و تاکڕەهەند و نامەنهەجیی و گوڵبژێر (انتقاء)ی دەقن.

٢. هەردووکیان کۆمەڵگە دابەش دەکەن و حوکم بەسەر دەرەوەی خۆیاندا دەدەن و ناکۆکی دەنێنەوە.

٣. هەردووکیان کێشەی وێناکردنیان بۆ خودا و پەیامەکە و ویستی ئەو لەم ژیانەدا هەیە.

٤. هەردووکیان مامەڵەیەکی زبر و وشک و توند لەگەڵ خەڵکیدا بەرهەم دەهێنن، بەڵام لە ئاست و قەبارە و کاریگەریدا جیاواز.

لە ڕوانگەی نوسەریشەوە لە هەندێ ڕووەوە لە یەکدی جیاوازن، لەوانەش:

(١) مەرج نیە زیادەڕەوی تێکەڵ بە سیاسەت بێت، لەکاتێکدا توندڕەوی وەک ڕەگێکی تیرۆر بە سیاسیکراوە. و ململانێ لەسەر دەسەڵات و هێز دەکات(٨).

(٢) ئەگەر زیادەڕەوی (عەقیدی) کێشەی بە پیرۆزکردنی کەسێتییەکان و بەرزکردنەوەیان بۆ سەروو پلەی مرۆڤ و پلەوپایەی خودا پێبەخشراو سەبارەت بە پێغەمبەران هەبێت، لەوێشەوە گرفتی لە بواری یەکتاپەرستیدا بۆ دروست ببێت، ئەوا توندڕەوی نوێ کێشەی بنەڕەتی لە بواری (فکر)دایە نەک عەقیدە. لە ڕواڵەتەکانی (غلو)ی مێژوویی و پاشماوەکانی دەدات و بە ڕواڵەتی هاوبەشپەیداکردنیان لە قەڵەم دەدات.

(٣) زیادەڕەوی (پیاوی ئاینیی) و (دامەزراوەی ئاینی فەرمی و نیمچەفەرمی) بەرهەمدەهێنێت و سوود لە نەزانی و کەم هۆشیاری ئاینیی و گشتی باوەڕدار و شوێنکەوتووان دەبینێت، لەکاتێکدا توندڕەوی ئیسلامی نوێ لەم ڕواڵەتانە دەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا مەرجەعە شەرعیی و حەرەکیەکانی خۆی بە فتواکانیان بیرکردنەوە لە ئەندامانیان زەوت دەکەن و بە هەمانشێوەی ئەوانیش لە سەرەنجامی کردە توندڕەوییەکان مژدەی بەهەشتیان پێ دەدەن.

(٤) توندڕەوی ئیسلامی نوێ، پەیوەندی بە ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی و دەرەوەی ئەوەوە هەیە، لەکاتێکدا توندڕەوی بەرهەمی ئەو ململانێ نوێیە نەبووە یا بە هەندێ نمونەی دەرەوەی خۆشی کاریگەر بێت(٩).

**(٣) توندڕەوی ئیسلامی لە نێوان هۆکار و دەرەنجامدا:**

(غلو) بەشێوەیەکی گشتی توندڕەوی، لە ناو ژوان و ژوار و شەڕ و ئاڵۆزیی و خوێنڕێژییە نێوخۆییەکانی مێژووی موسڵمانانندا سەریانهەڵداوە، یاخود لانی کەم تەشەنەیان کردووە و بونەتە مەترسی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر توندڕەوی هۆکارێکی پشت تیرۆر و توندوتیژی کوێرانەوە بێت، ئەوا پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە توندوتیژیی و تیرۆر جارێکی تر توندڕەوی لە فۆرمێکی ترسناکتردا بەرهەم دەهێنێتەوە، گەر لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی مێژووی توندڕەوی (غلو) لە مێژووی موسڵمانان ڕامێنین دەبینین، لەناو دڵی شەڕی ناوخۆی سەرەتای ئیسلامدا سەرهەڵدەدات، ئەو شەڕەی کە کۆمەڵگەی موسڵمانانی کرد بە دوو پارچەوە و لە سەر ڕەوایەتی دەسەڵات و دەستبەسەردا گرتنیشی بەرپا کرابوو، پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە داخۆ ئەگەر ئەو دابەشبوون و ململانێ و جەنگە لە ئارادا نەبوایە، (خەوارج)ەکان لە مێژوودا بەو خەسڵەتانەی پێی دەناسرێنەوە، دەردەکەوتن و ئەو بیرکردنەوەیان بۆ دروست دەبوو، ئەو ڕۆڵەیان دەگێرا کە گێراویانە؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی بە (بەڵێ) سەلماندنی هەروا کارێکی ئاسان نەبێت. گەر ئەو مێژووەش بەجی بێڵین و بێینە چوارچێوەی مێژووی نوێی ناوچەکە و ئەو فۆرمە لە توندڕەوی کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە میسردا سەریهەڵدا، دەکریت بپرسین ئایە ئەگەر مەسەلەی گرتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی وەحشیگەرانەی ڕژێمی (ناصر) بۆ سەر (اخوان)ە بەندکراوە سزادراوەکان لە گۆڕێدا نەبوایە، هەندێ لەوان

ئەو بیرۆکانەیان دەربارەی سروشت و ناسنامەی حوکمڕان و کۆمەڵگەیان بۆ دروست دەبوو، کە بوو بە سەرەتای وەرزێکی پڕ لە خوێن و ئازار و خەم لە زیاد لە کۆمەڵگەیەک وەک لە کۆمەڵگەکانی ناوچەکە و لە پێش هەمووانیشەوە میسر؟

کەواتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: تیرۆر بەرهەمی توندڕەوییە یاخود بەرەنجامە؟ دەتوانین بڵێین: توندڕەوی هۆکارێکی هاندەری پشت تیرۆرە، بەڵام بەبوونی تیرۆر و ڕۆشنبیری جیهادگەرایی سەلەفی چەکدار و سەرکوتی خوێناوی ڕژێمەکان و جەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەشەنە دەکات و بڵاودەبێتەوە.

(٤) لە نێوان توندڕەوی و تیرۆردا:

هەندێ کەس و ناوەند بە نەزانی بێت یاخود بە دەستئەنقەست چەمکی توندڕەوی یەکسان دەکەن بە تیرۆر. کاتێکیش باسی کێشەی تیرۆر و توندوتیژی ئیسلامیش دێتە پێشێ لە هەندێ وڵات و لای هەندێ دەسەڵاتدار و ناوەند مەسەلەکە دەبەستڕێتەوە بە توندڕەوی. لەم ڕووەشەوە سوودی خراپ لە ناوی تیرۆر وەردەگیرێت و، توندڕەویش بەجۆرێک بازنە و ئاماژەکانی فراوان و گەورە دەکرێن، کە تێکڕا یاخود زۆربەی هێزە ئیسلامییەکانی گۆڕەپانەکە بگرێتەوە لە کات و شوێن و هەلومەرجێکی لەو جۆرەشدا بوونی تیرۆر دەبێت بە پێویستییەکی ڕژێم و هەندێ دەستەبژێری گەندەڵ. بۆئەوەی بەناوی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەوە، پەردە بەسەر قەیرانی ڕەوایەتی و کێشە و گرفتەکاندا بدەن و خۆشیان بۆ دەرەوە و خۆرئاوا وەک قەڵای پارێزگاری لە ئەوان نیشان بدەن. بەڵام ئێمە لێرەدا زۆر باسی ئەمە ناکەین، بەڵکو دەمانەوێت لەباری سەرنجی ئەکادیمیی و مەنهەجی ڕووتەوە ئاماژەیەکی خێرا بە جۆری پەیوەندی نێوان (توندڕەوی) بە (تیرۆر)ەوە بکەین. هەرئەوەش یارمەتیمان دەدات هەوڵەکانی تێکەڵکردنی بە ئەنقەستی نێوان لێرە و لەوێ دەرک پێ بکەین.

**جیاوازییەکانی نێوان توندڕەویی و تیرۆر:**

هەروەک وترا لای هەندێ کەس و ناوەند لە ڕووی نەشارەزاییەوە بێت یاخود دەسئەنقەست، ئەم دوو چەمکە یەکسان دەکرێن بە یەک. لەکاتێکدا لە ڕووی فکریی و زانستی و یاسایی و سیاسییەوە هەمان ناوەڕۆک و دەرکەوتەیان نیە. هەربۆیە هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی ئاماژە بە هەندێ جیاوازی نێوانیان بکەینەوە:

١. چەمکی توندڕەوی سەر بە دنیای فیکرە و پەیوەندی بە میتۆدی بیرکردنەوەوە هەیە، لەکاتێکدا تیرۆر باس لە ڕەفتاری توندوتیژانە و تۆقاندن و ڕەشەکوژیی و بە بارمتەگرتن و..هتد دەکات.

٢. لەڕووی یاساییەوە توندڕەوی بە حوکمی پەیوەندیبوونی بەدنیای فکرەوە بە تاوان ناژمێردرێت، لە کاتێکدا تیرۆر تاوانە و لێپێچینەوەی یاسایی بەدواوە دەبێت.

٣. لەڕووی هۆکارەوە توندڕەوی هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، پەیوەندی بە سەلەفییەی فیکریی و خۆبە هەقزانینی ڕەهاو داخراویی و دەمارگیریی و دەستپێکردن لە دەقەوە بۆ واقیع و لە مێژوودا بیرکردنەوە و تاکڕەهەند لە بیرکردنەوە، ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و دنیای نوێ و قبوڵنەکردنی خوێندنەوەی ڕێبازی مەبەستگەرایانە، بڕوابوون بە چەمکی حاکمیەتی خواییەوە هەیە. لەکاتێکدا هۆکارەکانی تیرۆر بە پلەی یەکەم لە شکستی دەوڵەت و کێشە ئابووریی و سیاسیی و ئەمنیی و مەزهەبییەکان و بوونی جیاکاریی و ناعەدالەتیدا شاراوەتەوە، توندڕەویش بە یەکێک لە هۆکارەکانی پشتی دادەنرێت. بەواتایەکی تر، دیاردەی تیرۆر تەنها بە توندڕەوی لێکنادرێتەوە، بەڵکو دەبێت پێش هەر شتێک لەسەر زەمینی سیاسەت و ئابووریی و ئاسایش و قەیرانەکاندا بۆی بگەڕێین و هەوڵی ڕاڤەکردن و ناسینی بدەین(١٠). لەم

ڕووەوە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ (ئەبوبەکر عەلی: داعش لە نێوان توندڕەوی ئایینی و شکستی دەوڵەتدا، ل٢٠٠ ، یەسف محمد صادق: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤–٦٠).

٤. لەڕووی چارەسەرەوە توندڕەوی بە مشتومڕ و چاکسازی فکریی و ڕەخنەگرتن لە میتۆدی توندڕەوانە و دەرخستنی نا شەرعیبوونی بنەماکانی و دژبەیەکی لۆژیکەکەی لەگەڵ ئیسلام و ڕوح و پەیامەکەی و مەبەستە باڵاکانی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)و بەرژەوەندی گەلانی موسڵمان و هاوشێوەکانی چارەسەر دەکرێت(١٣). هەڵبەت لەپاڵ بوونی چارەسەری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ئیرادەیەکی ڕاستگۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و قەیرانانەی تیرۆر ڕەوایەتی و درێژەپێدانی خۆی لێوەردەگرێت، واتە چارەسەرەکەی فیکریی و زانستییە، بەڕەخنەگرتن لەو شێواز و پێشەکییانەی مرۆڤی توندڕەو بیری پێ لە ئیسلام و ژیانو شەریعەت و مرۆڤ و سەردەم و شێوازەکانی گۆڕانکاریی و ویستی خودا لە گەردووندا دەکاتەوە دێتەدی. لەکاتێکدا تیرۆر لەپاڵ ئەمەدا پێویستی بە چارەسەری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ماددی هەیە.

لە بەرەنجامی ئەم جیاوازیانەشدا دەتوانین بڵێین هەموو تیرۆریستێک توندڕەوە، بەڵام مەرج نیە هەموو توندڕەوێک تیرۆریست بێت. بۆ نموونە لە واقیعی ئێستای سعودییەدا خەڵکێکی زۆر هەیە توندڕەوانە بیردەکەنەوە، بەڵام چونکە دەوڵەت شکۆ و توانای کۆنترۆڵ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی لەدەستنەداوە و شکستی نەخواردووە دەبینین زۆر بە کەمی نەبێت کردەی تیرۆریستی تیایدا ڕوونادات، لەکاتێکدا لە سۆنگەی شکستی دەوڵەت و دروستبوونی بۆشایی ئەمنیی و لاوازییەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە، عێراق و سوریا و ئەفغانستان بونەتە مۆڵگەی چەندین گرووپی تیرۆریست و کردەی تیرۆریستانە.

پرۆژەی نیشتمانی سەرکەوتووش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر پێش هەرشتێک دەخوازێت مەسەلەی تیرۆر لە کەرەسەیەک بۆ ئیدانەکردن و بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی دەربچێت. چارەسەرە فکریی و سیاسیی و ئابووریی و ئەمنیی و زانستییەکانیش یەکتر تەواو بکەن میانەڕەویی ئیسلامیش لەگەڵ سیاسەتێکی فەرمی پشتیوانیکراو لەلایەن ڕای گشتییەوە ئاسۆکانی چارەسەری دیاری بکات.

دواقسەشمان لەم بابەتەدا کە قسەکردنی زۆرتر دەخوازێت ئەوەیە، کە گرنگە ناوەندە ئیسلامییە زانستی و فکرییەکە پرسی توندڕەوی بە پرسێکی ڕەسەنی ئیسلامی خۆی بزانێت و نەیبەستێتەوە بە هەڵوێستی بەرامبەرەکانەوە. بەحوکمی ئەوەی توندڕەوی پێش هەرشتێک هەڕەشەیە بۆ سەر وێنای ئیسلام وەک ئایین و لەباربردنی دەستکەوتە ئیسلامییە ژیاریی و مێژووییەکان لە بواری شارستانیی و بەیەکەوەژیان و فەرهەنگدا، لەڕوویەکی ترەوە دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلامی شارستانی و میانەڕەو و ڕەسەنە و ئامرازێکی دەستی حکومەت و هێزە کۆنەپەرستە سەرکوتکارە نائیسلامییەکانیشە بۆ دژایەتیکردنی تەوژمی مەشرەب ئیسلامی کۆمەڵگە و بەدیموکراتیزەکردن و پەردەدان بەسەر شکستەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان و خۆ وەزیفەدارکردن بەرامبەر ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بازرگانی بەسەر پرسی تیرۆرەوە دەکات و بەوناوەشەوە ئامادەیە پشتی قێزەونترین ڕژێمە سەرکوتکارەکان بگرێت و چاو لە تاوانەکانیان لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی دیموکراسیدا بپۆشێت.

## پوختە و بەرەنجام

لە بەرەنجامی ئەم بابەتەدا دەگەین بەم خاڵانەی خوارەوە:

١. توندڕەوی چەمکێکە سەر بە دنیای فکر و بیرکردنەوە و لە خراپی ڕێبازی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات و هەڕەشەشە بۆ سەر ئاین وکۆمەڵگە و ڕێبازێک تیایدا تەشەنە بکات.

٢. (غلو)ی ئیسلامی لە کۆمەڵێک ڕووەوە لەگەڵ (تطرف) وەک چەمکێکی فکریی و سیاسی مۆدێرن هاوبەشە و هەندێ جیاوازیشی هەیە کە نوسەرانی ئیسلامی بەگوێرەی پێویست سەرنجیان لەم پرسە نەداوە و پێویستی بە تێڕامانی فکری زیاترە.

٣. جەوهەری توندڕەوی دژایەتیکردنی فرەیی و فرە ڕەنگی جیهان و گەردوون و ژیانە و پێداگرتنە لەسەر تاکڕەهەندی فکریی و لافلێدانی لەدەستابوونی حەقیقەتی ڕەها.

٤. توندڕەوی یەکسان نیە بە تیرۆر، بەڵکو بە تەنها هۆکار و ڕەگێکی ئەو پێکدێنی و لە چەندین ڕەهەندەوە لە یەکدی جیاوازن.

٥. تێکەڵاوکردنی ئەم دوو چەمکە لەلایەن هەندێک ناوەند و ڕژێمی ناوچەکە ئامانج تیایدا خراپ بەکارهێنانی سیاسییە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ـ سلطان حميد الجسمي، التطرف الديني أسبابه و تداعياته.www.albayan.com

٢ـ الغلو في الدين، مرصد الأزهر، اللجنة الشرعية للبحوث، على الشبكة العنكبوتية.

٣ـ سەرچاوەی پێشوو.

٤ـ بگەڕێرەوە بۆ: کۆمەڵێ نووسەر: الأسلام و التطرف الديني، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ٢٠٠٩.

٥ـ ئەمە مۆدێلە بنەڕەتییەکەی توندڕەوییە دەنا فۆرمی تری توندڕەویشمان هەیە کە سەلەفیەت بناغەکەی داناڕێژێ، بەڵکو دەستگرتنی مێژووییانە بە (فقه)ەوە لە پشتیەوەیەتی لە وێنەی تاڵیبان و هەندێ ڕێچکەی تر.

٦ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٧١-١٠٦.

٧ـ کۆمەڵێ توێژەر.

٨ـ بەڵام ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێت کە (استغلال) ی سیاسی بکرێتە مەسەلە کە ڕەهاش نیە.

٩ـ لەم ڕووەوە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ: يوسف محمد صادق، الأرهاب و الصراع الدولي، دار سردم للطباعة و النشر، ٢٠١٣ ؛ الدكتور عبدالحسين شعبان، الأسلام و الإرهاب الدولي، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٢.

# ڕەهەندەکانی تیرۆر و ترس و تۆقاندن لە پەروەردەی تاکدا






**بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ**

لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر. خاوەنی دوو پەرتووکی وەرگێڕدراوە. مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ئیشق

تیرۆر و ترس بەر لەوەی دیاردەیەکی ڕامیاری بێت، یاخود دەرهاویشتەیەکی ئایدیۆلۆژی بێت، لە بنەچە و ڕیشەدا حاڵەتێکی پەروەردەییە. هەموو سیماکانی تۆقاندن و هەڕەشە و توندوتیژی، ئەگەر بەوێنە ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە خۆیان نمایشبکەن (وەک ئەوەی لە هەواڵەکاندا دەیانبینین)، ئەوا تەنها ڕوویەکی ڕووکەشانەی خۆیانمان بۆ دەردەخەن، ڕووە نادیارەکەیان لە ڕەگ و ڕیشاڵیاندا شاردراوەتەوە. ئەم دیاردانەی ترس و تیرۆر لە بنکە و بناخەدا بە هۆکاری دوور لە ڕامیاری پەیدا دەبن، و لە کارگەی ترەوە سازدەبن. ئەگەر لێیان وردببینەوە و بەدوای هۆکارەکانیاندا لێکۆڵینەوە بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ماکینەی بەرهەمهێنانی تیرۆر و تۆقاندن تەنیا ئەجێندایە ڕامیارییە کاتییەکان نین، بەڵکو ئەم ماکینەیە ئەقڵییەتی کلتووریی و پەروەردەیی نێو ناخی کۆمەڵگەیە. ئەجێندا ڕامیارییەکان بە لێزانییە ڕامیارییەکانی خۆیان دێن ئەو حاڵەتە پەروەردەیی و کلتوورییانە دەستەمۆ دەکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیقۆزنەوە. هەموو سیماکانی تۆقاندن و ترساندن و هەڕەشە و توندوتیژی لە بنچینەدا ڕەگ و ڕیشاڵیان لەنێو فێرکردنە پەروەردەییەکانەوە چۆتە خوارەوە، بەواتایەکی دیکە، تیرۆری فیزیکی، وەک ڕفاندن و تەقینەوە و کوشتن و هەڕەشەکردن و ترساندن و بێسەروشوێن کردن.. هتد، وا بەئاسانی و خێرایی «دروست ناکرێت»، بەڵکو بە پرۆسێسی هێواش «فێردەکرێت»! بە دیوێکی تر، تیرۆر بەرلەوەی کردار(Action)ی جەستەییانە بێت، جۆرێکە لە ئەقڵیەت(mentality) ی هۆشەکییانە، چەشنێکە لە ڕووانین بۆ ژیان، ئینجا تیرۆر بەرلەوەی (ئەنجامدان)ی توندوتیژی بێت، (بیرکردنەوە)ی توندوتیژانەیە.

لەم نوسینەدا، هەوڵدەدەم هێندێک لەو پاڵنەرە پەروەردەیی و کلتوورییانە شیبکەمەوە کە ڕۆڵی خۆیان لە ڕوواندنی تۆوی تیرۆر لەناو وەچەکانی کۆمەڵدا دەگێڕن، هەڵبەت برێکی زۆری ئەو پاڵنەرانە لای زۆرینەی ئێمەی تاک ونن، نا ڕوون و نادیارن، زۆرجاریش پشتگوێ دەخرێن، بەڵام جێگەی خۆیەتی لەپێناوی بنەکێشکردن و ڕیشەدەرهێنانی تیرۆر پەنجە بخرێتە سەر ئەو دەروازانەی کە لەوێوە تیرۆر خۆی دەژەنێتە نێو کایەکانی ژیانی ئێمەوە. ئەو پاڵنەرانە برێکجار پەروەردەیین، برێکجاریش لە پەیوەندیدان بە پەروەردەوە.

**پێم باشە لێرەدا ئەم باسە بەفەلسەفاندنەوە کەمێک بخەینە ژێر توێژینەوە:**

ڕاستە ڕووە هەرە دیار و بەرچاوەکەی تیرۆر بریتییە لە شکاندنی ئەویتر و ڕووخاندنی جوانییەکان لەپێناوی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، بەڵام بەرلەوەی ئەو ڕووخاندنە بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان بێتەدی، حاڵەتێک لە (بیناکردن)ی ئایدۆلۆژیی لەئارادا هەیە کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ هەموو جۆرەکانی کاولکردن و ڕووخاندن و ڕماندن. تیرۆر بەرلەوەی بە ڕووخاندن هەڵبسێت، لەسەر زەمینەیەکی لەبار، لەسەر جەستەیەکی گەنیو، وەکو مشەخۆر خۆی بینا دەکات، وەکو بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی خۆی دادەمەزرێنێت، بنکە و ڕەگ و ڕیشاڵی خۆی دادەکوتێت. سیماکانی تیرۆر لەخۆیانەوە و لە بۆشاییەوە سەر دەرناهێنن، بەڵکو پەیتا پەیتا فۆرمەلە دەبن، ئەمیش لەسەر بنیاتی هزر و بۆچوون، ڕژێمی بیرکردنەوە، شێوازی ژیان، دنیابینی، ڕوانین بۆ چەمکەکان...هتد.

کاتێک تیرۆر ئەتوانێت درمی مشەخۆرانەی پیسی خۆی بڵاوە پێبکات کە ژینگەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی تووشی نەخۆشی بوویێت و لە ڕژێمی بیرکردنەوە و شێوەی ژیان و ڕووانیندا دوچاری کەنەفتی هاتبێت. هەرگیزا و هەرگیز کرمی تیرۆر لەسەر جەستەیەکی ڕوون و پاکژ و بێ پەڵەی کۆمەڵ و جڤات گەشە ناکات و ناژییێت، بەڵکو تیرۆر پێویستی بە کرمێبوون و گەنیوبوونی جەستەی کۆمەڵ (society) هەیە، بۆئەوەی بیکاتە

خانەخوێ و لەسەریدا شانە دروستبکات. تیرۆر پێویستی بە دەرچوون لە حاڵەتی ئاسایی و دروست هەیە، پێویستی بە شێوان و بێسەروبەریی هەیە، تیرۆر پێویستی بە دەرچوون لە ڕێسا دروستەکان هەیە، لەوێوە فیکری خۆی دروست دەکات.

ئەم دروستکردنەی تیرۆریزم پرۆسەیەکی (بیناکردن)ی فیکرییانەیە، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەروەردەکردن، بەڵام پەروەردە بەواتا مەدەنییەکەی نا کە لەسەر بنەوای لێکتێگەیشتن و یەکدی قبوڵکردن دێتە ئاراوە، بەڵکو بەواتای تەڵقیندان، چاوبەستکردن، ڕێگەنیشاندانی نادروست دێت. ئەم بیناکردنە ڕاکێشانێکی ئامادەباشییانەیە بۆ قبوڵکردنی هزرێکی ڕادیکاڵانە، شۆرینەوەی مێشکە (brainwashing) ئەگەرچی لە ئامانجدا بۆ شکاندن و ڕووخاندنی ئەوانیتر دێتە ئاراوە، بەڵام زۆر بەهێواشی کاری لەسەر دەکرێت، فۆرمەلەی مرۆڤێکی دیکەی لێوە دەکرێت کە تەواو لە مرۆڤی ئاساییەوە دوورە. لێرەوە دەشێت وەڵامی ئەو پرسیارەمان بەڕوونی چنگ بکەوێت کە بۆچی ئەو کۆمەڵگایانەی تیرۆری جەستەیی لەنێویاندا بەربڵاوە یان توندوتیژییان تێدا زۆرە، کۆمەڵگەی شارستانیی و مەدەنیی نین و، کۆمەڵگەی دیموکراسی نین، بەڵکو کۆمەڵگە هەژار و گەندەڵ و برسیی و بێسەروبەر و بێحکومەتەکانن؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە زەمینەی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ دروستبوونی تیرۆریزم لەبارە، خاکی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ ڕووانی تووی ترس و تۆقاندن بنەخۆش کراوە، وەک وتراوە ماسیگری نالەباریش هەمیشە لە گۆمی لێڵ ڕاوی ماسی دەکات! دەبێت ئەوەش بزانین کە زەمینەی ئەم گەنیوبوونەی کۆمەڵگە زۆرجاران ونە و نابینرێت، هەستی پێناکرێت، زۆرجاریش بەڕوونی لە ڕووی فیزیکییەوە لەبەرچاوان دەبێت و دەکرێت دەستنیشان بکرێت.

لەم سۆنگەیەوە، دروستە ئەگەر بڵێم تیرۆریزم هیچ (ڕەتکردنەوە) و سڕینەوەیەک لە کۆمەڵگەدا ئەنجام نادات ئەگەر پێشوەختە چەشنێک لە چەشنەکانی (قبوڵکردن) و ئامادەسازی ئایدۆلۆژیی تیرۆریزم نەیەتە ئاراوە، باشتر بڵێم، تیرۆریزم لە دیوێک لە دیوەکانییەوە قبوڵکردنی دنیابینییەکە کە هەموو دنیابینییەکانی دیکە ڕەتدەکاتەوە، هەرسکردن و ئامادەباشییە بۆ خۆتەسلیمکردن بە ڕووانینێک بۆ ژیان کە هەموو مانا جوانەکانی ژیان ڕەتدەکاتەوە! لەمەوە دەگەینە ئەو بیروڕایەی کە تیرۆریزم دوالیزمێکی دژەوانەیە کە هەم قبوڵکردن و هەمیش ڕەتدانەوە، هەم بیناکردن و هەمیش ڕووخاندن دەگرێتە خۆی. تیرۆریزم خۆی ڕووانینێکە بۆ ژیان کە خودی خۆی بۆ قبوڵ نییە، لەگەڵ ناخی خۆیشیدا ناسازێت، شەڕ لەگەڵ هەموو بوونێک دەکات، لە ململانێدایە لەگەڵ هەمووان تەنانەت خودی خۆشی، بۆیەش تیرۆر بەر لە کرداری توندوتیژانە جۆرێک لە ڕاڕایی و سەرشێتی دەروونییانەیە.

تیرۆریزم بەرلەوەی تەقینەوە بێت لە بەردەم خەڵکدا، تەقینەوەی پڕ لە ڕقە، لەخودپەستبوونە بەرامبەر بە (خود). ئەم خاڵە وامان لێدەکات بڵێین بنەکێشکردنی تیرۆریزم، بە هەموو وێنەکانییەوە، گرانترین و سەرئێشەترین ئەرکە لەسەر شانی ڕۆشنبیران و قەڵەمبەدەست و بڕیاربەدەستانی وڵات، چونکە تیرۆریزم تەنها مەسەلەیەک نییە پەیوەست بێت بە نەهێشتنی هێمنی و ئارامی شار، بەڵکو مەسەلەیەکە قوڵترە، تیرۆریزم تێکچوونێکی دەروونییانەیە، ئاریشەیەکی ئاڵۆز و بلۆزی پەروەردەیی و کلتوورییانەیە، یاخیبوونێکی خێزانییانەیە، گرێیەکی وشکی هزریی و ئەقڵانیشە کە بە ئاسانی ناکرێتەوە! نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە هزری لێڵ و تاریکی تیرۆر لەپێشێدا لەنێو دڵ و دەروون و دنیابینی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەگی خۆی دادەکوتێ، ئەمجار لە هەنگاوی دوای ئەمەوە پرۆسێسی ڕووخاندن و ڕماندنی ئەو

# ئەو کۆمەڵگایانەی تیرۆری جەستەیی لەنێویاندا بەربڵاوە یان توندوتیژییان تێدا زۆرە، کۆمەڵگەی شارستانیی و مەدەنیی نین

کۆمەڵگەیە وەک بەشێک لە پراکتیزەکردنی تیرۆر دێتە گۆڕێ. بۆیەش شەڕی تیرۆر شەڕی فیزیکی نییە بەقەد ئەوەی کە شەڕێکی هزریی و دەروونییە.

یەکێک لە کەناڵەکانی چەکەرەکردنی تیرۆر و توندوتیژی بریتییە لە پەروەردەی نادروستی خێزانی، بەجۆرێکی تر بڵێم، یەکێک لە جەستە خانەخوێیە هەرە گونجاوەکانی تەشەنەکردنی کرمی مشەخۆری تیرۆریزم بریتییە لە گەنیوبوونی بناخەی خێزان. ناکرێت ڕۆڵی گرنگی خێزان لە پێکهێنانی بونیادی دەروونیی و هۆشەکیی و سۆزداریی تاک لەیاد بکەین. خێزان هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی ناسنامەی بونگەرایی بە مرۆڤ دەبەخشێت. خێزان دامەزراوەی یەکەمی ژیانە کە لەوێوە مرۆڤ خۆی دەبینێت و، نشینگەیەکە کە مرۆڤ لەوێوە بە حاڵەتی ئارامگرتن و پەناگەهیی دەگات، لەوێوە مرۆڤ بە خودی خۆی و دەوربەری ئاشنا دەبێت و خۆی دەناسێت. لە خێزانەوە مرۆڤ هەست بە (شوناس) دەکات، چونکە دەرک بەوە دەکات کە خودی خۆی لە (کێ) پەیدا بووە؟ دەزانێ سەرچاوە ڕەسەنەکانی هاتنەدونیای ئەو چییە؟ بۆیە لە هەر شێوەیەکی ژیان، بۆ هەر بڕیارێک، بۆ هەر فۆرمێک لە هەڵبژاردنی چارەنووس، پەنا دەباتەوە بەر لانە گەورەکە و لەوێدا ئۆقرە دەگرێت، خۆشیی و ناخۆشییەکانی بەرجەستە دەکات. مرۆڤ لە تێپەڕاندنی شریتی ژیان، بۆ ئەو مرۆڤانە دەگەڕێتەوە کە ئەمیان هێناوەتە ژیان، دەرک بەوە دەکات کە ئەندامێکە لە گرووپێک و لەگەڵ ئەو گرووپەدا کات و ساتەکانی بەڕێدەکات و هەستی لایەنگیری((affiliationی بۆ ئەو گرووپە پەیدا دەبێت.

ئەم هەستی لایەنگیرییە بۆ دەروونودروستی تاک زۆر بە بایەخە و، لە هەموو جۆرەکاتی ترساندن و تیرۆریزم دووری دەخاتەوە. مرۆڤ لە وەها حاڵەتێکدا کە لایەنگیری بۆ خێزان هەیە و خۆی بە بەشێک لە خانەوادەکەی دەبینێت، هەست دەکات لەلایەن کۆمەڵێک کەس کە پێیان دەوترێت (ئەندامانی خێزان) گرنگی پێدەدرێت و دەخرێتە ژێر چەتری پارێزبەندییەوە، بۆیە هەمیشە بۆ چەقی خێزان دەگەڕێتەوە، لە ڕەهەندی یاخیبوون و هەڵاتن دوور دەکەوێتەوە. لە وەها ساتێکدا مرۆڤ هەستدەکات گرنگیپێدەدرێت و پێداویستییە جەستەیی و گیانییەکانی بۆ فەراهەم دەکرێت. بۆیەش ئەوانەی لە چەقی خێزان دووردەکەونەوە، هەست دەکەن پارێزبەندیی خێزانییان لەسەر نەماوە، دەشێت لە هەر ئان و ساتێکدا بۆ هەر چەشنێک لە وێنەکانی تۆقاندن و تیرۆریزم پەلکێشبکرێن و دەستەمۆ بکرێن. لەڕاستیدا شانەکانی تیرۆریزم دەزانن کام لە مەڕەکان لە گرووپ دابڕاوە و لە شوانی خاوەندار دوورکەوتۆتەوە، بۆیە بە نێچیرێکی لەبار و قەڵەوی دەزانن و ئاوی لێناخۆنەوە بۆئەوەی پەلکێشی خۆیان بکەن و تاوی بدەن!

ئەو مرۆڤە ئاساییانەی کە لە خێزانەکانیان

دانەبڕاون و پەیوەندی خێزانیی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییانەی پتەویان هەیە، هەست بە شوناسێک دەکەن، لە ڕووی دەروونییانەوە لە دەروونفەرامۆشیدان، هەست بە بۆشایی کۆمەڵایەتییانە ناکەن و، لە حاڵەتی (بێناسنامە بوون) دوورن، بۆیە زۆر بە دەگمەن لەلایەن هزری تیرۆریزمەوە ڕادەکێشرێن، و زۆر بە زەحمەت دەشێت دەستەمۆ بکرێن. توێژینەوەکان و ڕاپۆرتە شیکارییە ئاسایشییەکانی زۆرینەی وڵاتانی دنیا جەخت لەسەر تۆخکردنەوەی ئەو خاڵە دەکەنەوە کە زۆرینەی ئەو تاکانەی کە بەرەو هزری ترساندن و توندوتیژیی و ئاژاوە و تاوان و تیرۆر دەڕۆن ئەو کەسانەن کە لە بنەچەدا کێشەیەکی خێزانیی قوڵیان هەبووە، یان لە خێزانی لێکهەڵوەشاوەوە هاتوون، یان بەبێ سەرپەرشتی و دوور لە سۆزی دایک و باوک پەروەردە کراون.

مرۆڤ چۆن پەروەردە بکرێت، ئاوا بەرامبەر دەوربەری لەکاردا دەبێت، هەرئەوەش بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگەی پێشکەش دەکات. نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە مرۆڤ هەروەکو سندوقێکی کاردانەوە reaction وایە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام هەموو ئەو هەست و هۆش و نەست و بیرکردنەوانەی کە لە منداڵییەوە وەریدەگرێت لە خەیاڵدانیدا تۆماری دەکات، فۆرمەلەی کەسایەتییەکەی دەکات، دایدەڕێژێت و، بەتێپەڕینی کات شوێنپەنجەی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیدا دادەنێت. بۆیە بە تێپەڕینی کات و لە قۆناغی جحێڵیی و هەرزەکارییدا، پاشانیش لە تەمەنی گەورەتری گەنجێتیدا، مرۆڤ دەستدەکات بە خاڵیکردنەوەی ئەو هەستانەی کە زوو وەختە وەریگرتووە. ئیدی ئەو هەست و بیرکردنەوانەی کە پێشتر لە خەیاڵدانیدا ئەمباری کردبوو بۆ دەوروبەری پەرشی دەکاتەوە. ئەوسا دەبێتە بوونەوەرێکی کارا و چیتر تەنها وەرگر نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی دانەوە و خاڵیکردنەوە، ئەو سندوقە بەتاڵ دەکاتەوە، واتە دووبارە هەستەکانی پێشکەش بە کۆمەڵ و جڤات دەکاتەوە.

جا ئەگەر منداڵێک لەسەر شێوەژیانێکی توندوتیژانە گەورەکرابێت، لەبری خۆشەویستیی و ڕێز و بەها، تێیهەڵدرابێت یان ئازاری جەستەیی و دەروونی درابێت، ئەوا بێگومان کاتێک گەورە دەبێت هەر بەوشێوەیەش ڕووبەڕووی کۆمەڵ ڕەفتار دەکات. ئەوسا لەبری بەخشینی خۆشەویستی پەنا دەباتە بەر (ڕق) بۆئەوەی تۆڵە revenge بکاتەوە لەو ڕابردووەی کە زۆر بە ناهەمواریی و تاڵی ئەوی لە قۆناغی منداڵیی گواستۆتەوە بۆ قۆناغی گەنجێتی! ئەوسا شێوازی مامەڵەکردنی ئەو لە ڕابردووەکەی خۆی بریتییە لە (قبوڵنەکردن) و (شەرمە) و (عەیبە)و (تفکردن لە ڕابردوو)، بۆیە بە هەستێکی ڕقلێبوونەوە و خود قبوڵنەکردن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت. ناتوانێت تاکێکی دەرووندروست و ئاسایی بێت. ئەو شتانەی کە کۆمەڵگە ئەمیان لێ بێبەشکردووە وەک سۆز و خۆشەویستی، ئەمیش لە تەمەنی گەنجیی و گەورەییدا جارێکی دیکە بەو هەستەوە دەیەوێت ڕووبەڕووی کۆمەڵگە ببێتەوە، کۆمەڵ لەو هەستانە بێبەشدەکاتەوە وەک جۆرێک لە کاردانەوە.

جارێکی دیکە ئەم تاکە چەپکراوە ڕق پەرش دەکاتەوە. دەبێتەوە کاراکتەرێکی توندوتیژ، توندڕەو، یان تیرۆریست! بۆیە ڕق(hatred) لێرەدا دەبێتە بازنەیەکی داخراو و هەروەک چۆن لە منداڵییەوە دروستکراوە ئاوایش لە گەورەییدا جارێکی دیکە دەبەخشرێتەوە، بێگومانیش ڕق و قین یەکەمین داینەمۆی جوڵاندنی هەستی تیرۆریزم و توندوتیژییە، چونکە هیچ هزرێکی تیرۆریزم و توندئاژۆ لەنێو سینەیەکی مرۆڤدۆستانە و بە بەزەیی و دروست ناشێت بڕوێت! بۆیە مەترسیدارترین شت لەسەر کۆمەڵگە ئەوساتەیە کە منداڵێک تووشی چەپاندنەوەی دەروونی و شکاندنەوە و ڕق دەکرێت، چونکە تاکێک کە بە

# ڕووە هەرە دیار و بەرچاوەکەی تیرۆر بریتییە لە شکاندنی ئەویتر و ڕووخاندنی جوانییەکان لەپێناوی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو

ڕق گەورە کرابێت و لەسەر بنەمای فرێدان و بەرپەچدانەوە و شکاندنەوەی دەروونیی و ئازاری جەستەیی فرچکی گرتبێت، هەمیشە تاکێکە کە ئارامی خودی (self–security) لا ونە، هەروەها لە ڕاڕاییدایە، جا ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت کە بە ئاسانی پێشوازی لە هەر ئەجێندایەکی تیرۆریزم و توندوتیژی بکات. تاکێک کە ئارامی دەروونی خۆی بۆ نەدۆزرێتەوە و لە ئاسایشی دەروونی خۆی دڵنیا نەبێت، بێگومان ئەگەری ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت کە ئاسایشی تاکەکانی تری کۆمەڵگە تووشی کێشە بکات.

لێرەدا، ئەرکی هەرە سەرەکیی و پڕ لە بایەخ و گرنگی میرییە کە بە بەرپرسیارێتییەکی وردەوە مامەڵە لەگەڵ دەروونددروستی تاک بکات، بەتایبەتیش بۆ ئەو تاکانەی کە لە (خێزان)ێکی ئارام و پتەو دابڕاون و هەست بە گۆشەگیریی و لاپەڕگیری دەکەن. ئەم هەنگاوە گرنگترین هەنگاوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هزری تیرۆریزم و توندوتیژی، یان بۆ نەهێشتنی دیاردەکانی تاوان و پەڕگیری. دەبێت دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی کارای خۆیان بگێڕن لە ئاشتکردنەوەی مرۆڤ بە سەلامەتی (خود)ی خۆی و گێڕانەوەی شکۆ و متمانە بۆی! دەبێت کار لەسەر دەروونددروستی بکەن (Healthy psyche) پاشان، دەبێت پرۆژەی بە پلان و بەرنامەیان هەبێت بۆ لەئەستۆگرتن و لەخۆگرتنی هەموو ئەو تاکانەی کە لە دەستگای خێزان دابڕێنراون، لاپەڕگیرن، گۆشەگیر و دابڕاون، یان بێماڵ و بێلانە و بێناسنامەن!

دەبێت دەوڵەت بۆ هەر تاکێکی بێ ناسنامە ببێتە ناسنامە، بۆ هەر تاکێکی بێ خێزان ببێتە خانەوادە، ئەسڵەن خودی دەوڵەت چییە؟ خودی دەوڵەت خانەوادەیەکی گەورە و سەراپاگیرە. بۆیە دەوڵەت دەبێت سەراپای تاک لەخۆی بگرێت، بۆئەوەی هەموو هەست و هۆش و بیرکردنەوەکانی تاک لە باوەشبگرێت و لایەنگیری تاک بۆ (کۆمەڵ) جارێکی دیکە بگرێتەوە دەست، چونکە کاتێک تاک لایەنگیری بۆ کۆمەڵەکەی نەما ئەوکاتە شانەکانی تیرۆریزم و گرووپەکانی تاوان و توندوتیژی دەبن بە شوێنگرەوە، ئەوان هەستی ناسنامە و شوناسی پێدەبەخشن، لێی دەبن بە چاوساغ و لەخۆی دەگرن! لەوەها حاڵەتێکدا ئەم تاکە چەپێنراوە کە هیچ شوناسێکی بۆ دەوڵەت و خێزان نەماوە، زۆر بەئاسانی شوناس بۆ ئەم گرووپانە دروست دەکات و دەبێت بە بەشێک لە ئایدۆلۆژیایان، پاشان بە (کردار)یش دەبێت بە بەشێک لە پرۆژە و بەرنامەیان. هۆکارەکەش ڕوونە، کاتێک تاکێک فەرمۆشکرابێت و بێ(لانە) و بێ(لایەن) بێت، دووربێت لە بازنەی خێزان، ئەوا بێگومان بەهەر شێوەیەک بێت دەشێت بچێتە ژێر کاریگەری هێزی مێشک شوشتنەوە(Brainwashing) و تەفرە بدرێت.

دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەپاڵ پەروەردەی خێزانیش، سیستەمی پەروەردەی فێرکردن ڕۆڵێکی زێڕین دەگێڕێت لە شینکردنی تۆوی هەستی لێبوردەیی لە ناخی تاکدا. ئەرکی هەرە سەرەکی پەروەردە و فێرکردن بریتییە لە

دروستکردنی (تاک)ێک کە رێز لە جیاوازییەکانی ئاین و نەتەوە و ئەتنیک و هۆز و مەزهەب و رەنگ و دەنگەکانی کۆمەڵگە بگرێت. پەروەردە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو کار لەسەر نەشونما پێکردنی هەستی لێبوردەیی دەکات، دەیەوێت تاک قبوڵی جیاوازییەکان بکات، دنیا تەنها لە خۆی و بیرکردنەوەکانی خۆیدا نەبینێت، تاک لە دوتوویێ پەروەردەی دیموکراتیکەوە ئاسۆی بیرکردنەوەکانی فراوانتر دەبێت، هەروەک کاردانەوەکانیشی لەهەمبەر ئەو جیاوازییانەی ئاماژەیان پێکرا (تێگەیشتن) و لیکۆڵینەوە دەبێت نەک (نەهێشتن) و (بەرەنگار بوونەوە).

ئەم خاڵە بۆ نەهیشتنی تیرۆریزم زۆر گرنگە، چونکە هەموو هزرێکی تۆقاندن و تاوان و توندوتیژی لە دوو شتەوە دێتە ئارا: یەکەم جیاوازییەکانی (ئەویتر) قبوڵ نەکەیی و لەرێگەی سەپاندنەوە بتەوێ ئەمیش وەک خۆت لێ بکەی، دووەمیش تەنها خۆت بخوێنیتەوە و خود سەنتەرانە(ego-centrism) بریار لەسەر شتێک بدەی! پەروەردەی دیموکراتیک دژ بە هەردوو حاڵەت کار دەکات.

لەوەها حاڵەتێکدا، پەروەردە و فێرکردن ئەو رۆحییەتە گەشەپێدەدات کە لەبری لۆژیکی هێز، هێزی لۆژیک بەکار بهێنێت! و لەبری داپڵۆساندن و تۆقاندن و چاولێسوورکردنەوە، گفتوگۆکردن دەکاتە ناوەندی نێوان (خۆت) و (ئەویتر) و هەردوک پێکەوە لە ژینگەیەکی مەدەنییانە یەکدی دەبینن. بۆیە راجیایی و فرەبۆچوونی و تەنانەت ململانێش لە کۆمەڵگەیەکدا کە پەروەردەی دیموکراتیک تێیدا بووە بە کلتوور، لە چوارچێوەی قسەکردن و وتار(discourse) دەمێنێتەوە، ناچێتە چوارچێوەی بەکارهێنانی چەک و شەری جەستەیی و ئازاردان و کوشتن. هەر ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین کە ئەو وڵاتانەی کە شەری براکوژیی و قرکردن و تاوانکاری و کوشتن و تۆقاندن لەناویاندا (زمان)ی باڵایە، نیشانەی ئەوەیە کە زوو وەختە تاکەکانی نەیانتوانیوە بە زمانی (دیالۆگ)و لێکدی حاڵیبوون پردێک لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، واتە لە زمانی قسەکردن و گفتوگۆکردن شکستیان خواردووە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لە رێگەی زمانی چەک و هێز و توندوتیژی فیزیکی. لەبەرئەمە، زۆر گرنگە دەوڵەت بۆ دروستکردنی زمانی گفتوگۆ لەبری زمانی شەر، پەنا بباتە بەر بەهێزکردنی بنەماکانی پەروەردەی دیموکراتیک و لەوێوە شەری خۆی دژی تیرۆریزم درێژە پێبدات.

پوختەی قسە ئەوەیە کە، هەرکاتێک بریاربەدەستان لەم هاوکێشەیەی دروستبوونی تیرۆریزم و تاوان حاڵیبوون، هەنگاوی هەرە جەوهەریی و گرنگیان بریوە لە وشککردنی کارێزی توندوتیژی. سرووشتی مرۆڤ وایە کە لەنێو دووریانێکدایە: مرۆڤ یاخود بەرەو بنیاتنان دەروات یان بەرەو رووخاندن. هەموو فۆرمەکانی توندوتیژی لە سەرچاوەی (خودقبوڵنەکردن) و (تفکردن لە خود) دروست دەبن، منداڵدانی دروستبوونی تاوان بریتییە لە (رق)، هەموو رقێکیش رووەو رووخاندن دەروات. بەڵام هەرکاتێک شێوە ژیانێک بۆ تاک دروستکرا کە خودی خۆی لەلا قبوڵ بێت و شانازی بە (بوون)ی مرۆڤانەی خۆی بکات و لە رق دوور بێت، ئەوا ئەو تاکە رووەو بنیاتنان دەروات و لە رووخاندن دوور دەبێت.

لە رووێکی ترەوە، دەبێت وا لە توندوتیژی و تاوان بنۆرین کە ئەمانە دیاردە نیین، بەڵکو کلتوورن، رەگ و ریشاڵیان بەنێو شێوەژیانی تاکیی و دەستەجەمعیی کۆمەڵگەدا چۆتە خوارەوە. توندوتیژی هەواڵی سەر رووپێوی رۆژنامە و شاشەی تەلەفزیۆنەکان نییە، بەڵکو هزری نێو ئەقڵ و هۆشە داخراوەکانە. تاوان کار نییە، بەقەد ئەوەی کاردانەوەیە لە بەرانبەر شکستی رابردوو، جەڵدکردنی (خوود)ە لە هەمبەر شکستە دەروونییەکان.

## سەرچاوەکان:

1- Matić, Renato. Anita Dremel, Mateja ŠakiTerrorism: Social Causes and Perspectives. VARSTVOSLOVJE, Journal of Criminal Justice and Security, year 17 no. 1 pp. 46-61.

2- Tariq Khan. The Social, Political and Economic Effects of the War on Terror: Pakistan 2009 To 2011.

3- Lee, Jennifer E. C. Louise Lemyre. Social-Cognitive Perspective of Terrorism Risk Perception and Individual Response in Canad. Risk Analysis, Vol. 29, No. 9, 2009

4- De Silva, Samantha. Role of Education in the Prevention of Violent Extremism. Senior Social Protection Specialist. Pdf.

5- Berrebi, Claude. Evidence about the Link Between Education, Poverty and Terrorism among Palestinians. Peace Economics, Peace Science and Public Police. Volume 13, Issue 1 2007 Article 2.

# فاشیزم

## وەك تایپێكی تیرۆری دەوڵەت





**کاروان فەتاح عەبدولڕەحمان**

مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە.

خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی.

تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانی سیستماتیکییانەی توندوتیژیی و تۆقاندن تارادەی کوشتنی جەستەیی بەمەبەستی سەرخستنی تێروانینێک(١). فاشیزم لە سەدەی بیست نمونەیەکی بەکارهێنانی سیستمیانەی تیرۆرە دژی کۆمەڵگا. تیرۆر چەند تایپێکی هەیە، بۆ نمونە تیرۆری ئاینی، سیاسی، تاک، هەروەها تیرۆری دەوڵەت. سەدەی بیست شاهێدی سەرجەم تایپەکانی تیرۆر بووین، یەکێک لەو جۆرانەی تیرۆر بریتییە لە تیرۆری دەوڵەت بەرامبەر هاولاتیان، لە نمونەی ئەو جۆرەی تیرۆر وەک نازیزم لە ئەڵمانیا و سۆشیالیزم لە سۆڤیەت، بەعسیزم لە عێراق و فاشیزم لە ئیتاڵیا. تیرۆری دەوڵەت کە بەشێوەیەکی زۆر سیستماتیک و بەرفراوان ئەنجامدەدرێت و کاریگەریی فرە ڕەهەند لەسەر کۆی پایەکانی کۆمەڵگایەک جێدەهێڵێت لە نمونەی فاشیزمی ئیتاڵی دەبێتە بابەتی ئەم نوسینە.

فاشیزم یەکێک لە دیاردەکانی سەدەی بیستەم و یەکێک لە دەرەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری خۆیی هەبووە لەسەر مێژووی ئەوروپای ئەو سەردەمە و تەنانەت مێژووی جیهان و لەنێویشیاندا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. قسەکردن لەسەر دنیابینی ئەو بزوتنەوەیە و چۆنێتی کارکردنیان و تێروانینەکانیان بۆ دەوڵەتداریی و حوکمکردن پێویستییەکی ئێستایی و زۆر جەوهەرییە. هەرچەندە هەندێک نوسەر پێیانوایە کەوا فاشیزم بە بەراورد بە ئایدیۆلۆجیای بەلشەفیک و کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت کە سروشیان لە کارل مارکس و تێزەکانییەوە وەرگرتووە، هەروەها بە بەروارد لەگەڵ نازییەکانی ئەڵمانیا کە بنەمای کارکردنیان لە پەرتوکەکەی هیتلەرەوە وەرگرتووە «خەباتی من»، خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بەخۆیان نەبوون و بنەمایەکی بەهێزی فیکرییان نەبووە کاری لەسەر بکەن(٢). سەرەڕای ئەوەش فاشیزم جۆرێک لە دنیابینی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە ئەم نوسینە شرۆڤەی دەکات، کە تایپێکی تیرۆری دەوڵەت بەرجەستە دەکات لە سەدەی بیستەمدا.

## باسی یەکەم
## فاکتەرەکانی دەرکەوتنی فاشیزم:

یەکەم: لە دەرەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بریتیبوو لە دروستبوونی هەستکردنێکی نوێ بە ڕۆحی نەتەوەخوازی بەتایبەتی لای نەتەوە شکستخواردووەکانی جەنگ. ئیتاڵیا لەو دەوڵەتانە بوو کە خاوەنی ڕابردوویەکی پرشنگدار بوو لە دوو سەردەمی جیاوازی مێژوویدا. خاوەنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو کە سەردەمێک بەشێکی زۆری ئەوروپا و تەنانەت جیهانی دێرینیش لەژێر قەڵەمڕەویدا بوون. لەوەش زیاتر، پشکی شێری بەرکەوتبوو لە ڕێنیسانس و دووبارە بوژانەوەی ئەوروپا لە پاش سەدەکانی ناوەڕاست. لەبەرئەوە شکستێکی لەو جۆرە لە جەنگێکی جیهانیدا جۆرێک لە بێئومێدی و لەهەمانکاتیشدا ڕۆحی تەماعکاری بەرهەمدەهێنێت بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا. هەرچەندە لەو سەردەمەدا بیری سۆشیالیزم لە ئەوروپادا لەبرەودا بوو، بەڵام لە پاش جەنگ و سەرکەوتنی نەتەوەکانی وەک فەرەنسیی و ئینگلیز، ڕۆحی نەتەوەیی لای ئیتاڵییەکانیش بەرزکردەوە(٣)، کە پێویستە ئەوانیش وجودیان هەبێت و بەشیان هەبێت لە سەرکەوتنەکاندا و حسابیان بۆ بکرێت.

گێڕانەوەی (بەدەستهێنانەوەی ڕابردووی پڕ شکۆ) مێژووی پرشنگدار یەکێکە لە ئامانجەکانی تیرۆریزم، بەتایبەتی لە تایپە دەوڵەتییەکەیدا. هەڵگرانی بیری ڕابردووگەرایی، ئەوانەی پێیانوایە نەتەوەکەیان، یان دەوڵەتەکەیان لە ڕابردوودا پرشنگدار و بە دەسەلات و خاوەن پێگەی شکۆمەندانە بووە و لە ئێستا ئەو پێگەیەی لە دەستداوە (لە نمونەی ئیتاڵیا)، هەمیشە هەوڵ بۆ گێڕانەوەی ئەو پێگەیە دەدەنەوە. ئەوەی مەترسیدارە ئەوکاتەی گێڕانەوەی شکۆی نەتەوەکە لە تاکە حیزبێک و تاکە سەرکردەیەکدا بچوک دەکرێتەوە، لێرەوە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی شکۆمەندییەکە توندوتیژی دەگرێتەخۆی. هەر لەمپەرێک لە بەردەم

ئەو ئامانجەدا بینرێت بەشێوەیەکی سیستماتیکی و پلان بۆ دارێژراو لەناودەبرێت ئەگەر تەنانەت لە نزیکانی حیزبی سەرکردەش بن، دواجار ئەو ئاکتە سەردەکێشێت بۆ تیرۆر.

دووەم: ئەو هێزانەی کە حوکمرانی وڵاتیان دەکرد لەو سەردەمەدا هیچیان توانای ئەوەیان نەبوو کە خەونی ئیتاڵییەکان بەدیبهێنن و هاوکاری خەڵکی ئیتاڵیا بکەن بۆ هەستانەوە و بوژانەوە. ناسیۆنالیست (کاسۆلیکەکان)و سۆشیالیستە کلاسیکییەکان هێزی ئەوەیان نەبوو لە ئاستی داواکارییەکانی خەڵکدابن(٤). سەرەڕای ئەوە، مۆسۆلینی لە ڕۆژانەکانی خۆیدا لەکاتی جەنگ دەنوسێت کە «برایەتی مەسیحیی و سۆشیالیستی بەتەواوی شکستیان هێناوە، لەبەرئەوەی یەک تاکە مرۆڤیش نابینین ئێستا لەبەر ئەم دوو باوەڕە قوربانی بدات»(٥). مۆسۆلینی وای دەبینێت کە هەر فیکرەیەک کەس قوربانی بۆنەدا هێزی مانەوەی نامێنێت، نمونەی زوهد و دینداری مەسیحیی و ماتریالیزمی مێژوویی دەهێنێتەوە(٦). لەبەرئەوە هاوڵاتیانی ئیتاڵیا بەدوای هێزێکدا دەگەڕان وجودیان بۆ بگەڕێنێتەوە و لەسەر شانۆی سیاسیی و ئابووری ئەوروپا و جیهان و ڕۆڵیان پێبدات. تەنها هێزێک کە بیتوانیایە بە ڕاگەیاندن جۆشی خەڵک بدات و نوێ بێت بەلای ئیتاڵییەکانەوە فاشییەکان بوون.

## باسی دووەم:
## دەوڵەت لەبری تاک (کۆلێکتیڤیزم لەبری ئیندیڤیجوالیزم)

بۆ یەکەمین جار مۆسۆلینی فاشیزمی بەکارهێنا بۆ جوڵانەوەیەکی سیاسی دەمارگیر لە دژی چەپ و دیموکرات(٧). لە بنەڕەتدا وشەکە ئیتاڵییە و بەمانای گرووپ، دەستە، یان کۆمەڵەیەک دێت(٨). خودی وشەکە مانایەکی دژە تاکگەرایی هەیە، لەوەش زیاتر لە زمانی دێرینی ئیتاڵیدا مانای «هێز»یشی گەیاندووە، مۆسۆلینی مەبەستیبووە کە ئەو هێزە لە خودی خۆیدا کۆبکاتەوە(٩).

لە دۆکترینی فاشیزمدا بەڕوونی ئەوە دەربڕدراوە کە فاشیزم دنیا بەوجۆرە نابینێت کە ڕەنگدانەوەی تاکەکان بێت و تیایدا خۆپەرستی تاکێتی دەربکەوێت، بەڵکو گرنگی دەدات بە نەتەوە و دەوڵەت، نەتەوە و دەوڵەت دەبینێت. تاک پێویستە بەتەواوی خۆی بەخت بکات لەپێناو دەوڵەتدا، لەپێناو وجودی ڕۆحی نەتەوەدا، کە دەرکەوتنی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە ڕۆحی نەتەوە و دەوڵەتدا بەدیدێت. لە میانەی گفتوگۆی فاشیزمدا، دۆکترینەکە ڕایدەگەیەنێت کە تێڕوانینێکی ئاینییانەی هەیە بۆ ژیان بەجۆرێک کە مرۆڤ لەژێر سەرپەرشتی (ئاگاداری) هێزێکی بەرزتر لە خۆیدایە. وجودی تاک لەناو کۆمەڵگادا دەردەکەوێت(١٠). پێویستە تاک (هاوڵاتی) بەرژەوەندییەکانی خۆی وەلابنێت لەپێناو بەرژەوەندی دەوڵەت، بەو مانایەی هەموو خواست و ئارەزوو و تەنانەت دنیابینی تاک لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێت. مۆسۆلینی زۆر بە ڕوونی ئەوەی وتووە کە لەبەرئەوەی لیبرالیزم بەواتای تاک دێت، کەواتە فاشیزمیش بە واتای دەوڵەت دێت(١١).

تێڕوانینی بە جەوهەری کردنی دەوڵەت و کردنی بە مەبەستی سەرەکی مێژوویەکی دوورتری لە فاشیزم هەیە، زیاتر لە فەلسەفەی ئەڵمانیی و بەتایبەتی لای هێگڵ دەردەکەوێت. هێگڵ پێیوایە کە ئازادی مرۆڤ لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت و دەوڵەت دوایین فۆرمی مێژووە(١٢). بەڵام هێگڵ مەبەستی نەبووە کە دەوڵەت ببێتە ماشێنێکی زەبەلاح بۆ قوتتدانی تاکەکان و ببێتە وەسیلەیەک بۆ خزمەتی تەنها کەسێک. هەروەها هیچ کاتێک مەبەستی نەبووە کە پشتگیری دەوڵەتێکی تۆتالیتاری بکات، بەڵکو سەردەمەکەی هێگڵ وایخواستوە کە ئەڵمانەکان دەوڵەتێکی بەهێزیان هەبێت، بەڵام بۆ

# فاشیزم لە حوکمدا پەرلەمانی بەکارهێنا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بەڵام لە بنەمادا باوەڕی بەکاری پەرلەمان و پەرلەمانتاری نەبووە.

خزمەتکردنی ئازادییەکانی هاوڵاتیانی ئەڵمانیا.

لەناوبردن و تواندنەوەی تاک لە دەوڵەتدا ئەو ئامانجەیە کە فاشیزم کاری بۆ دەکرد، موقەدەسکردنی دەوڵەت و بە هەمووشت کردنی ئەو مەبەستەبوو کە مۆسۆلینی لێیەوە دەیهەویست ئیتاڵیا بەهێز بکات و دواتر خۆی وەک حاکمی تاقانەی سیستمەکە دەرکەوێت. عەقڵیەتی فاشیستی بۆ دەوڵەت وەک دەردەکەوێت عەقڵیەتێکە دەوڵەت وەک پاسەوانی هەموومان تەماشا دەکات(١٣)، دەوڵەتێکی بەهێز هەموومان دەپارێزێت. ئەم جۆرە لە دەوڵەت کە فاشیزم تەنزیری بۆ دەکات دواجار سیستمێکی تۆتالیتێر بەرهەمدەهێنێت. لە درێژەی کۆلێکتیڤیزم لە بەرامبەر تاکگەراییدا، فاشیزم تەنانەت مێژووش بە پرۆسەیەکی هەمەکی (کۆ) دادەنێت کە خۆی دەبینێتەوە لە کولتوور، عادات، هەروەها شارستانێتدا کە هەموو ئەمانە کاری گرووپین و دوورن لە تاکەوە. بەمشێوەیە تاک (مرۆڤ بە تەنها) لە دەرەوەی مێژوو وجودی نیە(١٤)، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی تاکگەرایی سەدەی نۆزدەیە.

فاشیزم تەنها لە یەک حاڵەتدا تاکگەرایی قبوڵدەکات، ئەگەر هاوگونجاو بوو لەگەڵ ویستی دەوڵەتدا(١٥). دۆکترینی فاشیزم ڕایدەگەیەنێت کە هیچ تاک و گرووپێک لە دەرەوەی دەوڵەت وجودی نیە نمونەی پارتی سیاسی، دامەزراوەی کولتووری، لەگەڵ ڕێکخراوە ئابوورییەکان(١٦). بەڵام ئەگەر بەوردی خوێندنەوە بۆ دنیابینی دەوڵەتداری فاشیزم بکرێت دەردەکەوێت ئەو دەوڵەتەی فاشیزم دروستی دەکات و مەبەستیەتی لە واقیعدا بریتی نییە لە ویستی گشتی کۆی کۆمەڵگا. ئەو دەوڵەتە ویستی دنیابینییەکی تایبەتە و ویستی تاک حیزبێکە و لە سەروو هەموویانەوە ویستی تاکە کەسێکە. واتە دەوڵەت نیە لەپێناو هەمووان، بەڵکو دەوڵەتە لەپێناو ویستی کەسێک. هەروەک فاشیزم دەڵێت: لیبراڵیزمی کلاسیکی ڕەدی دەوڵەت دەکاتەوە لەپێناو ئیرادەی تاکدا، بەپێچەوانەوە فاشیزم ویستی دەوڵەتە لەبری ویستی گشتیی و ئیرادەی هەموو خەڵک. فاشیزم پێیوایە کە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات و ژیان و ئیرادەی پێدەبەخشێت(١٧). لە دەرەنجامدا، بەدیاردەکەوێت کە فاشیزم هیچ ڕۆڵێک بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت خودی نەتەوەی پێش دەوڵەتەکە ناهێڵێتەوە. فاشیزم هەوڵی دروستکردن و بنیاتنانی نەتەوەیەکی نوێ دەدات کە پاش دەوڵەتەکە دروستبێت، بەکورتی فاشیزم ڕۆحی نەتەوە و دەوڵەت و مرۆڤە.

### باسی سێیەم/ فاشیزم وەک ئەڵتەرناتیڤی لیبراڵیزم و دیموکراتی و سۆشیالیزم

یەکێک لە ڕەهەندەکانی دنیابینی تیرۆریزم بریتییە لە خۆ لەبری دانانی دیاردەکانی دنیای مۆدێرن و ڕەددانەوەی سەرجەمیان و دروستکردنی وەهمی بنیاتنانی باشترین مۆدێلی دەوڵەتداری بە بەکارهێنانی هەموو «ئامرازێکی پێویست». ئامرازی پێویست لە نەرمترین پێناسەیدا بریتییە لە ڕەددانەوەی جیاوازییەکان و لە توندترین پێناسەیدا

بریتییە لە لەناوبردنی جەستەیی، کە ئەمەیان لە کار و بەرنامەی مۆسۆلینیدا زیاتر ڕەنگیدەدایەوە. تێڕوانینەکانی مۆسۆلینی لە دۆکترینی فاشیزمدا بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە بەتەواوی دژایەتی چەمکەکانی لیبرالیزم و دیموکراتی و سۆشیالیزم دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی سستمێکی تایبەت بە گەلی ئیتاڵیا بەرهەمبهێنێت کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی باڵای میللەتی ئیتاڵیا بێت.

فاشیزم دەیەوێت بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی ڕاستەخۆ بۆ لیبرالیزم و دیموکراسیی سەدەی نۆزدە ڕابگەیەنێت. سەدەیەک تیایدا ئیتاڵیا پێشکەوتنێکی وەهای بەخۆوە نەبینیبوو کە لە ئاست داخوازی مۆسۆلینیدا بێت، لەبەرئەوە پێویستبوو ئایدییایەکی تر شوێن فیکرەکانی سەدەی نۆزدە بگرێتەوە کە تیایدا ئیتاڵیا سەرکردە و نمایندەی بێت. فیکرەیەک بتوانێت ئیتاڵیا بەهێز بکات وەک دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەو سەردەمی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا، نوێنەرانی سستمەکانی وەک دیموکراسیی و لیبرالیزم و تەنانەت سۆشیالیزمیش لە ئیتاڵییەکان نەبوون و ئیتاڵیا هیچ ڕۆڵێکی تیایاندا نەبوو. لەوەش زیاتر، خودی سستمەکان و دەوڵەتەکانیان لە دوژمنانی ئیتاڵیا بوون. لە دەرەنجامدا، پێویستبوو کە سستمێکی تر، سستمێکی تایبەت بە ئیتاڵیا دابمەزرێنرێت کە بتوانێت لە بەرامبەر سستمەکانی تردا بوەستێتەوە. ئەو سستمەش بە تێڕوانینی مۆسۆلینی بریتیبوو لە فاشیزم، لەبەرئەوە مۆسۆلینی ڕایگەیاند کە سەدەی بیست سەدەی فاشیزمە(١٨).

فاشیزم تەنها جۆرێکی حکومەتداری نیە بە تەنها، بەڵکو لە سەرووی هەمووشتێکەوە سستمی بیرکردنەوەیە، دنیابینی دێرین دەگۆڕێت بە دنیابینی فاشیزم(١٩). کاتێک فاشییەکان هاتنە سەر حوکم و دەسەڵاتیان چەسپاند، بڕیاریاندا کە مەرجی وەرگرتنی پۆستی حوکمی بریتییە لە فاشی بوون و ئەوانەی لە ئەکادیمیای فاشی بۆ زانستە سیاسیەکاندا بڕوانامە وەردەگرن دەبنە کاکڵەی حکومەتەکە(٢٠). جگە لە ویست و خواستی فاشی هیچ ویستێک و دەرکەوتنێکی تر قبوڵناکرێت و ئەمەش وەک جۆرێک لە تیرۆری سستم دەبینرێت. لە سەرووی هەموو حیزبیەکانیشەوە خودی مۆسۆلینی هەبوو کە هەندێک جار لە یەک کاتدا سەرۆک و وەزیری هەشت وەزارەت بووە و قسەی کۆتایی هەر بۆ خودی خۆی بووە، ئەمەش دەریدەخات کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بێسنور بووە لەناو ئیتاڵیادا(٢١). فاشیزم لە حوکمدا پەرلەمانی بەکارهێنا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بەڵام لە بنەمادا باوەڕی بەکاری پەرلەمان و پەرلەمانتاری نەبووە. مۆسۆلینی بە ڕاشکاوی لە ڕۆژانەکانی خۆیدا نوسیویەتی کە «سەدەی نۆزدە پەرلەمان هەبووە و چەند دەیەیەک حوکمی کردووە، بەڵام ئێستا ناتوانێت لە ئاستی خواستی نەتەوەدا بێت و تەنها فاشیزم توانای جێگرتنەوەی هەیە«(٢٢). لێرەوە دەردەکەوێت فاشیزم بەتوندی بەرپەرچی دیاردەکانی دنیای لیبرالیزم و دیموکراسی دەداتەوە و بە کلاسیک و دێرین و بەسەرچوو وەسفیان دەکات.

سەبارەت بە دیموکراسی، وایدەبینێت کە لە شکڵدا ئیدیعای دەنگی خەڵک و حوکمی خەڵک دەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا چەند هێزێکی تایبەت و دەزگای نهێنی بە کردارەکی حوکمی وڵات دەکەن و دەنگی خەڵک تەنها ڕووکارەکەیەتی. لەوەش زیاتر، دەڵێت کە دیموکراسی دژی پاشایە، بەڵام لەڕاستیدا چەند پاشایەک حوکم دەکەن کە لە پاشای سیستمی پاشایەتی بە دەسەڵاتترن(٢٣). بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکانی خۆی چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە، بۆ نمونە مۆسۆلینی پێیوایە بسمارک کە توانی وڵاتەکەی یەکبخات هیچی نەدەزانی دەربارەی لیبرالیزم و پەیامبەرەکانی. تەنانەت ئەڵمانیا یەکێتی خۆی پێکهێنا لە دەرەوەی لیبرالیزم. لەوەش زیاتر، مازینیی و گاریباڵدی گەورە پیاوانی

یەکێتی ئیتاڵیا لیبرالیست نەبوون(٢٤). ئەم نموونانە بەومانایە باس دەکات کە دەکرێت وڵات بەهێز بێت و پێشبکەوێت بەبێ باوەڕبوون بە دیموکراتی و لیبرالیزم. گەڕان بە دوای نموونەدا لەناو مێژوو کارێکی زۆر دژوار نیە. مێژووی مرۆڤایەتی خاڵی نیە لە نموونەی سەرکەوتنی هێزە دیکتاتۆرەکان، لەبەرئەوە بۆ مۆسۆلینی کارێکی زۆر دژوار نییە بەدوای وێنەی هاوشێوەی بیروبۆچوونەکانیدا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە.

مۆسۆلینی هەروەک خۆی باسی دەکات پێش جەنگ تەنانەت خودی خۆشی سۆشیالیست بووە، بەڵام پاش جەنگ ئیتر سۆشیالیزم کۆتایی هاتووە. سەرەڕای ئەوەش، ناتوانێت باس لە گرنگیی و کاریگەری چینی کرێکار نەکات لە کۆمەڵگادا(٢٥). بەڵام ئەوەی کە مۆسۆلینی دەیەویست بیسەلمێنێت دروستکردن و پێکهێنانی مۆدێلێک بوو کە تایبەت بێت بە ئیتاڵیا، ئیتاڵیای پێ بناسرێتەوە. ئیتاڵیاش وەک دەوڵەتە مەزنەکانی ئەوروپا ڕێبازێک و دنیابینییەکی تایبەت بۆ خۆی هەبێت و پێشکەشی ئەوروپا و جیهانی بکات. ئیتاڵیا ببێتە دەوڵەتێکی زۆر بەهێز. دیارە چەمکی دەوڵەتی بەهێز لە گرنگترین بنەماکانی فاشیزمە. دەوڵەتی فاشیستی لای مۆسۆلینی، دەوڵەتێکە لە هەزاران هەزار مرۆڤ پێکهاتووە کە ئەرکیان بەتەواوی بەرامبەر دەوڵەتەکە دەزانن. ئەم فۆرمە لە دەوڵەت بەلای مۆسۆلینییەوە کە پرنسیپەکانی دیموکراسیی و سۆشیالیزمی پەیرەو ناکات مانای ئەوە نییە کە گەڕانەوە بێت بۆ پاش شۆڕشی فەرەنسیی و هەرگیز مانای دەوڵەتی ستەمگەری کلاسیکی ناگەیەنێت(٢٦). بەڵام بە تەماشاکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە مۆسۆلینی ئەنجامیدا، لەناو حکومەت و پارتەکەشیدا، هیچ بوارێک بۆ خەڵکانی تر لە حیزب و لە حکومەتیش ناهێڵێتەوە بۆ بڕیاردان و کارکردن، سەرجەم دەسەڵاتەکان لە دەستی خودی خۆیدا کۆدەکاتەوە و لادان لە فرمانەکانیشی قەدەغە دەکات. هەروەک لە پەیڕەوی پارتی فاشی ئیتاڵیادا هاتووە، کە دانان و لابردنی گەورە پیاوانی حکومەت و حیزبیش بە فەرمان و پێشنیاری خودی مۆسۆلینی دەبێت(٢٧). تەنانەت خودی یاساکانیش لە خزمەت فاشیزمدا داڕێژراون(٢٨). کەواتە کۆی کۆمەڵگا لە دەرەنجامدا دەبن بە خزمەتکاری حیزب و لەناو حیزبیشدا خزمەتکاری سەرۆک و لە حاڵەتی لادان لەو نەزمە حیزب و سەرکردە دەستییان تەواو کراوە دەبێت بۆ بەکارهێنانی سەرجەم شێوازەکانی ڕێگریکردن و سزادان هەتاوەکو ئاستی تیرۆری جەستەیی.

لێرەدا دەردەکەوێت کە مەبەستی داڕشتنی دۆکترینێک بۆ فاشیزم بریتییە لە برەودان بە دەسەڵاتی تۆتالیتێری تەنها پارتێک و لە سەرووی هەموویەوە تەنها کەسایەتیەک. نوسینی فاشیزم هەوڵێکە بۆ دەرخستنی دەوڵەت وەک وجودێکی باڵا کە دەتوانێت هەموو هاوڵاتیان لەخۆ بگرێت و تەنانەت ببێتە بەدیلی وجودی کردارەکی ڕۆحی تاکەکان. دەوڵەت بەپێی فاشیزم مافی هەیە دەستکاری کۆی ژیانی گشتی و تایبەتی سەرجەم مرۆڤەکان بکات، ئەمە بۆ خۆی کردەیەکی تیرۆریستییە. ئەم خولیای دەستگرتنە بەسەر ڕۆحی نەتەوە و کۆی مرۆڤایەتییەدا، لە مێژوودا تازە نیە و لە داهێنانی مۆسۆلینی نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو چەندان نموونەی هاوشێوەی فاشیزم دەبینرێت(٢٩).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. R. Douglas, «Law, Liberty, and the Pursuit of Terrorism», (The University of Michigan Press, 2017), Pp 46-48..

2 J. Pollard, the Fascist Experience in Italy, (London, 2005), pp.122-123.

٣ كيفن باسمور،الفاشية مقدمة قصيرة جدا، ت. رحاب صلاح الدين، مصر، ط١، ٢٠١٤،ص ٥٣-٥٦.

٤ ن.م، ٥٤-٥٦.

٥ بنيتو موسوليني، حواطر زعيم، ت. صبحي وحيد، مصر، د.س.ط، ص. ٩٩.

٦ ن.م، ص. ٩٩.

٧ ،كيفن باسمور، م.س، ص ١٩.

N. Kogan, The Origins of Italian 8 Fascism, Polity, Vol. 2, No. 1 (Autumn, 1969), pp. 100-105

9 Has Fascism Ended with Mussolini? D. L. Sturzo & A. H. Lograsso, The Review of Politics, Vol. 7, No. 3 (Jul., 1945), pp. 306-307.

10Mussolini, Doctrine of Fascism, p.2.http://www.historyguide.org/europe/duce.html http://www.worldfuturefund.org/wffmaster/Reading/Germany/mussolini.htm.

١١ حەسەن بارام، دەروازەیەک بۆ تێگەشتن لە فاشیزم، فاشیزم، و. کۆمەڵێک وەرگێر، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٣٤.

12 Hegel, the Philosophy of History, pp. 70-89.

١٣ بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، چ١، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٧.

14 Mussolini, Ibid, p.3

15 Mussolini, Ibid. p.3

16 Mussolini, Ibid. p5.

17Mussolini, Ibid, p5.

18 Mussolini, p. 10.

19Mussolini, Ibid.

٢٠ باسمور، م.س، ص٦٢.

٢١ ن.م، ص٦٣.

٢٢ بنيتو موسوليني، م.س، ص ١٠٢.

23 Mussolini. Ibid, P.6

24 Ibid, p. 9.

25 Ibid, P. 5.


26 Ibid, p. 12.

27 J. Pollard, Ibid. pp. 64-65.

28M. Knox, «The Fascist Regime, Its Foreign Policy and Its Wars: An ‹Anti-Anti-Fascist› Orthodoxy?» Contemporary European History, Vol. 4, No. 3, Theme Issue: The European Family and Politics (Nov., 1995), pp. 347-355.

# ڕووماڵی «تیرۆر»
# ئەرکێکی میدیایی یا
# دوانگەیەك بۆ تیرۆریستان؟



**پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی**
دکتۆرا لە ڕاگەیاندن،
مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

ئەگەرچی تا ئێستا پێناسەیەکی زانستیی و گشتگیر و بابەتیانە بۆ دەستەواژە و چەمکی «تیرۆر» نەکراوە و بەهۆی جیاوازی تێروانینەکان و ڕاڤەکان، گۆشەنیگای جیاواز و دژ بەیەک لەسەر ئەم بابەتە دروست بوون، بەڵام ئەگەر تیرۆر بە مانای «تۆقاندن و خوێنڕشتنی بە ناهەق و پاکتاوکردن و تەقاندنەوە و کوشتنی خەڵکی سڤیل» بێت، ئەوا تەمەنی «تیرۆر» هاوتەریبە بە تەمەن و مێژووی مرۆڤایەتیی، بە مانا «تیرۆر» دیاردەیەکی مێژووییە و تاک و گروپەکان لە میانەی ململانێکانیاندا بە شێوازی جۆراوجۆر پەنایان بۆ بردووە و لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا مرۆڤ بەرامبەر نەیارەکانی مومارەسەری کردەوەی تیرۆر و تۆقاندنی بە شێواز و فۆرمی جیاواز کردووە و هەوڵی سڕینەوەی بەرامبەرەکانی داوە، بە هەڵدانەوەیەک بۆ لاپەڕەکانی مێژوو دەیان چیرۆکی «تیرۆر و توندوتیژیی و توندڕەوی» نەتەوەیی و ڕەگەزیی و ئاینیی و فیکریی دەبینیت. خودی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە دەرەنجامی کردەوەیەکی کوشتن و «تیرۆر» بوو، کاتێک لە ئەیلولی ساڵی ١٩١٤دا خوێندکارێکی سربی هەستا بە کوشتنی (فرانز فرنناندی شانشینی نەمسا و خێزانەکەی) لەکاتی سەردانێکی ئاساییاندا بۆ شاری سەرایڤۆ، ئەو ڕووداوە بوویە پریشکی جەنگێکی خوێناویی جیهانیی چوار ساڵە.

جیاوازییەکی دیار کە ڕەنگە دیاردەی «تیرۆر» لە مێژوودا و دیاردەی «تیرۆر» لەم سەردەمەدا جیا بکاتەوە، ئەو گەشەکردنەیە کە فەزای کراوە و بەرفراوانی میدیا دروستیکردووە و ئەو ئاسانکارییە کە تەکنەلۆجیای میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیاردەی «تیرۆر»- بەویست و بێ ویست پێکیانهێناوە، بە جۆرێک «تیرۆر»یان لە سەرتاسەری دنیادا کردووەتە یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی ناوەڕۆک و موعالەجە میدیایی و ڕۆژنامەییەکان، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و هەژدە ساڵەی ئەم سەدەیەدا بابەتی «تیرۆر» بەردەوام لە میدیا حزوری هەبووە و زۆرجار بووەتە بابەتی یەکەمی شرۆڤە و شیکردنەوە میدیاییەکان، ئەم ئامادەبوونە بەردەوامە لە میدیادا زۆرجار فوی کردووەتە «تیرۆر» و هەندێک جار قەبارەیەکی گەورەتر لەخۆی پێداوە، هەندێک جاریش ڕەنگە جۆرێک لە شێواندنی بۆ ڕاستییەکان دروستکردبێت.

تیرۆر لە ژینگەی میدیاییدا:

ڕەنگە گەورەترین ئیشکالیەتی بەردەم پەیوەندی نێوان میدیا و تیرۆر خۆی لەم پرسیارە جەوهەریانەدا ببینێتەوە:

- ئایا میدیا لە بەردەم دیاردەیەکی مەترسیداری وەک «تیرۆر»دا وەک ئەرکێکی میدیایی، چۆن مامەڵە بکات و چەند و کەی و چۆن بڵاوی بکاتەوە؟
- ئایا لەسەر بنەمانی ئەرکی ئاسایی و سروشتی دەزگای میدیایی و لەپێناو ئەوەی جەماوەر هۆشیار بکرێتەوە و زانیاری لەبەردەست بێت، باسی کردەوە تیرۆریستیەکان بکرێت و هەواڵ و (چالاکی)یەکانیان بگوازرێتەوە و کارەکتەرەکانی بناسێنێت؟
- یاخود ئەم بابەتە تیشکی نەخرێتە سەر و بەبیانووی ڕەواجنەدان بە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان و تیرۆریستان فەرامۆش بکرێت و نەخرێتە ئەجێندای بایەخدانی دەزگا میدیاییەکانەوە؟
- ئایا میدیا مافی خۆیەتی دیمەنی تەقاندنەوە و کردەوە خۆکوژییەکان و دیمەنەکانی توندوتیژی بۆ وەرگری پەیامی میدیایی بگوازێتەوە؟
- یاخود بەپێچەوانەوە ئەم ڕوماڵ و موعالەجە میدیاییە پێویستە سنوردار بکرێت و سانسۆری بخرێتەسەرو لەپێناو هێشتنەوەی ڕۆحی بەرگریی و نەڕووخانی ورەی خەڵک ئەم جۆرە بابەتە وەک «نەبوو» مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری هاوشێوەی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان «تیرۆر» و «میدیا» بەردەوام دەوروژێنرێت و وەک پرسێکی جەدەلئامێز و جێگەی مشتومڕ، بەشێکی زۆری بەکراوەیی ماوەتەوە.

دەتوانین بڵێین کە تیرۆریستان ئاراستەیان هەرچۆن بێت و سەر بەهەر گرووپ و تاقمێک بن، بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیا و بیرکردنەوە و ئەجێنداکانیان سوود لە فەزای میدیایی وەردەگرن، لە بەرامبەردا میدیا ناچارە کە ڕومالّی ئەم ڕووداوانە بکات و لەم ڕومالّەیدا ڕەنگە دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی توندڕەو و بێزراوی نێو کۆمەڵگەدا بکات و تیشک بخاتە سەر کەسایەتی و وردەکاری ژیانیان، هەندێک لە پسپۆڕانی بواری میدیا پێیانوایە کە ئەگەرچی ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ بابەتەکانی «تیرۆر» پەیوەستە بە سروشت و واقیعی کاری میدیاییەوە، بەلاّم باسکردن و تیشک خستنە سەر ڕووداوەکانی تیرۆر و توندڕەوی خۆی لە خۆیدا «توندوتیژیی» زیاتری لێ دەکەوێتەوە و ئەوانەی خۆیان لە ناخیاندا جۆرێک لە ویست و ئارەزووی توندڕەویی و توندوتیژیی هەیە، میدیا هانی زیاتری دەدات و ژینگەیەکی لەبارتری بۆ دەڕەخسێنێت، هەندێکیش هەن هەر تەنها بۆ لاساییکردنەوەی ئەوەی لە ڕێگەی میدیاوە پەخش دەکرێت جارێکی تر دوبارەی دەکەنەوە! هەر ئەمەشە کە بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی زیادبوون و تەشەنەکردنی ڕووداوە تیرۆریستییەکان و زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژیی لە جیهاندا ئەژمار دەکرێت، لە توێژینەوەیەکدا پرۆفیسۆر (مایکل جیتەر) لە زانکۆی کۆلۆمبیا شیکردنەوەی بۆ هەوالّی (٦٠ هەزار) ڕووداوی تیرۆریستیی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ٢٠١٢) کردووە کە لە ڕۆژنامەی «نیویۆرک تایمز»دا بڵاوکراونەتەوە، لە دەرەنجامدا بۆی دەرکەوت کە ڕێژەی توندوتیژیی و کارە تیرۆریستییەکان ساڵ بە ساڵ زیادیان کردووە و تەنها لە ساڵی ٢٠١٢دا (٨٤٤١) ڕووداوی توندوتیژیی و تیرۆریستی ڕوویانداوە و قوربانییەکان لە ماوەی ١٥ ساڵدا لە (٣٣٨٧) قوربانییەوە زیادیان کردووە بۆ (١٥٣٩٨) قوربانی.

بەردەوام میدیا و دەسەلاّتی سیاسی لەم جۆرە بابەتانە دوچاری ئیشکالیەت دەبن و مشتومڕ و جەدەلی لێ دروست دەبێت، وەک بینیمان ئەم بابەتە پاش هێرشەکانی (١١ی سێپتەمبەر) لەنێو ناوەندە سیاسیی و ئەکادیمیی و زانستییەکان و ڕای گشتیدا مشتومڕی گەورەی دروستکرد، تارادەی لادان لە پرنسیبە ڕیشک داکوتراوەکانی ئازادی ڕادەربرین لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و دوبارە گەڕانەوەی جۆرێک لە سانسۆر و کۆنترۆڵکردن بۆ نێو میدیای ئەمریکیی بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، مافە دەستوریی و بنەڕەتییەکانی هاولاّتیانی ئەمریکا پێشێلکران، کاتێکیش «ئەلجەزیرە« کاسێتەکانی (بن لادن)ی بلاّودەکردەوە کە هەڕەشەی لە ئەمریکا و جیهان دەکرد، بەوە تۆمەتبارکرا کە پروپاگەندە بۆ (ئەلقاعیدە) و (بن لادن) دەکات، بەڵکو هەندێک لە دەزگا میدیاییەکانی جیهان و بەشێک لە شیکەرەوانی بواری سیاسیی و سیاسەتمەداران پێیانوابوو کە «ئەلجەزیرە« لەلایەن (ئەلقاعیدە) و (بن لادن)ەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت، یاخود نەخێر هەر خودی «ئەلجەزیرە« دروستکراوی «ئەلقاعیدە«یە و ئامرازێکی کاریگەریی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوەیە!

ئەوەی ئەم کارەی ئاسانتر کردووە و بووەتە ژینگەیەکی لەبار و ئاسان بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و تیرۆریستان، ئەو ئاسانکارییە کە تەکنەلۆجیای میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی کردووە و چالاکی تیرۆریستان دروستیکردووە، ئەوەی جاران تیرۆریستان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە مانگێک پێی دەگەیشتن، ئەمڕۆ لە هەمان سات و ڕاستەوخۆ بە کوالێتییەکی بەرزتر و سەرنجڕاکێشتر پێی دەگەن و بلاّوی دەکەنەوە. جگەلەوەی

تەکنەلۆجیای میدیا و گەشەکردنی ئامرازە میدیاییەکان جۆرێک لە سیحر و کەمەندکێشیی دروستکردووە و ئەگەر لە سەردەمێکدا ڕۆژنامە و ڕادیۆکان ئەم جۆرە سیحر و کەمەندکێشییەیان لای وەرگر دروست نەکردبێت، ئەوا ئەمڕۆ ئامێری تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت فەزایەکی دیکەیان لە کەمەندکێشکردن و سەرسامبوون و دروستکردنی کاریگەریی خێرا دروستکردووە، ئیشکالیەتی ئەم جۆرە ڕوماڵە خێرا و فراوانە ئەوەیە کە کێشە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەزگای ئاسایش و ئەمنی دروست دەکات و ڕێگە نادات بەشێوەیەکی سرووشتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە تیرۆریستییەکان بکرێت، فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ ئاسانکاریی بڵاوکردنەوە و ڕەواجپێدان و (هاوڵاتی ڕۆژنامەنوسی) دروستکردووە، کە لە ڕووداوەکەدا چاوەڕێی وردبینی و چەند سەرچاوەیی و بنکولکاریی زیاتر ناکات و ڕۆژنامەنوسێکی بەپەلەیە! بەڵکو ڕەنگە تاکە خەمی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە و وروژاندنی زیاتر بێت.

**یازدەی سێپتەمبەر و قۆناغی نوێی تیرۆر:**

ئەمڕۆ ئەوەی وەک دیاردەیەکی زەق دەبینرێت و مشتومڕی گەورەی لە ناوەندە فیکریی و سیاسیی و میدیاییەکاندا لێکەوتوتەوە، پێکەوە گرێدانی «ئیسلام»ە بە دیاردەی «تیرۆر»، بەجۆرێک لە هەندێک دەزگای میدیایی جیهانیی هەر کە باسی تیرۆر دەکرێت ڕاستەوخۆ ئاینی ئیسلام و مسوڵمانانی پێوە دەلکێنرێت، ئەگەر بەشێکی ئەم دیاردەیە بۆ گەشەکردنی میدیا و حزوری بەردەوامی لە ڕووداوەکاندا و تێوەگلانی هەندێک لە ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییەکان بەکاری «تیرۆر»ەوە بێت، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا ناشارڕێتەوە کە لە سەرتاسەری دنیا چەندین ڕێکخراوی توندڕەو و تیرۆریستی هەن کە سەر بە ئاڕاستەی فیکریی و ئاینیی و نەتەوەیی جیاوازان و لەناو جەرگەی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بەردەوام ڕوداوی تیرۆریستی ڕوودەدەن و چەندین قوربانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ڕووداو و کردەوە تیرۆریستییەکە بە ئاینێکی دیاریکراوەوە نالکێنرێت، هەژمونی میدیا و گوتاری ئاڕاستەکراو بۆ بابەتی تیرۆر بە جۆرێکە، کاتێک نوسەری ئەم وتارە دەیوست بەدوای زانیاری لەسەر چەمکی «تیرۆر» بگەڕێت، پێش هەموو شت پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەو بابەتانە ببینێت کە پەیوەستن بە (بن لادن، ئەلقاعیدە، داعش، زەرقاویی و بەغدادی)و هاووێنەکانیان، نەک بابەتەکانی پەیوەست بە (سوپای ئیرلەندای نهێنی و بەرەی پۆلیساریۆ و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی مەسیحیی و جولەکەکان و هەڵگیرسێنەرانی جەنگە جیهانیی و جەنگی خاچپەرستان و جەنگە خوێناوییەکانی دنیا) بەدرێژایی مێژوو، واتە بەشێک لە میدیای جیهانیی بەجۆرێک دیاردەی تیرۆریان لکاندووە بە ئاینی ئیسلام و موسڵمانانەوە منیشی ناچار بەو بیرکردنەوە هەڵەیە کرد!! بەمانا زۆرجار چاودێران و توێژەران و میدیاکاران لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە پشکنینی میدیایی و زانستیدا بێئەوەی دەرک بە خۆیان بکەن ناتوانن خۆیان لەپێکەوە گرێدانی (ئەوانەی بەناوی ئیسلامەوە خۆیان دەناسێنن) و (تیرۆر) ڕزگار بکەن.

کەواتە دەبێت حاڵی ڕۆشنبیر و میدیاکار و سیاسەتمەدار و تەنانەت هاوڵاتییەکی ئاسایی وڵاتێکی ڕۆژئاوایی چۆن بێت کاتێک ڕۆژانە لە ڕێگەی دەزگا میدیاییەکانەوە دەیان دیمەنی (ڕیش ، نوێژ، حیجاب مەککە ، مزگەوت) دەبینێت و بەدیمەنەکانی خۆکوژیی و تەقاندنەوە و تۆقاندنی هاوڵاتیانەوە دەبەسرێنەوە؟! کە ئەمەش (وێنایەکی زیهنیی) مەترسیدرای لەسەر ئیسلام و مسوڵمانان و دیاردەی «تیرۆر»ی لا پێکدەهێنێت و هەڵسەنگاندن و حوکمدانێکی هەڵەی بۆ دروست دەکات، ئەگەر هەر ڕاڤەیەک بۆ ئەم دیاردەیە بکرێت و بەشوێن هەر فاکتەرێکی ئەم جۆرە بیرکردنەوەدا بگەڕێین،

# باسکردن و تیشك خستنە سەر ڕووداوەکانی تیرۆر و توندڕەوی خۆی لە خۆیدا "توندوتیژیی" زیاتری لێ دەکەوێتەوە

ئەوا بەدڵنیاییەوە هەژموون و کاریگەریی میدیا بەسەر تێگەیشتن و خوێندنەوە و حوکمدانمان بەسەر دیاردەی تیرۆردا لە پلەی یەکەمی فاکتەر و ڕاڤەکردنەکاندا دێت، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەندێک لە فیلمە سینەماییەکان و بەشێکی زۆر لە موعالەجە میدیاییەکان بۆ دیاردەی «تیرۆر» لە میدیای ڕۆژئاواییدا و تەنانەت لە میدیای هەندێک لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

ئەگەرچی جەنگە جیهانییەکان و سستمی داگیرکردنی وڵاتان و سەرجەم ئەو داگیرکاریانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە دەچنە خانەی «تیرۆر»وە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی تێرامانە و وەک دیاردەیەک دەبینرێت، باس و خواسی پەیوەست بە «تیرۆر» وەک چەمک و دەستەواژە لە دوای ڕوداوەکانی (١١ی سێپتەمبەر)ی «نیویۆرک»ەوە تیشکی زیاتری خرایە سەر و بویە باسێکی هەستیاری ناوەندەکانی توێژینەوە و میدیا و ڕای گشتی جیهانی، کە بەشێک لەو شێوازی باسکردنە ڕەنگە ئەجێندایەکی لە پشتەوە بێت و ئامانجەکەی شێواندنی وێنەی ئاینی ئیسلامە لە جیهاندا، بەجۆرێک ڕوداوەکانی (١١ی سێپتەمبەر) ڕێگەی بۆ هەندێک سیاسەتمەدار و پیاوانی ئاینیی ڕۆژئاوایی خۆشکرد تا گوتاری توندڕەوانەی خۆیان ئاڕاستە بکەن و ڕەواجی پێ بدەن و هەندێک دەستەواژەی وەک «جەنگی خاچپەرستان» و « تیرۆری ئیسلامیی» و « مسوڵمانە توندڕەوەکان» و چەندین دەستەواژەی دیکە لە میدیای ئەمریکیی و ڕۆژئاواییدا بەکاربهێنرێت و ڕەواجی پێبدرێت، ئەم ڕووداوە بویە بیانویەک بە دەست کەسانی توندڕەو و لۆبیە دژەکان بە ئاینی ئیسلام و مسوڵمانان تا لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیامی توندڕەوانەی خۆیان بڵاوبکەنەوە و دیوارێک لە ڕک و تورەیی دروستبکەن.

**تیرۆریستان چۆن میدیا بەکاردەهێنن؟**

لەگەڵ ئەم تێروانینەی کە خستمانەڕوو، شاراوە نییە کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئامرازە میدیاییەکان و بۆ ڕەواجدان بە بیرۆکە و خستنەڕووی ئەجێنداکانیان سوود لە تەکنەلۆجیای میدیایی وەردەگرن، هەندێک لە توێژەران پێیانوایە کە کۆمەڵە و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ئەوەندەی مەبەستیانە قەبارەیەکی فراوان لە ڕوماڵی میدیاییدا داگیر بکەن، ئەوەندە مەبەستیان نیە کاریگەریی نەوعی دروست بکەن، بەو مانایەی ڕەنگە خودی کردەوە تیرۆریستییەکە بەئەندازەی ئەو ڕوماڵە گرنگ نەبێت کە پانتاییەکی فروانتر لە دەزگا میدیاییەکان داگیر دەکات و دەبێتە باسی باسەکان. کاسێتەکانی پەیامە هەڕەشە ئامێزەکانی (بن لادن) کە ئاڕاستەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانی دەکرد، کاریگەرییەکی گەورەی لە ناساندنی ئەم ڕێکخراوە و ناوبانگ پەیداکردنی کەسایەتی (بن لادن)دا دروستکرد، هەروەها ڕێکخراوی «داعش» بۆ پروپاگەندەکردن بۆ خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر میدیا و بەتایبەت ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاردەهێنا، لە یەکێک

له لێکۆڵینەوەکاندا کە پەیمانگەی برۆجنزی ئەمریکی ئامادەی کردووە، باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوی داعش لە نێوان شوباتی٢٠١٤ تا ئەیلولی٢٠١٦دا نزیکەی (٦٤٥) بەرهەمی بینراو و بیستراوی بەرهەمهێناوە و هەمان ڕێکخراو (٢٩) سەنتەری بەرهەمهێنانی میدیایی هەبووە و زیاد لە (٤٦) هەزار ئەکاونتی تویتەر و دەیان سایتی ئەلیکترۆنیان هەبووە، کە زۆربەی پەیامەکانیان ئاراستەی گەنجان دەکرێت و سۆزیان دەجولێنرێت و کەمەندکێش دەکرێن، لە سەردەمی حوکمرانی داعش بەسەر موسڵدا شەپۆلی ڕادیۆی فەرمی «دەوڵەتی ئیسلامیی – داعش» لە ناوجەرگەی موسڵەوە زۆر بە ڕوونی ئاراستەی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیان دەکرا، بەجۆرێک پەخشەکەی لە نزیک قەزای ئاکرێ لە هەرێمی کوردستان زۆر بەباشی وەردەگیرا.

بەگشتی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بەم شێوازانەی خوارەوە سوود لە میدیا وەردەگرن:

□ سوودوەرگرتن لە کەناڵ و دەزگا میدیاییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و هەڕەشەو چالاکییەکانیان، دیارە هەواڵەکانی تایبەت بە تیرۆر و تەقاندنەوە و هەڕەشەکردن و ڕفاندن کەمەندکێشیی و وروژاندنی تێدایە و بەشێکی زۆر لە دەزگا میدیاییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی لەم شێوەیە سڵ ناکەنەوە و بینەر و وەرگریان بۆ زیاد دەکات، بەڵکو هەندێکجار ڕەنگە قەبارەی زیاد لە پێویستی پێبدەن و بەخۆیان بزانن یا نەزانن فوو دەکەنە هەواڵەکە، ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەڕژێتە خانەی بەرژوەندییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و گەشتن بە ئامانجەکانیان. گونجاوترین بوار بۆ ئەوان کەناڵە ئاسمانییەکانە و هەندێکجار لە ڕفاندنی کۆمەڵێک کەس یاخود هەڕەشەکردن لە تەقاندنەوەی شوێنێک یاخود ئاراستەکردنی پەیامی تۆڵەسەندنەوە لە کەسایەتی و لایەن و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتێکی دیاریکراودا، ڕای گشتی و سەرنجی جیهان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و دەبنە سەرباس و سەردێر و هەواڵی یەکەمی کەناڵەکان و ڕەنگە ئەوەش ئامانجە گەورەکە بێت بۆ ئەوان لە دەرکەوتن و خۆناساندن و ناوبانگ پەیداکردن، لە یەکێک لە توێژینەوەکاندا لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەرکەتووە کە لە ماوەی (٣) مانگی ساڵی ٢٠١٥ دا (٦٠٠) جار باس لە ڕووداوە تیرۆریستییەکان کراوە، بە چاودێریکردنی دەزگا میدیاییەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا و ڕێژەی بایەخدان بە ڕوماڵی چالاکی ڕێکخراوە توندڕەوەکان ئەم ڕاستییە زیاتر دەسەلمێت.

□ بەکارهێنانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان و دروستکردنی کاریگەریی بەتایبەت لەسەر گەنجان و بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ ڕاکێشانی ئەندام و کادیری نوێ، بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لە ئەوروپاوە پەیوەندییان بە ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە و داعش)وە دەکرد لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو، جگەلەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە زەمینەیەکی ئاسان و لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و ئەجێنداکانیان. مەترسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەوەدایە کە زۆرجار نە سەرچاوەی دیارە و نە بە ئاسانیش سانسۆر دەکرێت و بە خەرجیەکی کەمیش دەگاتە هەموو شوێن، جگەلەوەی فەزای کەمەندکێش و سەرنجراکێش و خەڵەتێنەرە، هەربۆیە دەبینی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارەدا پێدەگەیەنن و بە حوکمی ئەوەی ڕەنگە نەتوانن لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانی تایبەت بەخۆیان و شێوازەکانی دیکەی میدیا پەیامەکانی تایبەت بەخۆیان بە ئاسانی ئاراستە بکەن، خەرجی و توانا مرۆییەکانیان لەم بوارەدا بەکاردەهێنن. هەندێک لە ناوەندەکانی توێژینەوە لە بەریتانیا پێیانوایە کە «داعش» دروست نەدەبوو بەبێ دوانگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە سەر ئەم بابەتە کتێبێک لە بەریتانیا دەرچوو بەناوی «

جەنگ لە ١٤٠ پیتدا» (واتە ئەو ١٤٠ پیتەی کە جاران تویتەر ڕێگەی دەدا بەخاوەنی ئەکاونتێک کە پەیام و تویتەکانی بڵاوبکاتەوە) کە باس لە بەکارهێنانی ڕێکخراوی «داعش» دەکات بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی «تویتەر» و چۆن لەو ڕێگەیەوە پەیامەکانی دەگەیاندە هەموو جیهان. جگە لە وێبسایت و دیمەنی ڤیدیۆیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و چەندین شێوازی میدیای دیکە.

 بایەخدان بە دروستکردنی دوانگەی میدیایی و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای میدیا و هونەرەکانی وێنەگرتن و سینەما بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و پەیام و ئەجێنداکانیان لە ڕێگەی سی دی و کاسێت و چەندین ئامرازی دیکە، بەشێکی زۆر لەو گەنجانەی بونەتە ئەندام لەم ڕێکخراوانە لە ڕێگەی سەرسامبوون و گوێگرتن و بینینی ئەو دوانگە میدیاییانەوە بووە، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەندێکجار هەوڵیانداوە شێوازی فیلم و سیناریۆکانی هۆلیۆد و ناوەندە سینەماییە جیهانییەکان تاقی بکەنەوە و لاساییان بکەنەوە، جگەلەوەی هەمیشە ویستیویانە ڕووی «مەزڵومەیەت»ی خۆیان لە ڕێگەی پڕوپاگەندە و پەیامە میدیاییەکانیان بە خەڵکی پیشان بدەن و لە بەرامبەردا نەیار و دەسەڵاتە سیاسییەکانیان وەک ستەمکار و دەرچوو لە ئاین و دەستی دەرەکی پیشانداوە، کە ئەمەش ئەگەرچی لە ناواخنیدا جۆرێک لە ڕاستی تێدابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە سۆزی کەسانێکی زۆری لە گەنجان بۆ خۆی ڕاکێشاوە، جگەلەوەی کە بۆ ئامانجی خراپ بەکارهێنراوە و وێرانکاری گەورەی لێکەوتۆتەوە.

 لەکاتی دەستبەسەراگرتن و داگیرکردنی شارو پارچەیەکی جوگرافیدا، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەوڵیانداوە کە لە ڕووی میدیایی و ڕۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردنەوە هەژموون و شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان بەسەر هاوڵاتیاندا بسەپێنن، چاپکردن و دابەشکردنی نامیلکە و پەرتووکی مەنهەجی خوێندنگەکان و دانانی کەناڵ و دەزگای میدیایی تایبەت بەخۆیان و دەرکردنی ڕۆژنامە و بایەخدان بە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان و ئامادەکردنی میدیاکار و ڕۆژنامەنووس لەم بوارەدا نمونەی بە گرنگی زانینی میدیا و بەکارهێنانیەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

کاتێک باس لە میدیا دەکەین واتە باسکردن لەو بوارە هەستیارەی کە دەتوانێت بەئاسانترین شێوە پڕوپاگەندە بۆ لایەن و بیرۆکە و کەسایەتی و فەلسەفەیەکی دیاریکراو بکات، میدیا لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانییەوە ئەم ئاسانکارییەی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دروستکردووە و بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانیان لە خۆناساندن و ڕەواجپێدان و گەیاندنی پەیامەکانیانی جێبەجێکردووە.

### سەرچاوەکان


١. محمد كمال: الارهاب و الاعلام، صحيفة المصرى اليوم ، الأحد ٢٠١٧/١١/١٩ .

٢. يوسف محمد صادق: الارهاب و الصراع الدولي، دار سردم للطباعة و النشر، السليمانية، ٢٠١٣.


٣. تغطيات التطرف .. كشف الواقع ام منصة اعلامية مجانية للارهابيين ؟ صحيفة الشرق الأوسط العدد ١٤٥٨٧، ٥/١١/ ٢٠١٨

٤. محمد بشاري: صورة الاسلام في الاعلام الغربي، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٨.

٥. العلاقة التكافلية بين الاعلام و الارهاب، طه نجم، التحالف الاسلامي العربي لمكافحة الارهاب https://imctc.org/UploadedImages/٦٣٦٥٤٢٠٢٤١٢٠٩٠٢٧٥٣.pdf

٦. محمد قيرات: في اشكالية الارهاب و الإعلام، مجلة البيان ، ٢٠١٣/٤/٢٦.

# فاکتەرەکانی هزری توندڕەوی






د.ناصح مەلاکەریم
توێژەر و مامۆستای زانکۆ – زانکۆی هەڵەبجە
پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دکتۆرا لە فیکری ئیسلامی

**دەسپێک:**

یەکێک لە بابەتە هەستیارەکانی گۆڕەپانی هزریی وسیاسی، بابەتی (توندڕەوی)یە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان قسە و باسی لێوە دەکرێت و دەیان دەزگای میدیایی و سەنتەری توێژینەوە پێوەی سەرقاڵن بە چاوپۆشی لە ئامانجەکانیان. هەندێکیش، بێ ئەوەی بزانن مانای تێرۆر چییە و تێرۆریست کێییە؟ ئەسپی خۆیان تاو دەدەن و مامەڵەیەکی نابابەتیانە و دوور لە میتۆدی زانستی لەگەڵ وەها بابەتێک دەکەن!!

ئەوەی زیاتر جێی مەترسییە و شایانی هەڵوێستە لەسەرکردنە ڕاگەیاندنی جەنگە دژی تێرۆر (Terror – terrorism) و ڕووبەڕووبوونەی تیرۆرە، پێش یەکلاکردنەوەی چەمکی تیرۆر!! ئەمەش وادەکات گۆڕەپانی جەنگی دژە تێرۆر ملکەچی ئارەزووی سیاسییە دەسترۆشتووەکان بێت و هەرکات ویستیان (بازنەی تێرۆر) فراوان بکەن و هەر کاتیش ویستیان بەرتەسکی بکەنەوە !! بەم هەنگاوەشیان هەرکەس بیانەوێت دەیخەنە بازنەی تێرۆر و تاوانی تێرۆریستی بەسەردا دەبڕێت ئەگەرچی لەڕاستیدا تێرۆریستیش نەبێت!! هەرکەس بیانەوێت – سیاسییە دەسترۆشتووەکان - لە بازنەی تیرۆر و تیرۆریستی دەریدەهێنن با لەڕاستیدا تیرۆریست و تاوانبار بێت و دەستی سوور بێت بە خوێنی بێتاوانان لە ژن و لە منالان!!

گومانیش لەوەدا نیە کە تیرۆر و گەشەسەندنی هزری توندڕەویی وکارە تێرۆریستییەکان (لەژێر هەرناوێکدا بن) دەرەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر و دەرهاویشتەی چەندین پاڵنەری سیاسی، پەروەردەیی، دەروونی، کلتووری، کۆمەلایەتیی و ئابوورین. بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە پێدانە ئەوەیە :(مەرج نیە لە هەر کوێ فاکتەری تیرۆر هەبوو، تیرۆریش – بە هەموو جۆرەکانیەوە بوونی هەبێت) بۆ نموونە: دەبینین ئیسلامخوازان هەم زوڵمیان لێدەکرێت و هەم تاوانباریش دەکرێن بە ئەنجامدانی تێرۆر، بەڵام نە (مەزڵومیەت و نە ناوزڕاندنیش) بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت، نەبوونەتە پاڵنەری ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لەلایەن زۆرینەی ئیسلامخوازانەوە.

**پاڵنەرەکانی هزری توندڕەوی:**

گومان لەوەدا نیە کە هزری توندڕەوی، دەرهاویشتە و دەرەنجامی کۆمەڵێک پاڵنەری هزری، پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەلایەتی، کلتووری، سیاسیی و ئابوورییە و، هەریەک لەو پاڵنەرانە کەم یان زۆر، ڕۆڵی نەرێنی دەبینن لە سەرهەڵدانی دیاردەی هزری توندڕەوی، کە بەبڕوای ئێمە هەریەک لە دیاردەکانی (پەڕگیریی) و (توندڕەویی) و (توندوتیژیی) و (تیرۆر) و (شلڕەوی)، لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە سەر هزری توندڕەویی و لەوەوە سەرچاوە دەگرن، بەتایبەت لێکدانەوەی هەڵە و ڕاڤەکردنی نادروستی دەقەکان و دابەزاندنیان و کارپێکردنیان دوور لە پێوەرە شەرعییەکان.

**ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین**
**پاڵنەرەکانی هزری توندڕەوین:**

**١) کەمی ڕۆشنبیری ئایینی لە پرۆگرامەکانی خوێندن:**

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و بنەڕەتیی و تەنانەت زانکۆکانیش لە وڵاتانی مسوڵماننشین، ئەوەیە کە ئەم پرۆگرامانە توانای پەروەردە و پێگەیاندنی کەسێکیان نیە کە هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی بێت وەک ئەوەی کە پێویستە. بەتایبەت توندوتۆڵکردنی لایەنی هزریی و ڕێنماییکردنی خوێندکاران بۆ پێداویستییە دەروونیی و کلتووریی و جڤاکیی و ژیرییەکانیان و هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە کاروباری ئایینەکەیان، و پێدانی بەرچاوڕوونی سەبارەت بەو مەترسییانەی لەم سەردەمەدا هەڕەشەیان لێدەکات.

هەر لە چوارچێوەی ئەم (بۆشاییە رۆشنبیرییە) دا دابڕانێک دروستبووە لە نێوان شەرعناسان و چینی لاوان، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتار و مامەڵەی چینی لاوان و سەرهەڵدانی (فرە مەرجەعیەت) و (فرە مینبەری) و لە کۆتاییشدا هزری توندڕەوی. بە چاوگێڕان بە پرۆگرامەکانی خوێندن (پرۆژەی بە عەلمانیکردنی پرۆسەی خوێندن) هەست پێدەکەین، بەتایبەت لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە مێژووی ئیسلامەوە هەیە و باس لە فراوانبوونی (بانگەوازی ئیسلامی) نەک (داگیرکاریی ئیسلامی)دەکات!!

**٢)ململانێی ڕەوتە هزرییەکان و پەراوێزخستن و نەبوونی بەشداری سیاسی:**

جیهانی ئیسلامی لەم سەردەمەدا بەدەست دابەشبوونێکی هزریی توندەوە دەناڵێنێت، بەتایبەت لە نێوان دوو ڕەوتی سەرەکی: ڕەوتێکی توندڕەوی دونیاگەریی وسیکۆلار کە هەموو جوانییەکانی ئیسلام ڕەتدەکاتەوە و داوای بنیادنانی ژیان دەکات لەسەر پرنسیپەکانی سیکۆلاریزم و دوور لەهەر هەژموونێکی ئیسلامیی و دابڕاو لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتی کۆمەڵگە مسوڵماننشینەکان و شوێنکەوتنی بێ قەیدو شەرتی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا تا بەدەستهێنانی پێشکەوتن و مەدەنیەت. ئەگەرچی دووەمیش کە ڕەوتێکی توندڕەوی ئیسلامییە و بە ڕەهایی و گشتگیرانە ڕۆژئاوای پێ قەبوڵ نیە و تەنانەت دەستکەوتە تەکنۆلۆژیی و داهێنانە زانستییەکانیش ڕەتدەکاتەوە بەوپێیەی (سەرچاوەیان ڕۆژئاوایە)!. لە بیریشمان نەچێت هەم ڕەوتە سیکۆلارەکان و هەم ڕەوتە ئیسلامییەکان، لەناویاندا بیری میانەڕەویی و خوێندنەوەی ئەوی تر بەدی دەکرێت و خاڵی هاوبەشیان هەیە.

٣) ڕۆچوون و زیادەڕۆیی (الغلو) لە ئاییندا : مەبەستمان بە زیادەڕەوی لە سنوور دەرچوون و ڕۆچوونە، چ لە هزر و ئایدۆلۆژیا بێت یان لە پیرۆزی مرۆڤەکان بێت. بە گەڕانەوەشمان بۆ قورئانی پیرۆز دەبینین سەرەتای لادانی خاوەن کتێبەکان – گاور و جولەکە (ڕۆچوون و زیادەڕۆیی – الغلو) بووە لە پێغەمبەرەکانیان بەتایبەت گاورەکان کاتێک بڕیاری (سێخوایی/ التثلیث)یاندا و عیسا پێغەمبەریان – سەلامی خوای لە سەر بێت– بە خودا و کوڕی خودا ناساند. وەک خوای گەورە دەفەرموێت: **يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَا تَقُولُوا ثَلَاثَةٌ انْتَهُوا خَيْرًا لَكُمْ إِنَّمَا اللَّهُ إِلَهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَنْ يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا النساء: ١٧١.**

لە مێژووی ئیسلامیشدا خەڵکانێک هەمان بۆچوونی (تقدیس) کردنیان بۆ پێشەوایانیان بڕیارداوە و هەندێ لەو سیفەتانەی کە تەنها شایستەی خوای گەورەن بەسەر ئەم پێشەوایانەدا داوە. بۆ ڕێگری لەم جۆرە توندڕەویی و لادانە، پێغەمبەری خودا ڕێنمایی باوەڕداران دەکات و دەفەرموێت: **(لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُه)**، ئەمە نموونەی ڕۆچوون لە مرۆڤەکاندا. نموونەی ڕۆچوونیش لە ئایدۆلۆژیادا نموونەی(خەواریجەکانە)، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی کۆچی بەهۆی لادانی هزرییەوە تەکفیری نەیارەکانی خۆیان کرد، بەتایبەت پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب و دایکی مسوڵمانان عائیشە و موعاویە – خوا لێیان ڕازی بێت – و سەرجەم بەشداربوانی هەردوو جەنگی (جەمەل) و جەنگی (صفین). ئەمەش لە ڕێی تێگەشتنی هەڵە بۆ ئایەتەکانی (هەڕەشە – آیات الوعید) تایبەت بەبێ باوەڕان، و دابەزاندنی حوکمی ئەو ئایەتانە بەسەر نەیارە موسڵمانەکانیاندا(١).

٤) ڕاگەیاندن: ڕۆڵی میدیا (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لە گەشەپێدان و برەوپێدانی دیاردەی

هزری توندڕەوی کەم نیە و گاڵتەی پێناکرێت، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی (بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان )، کەناڵە ئاسمانییەکان، مۆبایل و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن، لەبری هۆشیاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و کارکردن بەدیوی چاکسازیی و چاکەکاری، بەپێچەوانەوە کاری هەندێک دەزگای میدیایی بووەتە کارێکی تێکدەرانە، ئەمەش یان لە ڕێی گاڵتەکردن بە عەقڵی جەماوەر و دروشمە ئایینیی و ئەخلاقییەکان، یان لە ڕێی چاندنی تۆوی فیتنە و وروژاندنی بابەتگەلێکی ترسناک و گەورەکردنیان.

گومانیش لەوەدا نیە کە ڕاگەیاندن چەکێکی دوو سەرە و ئەگەر بەکارهێنانی لە ڕێی ژیریی و وردبینی و پێوەرە ئەخلاقییەکانەوە نەبێت، ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەکی ئاژاوە و تێکدانی ئاسایش و هاندانی بیری لادەرانە(٢).

٥) بێئاگایی و نەزانینی مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت: بە ڕووکەش وەرگرتنی دەقەکان و شۆڕنەبوونەوە بۆ گیانی دەق و پەند و ئامۆژگارییەکانی و، تێنەگەشتن و نەزانینی ئەو بەژەوەندیی و مەبەستانەی شەریعەت لەپێناویدا هاتووە. بێگومان ئەمە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ لادان و پاڵنەرێکە بۆ لەدەستدانی ئاسایشی هزری. ئەم تێگەشتنەش لە ئامانجەکانی شەریعەت پسپۆڕیی و شارەزایی دەوێت و ناکرێت بۆ مەسەلەیەک تەنها دەقێک بکرێتە پێوەر و بەشێوەیەکی (جوزئی) لە ڕەهەند و مانای دەقەکان بڕوانین(٣).

ئەگەر بەوردی بەدوای ئامانجە بنەڕەتییەکانی شەریعەتدا بگەڕێین لە قورئان و فەرموودە و دیدی زانایانی ئسلام، ئەوا دەبینین بەرژەوەندی مرۆڤ و (مرۆیبوون) پێوەرێکی سەرەکییە لە دیاریکردنی ئامانجەکان. خوای گەورە دەفەرموێت: **إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ** النحل: ٩٠. هەروەها خوای گەورە پەیامی مرۆیبوونی هۆکاری ناردنی پێغەمبەری ئیسلام وەک خوای گەورە دەفەرموێت: **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ** الأنبياء: ١٠٧

٦) دەروونبەزیوی و لاوازی کەسایەتی: بێ گومان ئەم فاکتەرەش دادەنرێ بە هۆکارێکی سەرەکی هزری توندڕەوی؛ بە تایبەت کاتێ کەسی لادەر هەست بە بێهیوایی و نائومێدی و ڕەشبینی دەکات و، لە داب ونەریتی کۆمەڵگە یاخی دەبێت وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەو پەراوێزخستن و پشتگوێخستنەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و ڕژێمە خۆسەپێنەرەکان... ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەروونی و خاڵیکردنەوەی ئەو تورەیی و بێزارییەی بە دەستیەوە دەناڵێنێ. لێرەوە پەنا بۆ بیری توندڕەوی و گیانی تۆڵەسەندنەوە دەبات(٤).

٧) زاڵبوونی گوتاری نازانستی بە سەر گوتاری عەقڵانیدا: گومان لەوەدا نیە بزاڤ و ڕەوتە ئیسلامییە جیاجیاکانی گۆڕەپانی ئیسلامی ڕۆڵێکی ئەرێنی و دروست دەبینن لە سەقامگیریی و ئارامیی و ئاسایشی کۆمەڵگە، هەروەها هەوێنی ئاسایشی هزریی و ئاشتی کۆمەڵایەتین. لە هەمانکاتدا ئەوەی تێبینی کراوە هەندێک لەم ڕەوتانە ـ کەم تا زۆر- بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئەندام و لایەنگرانی خۆیان لەسەر گوتارێکی عاتیفیی و سۆزئامێز پەروەردە دەکەن و هێندەی هەژموونی عاتیفی بەسەر گوتاریاندا زاڵە، هێندە گوتاری عەقڵانیی و مەعریفی زاڵ نییە. زاڵبوونی ئەم جۆرە گوتارە عاتیفییەش ڕێخۆشکەرە بۆ هزری توندڕەویی و پێکدادان لەگەڵ نەیاران و هەڵگرانی بۆچوونە دژەکان(٥).

٩) نەبوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و گفتوگۆی بونیادنەر: یەکێک لە سیما هەرە جوانەکانی سستەمی پەروەردەیی و هزری ئیسلامی خوێندنەوەی بەرامبەر و نەسڕینەوەی (ئەوی ترە). بەڵام نەبوونی مەعریفە و زانیاری دروست سەبارەت بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و

گفتوگۆی بونیادنەر و خوێندنەوەی ئەویتر، ئەمانە کاری هزری توندڕەوی ئاسان دەکەن و بیری توندڕەوی بەهێز دەکەن، زۆرجاریش ڕێخۆشکەر دەبن بۆ لە دەستدانی ئاسایشی هزریی و سەرهەڵدانی بیری تەکفیریی و، خوێن حەڵاڵکردنی نەیارەکان بە پاساوی هەڵگەڕانەوە و دەرچوون لە ئایین.

١٠) نەبوونی هۆشیاری پێویست دەربارەی مەترسییەکانی هزری توندڕەوی: ئەگەر هەموو لادانێک ئاسەوار و دەرهاویشتەی خۆی هەبێت، ئەوا هزری توندڕەوی ئاسەوارەکانی مەترسیدارترن و دەرهاویشتەکانی ترسناکترن؛ چونکە هەموو پێوەرە ئاکاریی و ڕەفتارییەکان و سەرجەم سستەمە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و، بەدەیان پاساوی نادروست ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکات و پێوەرەکانیش ژێرپێ دەخات و دوا جاریش خوێنی بەرامبەر حەڵاڵ دەکات. هەروەک بە ئەندازەی هۆشیاری تاک و کۆمەڵ بەرامبەر مەترسییەکانی لادانی هزری، دەتوانرێت ئەو مەترسیانە گەمارۆ بدرێن و پیلانەکانیش پوچەڵ بکرێنەوە. لەمبارەیەوە پێغەمبەری ئیسلام هۆشیاری دەدات و مسوڵمانان لە مەترسییەکانی ئەم جۆرە لادانە ئاگاداردەکاتەوە و سێ جار دووپاتی دەکاتەوە و دەفەرموێت: **(هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ، هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ، هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ)**(٦). بۆ زانیاری زیاتر لە

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد بن عبد الكريم بن أبى بكر أحمد الشهرستانى ،الملل والنحل، مؤسسه الحلبى –بيروت ، بلا:١١٤/١. على بن إسماعيل أبو الحسن بن إسحاق الأشعرى(ت: ٣٢٤هـ)، مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، تحقيق: نعيم زرزور، المكتبة العصرية، ط١، ١٤٢٦هـ – ٢٠٠٥م: ١٠٩/١.

٢. محمد ساداتى الشنقيطى ، الإعلام الإسلامى ـ المنهج . الرياض: دار عالم الكتب – ١٩٩٨ : ١٥٩–١٦٠.

٣ ناصر العقل، مناهج أهل الأهواء والافتراق والبدع أصولهم وسماتهم ، دار الوطن، ط٢ /١٤١٧هـ : ٢٢.

٤. بڕوانە: سلطان بن مسفر الصاعدى، دور الحوار فى تعزيز الامن الفكرى – المدينة المنورة ، ١٤٣٣هـ : ٢٣. أحمد عزت راجح، أصول علم النفس. الإسكندريه: دار المعارف،بلا:٤٧٥ .

٥. عبد الرحمن بن معلا اللويحق، مشكلة الغلو فى الدين فى العصر الحاضر ، ط١، ١٤١٩هـ– ١٩٩٨م : ٧٩.

٦. مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري ، الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم ، دار الجيل- بيروت – بلا : ٢٠٥٥/٤.

# تیرۆری دەوڵەت چییە ؟




**هۆشمەند عەتا**

لەدایکبووی ١٩٨٥، هەڵەبجە. - ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی برونێڵ- لندن، ٢٠١٣. مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە.

ئەگەر سەدەی هەژدە سەدەی ناسیۆنالیزم بوبێت بۆ رۆژئاوا و سەدەی نۆزدە سەدەی شۆرشی پیشەسازیی و رۆشنگەری بێت و سەدەی بیستەم سەردەمی جەنگە گەورە گەرم و ساردەکان بۆبێت، ئەوا زۆرێک لە بیرمەندانی سیاسەت و کۆمەڵناسی سیاسی پێشبینیان دەکرد سەدەی بیست و یەکەم سەدەی ئاشتی و هەژموونی بەهاکانی رۆژئاوابێت لە پەنای تەوژمی گلۆبالیزەیشنەوە. تیۆرەکانی کۆتایی مێژوو و سەردەمی باڵادەستی لیبرال دیمۆکراسی فرانسیس فۆکۆیاما و تیۆرەکانی ساموێل هنتنگتون دەربارەی بەیەکداکێشانی شارستانیەتەکان دەربارەی رۆژئاوا و نەیارەکانی لە کۆتایی سەدەی بیستەم رەنگرێژی سەدەیەکی سەقامگیر و جیهانێکی پڕ لە ئاشتی دەکرد بۆ سەدەی داهاتوو، کە تیایدا رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک هێز و وەک کولتوور و وەک ئابووری باڵادەستی جیهان دەبێت بەبێ رکابەر.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی نوێدا جیهان رووبەرووی رودواێکی پێشبینی نەکراو بووەوە و ئەمریکاش دوژمنێکی نەناسراوی بۆ دروستبوو، ئەویش بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سەلەفی جیهادی بوو کە پەیامەکەی خۆی لە رێگەی پەلاماردانی تاوەرە بازرگانییەکانی نیۆرک و پنتاگۆنەوە گەیاندە ئەمریکا، لێرەشەوە جیهان چووە قۆناغێکی تازەوە ئەویش قۆناغی جەنگی دژی تیرۆرە. جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەمریکا (٢٠٠١-٢٠٠٩) رایگەیاند کە هەرکەس لەگەڵمان نەبێت کەواتە لە دژمانە لەم جەنگەدا. لە ماوەی دوو دەیەدا ئیدی ناوی تیرۆر دابڕا بەسەر گرووپە ئیسلامییە جیهادییەکان و لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بەربەستیان بۆ دروستکراو سەرچاوە داراییەکانیان بلۆک کراو تەنگیانپێهەڵچنرا. بەڵام ئایا تەنها گرووپە نادەوڵەتییەکان تیرۆر دەکەن؟ یاخود دەوڵەتانیش پەنا بۆ کاری تیرۆریزم دەبەن؟ ئەم وتارە هەوڵدەدات چەمکی تیرۆری دەوڵەت بناسێنێت.

هەرچەندە تائێستا کۆدەنگییەکی ئەکادیمیی و یاسای نێودەوڵەتان نیە دەربارەی پێناسەی چەمکی تیرۆری دەوڵەت، بەڵام هەندێک لە توێژەران پێیانوایە کە هەندێکجار رەفتاری هەندێک لە دەوڵەتان دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی خانەی تیرۆرەوە(١). تیرۆری دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێک کرداری تیرۆریستی کە دەوڵەت ئەنجامیان دەدات لە رێگەی کۆمەڵە کردار و سیاسەتی حکومەتییەوە لەکاتێکدا ناتوانێت بە میکانیزمێکی رەوا بەدەستیانبهێنێت بەئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس لەناو هاونیشتمانیاندا و بۆ ملکەچپێکردنیان لە ناوخۆ بێت یان لە دەرەوە(٢). ئەم جۆرە لە تیرۆر زۆرجار لە ناوخۆدا بۆ ترساندنی ئۆپۆزسینی سیاسییە و بۆ ناچارکردنیەتی بە گوێڕایەڵی کردنی حکومەت کە ئەمە یەکێکە لە ترسناکترین جۆرەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی، چونکە ئامرازێکە بۆ دوژمنایەتیکردن و ژێرپێخستنی سەروەری دەوڵەت و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان و کۆنترۆڵکردن. ئەویش لەسەر چەندین ئاست، ئاستی ناوخۆیی لە رێگەی دامودەزگاکانی حکومەتەوە بۆ تیرۆرایزکردنی کۆمەڵگا بەگشتیی و هەڵاواردنی ئەوانەی کە لە دژی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدارن یان ئینتیمای سیاسییان جیاوازە. ئاستێکی تر لە رێگەی تیرۆری جەستەی هەندێک لە چینی دەستەبژێر و بە دیاریکراوی بە ئامانج دەکرێن بۆ ترساندنی سەرلەبەری کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی کەشێکی پڕ لە ترس و راڕایی. ئاستێکی تر لە رێگەی میدیای فەرمیی و سێبەر و زۆرجار سۆشیال میدیاوە دەکرێت، کە زۆرجار بۆ چەواشەکردن و فریودانی کۆمەلانی خەڵک دەوڵەت ئەنجامیان دەدات. نمونەی ئەم جۆرە لە تیرۆر لە دەوڵەتانی عەرەبیدا بەربڵاوە بەتایبەتی لە دوای بەهاری عەرەبی(٢٠١١) و بە دیاریکراوی رژێمی سوریا و میسر دەستێکی باڵایان هەیە لەو جۆری کارانەدا(٣).

دیاردەی تیرۆر و توندوتیژی هەر لە سەرەتای

# زۆرترین کردەی تیرۆر دەوڵەتان ئەنجامی دەدەن بە بەراورد بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان

مێژووەوە بەشێک بووە لە ژیانی سیاسیی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، مرۆڤ هەمیشە پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی هێز هەندێکجار بە پاساوی بەرگریکردن لە خود(Self Defense)و هەندێک جاریش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و شەڕی مانەوەی. بەڵام سەرباری ئەوەش دەبینین زارەوەی تیرۆر و توندوتیژی سیاسی نوێیە لە فەرهەنگی سیاسیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بە بڕوای هەندێک لە توێژەران هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە واپیشانبدرێت کە گوایە لە سایەی پێشکەوتنی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیا و زانستەوە جیهان لە سایەی ئاشتیدا ئەژیی و چیتر ململانێ سیاسییەکان لە شێوازی تەقلیدی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر نەماوە، بەڵکو ئێستا بچوکبووەتەوە بۆ هەڕەشەی هەندێک گرووپی بچووک لەسەر ئاشتی جیهانی کە ئەوانیش زۆر جێگەی مەترسی نین.

زۆرترین کردەی تیرۆر دەوڵەتان ئەنجامی دەدەن بە بەراورد بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان، بۆ نمونە ڕێکخراوی گیستاپۆی ئەڵمانی کە لە سەردەمی نازییەکاندا (١٩٣٣-١٩٤٥) زۆرترین تیرۆری بەرانبەر بە نەیارەکانی ئەڵمانیا و ئایدۆلۆژیای نازیزم ئەنجامداوە. یان دەزگای کەی جی بی (KGB) ی سۆڤیەتی کە ئەویش یەکێک بووە لە ترسناکترین دەزگاکانی داپڵۆسین و تیرۆرایزکردنی کەسایەتییە سیاسییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. دەکرێت وەک تازەترین نمونە بۆ تیرۆری دەوڵەت ئاماژە بە کوشتنی خاشقچی بکەین لەناو کونسوڵگەری سعودیە لە ئیستانبوڵ وەک یەکێک لە هەرە تازەترین و ترسناکترین جۆری تیرۆری دەوڵەت.

لەڕاستیدا جیهان ئەمڕۆش لە هەمان ململانێدا دەژی و تەنها میکانیزمەکانی بەکارهێنانی هێز و جەنگی ڕووبەڕوو گۆڕاوە. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرچاوەی سەرەکی تیرۆر و تۆقاندن بوو لە ئەمریکای لاتین لە ماوەی جەنگی سارددا. هەڵمەتی دژە کۆمۆنیستی ئەمریکییەکان و پشتگیریکردن لە هەندێک گرووپی بەکرێگیراوی ناوخۆیی لە گواتیمالا و نیکاراگوا بووە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی و بڵاوبونەوەی زەبروزەنگ لەو کیشوەرە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. بەبڕوای مێژوونووسان ژمارەی قوربانیانی ئەمریکای لاتین لە جەنگی سارددا بەدەستی ئەمریکا زۆر زیاترە لە قوربانیانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ هەمان وڵاتدا(٢).

یەکێک لە مەترسییەکانی تیرۆری دەوڵەت بە بەراورد بە تیرۆری گرووپە نادەوڵەتییەکان ئەوەیە کە دەوڵەتان توانای ئابووریی و سەرچاوەی دارایی و چەکی کۆمەڵکوژیان زۆر بەهێزە و دەستیان کراوەیە بۆ کڕین و بڵاوکردنەوەی لە جیهاندا لەژێر ناوی بەرگریکردن لە خود دەتوانن زۆر کرداری مەترسیدار ئەنجامبدەن.

ئەم دیاردەیە بەشێوازێکی دیاریکراو و بەربڵاو لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیەوە سەریهەڵدا، کە تیایدا دەوڵەتان پەنایان بردەبەر بەکارهێنانی هێز لەو وڵاتانە و بە شێوازێکی تازە کە ناسراوە بە جەنگی نوێنەرایەتی (Proxy War) یان بە شێوازی فەندکردن و سپۆنسەر کردنی تیرۆر.

### دەوڵەت- سپۆنسەری تیرۆریزم
### (State Sponsor Terrorism)

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراویش دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی دیاردەی بەکارهێنانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان وەک بەکرێگیراوێک لە ململانێ سەربازییەکاندا لە نێوان دەوڵەتاندا زیادیکرد. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە خەرجیی و تێچوونی جەنگە کلاسیکییەکان لەسەر دەوڵەتان زۆردەکەوت، هەورەها پەیدابوونی چەکی ئەتۆم لای زلهێزەکان بووە هۆی ئەوەی کە ترسی جەنگ زۆر زیاد بکات ئەمەش هانی دەوڵەتانیدا کە ڕێگای تر بگرنەبەر لە ململانێی و پێکداداانە سەربازییەکانیاندا.

ئەلیکساندەر ساکرۆڤسکی ئەفسەری دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی دەربارەی کاریگەری چەکی ئەتۆمی لەسەر ململانێی کلاسیکی سەربازی وتویەتی « لە جیهانی ئەمڕۆدا، کاتێک چەکی ناوەکیی و ئەتۆمی بووەتە بەربەست لە بەردەم هێزی سەربازیدا، پێویستە تیرۆریزم ببێتە چەکی سەرەکیمان». بۆیە دەبینین هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکدی نەبونەوە، بەڵام بەشێوازی تر کارەکەیان ئەنجامدا. بۆ نمونە ئەمریکییەکان لە شەڕی ڤێتنام (١٩٥٥-١٩٧٥) بە خراپی تێوەگلان ئەویش بەهۆی هاوکاری ڕووسەکان بۆ سوپای ڤێتنامی. لە هەمانکاتدا ڕووسەکانیش لە جەنگی ئەفغانستان (١٩٧٩-١٩٨٩) زۆر بە خراپی گیرۆدە بوون ئەویش بەهۆی پشتگیری ئەمریکا لە بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامیی و هاندانی عەرەب و مسوڵمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ جیهاد لە دژی ڕووسە کۆمۆنیستەکان. ئەمەی دواییان بووە سەرچاوەی سەرەکی تیرۆر کە ئەمریکییەکان بەدەستی خۆیان دروستیانکرد و لە دواییدا بزوتنەوەی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لێکەوتەوە کە بە ئاشکرا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان لە جیهاندا کردە ئاماج.

بەڕای شارەزایان دیاردەکە دوای ١١ی سێپتەمبەر زیادی کردووە، هەندێکیش پێیانوایە کە جیهادیزمی جیهانی وایکردووە کە ترس لەلای بەشێکی زۆری دەوڵەتان دروستبێت و سپۆنسەرکردنی تیرۆر کەم بکەنەوە. بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە لە دوای ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبی گرنگی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و سەرچاوەی تیرۆر زیادی کردووە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێکخراوەکانی وەک(حەماس و جیهادی فەلەستینی، حیزبوڵای لوبنانی، پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا) بە تیرۆریست ناساندوە. سەرچاوەکانی تیرۆریشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاریکردووە کە بریتین لە (ئێران، سوریا، سودان). سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جورج دەبلیو بوش ئێرانی ناساندبوو بە (سەرچاوەی سەرەکی تیرۆر لە جیهاندا)، بە گوتەی ئەمریکییەکان سوپای پاسداران و فەیلەقی قودس سپۆنسەری گەورەی تیرۆریزمن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

زۆرجار تێرمی دەوڵەت سپۆنسەری تیرۆرزم بەکاردێت وەک ئاماژەیەک بەو دەوڵەتانەی کە بە ناڕاستەوخۆیی هاوکاریی و هەماهەنگی ڕێکخستنی ئەنجامدەرانی توندوتیژی لە وڵاتێکی تردا دەکەن. لە بواری کرداریدا ئەمە جۆرێکە لە شەڕی ڕانەگەینراو لە نێوان دەوڵەتاندا. لە سەردەمی تازەدا زۆر دەوڵەت تێوەگلاون لەو جۆرە کار و کردەوە تیرۆریستییانە، لەکاتێکدا ئەوان بەتوندی ئیدانەی ئەو کارە دەکەن کە دەوڵەتێکی تر بەکاری بهێنێت. بۆ نمونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا هاوکاری کوردەکانی سوریا دەکات بە چەک و پارە و پشتگیری نێودەوڵەتی و بە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕیان ناودەبات. لەکاتێکدا هەمان گرووپ و دەستە لە تورکیا بۆ هەمان مەبەست خەبات دەکەن بە تیرۆریست و هەڕەشە بۆ سەقامگیریی و ئاشتی

دەیانناسێنێت. نمونەیەکی تر ڕژێمی بەعسی بەشار ئەسەدە لە سوریا کە دەستی سورە بەڕشتنی خوێنی دەیان هەزار هاوڵاتی وڵاتەکەی خۆیی و دراوسێکانی بەتایبەت لە لوبنان و عێراق. ئەو لە ئێستادا پشتگیری حیزبوڵای لوبنان و بزوتنەوەی نوجەبا دەکات لە سوریا بۆ شەڕ لە دژی تیرۆر (بەگوتەی خۆیان). لەکاتێکدا سوپای سوریا و میلیشیاکانی لوبنان و عێراق و ئێران و ئەفغانستان نامرۆڤانەترین جۆری توندوتیژیی و کاولکاری پیادە دەکەن کەچی بە ئاشکرا دەوڵەتانی کەنداو بە تایبەت سعودیە و ئیمارات سەرکۆنە دەکەن بەوەی کە پشتیوانی تیرۆرن لە سوریا و ئەوانن لە پشت فراوانبوون و بەهێزبوونی تیرۆر لە سوریا. دەکرێ بڵێین ئەوەی لای هەندێک ئازادیخوازە لای هەندێکی تر تیرۆریستە بەپێچەوانەشەوە دروستە.

دواجار بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی دنیا بەجۆرێک دەستیانچووە بەکاری تیرۆیزم و پشتگیریکردنی تیرۆردا، بەنمونە قەتەر و کەناڵی ئەلجەزیرە تۆمەتبار دەکرێن بە پشتگیریکردنی بزوتنەوەی حەماسی فەڵەستینی و بەرەی نوسرە و ئەحرارئەلشام، لەکاتێکدا ئەمریکا و ئەوروپا بە ئاشکرا پشتگیری کارە تیرۆریستییەکانی ئیسرائیل دەکەن دژی کەرتی غەززە. تورکەکانیش هاوکاری هێزە ئیسلامییەکانی سوریا دەکەن دژی ڕژێمی ئەسەد و دژی کوردەکانی سوریا. هەرچی سعودییە و ئیماراتە لەکاتێکدا کە خۆیان سپۆنسەری بەشێکی زۆر لە تایپێکی سەلەفیزمی جیهانین کەچی قەتەر و ئێران بە سەرچاوەی هەڕەشە و تیرۆر دادەنێن. بەهەمانشێوە پاکستان و هیندستان یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە پشتگیری تیرۆر لە کشمیر و سریلانکا.

بەکورتی چەمکی تیرۆر چەمکێکی ڕوون و دیاریکراو نییە بە چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەڵەتی دیاریکراو، زیادلەوەش تیرۆر پەیوەست نییە تەنها بە شوناسێک یان ئاینێک یان نەتەوەیەک، بەڵکو دەوڵەتان و بەرژەوەندییان وادەکات کە تیرۆر لە ڕووی زاراوە و زمانەوانییەوە پێناسە بکەن.

## پەراوێزەکان

(1) Nairn, Tom; James, Paul (2005). Global Matrix: Nationalism, Globalism and State-Terrorism. London and New York: Pluto Press.

(٢) عبدالناصر حرير، الارهاب السياسی: دراسه تحليليه، ط١، مکتبه مدبولی، القاهره، مصر، ١٩٩٦ ص٢٩.

(٣) هاشم صالح، ڕاپەڕینەکانی عەرەب لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی مێژوودا، و، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٣.

(4) Boaz Ganor (2015). «State Involvement in Terrorism». Global Alert: The Rationality of Modern Islamist Terrorism and the Challenge to the Liberal Democratic World. Columbia University Press. doi:10.7312/gano17212.8 (inactive 2018-11-17). JSTOR 10.7312/gano17212.8.

(5) Coatsworth, John Henry (2012). «The Cold War in Central America, 1975–1991». In Leffler, Melvyn P.; Westad, Odd Arne. The Cambridge History of the Cold War (Volume 3). Cambridge University Press. p. 230. ISBN 978-1107602311

# خۆسەپێنی و گەندەڵی لە هزری ئیسلامییدا






**کۆسرەت ساڵح ئەحمەد**

لەدایکبووی ١٩٨٩. ماستەر لە زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی ئیسلامی جیهانیی مالیزیا ٢٠١٥. خوێندکاری دکتۆرا لەهەمان زانکۆ. مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین.

ئەم ناونیشانەی سەرەوە بریتییە لە ناونیشانی بەرهەمێکی نایاب، کە بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، یەکێکە لە بەرهەمەکانی خامەی بەبرشتی د.عەبدولحەمید ئەبو سلێمان، سەرۆکی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی – ڤێرجینا)، قەبارەکەی هەشتا لاپەڕەیە و بەناونیشانی: «إشكالية الاستبداد والفساد في التاريخ الإسلامي) دووجار لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکەکەی لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە: هزری ئیسلامی، زیندوکردنەوە و نوێبونەوە، چاکسازی سیاسی.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی ڕێچکەیەکی نوێ لە بیرکردنەوەی سیاسیی و ئایینی سەبارەت بە هەردوو پرسی خۆسەپێنی و گەندەڵی. هەروەک هەوڵێکی جدیشە بۆ پێشکەشکردنی دیدگایەکی ژیارستانی بۆ بەرجەستەکردنی دەق و تێکستە پیرۆزەکان لە زەمینەی کار و کردەوە، لەپێناو بەجێهێنانی ئەو ئامانجەش چەندین نموونەی زیندوو و واقیعی پێشکەش دەکات، کە هێڵە سەرەکییەکانی جیاکاری لە نێوان حکومەتی دینی سێوکراتی و حکومەتی دینی مەدەنی دەکێشێت.

هەروەها، پەرتووکەکە بەکارهێنانی ئایین بۆ قۆرخکردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە و بە قێزەون وەسفی دەکات. هەروەک پەیکەری پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و کاری بانگەواز و ڕاگەیاندنی نەتەوەیی دادەرێژێتەوە و، دووبارە پێداچونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کاری بە کۆمەڵ و پارتە ئیسلامییەکان لە بواری سیاسەتدا دەکات و بە(قۆناغی ڕاگوزەر لە دەوڵەتی سوڵتان بۆ دەوڵەتی مەدەنی) ناوزەدی دەکات.

لە درێژەی شیکارییەکاندا نووسەر وای دەبینێ کە کۆمەڵی مسوڵمان مافی خۆیانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان و گوزەرانیان بدەن، لە چوارچێوەیەکی ئیجتیهادی نوێخوازی، کە ڕەچاوی هەردوو ڕەهەندی کات و شوێن بکات.

لە سۆنگەی ئەم چەند ڕستەیەی سەرەوە دەکرێ بپرسین: ئەو دەوڵەتە مەدەنییە نموونەییە چیە و چۆنە کە نووسەر بانگەوازی بۆ دەکات؟ سەرجەم لاپەڕەکانی کتێبەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەرخانکراون.

ناوەڕۆکی کتێبەکە، جگە لە پێشبەند و پاشبەند، بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەشکراوە، بەشی یەکەمیان بۆ ڕونکردنەوەی پێکهاتە و ناوەڕۆکی خۆسەپێنی و گەندەڵی (الاستبداد والفساد) تایبەتکراوە، کە لە میانەی حەوت بڕگەدا ڕوونکراونەتەوە. هەروەها بەشی دووەم بۆ پرسی (هەڵوێستی ویستراو لە بزوتنەوە و پارتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان) تایبەتکراوە، ئەمیشیان لە حەوت بڕگەی تردا تاوتوێ کراوە.

لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات کە قورئانی پیرۆز پڕە لە چەمکی بەپێز و ڕێنوێنی کار بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی و بنیادنانی ژیارستانی. گرنگترین دوو چەمکی پەیوەست بە دوو دامەزراوەی سەرەکی کە پێویستە دووبارە کارابکرێنەوە و کاری جدیان لەسەر بکرێت بریتیین لە ڕاوێژ و بانگەواز (الشورى والدعوە)، کە یەکەمیان پەیوەستە بە کاروباری سیاسیی و دووەمیان پەروەردە و ئاییندارى. هەردووکیان بناغەی ژیارستانیی و بوژانەوە پێکدێنن.

پرسی لەیەک جیاکردنەوەی کاری بانگەواز و پەروەردە لە دەسەڵاتی سیاسیی و جێبەجێکردن، لەپێناو بەکارنەهێنانی دین و پیرۆزییەکان بۆ مەرامی سیاسیی و بەرژەوەندی خراپکاران، کارێکی لەپێشینەیە. سەرنەگرتنی کارێکی لەم چەشنەش بریتیی دەبێت لە چەسپاندنی یەکەم پایەیی خۆسەپێنی و گەندەڵی.

خۆسەپێنی و گەندەڵی دووانەن و ئەستەمە لەیەک جیابکرێنەوە، نەبوونی هۆشیاری یان لاوازبوونی، دەستەبەری چەسپاندنی پایەکانیان دەکات، هەمیشە لاوازبوونی هۆشیاری گەل سەردەکێشێت بۆ خۆسەپێنی دەسەڵات، گەندەڵیش

دەرنجامی خۆسەپێنییە. ئاشکرایە، دەسەڵاتی گەندەڵ و خۆسەپێن هەرگیز نایەوێت هۆشیاری گەل پەرەبسێنێت و لەمپەریش بۆ سەرجەم کار و چالاکییەکانی تایبەت بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دروست دەکات.

ئەرکی پەروەردەکار و رێبەر و چاکسازەکانە لە رێگەی پەروەردەیەکی دروست و بانگەوازێکی تێکهەڵنەکراو بە سیاسەت، پەرە بە هۆشیاری گەل بدەن، چونکە هەرگیز گەلی هۆشیار خۆسەپێنی و گەندەڵی لە دەسەڵاتداران قبوڵ ناکات، هەروەک دەسەڵاتدارنیش ناتوانن خۆسەپێنی و گەندەڵی بەسەر گەلێکی هۆشیار بسەپێنن.

جیاکردنەوەی دین و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتی نییە لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. یەکێک لەو پشێوییە مەعریفییە سیاسییە کۆمەڵایەتیانەی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی بوون بریتییە لە تێنەگەیشتن لە گرنگیی و پێویستی جیاکردنەوەی کاروباری بانگەواز، پەروەردە و فێرکردن، پەروەردەی ئایینی..هیتد لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کارێکی لەم چەشنەش بریتی نییە لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت، بەڵکو بریتییە لە دوورخستنەوە و بڕینی دەستی دەسەڵاتداران (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لە زیانگەیاندن بە دین و بەها باڵاکان و پیرۆزییەکان، پاراستنی دینیشە لە پەراوێزخستن و گۆشەگیرکردن، لانیکەم دورخستنەوەی دینە لەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ خۆسەپێنی و گەندەڵی، ئەم جیاکارییەش لە بەرژەوەندی دەوڵەت و ئوممەتە.

ئاشکرایە، دامەزراوەکانی حوکمڕانی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) بریتی نین لە دەوڵەت، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دامەزراوەیەکی سستەمی حوکمڕانییە لە دەوڵەت و بەس، گەل و ئوممەت دوو گرنگترین توخمی سەرەکی پێکهاتەی دەوڵەت و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی گشتیین، کە تەنیا پێشنیار و بژاردەی ئەوانە کاری پێدەکرێت و دەچەسپێنرێت. ئەوەی گرنگە کارکردنە بۆ رەگداکوتانی ئایین لە بوارەکانی سیاسەت و حوکمڕانی (دەسەڵاتی تەشریعی)، لە پاڵ بنبڕکردنی دەستی دەسەڵاتداران (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لە قۆرخکردنی ئایین و بەکارهێنانی بۆ ئەجێندای کەس و پارتە سیاسییەکان.

لە بەشی دووەم تیشک دەخاتە سەر رێکخستنەوەی رۆڵی پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان، نووسەر پێیوایە، پێویستە پارتە ئیسلامییەکان پێداچوونەوە بەخۆیان بکەن و ئاوڕێک لە مێژووی مسوڵمانان بدەنەوە، لە نێوان کاری پەروەردەیی و دووبارە بنیادنانەوەی کۆمەڵگەی مسوڵمانان لەگەڵ سیاسەتکردن یەکێکیان هەڵبژێرن، هەرگیز کاری پەروەردەیی بە قوربانی چەند پلە و پۆستێکی ناو زل و ناوەڕۆک بەتاڵ نەکەن، تەنانەت ئەگەر باڵاترین پۆستی وڵاتیش بێت، چونکە ئەگەر کارێکی لەم چەشنە کرا، دەرەنجامەکەی لە کودەتا سەربازییەکان و شۆڕشە چەکدارییەکان باشتر نابێت.

لەلایەکی تر، کاری لەپێشینەی پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکان بریتیی نییە لە ململانێ لەسەر دەسەڵات، هەرکات لەسەر دەسەڵات بوو ئەوە رۆڵیان بەسەرچووە، بەڵکو کارەکەیان بریتییە لە کۆششکردن لەپێناو دوبارە بنیادنانەوەی کۆمەڵگەی مسوڵمانان لەسەر پایەکانی ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی کار، ئازادی بانگەواز بۆ بنەما و بەها و مەبەستە باڵاکانی قورئان، کە سەرجەم رۆڵەکانی ئوممەت لەسەر پێویست بوونیان کۆک و هاودەنگن، وەک: باوەڕ، دادگەری، یەکسانی، چاکەکاری، دڵسۆزی، ئاوەدانکاری، چاکسازی و برایەتی و کەرامەت و...هیتد، هەموو ئەمانە لە پاڵ تێکهەڵنەکردنی کاری بانگەواز بە دامەزراوەکانی

# ئیسلامییەکان هەڵەن ئەگەر پێیانوابێت بەگەیشتنیان بە لوتکە و هەرەمی دەسەڵات هەموو کێشەکان چارەسەردەبن

دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەپێناو بەرگرتن لە قۆرخکردنی دین و کردنی بە دەروازەی خۆسەپێنی و گەندەڵی.

سەبارەت بە کارنامەی (پارتی ئیسلامی) دەنوسێت، پێویستە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ کارنامەیەکی ڕوون بکەن، کە لەسەر دادگەری، یەکسانی، پارستنی ماف و ئازادییەکان بنیادنرابێت، بەهیچ شێوەیەک خۆیان لە بانگەشەکردن بۆ ئاینێک یان مەزهەبێک یان گرووپێک یان نەتەوەیەک کورت نەکەنەوە، تەنانەت پێویستە بە ئاشکرا بانگەوازی پەیڕەوانی ئایینەکانی تریش بکەن بۆ ئەندامبوونی کاری بەکۆمەڵ لەگەڵیان.

کاری سەرەکی ئەو پارتە ئیسلامییانە، بەو مەفهومە و ناوەڕۆکەی باسکرا، تەنیا بریتی دەبێت لە پەروەردەکردنی تاکێکی دروست و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگە و بەهیچ شێوەیەک نابێت خۆیان لە قەرەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بدەن. ناشبێت دامەزراوەکانی تایبەت بە بانگەواز تێکەڵ بەکاری پارتایەتی و کەس و لایەن بکرێن، لەپێناو پاراستنی سەروەریان و دورنەکەوتنەوەیان لە بەجێگەیاندنی ئەرکیان کە بریتییە لە کاری پەروەردەیی.

لە برگەیەکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیسلامییەکان هەڵەن ئەگەر پێیانوابێت بەگەیشتنیان بە لوتکە و هەرەمی دەسەڵات هەموو کێشەکان چارەسەردەبن، چونکە ئەزموونی پارتە ئیسلامییەکان لە حوکمڕانی، جگە لە ئەزموونی داد و گەشەپێدانی تورکیا، ئەزمونێکی سەرنەکەوتوو بووە، تەنانەت کاریگەری نەرێنی زۆر خراپی هەبوو لەسەر بێ ئومێدکردنی مسوڵمانان لە حوکمڕانی ئیسلامییەکان، تاکە بە دیلیش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە بریتییە لە چاکسازیکردن لە میتۆدی بانگەواز و هزر.

لاوازی مسوڵمان لە کەمی توانای ماددیی و وزە نییە، بەڵکو لە لاوازی هزر و دید لێڵی دایە، هەروەها نەبوونی بانگەوازێکی دروستی کارا و کاریگەرە. کارکردن بۆ هێنانەدی ئەوانە و تیشک خستنە سەر کەرتی پەروەردە و فێرکردن لەپێناو هێنانەدی مەبەستە باڵاکانی ئیسلام، لەناو خێزانەوە بۆ قوتابخانە و زانکۆ و مزگەوت و ڕاگەیاندن و سەنتەرە پەروەردەیی و هزرییەکان بۆ گەورە و بچووک، لە بوارەکانی ئاڕاستەکردنی ئاکار و ڕەفتار تا دیاریکردنی ئەرک ماف، دەستەبەری گۆڕانکاری گەورەن لە کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە پرسی هاوکێشەی چاکسازی، دەنوسێت: «بۆ بەدیهێنانی هاوکێشەی چاکسازیی و بوژانەوە و سەرگرتنی هەوڵەکانی بانگەواز و دامەرزراوەکانی، ئەوەی پێویستە بکرێت، بەر لە هەموو شتێکی تر، بریتییە لە ئازادکردنی کارەکانی بانگەواز و دامەزراوەکانی لە دەستی دەسەڵات، لە ترسی شێواندن و شێواندنی ڕۆشنهزری و ملبادانی لە بەرژەوەندی باڵادەست و هاوکارەکانیان، لەپێناو قۆرخکردنی دەسەڵات و سەروەت بە ئامرازەکانی خۆسەپێنی و گەندەڵی» ل: ٦١.

سەبارەت بە دەوڵەتی نموونەیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە ناوی (دەوڵەتی مەدەنی

ئیسلامی) لێبنرێت، تەنانەت ئاساییە ئەگەر بە عەلمانییەتیش ناوبنرێت، چونکە ئەوکات دەبێتە عەلمانیەتێکی رۆحیی و ئەخلاقی، کە تیایدا دەستی دەسەڵات لە خوێندنی ئایینی و چالاکییە بانگخوازییەکان بڕدراوە، هەروەها لە ڕەهەندی رۆحی و بەها ئەخلاقییەکان دانابڕێت کە لە ڕێگەیانەوە تاکی مسوڵمان هەست بە پابەندبوون لە ژیاندا دەکات، بۆیە باشترین بۆچوون لە دۆخی حوکمڕانی ئیسلامی بکرێت بریتییە لە (مەدەنیەتی ئیسلامی).

بەدارِشتەیەکی تر، مەبەست لە مەدەنیەتی ئیسلامی بریتییە لە جیاکردنەوەی بانگەواز و پەروەردەیی ئایینی لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، بەمەبەستی دورخستنەوەی مەترسیی خۆسەپێنی و گەندەڵی. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە کاروباری گشتی خەڵک و ئاڕاستەکردنی ڕایی گشتی.

ماوەتەوە بڵێین، ئەگەرچی ئەم کتێبە لە ڕووی قەبارەوە بچووکە، بەڵام خاوەنی ناوەڕۆکێکی بەپێزە و کۆمەڵێک تێزی مەعریفی نایابی تێدا پێشکەشکراون و شتێ نوێی سەبارەت بە پرسی حوکمڕانیی و کێشەی ئیسلامیی و عەلمانی تیایە و خوێندنەوەی نوێ بۆ زۆرێک لە چەمکە پەروەردەیی و سیاسییەکان کراوە، بە شێوازێک کە پێشتر بە دەگمەن بۆچونی نزیک لێیانەوە بوونی هەبووە، بەتایبەت پرسی «دەوڵەتی مەدەنی»، یان «دەوڵەتی ئیسلامی عەلمانی» یان «ئیسلامی مەدەنی»، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات و ئەو دەوڵەتەی لەسەر ئەم جۆرە فەلسەفەیە بنیاددەنرێت بە دەوڵەتی نموونەیی وێنایی دەکات، کە بەها باڵاکان و مەبەستەکانی شەریعەت لە ڕێگەی دەسەڵاتی تەشریعییەوە چەسپێنراون، هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش، بە لەیەک دورخستنەوەی ئایین و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە خۆسەپێنی و گەندەڵی دەپارێزێت.

# ئیرهاب

## دیاردەیەکی نامۆ، لکێندراو بە ئیسلام و مسوڵمانان



**د. ئیدریس کاریتانی**

لەدایکبووی ١٩٧٧. دکتۆرا لەفیقهی بەراورد. ماموستای زانکۆ. بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕووناکی. خاوەنی سێ پەرتووکی چاپکراوە لەبواری فکری ئیسلامی.

**ڕێخۆشکردن:**

لە دوای بەرەوپێشچوونی زانست و تەکنەلوجیای سەردەم لە سەدەی بیست و لە دنیای عە ولەمەدا، بەهوی گواستنەوەی زانیاریی و ڕوداوەکان لە سەرتاسەری دنیا بە چەند چرکەیەک، یان بەکلیک کردنی ماوس!! عەولەمە وایکردووە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاربکاتە سەر لایەنەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پیشەسازی، زانستی، فەرهەنگی و سەرجەم لایەنەکانی تر و کاریان لێککردووە، شێوازی کارلێککردنیشیان لەگەڵ سەدەکانی پێشوو زۆر لێکجیایە، دیارە لەگەڵ کەڵەکەبوونی زانیاریی و مەعریفەی تازە شارستانیەت بەرەوپێشچوونێکی بێ وێنەی بەخۆوە بینیوە. ئەم بەرەوپێشچوونە کاریگەری لە سەر چەمک و زاراوەکانیش دروستکردووە و واتای گۆڕیون، ئەمەش یان لەبەرئەوەی هەندێک چەمک جاران وەک پێویست پێناسە نەکراون بەهۆی نەبوونی زانیاری پێویست واتای تەواوی نەبەخشیوە. ئێستا لەگەڵ زیادبوونی زانیاریی و زانست پێناسەیەکی ڕاستەقینە و پرمانای خۆی وەرگرتووە، یان ئەوەتا هەندێک چەمک بەهۆی بوونی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و حیزب و لایەنە دنیاخوازەکان کە ئەمڕۆ بە زۆری زۆردار دنیا بەڕێوە دەبەن!!! بەرژەوەندیان لەوەدایە واتایەکی تر بدەنە ئەم چەمکە و لەسەر بنەمای ڕاستەقینەی خۆیان نەهێڵن و بیانگۆڕن بو بارێکی تر، بۆئەوەی زۆرترین سود و قازانج بۆ خۆیان بەدەستبهێنن. یان ئەوەتا ئەو تاکانەی پێناسەی چەمک و زاراوەکان دەکەن کاریگەری پارە و پول و ترس و لایەنداری حیزب و پشتگیری ئایدیا و نەتەوە و مەزهەب و دەمارگیری و...هتد یان لەسەرە.

لەگەڵ گۆڕینی واتا و پێناسەی چەمک و زاراوەکان شیرازەی ئەم بنەما ئەساسیانەی لەسەر ئەم چەمکە دروست دەبێت تێکدەچێت و کاریگەری لەسەر ئاڕاستەو بەرەو پێش چون و هەنگاوەکانی ئەم دەستەو تاکانەش دروست دەکات کەلە سەر پێناسەی ئەم چەمکە دامەزراوە. لەلایەکی ترەوە بەگۆڕینی واتای چەمک و زاراوەکان پێناسەی هەندیک شوناس و گەل و نەتەوە و ئایین و ئایدولوژیا تێکەڵ دەبن، تاوای لیدێت ئێمە نەزانین لە دنیای عەولەمەدا کێین؟ میانڕەوین، یان توندڕەو؟ ڕزگارکەر، یان مرۆڤکوژ؟ ئارام بەخش یان توقێنەر؟، دیارە ئەم پرسیارانە لە سەرێکەوە سادە و ساکارە، بەڵام بەپێچەوانەوە!! لە دنیای عەولەمەدا وەڵامەکەی زۆر قورس و ئاڵوزە لەبەرئەوەی واتای چەمک و زاراوەکان وەک جاران نین، هەرکەسێک لە ڕوانگە و بیروبۆچونی چەند دنیا دیدێک و سەرکردە و زانایەک دەڕوانیتە جیهان و واتا بۆ چەمکەکان دادەنێت، دواتر ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهان کارلێک دەکەن!!! ئەمەش تەنها لە ڕوژهەڵات و جیهانی ئیسلامی وانیە، بەڵکو لە جیهانی ڕۆژئاواش هەمان شتە.

یەکێک لەو چەمک و زاراوانەی گوڕانی بەسەردا هاتووە، یان هەرکەس و گرووپ و دەوڵەتێکی زلهێز بەپێی بەرژەوەندی خۆی پێناسەی بۆ کردووە و هەر ڕۆژەی بە میللەتێکیانەوە لکاندووە ئەم وەسفەی پێشوو لەخودەگرێت وشەی تۆقاندن(الارهاب)ە، لەگەڵ دەرهاویشتەکانی. لەم نوسراوەدا تیشک دەخەینە سەر لکاندنی ئەم دیاردە نامۆیە بە ئیسلام و مسوڵمانان، باس لە پێناسە و جۆر و شێواز و ڕووە مێژووییەکەی ناکەین، چونکە زۆر باسکراوە، ئەوەی کە دەمانەوێت گرنگی پێ بدەین ئەم لکاندنە نا تەندروست و زۆ ردارانەیە کە ئیرهابیان بە ئیسلام و مسوڵمانانەوە لکاندووە.

**دیاردە نامۆ و لکێندراوەکە!!!**

دوای کۆتایی هێنان بە خەلافەتی ئیسلامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی سەدان نەهامەتی و دەرد و ناخۆشی بۆتەوە، چەندان دیاردە و فکرەی نامۆ بە ئیسلام و مسوڵمانان لکێندراوە، تا مسوڵمانان خاوەندارێتی دەسەڵاتی سیاسییان دەکرد رێز و بەهای مرۆڤایەتی لە لوتکەدا بوو، بێ خاوەندارێتی مسوڵمانان جیهانی ئیسلامی کرد بە مەڕی بێ شوان و وڵاتە زلهێزەکان چۆنیان بوێ ئاوا قوتی بدەن، یەکێک لەم دیاردە نامۆیانەی بە مسوڵمانانیانەوە لکاند ئیرهاب و تۆقاندن بوو، بە رێگە و وەسیلەی جیاواز تا وایلێهات بەشێک لە مسوڵمانانی ناحاڵیش بکەونە داوی ئەوان، یان بۆخۆی بە هەڵە مومارەسەی ئیرهابی دەکرد و بەدینی دەزانی و بەبێ ویستی ئەو بە خزمەتی وڵاتە داگیرکار و زلهێزەکان تەواو دەبوو، یان ئەوەتا دروستکراوی خۆیان بوو تەنها کاری جێبەجێکردن بوو، لە هەردوو حاڵەت وێنای موسڵمانان واکرا ئیرهابیە و توندڕە و رێز لە مروڤ و ژیان ناگرێ!!!، لەژێرەوەش زۆرترین گرنگییان بەو گرووپ و تاقمانە دەدا کەبرە و بەو دیاردەیە دەدەن، هاوکاری ماددیی و مەعنەوییان دەکردن ، وەک داشی دامە چۆنیان بویستایە بەوشێوازە هەڵیان دەسوڕاندن دەیان بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیە لەمبارەیەوە، لێرەدا شوێنی ئەوە نیە باس لەو حاڵەتانە بکەین.

**خۆیان خاوەن و دروستکەری ئیرهابن!**

مێژووی سەرهەڵدانی ئیرهاب بەرامبەر مسوڵمانان بۆ هاتنی سەرەتای خۆری زانست و سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دەگەڕێتەوە، کاتێک ترس و توقاندن و کوشتن و برین و دەرکردنیان دەستپێکرد بەرامبەر بە پێغەمبەر (د.خ)، خودای گەورە دەفەرموێت: **وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ**الانفال: ٣٠. هەرچی شێوازی تۆقاندن بوو لە بەرامبەر پەیامی زانست و زانیاریی و فکر و دانایی بەکاریان هێنا و نەیانتوانی لە بەرامبەر پەیامێکی مرۆڤدوستانە بە شێوازی لۆژیک و زانست و عەقڵ هەنگاو بنێن، دەستیانبرد بۆ هەموو جۆرە تۆقاندنێک، ئەمە مێژووی تەواوی خاوەن بیرۆکە لاواز و دۆڕاوەکانە! چ لە کۆن و چ لە ئێستادا، هەرکات نەیانتوانی بە زانست و لۆژێک وەڵامبدەنەوە دەست بۆ توندڕەویی و تۆقاندن دەبەن.

دواتر لە قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە هەزاران خەڵکیان لە ئەورووپاوە تیرۆر و دەربەدەر کرد، بەنمونە زیاتر لە٤٠٠ هەزار جولەکەیان دەربەدەر کرد و هاتنە جیهانی ئیسلامی نیشتەجێبوون و لەژێر چەتری دەسەڵاتی سیاسیی و مسوڵماناندا حەوانەوە.

**شۆڕشی فەرەنسی سەرچاوەی ئیرهاب و توندڕەویە!**

هەمیشە بەبێ پێچ و پەنا لە سوشیاڵ میدیا و کەناڵ و نوسراوەکانمدا بە ڕاشکاوی و بەبێ پەردە ئاماژەم بەوە کردووە نەک نابێ ئیسلام و مسوڵمانان بە توقاندن و تێرور وەسف بکرێن، بەڵکو ئێمە سەرچاوەی ئاشتیی و ئارامیی و پێکەوەژیانین، ئەوان سەرچاوەی تیرۆر و تۆقاندن و نەهامەتیی و دژە مرۆڤن. بەداخەوە هەتا ئێستاش بەشێک لە مسوڵمانان و بیرمەندەکان هەر لە بەرگری کردندان لە ئیسلام، بەوەی کە ئایا ئیرهاب و توقاندنە یان نا؟ بەڕای ئێمە ئەمە هەڵوێستێکی لاوازە و ناحاڵی و نەشارەزاییە لە ئیسلام و جارجارەش ڕازیکردنی بەرامبەرە!.

ئیرهابی ڕاستەقینە سەرەتا شۆڕشی فەرەنسی

# زاراوەی ئیرهاب یەکێکە لە داهێنانەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، یەکێك لەوانەی بە ئاشکرا ئەمەی ڕاگەیاند (ڕۆبسبێر) بوو، حوکمی ئیرهابیدا لە فەڕەنسا لە ساڵی (1793 – 1794)

بەرهەمیهێنا، دیارە شۆڕشی فەڕەنسی لە ڕووە زانستییەکەیەوە خزمەتێکی زۆری کردووە، بەڵام لە ڕووە ئینسانییەکەیەوە بووە سەرەتایەکی زۆر خراپ بۆ بەرهەمهێنانی تۆقاندن و ئیرهاب، بەم بەڵگانە لە سەرچاوەکانی خۆیان دەیسەلمێنم:

١- زاراوەی ئیرهاب یەکێکە لە داهێنانەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، یەکێک لەوانەی بە ئاشکرا ئەمەی ڕاگەیاند [ڕۆبسبێر](١) بوو، حوکمی ئیرهابیدا لە فەڕەنسا لە ساڵی (١٧٩٣ – ١٧٩٤) لەو فەترەیە مێژوونووسێکی گەورەی فەرەنسی بەناوی [دۆناڵد غریر] لە نوسراوەکانی خۆیدا دەڵێت: (فرنسا اول دولة سيكولارية الارهاب فى عصر الحديث وبداية عصر الابادة الجماعية)(٢). واتە: (فەڕەنسا یەکەم دەوڵەتی ئیرهابی سیکولارە لە سەردەمی نوێدا، هەروەها سەرەتای چەرخی پاکتاوی کومەڵکوژیە).

٢- یەکێکی تر لەوانە کتێبێکە بەناوی (الإرهاب: حرب أهليه فى اليوره الفرنسيه)، مێژوونووسێکی گەورە و ناوداری بەریتانییە (دافید أندرس)(٣)، بە هۆلۆکۆستی سەردەمی باس دەکات دەڵێت: (وقصة أول هولوكوست في العصر الحديث، حيث كانت هذه الثورة في الحقيقة بداية عصر الإبادة الجماعية للمخالفين بالشكل الذي عرفه التاريخ الحديث) (٤). واتە( بەسەرهاتی یەکەم هۆلۆکۆست بوو لە چەرخی سەردەم، بەڕاستی ئەم شۆڕشە سەرەتای دەستپێکردنی کومەڵکوژی بوو بۆ نەیارەکانی بەشێوازێک کە مێژووی ئەم سەردەمە ناسیویەتی).

٣- پرۆفیسۆر (ئەلیکسندر غادی)(٥) کە مامۆستایە لە زانکۆی (سوربۆن)، دەڵێت: (حيث قال: أنه ليست: هناك كنيسة أو قصر أو مدينة في فرنسا لا تحمل آثار مثل هذا التخريب)(٦). واتە: بەڕاستی کەنیسەیەک یان قەسرێک یان شارێک نیە لە فەڕەنسا شوینەواری تێکدان و کاولکاری پێوە دیار نەبێت).

٤- لەناوبردن و تۆقاندن و کومەڵکوژیی و ڕەشکردنەوەی ناوچە و توێژێک: بەنمونە ناوچەیەک هەبوو بەناوی(فندييه) لە فەڕەنسا، کە ژمارەیان نزیکەی (٨١٥٠٠٠) هەزار کەس بوو، نزیکەی (١١٧) هەزار کەسیان لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە لەناوبرد و تیرۆریان کردن(٧)!

٥- توندڕەویی و تۆقاندنی قەزائی، بەناوی دادگاییکردنەوە (٣٠) هەزار کەسیان لەسێدارەدا، کە ژن و منداڵ و پەککەوتەی تێدا بوو(٨).

**سێ شێواز و ئایدیا جیاوازەکانی دروستکەری ئیرهاب لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

ئەوەی تۆزێک ویژدانی هەبێت و دیراسەیەکی لۆژیکی بۆ شێوازەکانی حوکمڕانی چەپگەریی

و سەرمایەداریی و عەلمانیەت بکات بۆی دەردەکەوێت کە ئەوان دروستکەری ئیرهابن و بە ئیسلام و مسوڵمانانیانەوە لکاندووە.

شێوازی یەکەم: شێوازی یەساری: چەپگەری سۆڤیەت، شێوازی حوکمڕانی یەساری (ئیشتراکیەت) سۆڤیەت سەرپەریشتی دەکات، ئەم جۆرە حوکمڕانییە بە دوو قوناغ دەستپێدەکات:

قۆناغی یەکەم: سەردەمی لینین، لینین سەرەتای تۆقاندن و توندڕەوی بوو لە ماوەیەکی کەمدا (١٣) هەزار کەسی بە (٣) مانگ کوشت.

قۆناغی دووەم: سەردەمی جوزیف ستالین، ئەم قۆناغە توندتر بوو لە قۆناغەکەی تر، نیکیتا خروشوف دەڵێت: (ان القمع الذي مارسه ستالين على الشعب السوفياتي كان بمثابة الحتمية التاريخية)، واتە: بەڕاستی ئەم توقاندن و پاکتاوەی ستالین پەیڕەوی کرد لەسەر گەلی سۆڤیەت لە ڕوداوە مێژووییەکانە. بەشێوەیەک تەنها لە قەوقاز دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەسی کوشت.

شێوازی دووەم: شێوازی دکتاتۆریەت، هەردوو دەسەڵاتی فاشی ئیتاڵی و نازی ئەڵمانییەکان دەگرێتەوە، بزوتنەوەی نازی بزوتنەوەیەکی عەلمانی سیکۆلاری دیکتاتۆری بوو، ئەم بزوتنەوەیە سەر بە ئیسلام نیە سەر بە عەلمانیەتە، خرۆشۆف دەڵێت: (ومن الواجب أن نسير في قسوة لا هوادة فيها ولا رحمة ولا تردد ولا مثيل لها)(٩). دەڵێت: (ئەم جەنگەی کە دەستپێدەکات نابی هیچ نەرم و نیانی و ڕەحم و بەزەیی و دودڵی تیدا بێت بە شیوازێک وێنەی نەبێت).

بەشێوازیک بێت نە ڕەحمی تێدابێ، بەوپەڕی دڵڕەقی بێ، ئایا ئەمە عونفە یان ئیرهابە؟ ئایا مسوڵمانان کردویانە؟ یان بزوتنەوەیەکی نازیی و عەلمانی؟

هەر لە جەنگەکانی ئەڵمانیا، تەنها لە فەڕەنسا (٢٩٦٦٠)کەسی دیلیان کوشت، هیچ کەس ڕەهایین ناکوژێت ئەوان کوشتییان(١٠).

شێوازی سێیەم: سستەمی سەرمایەداری عەلمانی (الرأسماليه).

سستەمی سەرمایەداری ئێستا ئەمەریکا سەرپەرشتی دەکات، لە هیرۆشیما و ناکازاکی نزیکەی (٧٨١٥٠ ) هەزار کەس کوژران، هەروەها (٤٠) هەزار کەس بریندار‌بوون! زیاتر لە (١٤) هەزار کەس بزربوون. هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی ئەوان هەڵیانگیرساند، با ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە ئیرهاب کێ خاوەنیەتی؟ ئەوەتا لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٥) ملیۆن کەس کوژراوە و لە جەنگی دووەمی جیهانیش (٥٤) ملیۆن کەس(١١).

## دەرئەنجام

- جیهان لە بیری چووە لە یەک سەدەدا عەلمانیەت خاوەنی تۆقاندن و ئیرهاب و کوشتنی ١٦٣ ملیۆن مرۆڤە!!! خاوەنی خوێن و کاولکاریی و تێکدان و برسێتی و کوشتن و بڕین تیرۆر و توقاندنە.

- جیهان لە بیری چووە دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەوخۆی خۆیان یان سێبەرەکانیان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی کۆمەڵگوژی و پاکتاوی ڕەگەزین.

- جیهان لە بیری چووە ئەم سەدەیە سەدەی خوێنڕشتن و تۆقاندن و کاولکارییە.

- جیهان لە بیری چووە دەسەڵاتی سیاسی ئەم سەدەیە لە دەستی مسوڵمانناندا نیە و ئەوان خاوەنین، هەر توقاندنێک ڕوودەدات هەر ئەوانن.

- جیهان لە بیری چووە بە درێژایی (١٣) سەدە ئارامترین و خۆشگوزرانترین توێژ بێباوەڕ و میللەتانی تر بوون لەژێر چەتری دەسەڵاتی سیاسی مسوڵمانان.

- جیهان لە بیری چووە ئەنانیەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر مروڤەکان و دڵپاکی و نیازپاکی مسوڵمانان لە ڕووی پێگەیاندن و خزمەت و بڵاوکردنەوەی زانست بۆ هەموو جیهان بەبێ جیاوازی، لە بەرامبەردا ئەوان شەڕ بۆ ئێمە دەهێنن و زانست و ئارامی بۆ ئەوان...هتد.

ئێستا بڕیار بدەن ئیرهاب لکێندراوە بە ئیسلام و مسوڵمانانەوە یاخود نا؟

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


– ماکسمیلیان ڕوبسبیر ، ١٧٩٤ – ١٧٥٨، پارێزەر و سیاسییەکی گەورەی شۆڕشی فەڕەنسی بوو.

٢ – ألبير سوبول: التاريخ الأسود للثورة الفرنسية.

٣ – دافيد أندرسن، فەلەکناس و فیزیاییەکی ئەمریکیە ، ١٩٠٥ – ١٩٩١.

٤ – دافيد أندرس: الإرهاب حرب أهلية في الثورة الفرنسية.

٥ – رافائيل بيهر: الثورة الفرنسية ملهما للطغاة.

٦ – ألبير سوبول: التاريخ الأسود للثورة الفرنسية.

٧ – لريتالد سيشير: «فانديه – من الإبادة الجماعية إلى إبادة الذاكرة.

٨ – راونو اسكاند: لتاريخ الأسود للثورة الفرنسية.

٩ – مذكرات : نيكيتا خروشوف.

١٠ – تاريخ فرنسا المعاصر.

١١ – https://ar.wikipedia.org/wiki/٪



# بابەتی گشتیی



# پەرەسەندنی مێژوویی مزگەوتەکانی هەڵەبجە




عادل صدیق عەلی

مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە، خاوەنی چوار بەرهەمی چاپکراو و ژمارەیەک توێژینەوەی بڵاوکراوەیە

کورد وەک گەلێک کە زۆرینەی خەڵکەکەی مسوڵمانن و پابەندی بنەماکانی ئایینی ئیسلامن لە هەر جێگایەک ئاوەدانی دروست کردبێت لە شێوەی شار و گوند یان بەر لە دروستکردنی ماڵ و خانووی خۆی یاخود ڕاستەخۆ دوای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە هەستاوە بە دروستکردنی مزگەوت لە و ناوچەی کە تیایدا نیشتەجێ بووە.

بە وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ناوچەی هەڵەبجە یەکێک بووە لە مەڵبەندە ئاینییە دیارەکانی کوردستان، بەشێوەیەک ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە ئاینییەکان لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتوون، لەوانە قوتابخانەکانی: هەڵەبجە، تەوێڵە، بیارە، خورماڵ، خەرپانی، بیاوێڵە، عەبابەیلێ، سازان، پریس، بێژاوا، ئەحمەدبرندە، نێرگسەجاڕ، چرۆسانە....هتد(١)، هەندێک لەم قوتابخانانە هاوزەمانی یەک بوون و هەندێکیشیان بەهۆکاری جیاجیا چەند جارێک وێرانبوون و دواتر ئاوەدانکرانەتەوە.

پیرمحەمەد کە کۆنترین گەڕەکی شارەکەیە لەگەڵ دروستبوونیدا مزگەوتی گەورە(جامیعە)(٢) کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی گەڕەکەکەوە لەلایەن شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ محەمەدە کۆسە کە دەکاتە باوکی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی(٣) دروستکراوە، ئەگەرچی لە ڕووی کەش و هەواوە ناوچەکە زۆر گونجاو بووە بۆ نیشتەجێبوون، بەڵام وادیارە ڕووداوە سیاسیی و سەربازییەکان کە خۆیان لە ململانێ بەردەوامەکانی ئێرانی - عوسمانی لەلایەک و بابان و ئەردەڵان لەلایەکی تردا دەبینییەوە کاریگەری زۆریان لەسەر گەورە نەبوونی شارەکە داناوە هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان مێژووی دروستکردنی مزگەوتی گەورە بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەژدە و دروستر بۆ ساڵانی (١٧١٢-١٧١٣ز) دەگەڕێتەوە، ئەوە لەکاتێکدا دووەمین مەڵبەندی ئاینی لە شارەکەدا کە بنیاتنراوە بریتییە لە مزگەوتی تەکیەی ئەمڕۆ کە مێژووی بنیاتنانەکەی بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، مزگەوتی ناوبراو لەلایەن سەید نەسروڵڵاوە دروستکراوە، لە سەرەتاشدا تەکیە بووە نەک مزگەوت(٤).

بە سەرنجدان لە سەرچاوە مێژووییەکان ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە گەشەی مرۆیی شار و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی زۆر هێواش و لەسەرخۆ بووە، وادیارە شەڕ و ململانێ بەردەوامەکان بەتایبەتی ئەوەشی کە هەڵکەوتەی جوگرافی هەڵەبجە دەکەوتە دوا خاڵی سنووری بابان لەسەرەتا و دواتریش دەوڵەتی عوسمانی(لە دوای ڕووخانی بابان) یەکێک بووە لە هێڵە گەرمەکانی شەڕی نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەکان و بە بەردەوامی مەیدانی شەڕی لایەنە ناکۆکەکانی ناوچەکە بووە، ئەوەش بەتەواوەتی بڕستی لە دانیشتوانی ناوچەکە بڕی بوو، بواری گەشەکردنی شاری وەک پێویست نەداوە.

بەڵام ئەم حاڵەتە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی داوای لە عەشیرەت جاف کرد لە ناوچەکانی شارەزووردا نیشتەجێ ببێت و بە فەرمانێکیش کە لە ١٨٦٩/١١/٢٤ دا دەریکردووە محەمەد بەگ (تا ئەوکاتە پلەی پاشایەتی وەرنەگرتووە)ی سەرۆکی عەشیرەتی جافی کرد بە قایمقامی هەڵەبجە.

ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەگزادە و خەڵکێکی زۆری سەر بە عەشیرەتی جاف لەو شارە و دروستبوونی گەڕەکێکی نوێ لە شارەکەدا(٥).

محەمەد پاشا یەکێک لەو کارانەی کە دوای دەستبەکاربوونی لە شارەکەدا ئەنجامیدا بنیاتنانی مزگەوتێک بوو، کە دواتر بە (مزگەوتی پاشا) ناسرا، لەمبارەیەوە کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف دەڵێت: پێنجوێن و ئەڵەبجە، کە ئێستە دوو قەصەبەن، لە پێش محەمەد پاشادا دوو دێی بچووک بوون ئەو

کردنی بەشار، قەیسەریی و حەمام و چایخانەی تێداکردن.... دوو مزگەوتیشی هەیە، یەکێ لە ئەڵەبجە و یەکێ لە پێنجوێن، مزگەوتی ئەڵەبجەی ئێستەش دەوام ئەکا...هتد)(٦)، تەنانەت قوتابخانە ئاینییەکەی نێو مزگەوتی هەڵەبجەی بەناوی محەمەد پاشای جاف خۆیەوە ناسرابوو(٧).

لەوە بەدوا پاشا و بەگزادەکانی جاف وەک چۆن پەیوەندی زۆرباشیان لەگەڵ زانایانی ئاینی سنوورەکەدا هەبوو هەربەوچەشنەش رۆڵێکی گرنگیان بینی لە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی قوتابخانە ئاینییەکانیان، لەو ڕووەوە جێدەستییان دیار و بەرچاوە(٨).

بەوشێوەیە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە هەڵەبجە جگە لە دوو مزگەوت و تەکیەیەک و (کەنیشتە)یەکی جولەکەکان هیچ مزگەوت و مەڵبەندێکی دیکەی ئاینی تێدا نەبووە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستدا (١٩٠٠) عادیلەخانم کە بە خانمی وەسمان پاشا ناسرا بوو لە بەشی خوارەوەی گەڕەکی پیر محەمەد مزگەوتێکی نوێی بنیاتنا کە دواتر بە مزگەوتی (خانم) ناسرا(٩). بەپێی گێڕانەوەکانی (ئەحمەد محەمەد ئەمین) مزگەوتەکان کەوتبوونە کەناری شارەوە و لە پشتیانەوە خانوو ماڵ نەبوو، یان باخ بوو یاخود کشتوکاڵ(١٠).

محەمەد، جولەکان، پاشا، سەرا(١١)، سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو گەڕەکانەش تۆمارەکانی سەردەمی عوسمانی و ئاماری ئینگلیزەکان ژمارەی جیاوازمان پێ دەڵێن، بەنمونە شەمسەدین سامی(١٨٩٥) ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزای گولعەنبەر(هەڵەبجە)ی بە (٣٠٠٠)کەس لەقەڵەمداوە(١٢)، بەڵام تۆمارێکی تری دەوڵەتی عوسمانی کە مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکەی بە (٧٠٠٠)کەس داناوە(١٣)، ئەوە لەکاتێکدا بەپێی سەرژمێرییەکی ئینگلیزەکان کە لە ساڵی ١٩١٩دا ئەنجامیانداوە ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە بریتی بووە لە (٦٥٠٩)کەس(١٤).

هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٣١دا گەڕەکێکی دیکەی بەناوی(کانییە قوڵکە) بۆ سەربارببوو، بەوتەی (ئەحمەد محەمەد ئەمین)، (مەلا ئەحمەدی قاوەگیر) یەکەم کەس بوو کە خانووی لەو گەڕەکەدا دروستکرد و دواتر بوو بە بناغەی گەڕەکە نوێیەکە(١٥). دوو ساڵ دواتر شاکیر فەتاح(ئابی ١٩٣٣) لەو گەشتەیدا کە بۆ هەڵەبجە و هەورامان ئەنجامیدا، ژمارەی ماڵەکانی هەڵەبجەی بە نزیکەی (٥٠٠) خانوو خەمڵاندووە(١٦).

سەرباری ئەو گەشەکردنە هێواشەی شار، بەڵام ئێمە لە تۆمارە مێژووییەکاندا هەتا چلەکانی

| | | | |
|---|---|---|---|
| مزگەوتە یەکەمینەکانی هەڵەبجە | | | |
| ژمارە | ناوی مزگەوت | ساڵی بنیاتنان | شوێن |
| ١ | مزگەوتی گەورە(جامعە) | ١٧١٢-١٧١٣ز | پیر محەمەد |
| ٢ | تەکیە | نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە | جولەکان |
| ٣ | پاشا | دەیەی حەفتاکانی سەدەی نۆزدە | پاشا |
| ٤ | خانم | ١٩٠٠ | پیر محەمەد |

لەو سەرەتای سەدەی بیستەدا وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن هەڵەبجە دابەش ببوو بەسەر چەند گەڕەکێکدا کە بریتی بوون لە: پیر

سەدەی ڕابردوو ناوی هیچ مزگەوتێکی دیکە جیا لەوانەی پێشوو نابیستین و بەرچاومان ناکەوێت کە لە شارەکەدا بنیاتنرابێت، بەڵام دواتر

بەهۆی دروستبوونی گەڕەکێکی نوێوە بەناوی (کانی عاشقان) مزگەوتێکیش(١٩٤٣) لە هەمان گەڕەک بنیاتنرا، مزگەوتە نوێیەکە لە سەرەتادا بە (مزگەوتی تازە) و دواتر بە (کانی عاشقان) و لەکۆتایشدا بە (مزگەوتی مەلا ساڵح) ناسرا(١٧)، هۆکاری ناونانەکەشی بەناوی مەلا ساڵح ئەوە بووە کە لە سەرەتای دروستکردنی مزگەوتەکەوە هەتا ڕوودانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە مامۆستای ناوبراو پێشنوێژی مزگەوتەکە بووە. دواتریش (خانەقای حاجی شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی) لە ساڵی ١٩٤٨ بە دووری نزیکەی (٥٠ بۆ ١٠٠) مەترێک لە نزیک هەمان مزگەوت دروستکراوە کە ڕۆڵی مزگەوتیشی بینیوە، خانەقاکە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە(١٨).

هەرچی سەبارەت بە دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووە ئەوا تەنها چوار مزگەوت لە شارەکەدا بنیاتنراون، کە ئەوانیش بریتین لە: ئەحمەدی(١٩)، کە دەکەوێتە گەڕەکی جولەکانەوە و دوای گەڕانەوەی جولەکەکانی دروستکرا، هەروەها دارالاحسان (١٩٥٥) لە گەڕەکی کانییە قوڵکەی تازەی دروستبوو دروستکراوە، هەروەها مزگەوتی دارالسلام (١٩٥٦) کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی گەڕەکی پیرمحەمەد، لەگەڵ گەشەکردنی شار و زیادبوونی ژمارەی ماڵەکانی گەڕەکی پیر محەمەد بە ئاراستەی بەشی باشووری شارەکە ئەم مزگەوتە نوێیەش درووستکرا، هەرچی سەبارەت بە مزگەوتی چوارەمە، دروستکردنەکەی هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانی سستمی حکومڕانی لە عێراق لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماریی(١٤ی تەموزی ١٩٥٨)، وادیارە هەڵەبجەش بەدەر نەبووە لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و کاریگەری ئەو ڕووداوە مێژووییە، هەربۆیە دوابەدوای ئەو ڕووداوە مزگەوتێکی نوێ لە شارەکەدا لە سەروو مزگەوتی گەورە(جامیعە)وە بە دووری (١٠٠ بۆ ٢٠٠) مەترێک دروست دەکرێت و بەناوی سستمە نوێیەکەوە ناودەنرێت (جمهوری)، بەوشێوەیە بەهۆی گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ ئیسرائیل و دروستبوونی ئەو چەند گەڕەکە نوێیەوە ئەو چوار مزگەوتە نوێیەش لە شارەکەدا بنیاتنران.

سەبارەت بەدەیەی شەستەکانیش، لەگەڵ فراوانبوونی شار و دروستبوونی گەڕەکە نوێیەکاندا چەند مزگەوتێکی نوێش لە شارەکەدا دروستکران، ئەگەر بە وردی لە مێژووی دروستبوونی ئەو مزگەوتانە ڕابمێنین دەبینین هەم گەشەکردنی شار (لەبەر گەلێک هۆکار) و هەم زیادبوونی ژمارەی مزگەوتەکانیشی ناسرووشتی بوون، بەشێوەیەک هەندێک جار دوای دروستبوونی گەڕەکێک بە چەند ساڵێک دواتر دانیشتوانی ئەو گەڕەکە هەستاون بە دروستکردنی مزگەوتێک لەنێو گەڕەکەکەیاندا، وەک لە حاڵەتەکانی دواتردا بەرچاو دەکەوێت، یاخود هەر لە سەرەتای دروستکردنی چەند ماڵێکدا کە دواتر بووە بە بناغەی دروستکردنی گەڕەکێکی نوێ لە شارەکەدا مزگەوتێکی نوێ دروستکراوە، بەنمونە ماوەی دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەردوو مزگەوتی ئیمامی غەزالی (١٩٦٧) و مزگەوتی شێخ ئیسماعیل (١٩٦٩) دروستکراون(٢٠).

لە سەرەتای حەفتاکانیشدا دوو مزگەوتی نوێ بەناوەکانی: شافیعی(١٩٧٠) و حاجی محەمەد(٢١)(١٩٧١) کران، دروستکردنی هەردوو مزگەوتی ناوبراو دیسان پەیوەندی بە زیادبوون و دروستبوونی کۆڵان و گەڕەکی نوێوە هەبوو لە شارەکەدا، یەکەمیان دەکەوتە بەری ڕۆژهەڵاتی شار، ئەوەش دوای ئەوەی کە شار بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی شار دەستی بە گەشەکردن کردووە، دووەمیشیان بە دووری چەند سەد مەترێک لە خوارووی مزگەوتی غەزالیی و لە بەشی باشووری شارەکەدا دروستکراوە.

### ئەو مزگەوتانەی کە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٨) دروستکراون

لە چوارچێوەی پلانی ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکانی کوردستاندا کە ڕژێم ناوی لێنابوو پشتێنەی ئاسایش(١٩٧٨)، نزیکەی (٩١) گوند لە سنووری قەزای هەڵەبجە ڕاگوێزران، دانیشتوانی ئەو گوندانە لە پێنج ئۆردووگای زۆرەملێدا کە ڕژێم ناوی لێنابوون گوندی هاوچەرخ کۆکرانەوە و نیشتەجێ کران، دوو لەو ئۆردووگایانە بە تەنیشت ناوەندی شاری هەڵەبجەوە دروستکران، کە ئەوانیش بریتی بوون لە ئۆردووگاکانی عەنەب(٢٢) و زەمەقی، یەکەمیان دەکەوتە بەشی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی شار و ئەوی دیکەشیان دەکەوتە بەشی باشووری شارەکەوە، ئەم دوو ئۆردووگایە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دانیشتوانی ئەو گوندە ڕاگوێزراوانەیان تێدا نیشتەجێ کرا، لەنێو ئەو خزمەتگوزارییە سەرەتاییانەدا کە ڕژێم لەنێو ئۆردووگاکاندا دروستیکرد، دروستکردنی تاکە مزگەوتێک بوو لە هەر ئۆردووگایەکدا، بەڵام دواتر خەڵکی ژمارەیەک مزگەوتی دیکەیان لەنێو ئۆردوگاکاندا دروستکرد.

جێی خۆیەتی کە بڵێین هاوزەمان لەگەڵ دروستکردنی ئەو دوو ئۆدووگا زۆرەملێیانە و ئەو مزگەوتانەی ناویان، ژمارەی گەڕەکەکانی هەڵەبجەش بەخێرایی ڕووی لە زیادبوون کرد، چونکە بەشێک لەو خەڵکانەی کە لە ئۆردووگاکاندا نیشتەجێکران دواتر لەنێو شاریشدا خانوویان دروستکرد یاخود هەر لە سەرەتاوە نەچوونە نێو ئۆردووگاکان و لە کەنارەکانی شاردا دەستیان بە دروستکردنی گەڕەکی نوێ کرد، لەگەڵ زیاتر بوونی ژمارەی گەڕەکەکاندا ژمارەیەک مزگەوتی نوێش دروستکران، بەگشتی ئەو مزگەوتانەی کە لە دوای ڕاگوستنی گوندە سنوورییەکان لەنێو ئۆردووگاکانی زەمەقی و عەنەب و گەڕەکە نوێیەکانی شاردا دروستکران، بریتین لەمانەی خوارەوە:

| ژمارە | ناوی مزگەوت | ساڵی بنیاتنان | شوێن |
|---|---|---|---|
| ١ | بیلالی حەبەشی | ١٩٧٨/ ١٣٩٩ك | ئۆردووگای عەنەب |
| ٢ | شێخ عیززەدین | ١٩٧٩/١٣٩٩ك | ئۆدووگای زەمەقی |
| ٣ | ئوسامەی کوڕی زەید | ١٩٨٢ | ئۆدووگای عەنەب |
| ٤ | موسعەبی کوڕی عومەیر | ١٩٧٩/١٤٠٠ك | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ٥ | خالیدی کوڕی وەلید | ١٩٨٠ یان ١٩٨٢ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ٦ | حەمزە | ١٩٨٠ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ٧ | ئەبوبەکری صدیق | ١٩٨٠/١٤٠٠ك | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ٨ | دارالایمان(٢٣) | ١٩٨٠ ١٩٨١ | ئۆردووگای زەمەقی |
| ٩ | رسول الله | ١٩٨٠ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٠ | عوسمانی کوڕی عەففان | ١٩٨١ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١١ | گەیلانی | ١٩٨١ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٢ | دارالسفاء | ١٩٨٢ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٣ | عومەری فاروق | ١٩٨٢ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٤ | ئیمامی عەلی | ١٩٨٢ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٥ | **حذیفة**(٢٤) | ١٩٨٢/١٤٠٢ك | (ئۆردووگای زەمەقی) |
| ١٦ | ئیمامی بوخاری | ١٩٨٣ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٧ | گوڵان | ١٩٨٤ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٨ | حاجی کەریم | ١٩٨٤ | گەڕەکە نوێیەکانی شار |
| ١٩ | شێخ مەعروف نێرگسەجاڕی | ١٩٨٥/١٤٠٥ك | ئۆردووگای زەمەقی |
| ٢٠ | فورقان | ١٩٨٥/١٤٠٥ك | ئۆردووگای زەمەقی |
| ٢١ | صالحین | ١٩٨٥ ١٩٨٦ | ئۆردووگای زەمەقی |
| ٢٢ | ئیمام مالیک | ١٩٨٦/ ١٤٠٦ك | گەڕەکە نوێیەکانی شار |

# پاشا و بەگزادەکانی جاف ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بنیاتنان و هاوکاریکردنی مزگەوتەکانی سنووری هەڵەبجەدا

جێی خۆیەتی کە بڵێین، ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە لە گوندەکاندا وێران و خاپوور کران زۆر زیاتر بوون لە ژمارەی ئەو مزگەوتە نوێیانەی کە ڕاگوێزراوەکان لە ئۆردووگاکانی زەمەقی و عەنەب و گەڕەکە نوێیەکانی شاردا دروستیان کردوون، چونکە ژمارەی گوندەکان بە دەیان بوون و هەریەکەشیان خاوەنی مزگەوتی تایبەت بەخۆیان بوون، ئەوە لەکاتێکدا ژمارەی مزگەوتە بنیاتنراوەکانی ناو شار ئۆردوگاکان کە ڕاگوێزراوەکان دروستیان زۆر لەو ڕێژەیە کەمتر بوو.

**ئەو مزگەوتانەی کە لە نێوان سالانی (١٩٩٢-٢٠٠٣) دروستکراون**

لە دوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە شار بوو بە وێرانە، خەڵکەکەی هەتا دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پاشاکشەی سوپا و دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقی لە ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و سنووری هەڵەبجە بەتایبەتی نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان، هەروەک زۆربەی مزگەوتەکانی شاریش بەهەمان شێوەی خانووی ماڵان و بینای دامودەزگاکانی حکومەت ڕووبەڕووی شاڵاوی کاولکاریی و وێرانبوون بوونەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین و گەڕانەوەی خەڵکی بۆ شارەکە هەروەک چۆن دەستیان کردەوە بە سەرلەنوێ دروستکردنەوەو بنیاتنانەوەی ماڵ و خانووەکانیان(٢٥) هەربەوچەشنەش دەستی ئاوەدانکردنەوەیان گەیاندەوە بە مزگەوتەکانی شار، بەڵام ئەگەر تەماشای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بکەین دەبینین جگە لە چەند مزگەوتێکی کەم هیچ مزگەوتێکی نوێ لە شارەکەدا بنیاتنەنراوە، چونکە خەڵکی بە درێژایی ئەو ساڵانە سەرگەرمی بنیانانەوە و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتە وێرانکراوەکانی شار بوون، ڕەنگە ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبێت، کە گرنگترینیان بریتین لە مانەی خوارەوە:

١. دوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە خەڵکەکەی ئاوارەی وڵاتان و شاران بوون و کران بە ئاردی ناو درک، دوای لێبوردنە گشتییەکەی حکومەتی عێراق، حکومەت نەک هەر بواری ئەوەی نەدا کە خەڵکی ناوچەکە بگەڕێنەوە شارەکەیان، بەڵکو ناوچەکەی کرد بە ناوچەکەیەکی سەربازی قەغەکراو، تەنانەت سەدام حسەین بە فەرمانێک هەڵەبجەی لەسەر نەخشەی عێراق سڕییەوە، ئەوەش وایکرد بەشێکی زۆر لە خەڵکی شارەکە لەو وڵات و شار و ناوچانەی کە دوای کیمیاباران لێی گیرسابوونەوە نیشتەجێ ببن و جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان(٢٦).

٢. لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەو خەڵکانەی کە گەڕانەوە سەرقاڵی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ماڵ و خانوو و مزگەوتە کۆنەکانی خۆیان بوون، نەک بنیاتنانی گەڕەک و مزگەوتی نوێ.

٣. خراپی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە بە درێژایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەوپێیەی کە بەشێکی زۆری شەڕی ناوخۆ خزێنرایە سنوورەکە، بڕستی لە خەڵکی شارەکە و سنوورەکە بڕی بوو، تەنانەت ژمارەیەک لەو خەڵکانەشی کە گەڕابوونەوە بۆ شارەکە ناچاربوون بەجێی بهێڵن و ڕوو لە شارەکانی تر بەتایبەتی سلێمانی بکەن و لەوێ بگیرسێنەوە و نیشتەجێ ببن.

ئەو فاکتەرانە وایانکرد بەدرێژایی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم نەک هەر شار ڕوو لە گەشەکردن و فراوانبوون نەکات، بەڵکو ڕوو لە پوکانەوەی زیاتر بکات، لەبەرئەوە دەبینین بە درێژایی ئەو دەیە تەنها چوار مزگەوت ئەوانیش لەنێو گەڕەکە کۆنەکانی شاردا دروستکراون، کە بریتی بوون لە:

| ژمارە | ناوی مزگەوت | ساڵی بنیاتنان | شوێن |
|---|---|---|---|
| ١. | صدیق | ١٩٩٦ | ناو شار |
| ٢. | عومەری کوڕی خەتاب | ١٩٩٧ | ناو شار |
| ٣. | نور | ١٩٩٩ | ناوشار |
| ٤. | ڕەییان | ٢٠٠١ز/١٤٢١ك | ئۆردووگای عەنەب |

لەوە بەدوا هەتا ساڵی ٢٠٠٣ ڕەوشەکە نەک هەر ئاسایی نەبووەیەوە، بەڵکو گرووپ و ڕێکخراوی دیکەی چەکداری ناتەبا لەنێو یەکدا بۆ سنوورەکە سەربباربوو، ئەوەش بارگرانییەکی ئێجگار گەورەی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دروستکردبوو، خەڵکی ناوچەکە بەتەواوی بێزار و ماندوو ببوون بەدەست ململانێ سیاسیی و چەکدارییە تاقەت پڕوکێن وماڵوێرانکەرەکانەوە سنوورەکەوە، بۆیە شارەکە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ و ئەو هەلومەرجە نوێیەی لە عێراق بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی بەدیهات گەشەکردنێکی وای بەخۆیوە نەبینی، گەڕەک و مزگەوتی نوێش لە شارەکەدا دروست نەکران.

## گەشەکردنی ناسرووشتی ژمارەی گەڕەک و مزگەوتەکانی هەڵەبجە (٢٠٠٣-٢٠١٨)

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەهۆی ئاساییوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە و نەمانی گرووپە چەکدارییەکان لە سنوورەکە و گۆڕانی بارودۆخی ئابووری خەڵکی بەهۆی ئەو هەلومەرجە نوێیەی لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هاتە ئاراوە، نەک تەنها هەڵەبجە، بەڵکو تەواوی شارەکانی کوردستان ڕووبەڕووی گەشەکردنێکی ناسرووشتی خێرای بێ بەرنامە و نەخشە بوونەوە، فاکتەری سەرەکیش بۆ ڕوودانی ئەم حاڵەتە بریتی بوو لە:

١. باشبوونی ڕەوشی ئابووری خەڵکی.
٢. کۆچی بەلێشاوی گوندنشینان بۆ شارەکان.
٣. بێ پلان و بەرنامەیی حکومەت لە بەرامبەر ئەو گەشەکردنە خێرا و کتوپڕەی کە ڕووی لە شارەکان کرد، هەروەک گەشەکردنەکە بەپێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو لەبری ئەوەی شار لەسەر ئاستی ستوونی گەشە بکات، بۆئەوەی زۆرترین خەڵک لە کەمترین ڕووبەردا نیشتەجێ ببن، کە ئەوە سوودێکی ئێجگار گەورەی بۆ خەڵک و حکومەت و ئاستی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچە نوێیانە هەیە، شارەکان زۆر بەخێرایی لەسەر ئاستی ئاسۆیی گەشەیان کرد، ئەوەش بارگرانییەکی گەورەی بۆ حکومەت و خەڵکیش دروستکرد.

هاوزەمان لەگەڵ ئەم گەشەکردنە ناسرووشتییەی شارەکاندا ژمارەی مزگەوتەکانی شارەکانیش دوور لە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت ژمارەیان زۆر بەخێرایی زیادیان کرد، هەڵەبجە نمونەیەکی هەرە بەرچاوی ئەم حاڵەتەیە، ئەو مزگەوتانەشی کە لەم ماوەیەدا لە هەڵەبجە دروستکراون بریتین لەمانەی خوارەوە:

| ناوی مزگەوت | ساڵی بنیاتنان |
|---|---|
| النبی | ٢٠٠٤ |
| بەهەشت | ٢٠٠٥-٢٠٠٦ |
| بەختیاری | ٢٠٠٦ |
| قازی محەمەد | ٢٠٠٧ |
| شێخ عارفی تاوێرەیی | ٢٠٠٧ |
| حاجی قادری ئیمامی | |
| فیردەوس | ٢٠٠٩ |
| سەلاوات | ٢٠١٠ |
| کوردستان | ١٤٣١/٢٠١٠ک |
| حاجی شەهلای حەمەی فەرەج | ٢٠١٠ |
| مەحوی | ٢٠١١ |
| وەیسی قەرەنی | ١٤٢٣/٢٠١١ک |
| هاوکاری | ١٤٣٣/٢٠١٢ک |
| مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | ١٤٣٤/٢٠١٣ک |
| شێخ محەمەدی خاڵ | ١٤٣٤ /٢٠١٣ک |
| کاک ئەحمەدی موفتی زادە | ١٤٣٥/٢٠١٤ک |
| نورسی | ٢٠١٤ |
| الله اکبر | ١٤٣٥/٢٠١٤ک |
| حاجی ساڵح | ٢٠١٤ |
| مەدینە | ٢٠١٧ |
| قباء | ٢٠١٥ |
| ڕاشیدین | ٢٠١٠ |
| ئیمام ئەحمەد | ٢٠١٢ |
| ئاشتی | ٢٠١٦ |

جیا لەمانەش دوو مزگەوتی دیکەش چەند ساڵێکە دروستکراون، بەڵام تەواو نەکراون، یەکەمیان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەکە و نزیکە لە پارکی گەورەی شار، دووەمیشیان دەکەوێتە نێوان گوندی هەسەن ئاوا و قوتابخانەی شەهید عەبدولڕەحمان.

**ئەنجام**

ئێمە وەک توێژەر دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام، کە دەکرێت لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان بکەین، ئەگەرچی توێژینەوەکە و سەرنجەکانیش لەوە زیاترییان بە بەرەوە هەیە کە ئێمە لێرەدا لێی دواوین و خستوومانەتە ڕوو:

* یەکەمین کاری ئەوانەی کە هەڵەبجەیان ئاوەدانکردەوە بریتی بوو لە بنیاتنانی مزگەوتێک کە ئەویش مزگەوتی گەورە(جامیعە)یە، تەنانەت هەر خۆیان زانای ئایینی بوون.

* وەک ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان پێکردووە لە دوای ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، شارەکە و سنوورە جوگرافییەکەی بوون بە یەکێک لە مەڵبەند و ناوەندە گرنگە ئاینییەکانی باشووری کوردستانی ئەمڕۆ، بەشێوەیەک دەیان قوتابخانەی ئایینی لە سنورەکە هەبوون، لەنێو ئەو قوتابخانانەدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە گەورە زانایان وانەیان گوتووەتەوە و خەڵکیان پێگەیاندووە.

* هەتا ئەو کاتانەی کە گەشەکردنی شار سرووشتی و لەسەرخۆبوو، ژمارەی مزگەوتەکانیش کەمبوون، تەنانەت ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام بەهۆی ئەو فراوانبوون و گەورەبوونە ناسرووشتییەی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٨) و (٢٠٠٣-٢٠١٨) ڕوویدا ژمارەی مزگەوتەکانیش زۆر بەخێرایی زیادیان کرد.

* لە هەندێک جێگادا نێوانی مزگەتەکان لە چەند سەد مەترێک تێپەڕناکات، بەبێ ئەوەی ئەو گەڕەکانە پێویستییان بە بنیاتنانی مزگەوتی

نوێ هەبێت، ئەوە لەکاتێکدا ئەو گەڕەکانە ئاتاجی خزمەتگوزاری دیکەی جۆراوجۆری زۆر پێویست بوون، تێگەیشتنی هەڵەی باوی ئاینی خەڵک بۆ دروستکردنی مزگەوت و خۆبەدوورگرتن لە کار و پرۆژەی وەک بنیاتنانی: قوتابخانە، نەخۆشخانە، دایەنگا، باخچەی ساوایان، پارک، باخچە، پرد، ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ...هتد وایکرد ژمارەی مزگەوتەکان زۆر زیاتربن بە بەراورد بە پرۆژەکانی دیکە، ئەوە لەکاتێکدا ئاینی ئیسلام دوورە لەم تێڕوانینە هەڵە و بنیاتنانی ئەو کار و پرۆژانەی دیکە لە ڕووی ئاینییەوە ئەگەر خێریان لە مزگەوت زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نییە.

* گوێ نەدان بە مەرج و ڕێنماییەکانی حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەکاتی بنیاتنانی مزگەوتەکاندا، بەنمونە: دووری نێوان مزگەوتەکان، شێواز و کوالیتی مزگەوتەکان و ڕووبەریان، لەگەڵ ئەوانەشدا نەبوونی هاوکاریی و پەیوەندی لە نێوان دام و دەزگاکانی پەیوەست بەم بابەتە بەمەبەستی ڕێکخستن و دیاریکردنی شوێن و جێگای مزگەوتەکان و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوبراو فاکتەرێکی دیکەی ئەم حاڵەتە ناسرووشتییەیە.

* سەرباری ئەوانەش جگەلە مزگەوتەکانی(وەیسی قەرەنی و شێخ محەمەدی خاڵ) تەواوی مزگەوتەکانی تری شار لەلایەن خەڵکی خێرخوازەوە دروستکراون، واتە حکومەت یان هەر ڕۆڵی نەبووە یاخود ڕۆڵەکەی زۆر کەم بووە لە دروستکردنیاندا، ئەوەش وایکردووە خەڵک وەک پێویست پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی حکومەت نەبێت لەکاتی بنیاتنانی ئەو مزگەوتانەدا.

* مزگەوتەکان بەپێی پێویستی ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکان دروست نەکراون و ڕووبەریان جیاوازە، بەگشتیش زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر یەک شێواز و تەرز و زۆر سادە و ساکار دروستکراون، هیچ سیما و مۆرکێکی کوردەوارییانەیان پێوە دیارنییە، وەک ئەوەی لەلای تورک و ئێرانیی و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەیان بینین. ڕوونتر بڵێین هەتا ئەمڕۆش شێوازێکی هەندەسی دیاریکرو نیە کە مزگەوتەکانی کوردستانی پێ بناسرێتەوە وەک ئەوەی لەلای تورک و ئێرانییەکان هەیە.

* لەپاڵ ئەوانەشدا ناونانی مزگەوتەکان زۆر بێ بەرنامە و هەڕەمەکییە و لەم ڕووەوە پرس بەلایەنی پەیوەندیدار نەکراوە و ناکرێت، زۆربەی جار ئەو خەڵکانەی کە دروستکەری مزگەوتەکانن هەر خۆیان ناو بۆ مزگەوتەکان دیاری دەکەن یاخود بەشێوەیەکی کتوپڕ ناو لەو مزگەوتانە دەنێن بەبێ ئەوەی پرس و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا و پەیوەندیدار لەم ڕووەوە بکرێت، ئەم حاڵەتە وایکردووە هەندێک جار ناو دووبارەبوونەش لەناوی مزگەوتەکاندا ڕوودات بەبێ ئەوەی دروستکەرانی مزگەوتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرنجیان خستبێتە سەر ئەم بابەتە، بەنمونە هەر لەنێو هەڵەبجەدا ئەم مزگەوتانە بەم ناوانە بوونیان هەیە: (عومەری فاروق ، عومەری کوڕی خەتاب)، (رسوالله ، النبی)، ئەبوبەکری صدیق، الصدیق)، (الله اکبر)...هتد.

* تێبینی ئەوەش دەکرێت بەشێک لە مزگەوتەکان لە دوای دروستکردنەوە یاخود نۆژەنکردنەوەیان ناوەکانیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەنمونە (غەمامە) گۆڕاوە بە (شێخ عیززەدین)، (النبی) گۆڕاوە بە (رسوالله)...هتد.

* بەهۆی ئەو ڕووداو و تراژیدیانەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوون، زۆرێک لە مزگەوتەکان زیاد لە چەند جارێک ڕووبەڕووی ڕووخان و وێرانبوون بوونەتەوە، بەڵام دواتر ئاوەدانکراونەتەوە.

* ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ناونانی مزگەوتەکاندا زۆر بەکەمی مێژوو و فەرهەنگی دەوڵەمەندی ناوچەکە و کوردستان بەگشتی لەبەرچاو گیراوە، جگە لە ژمارەیەک مزگەوت نەبێت کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بنیاتنراون وەک: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کاک ئەحمەدی موفتی زادە، نورسی، شێخ محەمەدی خاڵ، ئەوە لەکاتێکدا دەبوو لە ناونانی مزگەوتەکاندا تایبەتمەندی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرایە، چونکە کوردستان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا خاوەنی دەیان گەورە: زانای ئایینی، شاعیر، کەسایەتی کۆمەڵایەتیی و سیاسییە، ناونانی ئەو مزگەتانە بەناوی ئەو کەسایەتییە گەورانەوە، کە ڕۆژگارێک خزمەتیان کردووە و زیادەیان بۆ سەر زانستی ئایینی و مێژوو و فەرهەنگ و زمانی کوردی هەبووە ئاوڕدانەوەیەکی جددی دەبوو لە مێژوو و فەرهەنگی ناوچەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین فەرامۆشکردنیان زوڵمێکی مێژووییە لە مێژووی کورد بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی، ئەوەش وایکردووە خەڵکی ئاگاداری ڕابردووی خۆی نەبێت و لە نائاگاییەکی قوڵدا بژی لە بەرامبەر مێژوو و فەرهەنگی دەوڵەمەندی خۆیدا، هەرئەوەش فاکتەرێکی سەرەکییە بۆئەوەی خەڵکی هیچ جۆرە هەستێکی شانازی لەلا دروست نەبێت و هەمیشە خۆی پێ کەم بێت لە بەرامبەر گەلانی تری ناوچەکەدا.

* تێبینی ئەوەش دەکرێت کە پێشووتر کە بەشێکی زۆر مزگەوتەکانی شار لە ڕابردوودا ڕۆڵی خوێندنگاشیان بینیوە تەنانەت سەردەمانێک تاکە سەرچاوەی خوێندن و فێربوون بوون، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی بوونی خوێندنی میریی لەلایەک و بوارنەدانی حکومەت لەلایەکی ترەوە ڕێژەی فەقێ و قوتابخانە ئاینییەکانی نێو مزگەوتەکان زۆر کەمبووەتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.عماد عبالسلام رؤوف: مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ط ١، مطبعة خاني(دهۆک)، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ٢٠٠٨؛ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان(یادداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)، ئامادەکردنی ڕەئووف مەحمودی، چ١، بڵاوکراوەی کوردستان(سنە)، ١٣٩٤شەمسی ؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ئامادەکردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٤)

٢. هۆکاری ناوهێنانی بە مزگەوتی(جامعە) بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمین مزگەوت و تاکە مزگەوتی شارەکە بووە کە نوێژی هەینی تیاداکراوە، بەرلەوەی شار گەورە ببێت و مزگەوتەکانی دیکەی تیادا دروست بکرێت. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵا شێخ محەمەد خالید موفتی، هەڵەبجە، ٢٠١٣/١٢/١١)

٣. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و باوک و باپیری بڕوانە: عبدالكريم محمد المدريس: علماؤنا فى خدمة العلم وادين، عينى بنشره محمد على القرداغى، ط١، ١٩٨٣، ص٣٣٨-٣٤٠ ؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ئامادەکردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٩١-١٩٧.

٤. بەپێی گێڕانەوەکانی (سەید نەجیب)ی نەوەی(١٩٣٢- ) سەید نەسرۆڵڵا بەمەبەستی خوێندن لە گوندی (خانەگا)ی نزیک شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕوویکردووەتە تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکوک، دوای تەواوکردنی خوێندن لە گەڕانەوەیدا لە گوندی بێژاوەی چەند کیلۆمەتر دووری باکووری ڕۆژئاوای هەڵەبجە دەگیرسێتەوە و دەبێتە مەلای ئەو گوندە، ئەوەش دوای ئەوەی کە سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی(مەولەوی شاعیر) لە کاری مەلایەتی ئەو گوندە نامێنێت و ڕوودەکاتە ناوچەی نەورۆڵی، بەڵام دواتر لەسەر داوای دانیشتوانی گوندی هانەسوورەی ناوچەی نەورۆڵی ڕوودەکاتە ئەو گوندە و لەوێ دەگیرسێتەوە و بەیەکجاری نیشتەجێ دەبێت، سەید نەسروڵڵا لە پاش گەورەکردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گوندی ناوبراو، لە هەڵەبجەی ئەوکاتیش تەکیەیەک دروست دەکات، ئەم مەڵبەندە ئاینییە لە بنەڕەتدا تەکیە بووە و مزگەوت نەبووە، بەڵگە مێژووییەکانیش کە لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێ بەستراوە بۆ نوسینی ئەم بابەتە ڕاستی ئەم بۆچونە دەسەلمێنن. (چاوپێکەوتنی توێژە لەگەڵ سەید نەجیب سەید عەبدولڕەحیم، هەڵەبجە، ٢٠١٨/٧/١١)، بەوپێیەش بێت نەک مزگەوتی تەکیەی ئەمڕۆ وەک لەنێو خەڵکی شارەکەدا باوە کۆنترین مزگەوتی هەڵەبجە نیە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتدا مزگەوت نەبووە و تەکیە بووە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەرنج بدەینە ژیانی مەولەوی(١٨٠٦-١٨٨٢) و پرۆسەی خوێندن و دواتر گەڕانەوەیی و بوون بە مەلا ئەوە زیاتر ڕووندبێتەوە کە مزگەوتی تەکیەکەی سەید نەسروڵڵا نزیکەی یەک سەدە دوای مزگەوتی گەورە دروستکراوە. بۆزانیاری زیاتر لەبارەی مەولەوییەوە بڕوانە(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: دیوانی مەولەوی(لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی گۆران، محەمەدی مەلاکەریم، حکیم مەلا ساڵح، ئەوەر قادر محەمەد)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٣-١٥)

٥. بڕوانە: عادل صدیق: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران ـ عێراقدا هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦) بەنمونە، چاپی ڕێنوێن، کوردستان ـ سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢١-٣٢. هەڵەبجە(١٨٨٩-١٩٣٠)، چ١، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر، ٢٠٠٨، ل٥٢-٥٣.

٦. کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: ، ل١٨٥-١٨٦.

٧. سالنامه نضارت معارف عمومیه(١٣١٧ك)، ایكنجی سنه، مطبعه عامره، دارالخلافة العلمیه، ل١٤١٢.

٨. ه.س، ل١٤١٢-١٤١٣. مەلامحەمەدی چرۆسانی: یادداشتەکانی منالی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی، ساغکردنەوە و پێشکەشکردنی، محەمەدی مەلاکەریم، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد، ١٩٨٤، ل٢٢-٢٣. مەلا عەبدولای زێوەر: گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل٧٠-٧٩.

٩. مزگەوتەکە لە تەنیشت گۆڕی (پیر محەمەد)دایە.

١٠. ئەحمەد محەمەد ئەمین(ئەحمەد لار)، ل١٩.

١١. عادل صدیق: هەڵەبجە(١٨٨٩-١٩٣٠)، چ١، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر، ٢٠٠٨، ل٤٠.

١٢. شمس الدین سامی فراشری: قاموس

الاعلام، بيشنجى جلد، ميهران مطبعهسى، استانبول، ١٣١٤ك/١٨٩٤، ص٣٨٧٦.

١٣. كوردستان له چاپكراوه عوسمانييهكاندا، و.فهيسهڵ دهباغ، چ١، چاپ و بڵاوكراوهى ئاراس، ههولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٥.

١٤. ڕۆژنامهى پێشكهوتن، ژ(٢٩)، ١١/ ١١/ ١٩٢٠، ل٤.

١٥. ئهحمهد محهمهد ئهمين(ئهحمهد لار): يادى ههڵهبجهى جاران، ل١٩.

١٦. گهشتى ههڵهبجه و ههورامان له ساڵى ١٩٣٣دا، چاپخانهى كامهرانى، سلێمانى، ١٩٧٣، ل١٥.

١٧. چاوپێكهوتنى توێژهر لهگهڵ مامۆستا عهبدول، ههڵهبجه، //٢٠١٧.

١٨. له تهريقهتى نهقشبهنديدا (خانهقا) ههيه و له قادريشدا (تهكيه)، له سهرهتاى دروستكردنيدا ناوى (خانهقا) بووه، بهڵام دواى نۆژهنكردنهوهى ناونراوه(خانهقا و تهكيهى حاجى شێخ ئهحمهدى نهقشبهندى).

١٩. ئهم مزگهوته له بنهڕهتدا (كهنيتشه)ى جولهكهكانى شارهكهوه بووه، بهڵام دواى گهڕانهوهى جولهكهكان بۆ ئيسرائيل، كهنيتشهكه كرا به مزگهوت و ناونرا مزگهوتى ئهحمهدى، له ئێستادا مزگهوتهكه نهماوه و بووهته وێرانه.(توێژهر)

٢٠. به دوورى نزيكهى (٣٠) مهترێك له خوارووى مزگهوتهكهوه گۆڕستانێكى تێدايه بهناوى شێخ ئيسماعيل، مزگهوتهكهش ههر بهناوى ئهوهوه ناونراون، سهبارهت بهناوى (شێخ ئيسماعيل) ئهحمهد محهمهدئهمين دهڵێت:» گۆڕستانى شێخ ئيسماعيل كه دهكهوێته ڕۆژئاواى شارهكهوه، مامه عهزه(عهزيز فهتاح) باوكى كاميله كوێر، كهسێكى زۆر به تهمهن بوو، دهيگووت: ئهم گۆڕستانى شێخ ئيسماعيله كاتى خۆى جێگه خهرمانى من بوو، جارێكيان ئهم شێخ ئيسماعيله كه پياوێكى مسوڵمانى نورانى بوو، هاته لام و گووتى: عهزيز قهرزارم بيت، كه مردم له جێگهى ئهم خهرمانهى خۆتدا بمنێژه، دواتر كه مرد لهسهر ڕاسپاردهى خۆى لهم شوێنهدا ناشتمان، دواتر شوێنهكه بوو به گۆڕستان». (يادى ههڵهبجهى جاران، چاپخانهى كاروخ، ٢٠٠٩، ل٥٦)

٢١. ئهم مزگهوته له سهرهتادا ناوى سهلاحهدين بووه، بهڵام لهبهرئهوهى كهسێك بهناوى (حاجى حهمهڕێوى) دروستيكردووه، مزگهوتهكه ههر بهناوى خۆيهوه ناسرابوو، لهم ساڵانهى دواييدا دواى ئهوهى كه نۆژهنكرايهوه ناوى مزگهوتهكه گۆڕا بۆ ناوى دروستكهرهكهيى و كراوه به مزگهوتى (حاجى محهمهد).

٢٢. كاكهييهكان وهك پێكهاتهيهكى ئاينى له شارهكهدا بهر له ڕاگوێزرانيان بۆ ئۆردووگاى عهنهب پێشتر له سێ گوندى بهرى ڕۆژههڵاتى ههڵهبجه(هاوار، ههوارهكۆن، دهرهتوێ) دهژيان و له گوندى هاوار خاوهنى پهرستگاى ئاينى تايبهت بهخۆيان بوون بهناوى (جهمخانه)، بهڵام دواى ڕاگوێزانيان هيچ شوێن و مهڵبهندێكى ئاينيان لهم ئۆردووگايهدا دروست نهكرد، بهڵكو زياتر ماڵهكانيان بۆ بهڕێوهبردنى سرووته ئاينييهكانيان بهكارهێنا، ئهم حاڵهته ههتا ئهمڕۆش بهردهوامه. (توێژهر)

٢٣. له سهرهتادا مامۆستا ئهمين عهبدولڕهحمان سهرپهرشتى دروستكردنى كردووه، ئێستاش كه سهرقاڵى نۆژهنكردنهوهين ههمان مامۆستا سهرپهرشتى دهكات. چاوپێكهوتنى توێژهر لهگهڵ مامۆستا ئهمين عهبدولڕهحمان، ههڵهبجه، ٢٠١٧/٤/٢٠.

٢٤. ساڵى ( ٢٠٠٧ز/١٤٢٨ك) لهسهر ئهكى خێرخوازان نۆژهن و فراوان كراوه.

٢٥. بڕوانه عادل صديق: كۆمهڵكوژى كورد له جهنگى ئێران ـ عێراقدا ههڵهبجه (١٩٨٨/٣/١٦)بهنمونه، چاپخانهى ڕێنوێن، سلێمانى ـ كوردستان، ٢٠١٨، ل٣٦٨.

٢٦. ه.س، ل٣٤٨–٣٦٩.



# پایەکانی سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە لای

# پێشەوا ماوەردی




**عومەر ئیسماعیل رەحیم**

لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.

ماستەر لە فیکری ئیسلامی

شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

**پێشەكی:**

پرسی چاكسازی و سەقامگیری كۆمەڵگە، لە ڕێگەی پێدانی دڵنیایی و دابینكردنی ئارامی بۆ دەرونی تاكەكان و ئوقرەگرتنیان، هەروەها دڵنیایی گشتی لە هەمبەر ژیان و گوزەران، ڕەوینەوەی تەمی ترس و بیم و دڵەڕاوكێ لە ئاسمانی كۆمەڵگە مرۆییەكان جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی هەموو كەس و هەموو كۆمەڵگەیەكە، هەمیشە تاك تاكی مرۆڤەكان هەوڵیان بۆداوە و دەدەن، ئاواتی بۆ دەخوازن، بۆ دەستەبەركردن و گەیشتن بەو ئامانجانە كۆمەڵگە مرۆییەكان هەر ڕێگەیەكی گونجاو هەبێت دەیگرنەبەر، ئامراز و میكانزمی جۆراوجۆر بەكاردەهێنن.

لایەكی مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە تۆماری خەباتكردن و بەرەنگاربوونەوە و كۆتایی هێنان و بنەبڕكردن، یا كەمكردنەوەی سەرچاوەكانی نا ئارامیی و نا سەقامگیری كۆمەڵایەتی، لەوانە هەژاریی و برسییەتی، ترس و دڵەڕاوكێ، كە دوو فاكتەری نا ئارمیی و نا سەقامگیری كۆمەڵگەن، نەهێشتن و كەمكردنەوەیان دەبێتە مایەی سەقامگیری، دەستی مرۆڤ واڵا دەكات بۆ گەشەكردنی زیاتر و تەحقیقكردنی ئامانجە گەورەكان و هەڵكشانی باری ڕۆحیی و مەعنەوی، لێرەوەیە خودا لە سورەتی قورەیش منەت بەسەر كۆمەڵگەی نیوە دورگەی عەرەبیدا دەكات، كە ئەو دوو ئامانجەی بۆ تەحقیق كردوون، ئەمەش دەكاتە دەروازەی داوالێكردنیان كە تەنها خودا بپەرستن و تەنها سەر بۆ خودا دانەوێنن، **(فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ ، الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ)**(١)، داوای پەرستن و هەر داواكارییەكی تری ڕۆحیی و مەعنەوی لە مرۆڤ دەكەوێتە دوای دابینكردنی لانی كەمی دڵنیایی و ئوقرەیی و ڕەواندنەوەی تەمی برسییەتی و ترس و دڵەڕاوكێ لە ژیانیاندا.

ئەم نوسینەی بەردەستی خوێنەر بابەتێكی كورتە سەبارەت بە پایە و بنەماكانی سەقامگیریی و چاكسازی كۆمەڵگە لە دید و هزری سیاسی ئیسلامی، بەڵام لە دوو توێی فیكری یەكێك لە دیارترین و بەناوبانگترین بیریارە سیاسییەكان لە مێژووی موسڵماناندا، كە چەندین نوسراوی بەپێز و دەوڵەمەندی لە بواری فیكری سیاسیی و كۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، لە ڕووی پراكتیكیش لە سەردەمی خۆیدا بەشدارییەكی كارای كایەی سیاسی كردووە، ڕاوێژكاری كاربەدەست و بەرپرسانی سەردەمی خۆی بووە، دیپلۆماتكار و چاكسازێكی سیاسیی و كۆمەڵایەتی گەورە بووە، نوێنەری خەلیفەكانی دەوڵەتی عەبباسی بووە لە دانوستان لەگەڵ بوەیهیی و سەلجوقییەكان، ماوەیەكی زۆر دادوەر و قازی بووە، ئەویش پێشەوا ماوەردییە.

سەرەتا بەپێویستی دەزانم ئەو زانا و شەرعناس و بیرمەندە سیاسییە و هەندێ لە نوسراوەكانی بە خوێنەر بناسێنم دواجار لە دیدی ئەوەوە باس لە بنەما و پایەكانی چاكسازیی و سەقامگیری كومەڵگە بخەمەڕوو.

ماوەردی ناوی (عەلی كوڕی محەمەد كوڕی حەبیب)ـە، كونیەی باوكی حەسەنە، ناسراوە بە ماوەردی، لە بەسرە و لەساڵی (٣٦٤) كۆچی بەرامبەر (٩٦٢) زاینی لەدایكبووە، ژیانی منداڵی و سەرەتای گەنجیەتی لەو شارە بردۆتە سەر، هەر لە قوتابخانەكانی ئەو شارە زانستەكانی فیقهی لە سەر مەزهەبی شافیعی خوێندووە، دواتر بۆ تەواوكردنی زانستەكانی تر و تەواوكردنی كۆتا قۆناغەكانی فیقهی شافیعی لەسەر دەستی «ئەسفەرایینی» پێشەنگ و پێشەوای ئەو قوتابخانەیە ڕووی كردۆتە شاری بەغداد، كە ئەو كاتە مەڵبەندی زانست و ڕوگەی زانایان بووە. لە بەغداد لە پاڵ تەواوكردنی فیقهی شافعی زانستەكانی زمانی عەرەبی و فەرمودەی پێغەمبەر (د،خ)، هەروەها زانستەكانی قورئان و تەفسیریشی خوێندووە.

پێشەوا ماوەردی لە ژیانی خۆیدا چەندین

پۆستی زانستیی و سیاسیی و کارگێری پێسپێردراوە لەوانە:

**یەکەم:** وەرگرتنی سەرۆکایەتی و پێشەنگی مەزهەب و قوتابخانەی فیقهی شافعی لە سەردەمی خەلیفەی عەبباسی «القادر بالله»، ماوەردی دوای ئەوەی کتێبی «الاقناع» کە پوختەیەکی فیقهی شافعییە نوسیی و پێشکەشی کرد بە خەلیفە، ئەوەش وەک هێمایەک بۆ بوونی بە سەردەستەی ئەو قوتابخانەیە.

**دووەم:** وەک گەورە دیپلۆماتکار و سەرۆکی شاندی دانوستان لە نێوان ئەمیرەکانی بنەماڵەی بوەیهی لە لایەک و نێوان خەلیفەکانی عەباسی، بەتایبەت «القائم بأمرالله» کاری کردووە، هەروەها لە نێوان خودی بنەماڵەی بوەیهییەکانیش و لە نێوان ئەوان و سەلجوقییەکانیش لە سەرەتای دەسەڵات پەیداکردنیاندا هاتوچۆنی بووە، وەک نێردەی دانوستان و دیپلوماسی.

بێگومان ئامانجی ماوەردی لەو ماندوبوونە و تێکۆشانە سیاسیی و دیپلوماسییە بریتی بوو لە چاکسازی سیاسیی و دورستکردنی ئاشتەوایی و تەبایی لە نێوان سەرکردە و بەرپرسە سیاسیی و ئیدارییە ناکۆکەکان، کە زۆرجار بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانیان پەنایان بۆ شەڕ و ململانێی گەرم دەبرد، بەمەش چارەنوسی وڵاتیان بەرەو ئاقارێکی تاریک و نادیار دەبرد، دیارە هەموو هەوڵەکانی ماوەردی بۆ سەقامگیری کۆمەڵگە و تەبایی و ئاسایشی ناوخۆیی وڵات بووە، لێرەوە تێدەگەین کە ماوەردی نەک بەتەنیا لە ڕووی فیکرییەوە تەنزیر بۆ سەقامگیریی و چاکسازی سیاسی بکات و بەس، بەڵکو بە پراکتیکیش لە گۆڕەپان و مەیدانی سیاسیی و قوڵایی کۆمەڵگەوە بەشدار بووە لە پرۆسەکەدا.

**سێیەم:** ماوەردی لە دەوڵەتی عەباسی بۆماوەیەکی زۆر ئەرکی قەزای پێسپێردرا، پلە پلە بە قۆناغ و ئاستەکانی دادوەریی و قەزادا سەرکەوت تاگەیشتە « قاضي القضاة» کە لە ئاستی وەزارەتی داد دایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆر سەرکەوتووانە ئەرکەکانی جێبەجێکردوە، یەکێک بووە لە قازییە دادپەروەرەکانی سەردەمی خۆی.

**چوارەم:** لە ڕووی فیکریی و زانستیشەوە ماوەردی بە پێشکەشکردنی چەندین پەرتوک لە بوارەکانی تەفسیر و شەرعناسیی و فیکریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و دەستوریدا، کتێبخانەی فیکری ئیسلامیی و زانستی زۆر دەوڵەمەند کردووە، بە یەکێک لە پێشەنگانی فیکر و فەلسەفەی سیاسیی و فیقهی دەستوری ئیسلامی ئەژمار دەکرێت.

لەوبارەوە چەندین کتێبی نوسیوە لەوانە:

**١- کتێبی «الاحکام السلطانیة والولایات** الدینیة»(٢) لەم کتێبەیدا ماوەردی بنەما و پرنسیپەکانی ڕێکخستنی دەستوریی و سیاسیی و دارایی و کارگێری و سەربازی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خۆیدا دەخاتە ڕوو، دەتوانین بڵێین تیۆر و سستەمی سیاسی بەدرێژی قسەی لەسەر کراوە، لەمەشدا پشتی بەستوە بە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ)و دید و بۆچونی زانایانی مەزهەبەکانی شافیعی و مالکی و حەنەفی، هەروەها واقیع و پێداویستییەکانی سەردەمی خۆی.

**٢- کتێبی «تسهیل النظر وتعجیل الظفر»(٣)** لەم کتێبەیدا زیاتر لە دیدێکی فەلسەفیانەوە قسە لەسەر دیاردەی سیاسی بەگشتی دەکات، ئەم کتێبە زیاتر دەچێتە کایەی فەلسەفەی سیاسی، ماوەردی کتێبەکەی دابەشکردووە بۆ دووبەش، لە بەشی یەکەم باس لە ڕەفتار و ئەخلاقی مەلیک دەکات، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خودی خۆیی و فەرمانبەرانی و هاوڵاتیان بەگشتی، بەشی دووەمی تایبەتە بە قسە و باس لە بارەی سیاسەتی مەلیک لە بەڕێوەبردنی وڵات، تێیدا باس لە پایەکانی فەرمانڕەوایەتی و پادشایەتی و چۆنیەتی دامەزراندنی مەملەکەت دەکات، چۆن و لەسەر چ بنەمایەک مەلیک، یان

فەرمانڕەوا فەرمانبەر و هاوکارەکانی دەستنیشان دەکات، باسی فاکتەرەکانی فەساد و گەندەڵبوونی وڵاتیش دەکات.

**٣- کتێبی «الرتبة في طلب الحسبة»، به** دووردوورێژی باس لە ئەرکی حیسبە لە سستەمی سیاسی ئیسلامی و مێژووی سیاسیی و موسڵمانان دەکات، لە حەفتا بەش پێکهاتووە، هەر بەشەی تەرخانکراوە بۆ حیسبە و چاودێریکردن لەسەر توێژێک، یا پیشەیەک لەو پیشە و بازرگانیانەی لەو سەردەمەدا بوونیان هەبوو، ئەو چاودێریکردنەش بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا تایبەتەکان بەو پیشە و بازرگانیانە و هەروەها کوالێتی و باشی و خراپی کاڵاکان، هەروەها باسی مەرج و تایبەتمەندییەکانی ئەرکی حیسبە و کەسی موحتەسیب دەکات، ئاماژە بە جیاوازییەکانی حیسبە لەگەڵ پرسی ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەریش دەکات، کە یەکەمیان بەشێکی جیانەبووەوەیە لە سستەمی سیاسیی و کارگێری وڵات و فەرمانی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتداری وڵاتەوە بۆ دەردەچێت، دووەمیان کارێکی خۆبەخشانەیە و ئەرکی هەموو کەسە.

**٤- کتێبی «قوانین الوزارة»** لەم کتێبەیدا بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر وەزارەت و پۆستی وەزیر کردووە، پێگە و شوێن و بایەخی وەزیر لە سستەمی سیاسیدا، لەبارەی مانا و چەمکی وەزیر لە کێ و لە چییەوە هاتووە، لە پایە و مەرجەکانی وەزیر دواوە، چۆن سیاسەت و کارەکانی ئەنجامدەدات، جۆرەکانی وەزیر و ڕۆڵیان، مەرج و پێداویستییەکانی ئەوکەسەی پۆستی وەزیری پێدەسپێردرێت، دامەزراندن و لادانی لە پۆستەکەی، ئەرک و دەسەڵاتەکانی، ئەو بنەما و پرنسیپانەی دەبێت پێیانەوە پابەندبێت لە مومارەسەکردنی ئەرکەکانیدا، ئەنجا جیاوازی لە نێوان دوو جۆر وەزارەت و تایبەتمەندییەکانیان دەکات، لەکۆتاییدا قسە لەو مەرج و خاسییەتانە دەکات کە پۆستی وەزیری کاراتر و کاریگەرتر دەکەن.

**٥- کتێبی «نصیحة الملوک»**(٤) ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک ئامۆژگاریی و ڕێنمایی بۆ خەلیفە و دەسەڵاتدارەکان بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات و سیاسەتەکانیان، پەیوەندیان بە جەماوەر و ڕەعیەتەکانیان، سەروەریکردنی شەریعەت و پاراستنی شکۆی مرۆڤەکان، بەبڕوای من ئەم کتێبە بەرهەمی ئەزموونی ماوەردی خۆیەتی وەک ڕاوێژکارێکی دڵسۆز بۆ خەلیفە و دەسەڵادارەکانی سەردەمی خۆی.

لەڕاستیدا ماوەردی لەو کتێبەیدا پوختەی ئەزمونە فیکریی و سیاسییەکانی خۆی لە ڕووی پراکتیکییەوە، هەروەها خوێندنەوە و تێڕوانینە تایبەتەکانی خۆی بۆ ڕەفتار و مامەڵەی پادشا و بەرپرسە سیاسیی و سەرکردە سەربازییەکان دەخاتە ڕوو. کە ماوەردی هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە لە نزیکەوە و لە هەستیارترین و گرنگترین قۆناغی سەردەمی عەباسییەکاندا لەو توێژە نزیک بێت و لە مامەڵکردن و ڕەفتارەکانیان وورد ببێتەوە، ئەوەش وەک ئاماژەمان بۆکرد ماوەردی لەو ماوە وەک گەورە ڕاوێژکار و نێردەی سیاسیی و دیپلۆماتکار کاری کردووە، بەزیرەکی و کارامەییەکی زۆرەوە توانیویەتی بیرۆکە و بۆچوونەکانی داڕێژێت و بەشێوەیەک ڕێکیانبخات و دابەشیان بکات وەک بەرنامە و پرۆژەیەکی سیاسی بۆ حوکمڕانی دەوڵەت پێشکەشی بکات، لە دوو توێی ئەو کتێبەدا هەموو ئەوەی کە ڕاوێژکارێکی زۆر لێهاتوو و هەڵکەوتوو دەتوانێت بیکات، ئەو پێشکەشی کردووە بە دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی، ئەگەر کتێبی (ئەحکامی سوڵتانی) بۆ پیشاندانی پرنسیپەکانی دەوڵەت بێت لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەوا کتێبی (نصیحەت الملوک) بۆ پیشاندانی ئەو پرنسیپانەیە لەسەر ئەرزی واقیع و لە کاتی مومارەسەکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات.

**٦- کتێبی «ادب الدنیا والدین»**(٥)، کتێبێکی

ئەدەبیی و کۆمەڵایەتی دانسقەیە، دەتوانین لە ڕیزی ئەو کتێبانە دایبنێین کە لە گۆشەی کۆمەڵناسیی و ئەخلاقییەوە دیراسەی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکەن، بەدرێژی باس لە عەقڵ و گەورەیی زانست و جۆرەکانی و باشترینەکانی و ڕێگەکانی وەدەست هێنانی دەکات، باس لە دین و مەدەنیبوونی مرۆڤ و چاکسازیی و سەقامگیری ژیانی دنیا دەکات، پێویستی پابەندی مرۆڤ بە ئەخلاق و ئاکارە جوانەکانی وەک نەرم و نیانی و ڕاستگۆیی و خاکی بوون و جوامێریی و... هتد دەکات. لەگەڵ چەندین باسی تری گرنگی تایبەت بە مەدەنیبوون و کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە.

**٧- کتێبی «دور السلوك في سياسة الملوك»(٦)**

ئەم کتێبە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ «تسهيل النظر وتعجيل الظفر» ئەشێت پوختکراوەی ئەو بێت، یان سەرەتا ئەوەی نوسیبێت دواتر شەرحی زیاتری بیرۆکەکانی کردبێت.

ئەوە سەرەڕای چەندین کتێبی تری گەورەی لە بوارە جیاجیاکانی تەفسیر و شەرعناسی و زمانناسی و زانستی ڕێزمانی عەرەبی _النحو_دا کە زۆربەیان چاپکراون، لەوانە :

١. (الحاوي الكبير) مەوسوعەیەکە لە فیقهی شافیعی.
٢. «النكت والعيون في التفسير».
٣. «الاقناع».
٤. «اعلام النبوة».
٥. «كتاب النحو».
٦. «أدب القاضي».
٧. «كتاب الأمثال والحكم».

**پایەکانی سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە:**

لە کتێبی (ادب الدنيا والدين) و لە بابی (ادب الدنيا) ماوەردی دوای ئەوەی وەک هەر بیرمەند و فەیلەسوفێک بە گوزارشتێکی ڕوون و لۆجیکێکی بەهێز و پشتبەست بە حەقائقی وەحیی و واقیع مەدەنیبوونی مرۆڤ دەسەلمێنێت، قسە لەبارەی ئەوەی کە مرۆڤەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لە ژیان پێویستییان بەیەکتر دەبێت، ئەمەش دەخوازێت مرۆڤەکان ژیانی خۆیان پێکەوە و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شارستانییەوە ڕێکبخەن، دوای ئەوە باسێکی کورت و پوخت بەڵام قوڵ و زانستی سەبارەت بە سەقامگیریی و چاکسازی لەسەر هەر دوو ئاستی ژیانی تاک و کۆمەڵی کۆمەڵگە مرۆییەکان دەکات. سەرەتا وەک ڕاستییەکی بەڵگەنەویست ئەوە دەردەبڕێت کە سەقامگیریی و چاکسازی ژیانی تاک و کۆمەڵگە پەیوەستن بەیەکەوە، لێکدابڕاو نین، بەو مەعنایە، ئەگەر بمانەوێت چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵگەیەک بکەین تا سەقامگیری بۆ دابین بکرێت، دەبێت لە چاکسازی تاکەوە دەست پێبکەین، ئەگینا ئەستەمە ئەو کۆمەڵگەیە بگاتە سەقامگیریی و چاکسازی تەواو، بەپێچەوانەش ئەگەر تاک پەروەردەکراو و چاک بوو لەناو کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ و ناسەقامگیر، زۆر ناخایەنێت ئەو تاکەش گەندەڵ و فاسید دەبێت ئەگەر کۆمەڵگە چاکسازی تێدا نەکرا.

دوای ئەوە دێتە سەر باسکردن لە پایەکانی سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە، کە لە شەش پایە و بنەما پوختی دەکاتەوە، ئەوانیش ئەمانەن بە تەعبیری خۆی:

١. (دين متبع)، دینێکی ڕێزلێگیرا و گوێ بۆ گیراو.
٢. (سلطان قاهر) دەسەڵاتێکی خاوەن هەیبەت و بە توانا.
٣. (عدل شامل) دادپەروەرییەکی هەمەلایەن و گشتگیر.
٤. (امن عام)، ئەمن و ئاسایشێکی گشتی.
٥. (خصب دار)، بە پیتی و بەرەکەتێکی هەڵڕژاو.
٦. (امل فسيح)، هیوا و ئومێدێکی فراوان.

پایەی یەکەم: (دين متبع) ئاینێک کە شایەنی شوێنکەوتن بێت.

ئایین بناغە و پایەیەکی ئەستور و بنەڕەتی سەقامگیری و چاکسازی کۆمەڵگەکانە، ستون و کۆڵەکەیەکی پتەوی پێشکەوتن و گەشەکردنە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بایەخی ئایین وەک

# دین ئاراستەکارێکی زیندو و گشتگیر و کاریگەری ژیانی مرۆڤە

بناغە و بنچینەی پێگەیاندن و بنیاتنانی تاک و کۆمەڵگەیە، بەو ئیعتبارەی دین ئاراستەکارێکی زیندو و گشتگیر و کاریگەری ژیانی مرۆڤە، تەنها ئایینە وەک پێویست توانای خاوێنکردنەوە و پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ناخ و دەرون و دیوی ناوەوەی مرۆڤی هەیە، دەتوانێت ویژدانێکی زیندو و بێداری بۆ پەروەردە بکات، کە بەردەوام چاودێربێت بەسەر ڕەفتار و کاروکردەوەی ڕۆژانە و دیوی دەرەوەی مرۆڤ، دەتوانێت تۆوی ناکۆکییەکان لەناو ببات، گیاکەڵەی پشێویی و ئاڵوزییەکان بژار بکات، یەکڕیزیی و یەک ئاراستەیی و یەک هەڵوێستی بەرقەرار بکات لە بەرامبەر بابەت و پرسە فیکریی و عەمەلییەکان. ئەمە وێڕای ئەرکە ڕۆحییەکەی ئایین، کە هەر خۆی ژێرخان و بنەمای ئایینەکەیە، بێگومان ئەو ئایینەی دەتوانێت ئەو ڕۆڵەی باسمان کرد ببینێت، مەبەست ئەو ئایینە ڕاست و دورستەیە کە لە خوداوە هاتووە و هێزی باوەڕ بە غەیب و ترسی دواڕۆی لە پشتە، بەوە دەتوانێت مرۆڤەکان ڕام و پابەند بکات.

لەڕاستیدا ئایین بەهێزترین کۆڵەکە و پایەی سەقامگیریی و لە هەمانکاتدا فاکتەری چاکسازیی و ڕاستەڕێ بوونە لە ژیانی کۆمەڵگەدا، کاریگەرترین پرس و ئامرازە بۆ ڕێکخستن و سەلامەتی ژیان(٧)، هەر لەبەر ئەو بایەخ و ڕۆڵە کاریگەرەی ئایینە، خودا بە درێژایی مێژوو، هەر لەو ڕۆژەوە ژیانی خولقاندووە لە سەر زەوی، ژیریی بە مرۆڤەکان بەخشیوە تا بە ئەمرۆ دەگات هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بەبێ ئایین نەهێشتۆتەوە، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک بەپێی ئاستی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵایەتییان کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیاریەتی عەقیدەیی و ڕەوشتی و ڕۆحی و... هتد بۆ دیارکردوون، کە دەبێت پیادەی بکەن و مومارەسەی بکەن، پێوەی پابەندبن و خۆیانی لە سەر پەروەردە بکەن، تێیدا گوزارشت لە ملکەچیی و تەسلیمبوون بە فەرمانەکانی خودا ببینرێت(٨).

جا پرسێک کە گرنگی و بەهاکەی لە سەقامگیرکردن و چاکسازیکردن لە ژیانی دونیا و دواڕۆژ ڕوونبویەوە جێگەی خۆیەتی و کارێکی ژیرانە و لۆجیکییە کە مرۆڤ پارێزگاری لێبکات، دەستی پێوە بگرێت و لێی لانەدات. پێشەوا ماوەردی ڕۆڵ و ئەرکی ئایین لە سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگەدا لەم چەند خاڵەی خوارەوە دیاری دەکات:

**یەکەم**: دەرونەکان لە ئارەزووە نزمەکان لادەدات و پاڵفتەیان دەکات، دڵەکان بەلای کار و ویستە باشەکان وەردەچەرخێنێت، نەفسە سەرکەشەکان قەمتەر ـ ضبط ـ دەکات و پەروەردەیان دەکات، پەردە لەسەر نهێنیەکانیان لادەدات و پاڵفتەیان دەکات.

**دووەم**: جگە لەوە و دوای ئەمەش دەبێتە چاودێر بەسەر نەفس و دەرونەکان لە تەنیاییدا، ئامۆژگاریکردنی لەکاتی هەر ساتمەکردن و کەوتنە تاوان و خلیسکانێکدا.

**سێیەم:** ئەو ڕۆڵەی کە ئایین پێی هەڵدەستێت و ئەو وروژانە دەرونیانەی دورستی دەکات، هەرگیز جگە لە ڕێگەی ئایینەوە ناتوانرێت پێیبگەین، بۆیە چاکسازی تەواو لە ژیانی مرۆڤەکاندا بەبێ بوونی ئەو ئایینە ناکرێت.

لێرەوە ماوەردی بڕیار دەدات کە ئایین» بەهێزترین بنچینەیە لە چاکسازیی و ڕاستەڕێ بوونی دنیا، باشترین و بەکەڵکترین پرسە بۆ ڕێکخستن و سەلامەتی ژیانی دنیا، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو کارایی و کاریگەرییەی ئایین گشتگیرە، ژیانی دنیا و دوا ڕۆژ دەگرێتەوە، سەبارەت بە ژیانی دنیا کاراترین و کاریگەرترین بنچینەیە، هەرچی بۆ دوارۆژە تاکە بنچینە و فاکتەرە، کارایی و کاریگەری ئایین وەک چۆن بۆ دوارۆژ خواستراو و پێویستە، بە هەمان ئەندازە بۆ ژیانی دنیایش پێویستە، چونکە کاریگەرییەکەی تەنها ڕەهەندە ڕوحیی و دەرونییەکان ناگرێتەوە، وەک چۆن هەندێک لە ڕوناکبیر و نوسەرە لائیکییەکان حەزدەکەن ئەو تەفسیرە بۆ ئایین بکەن، بەڵکو ئەو سنورە تێدەپەڕێنێت کارایی و کاریگەرییەکانی تەواوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی و هونەریی و... لەسەر هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ئایین بەرنامەی ژیانی مرۆڤە، چەشنێکی تایبەتە لە بیرکردنەوە و تێڕوانین لە شتەکان، لە کارکردن و ئاڕاستەکردنی ژیان، مرۆڤی دیندار، یا خاوەن دین، بەویست و خۆشحاڵی و دڵنیایی تەواوەوە ئەو بەرنامە فیکریی و عەمەلیی و ئاڕاستەیە کە دین هێناویەتی و داوای دەکات وەردەگرێت و قبوڵی دەکات، بە ملکەچییەوە شوێنی دەکەوێت و پابەندی دەبێت، بەتەواوی لە پشێویی و فەوزای فیکری خۆی دادەڕنێت، بەمشێوە توانا و وزە تاکە کەسیی و جەماعییەکان یەکدەگرن و ڕێکدەخرێن.

بێگومان ماوەردیش کاتێک پێدادەگرێت لەسەر ڕۆڵ و بایەخی ئایین لە پرۆسەی چاکسازیی و سەقامگیرکردنی کۆمەڵگە و ئاسودەکردنی مرۆڤ و ڕزگارکردنیان لە ترس و دڵەڕاوکێ و برسییەتی، لەو دیدەوەیە کە ئایین وەک ئاماژەمان پێکرد بەرنامەی ژیان و ڕەفتاری مرۆڤەکانە و شوێنی دەکەون، لێرەشدا مرۆڤ چەق و سەنتەرە، نابێت بەزۆر بەسەریدا بسەپێنرێت، بەڵکو بەویست و خواستی خۆی وەریبگرێت و بژاردەی خۆی بێت، لە بڕوا و قەناعەتی فیکرییەوە و پێویست بوونی شوێنکەوتنی ئایین بۆ سەرکەوتن و وەدەستهێنانی بەختەوەریی و ئاسودەیی لە ژیانی دونیا و دوارۆژ هەڵقوڵابێت.

ماوەردی لە چەند شوێنێکی نوسراوەکانی تریشیدا ئاماژە بە ڕۆڵ و بایەخی ئایین دەکات، بۆ نمونە لە کتێبی «تسهیل النظر وتعجیل الظفر» باس لەوە دەکات خودا بەدین و لە ڕێگەی دیندارکردنی مرۆڤەوە چاکسازی لە نیازە شاراوەکانی دڵ و خووە نهێنییەکانی مرۆڤ دەکات، دینداری دەکات بە پاڵنەری ترس لە خودا ڕایدەهێنێت هەمیشە ناخی زیندوو بەویژدان بێت، پێیان دەڵێت برا و هۆگری یەکتر بن، یەکترتان خۆشبوێت لێک نزیکبن، هەرگیز دنیای مرۆڤەکان بێ ئەم پرنسیپ و ڕێسایانە چاک نابێت، خەڵکیش ڕاستەڕێ نابن بەدەستگرتن و پیادەکردنی ئەو پرنسیپانەوە نەبێت.

گۆشەیەکی تری بایەخ و ڕۆڵی ئایین لەوەوەیە کە تەفسیرێکی گشتی ڕوون و ڕاشکاو و مەقبوڵ دەداتە مرۆڤ سەبارەت بە: مرۆڤ و بوون و ژیان، چیەتیی و حەقیقەتیان، لەسەر ئەساسی ئەو تەفسیرە دورستە پەیوەندییان بەوەدیهێنەریان ڕێکدەخاتەوە، تێیدا ڕابردوو دەبەستێتەوە بەئێستاوە، بنیاتنانی داهاتوو لەسەر ئێستا، بەمەش وەک ماوەردی دەڵێت: سەرەتای شتەکان و کۆتاییەکانیان لە هەست و هزری مرۆڤدا واتا و دەلالەتێکیان دەبێت، وەک لە هۆشیاریی و تێگەیشتنی لە مێژوو کە وەک دەفرێک ڕووداوەکان تێیدا جوڵە دەکەن، هەریەک بەرەو ئامانجێک و بۆ تەحقیقکردنی مەرامێک، ئەمە

له لایەک، لە لایەکی تر ئایین هاوکار دەبێت بۆ هەڵکردن و گونجانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەردەوامبوون و تۆکمەیی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم حاڵەتەش ئاگاییەکی تایبەت دەبەخشێت بە کۆمەڵگە سەبارەت بەخود فەرهەنگیی و ژیارییەکەی، هەروەها ئەو پەیامە مرۆییەی کە پێیەتی و دەیەوێت بیگەیەنێت.

ئایین گرنگیی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی کۆمەڵگەدا، تەفسیرێکی گشتی لەبارەی ژیانەوە دەدات بە مرۆڤ، نهێنی بوون و پێکبەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتوو، حەقیقەت و جەوهەری ژیان چییە؟ مرۆڤ و ژیان لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ پەیوەندی مرۆڤ بە بوونەکانی ترەوە، پێگە و ڕۆڵی مرۆڤ لەناو ئەو بونەوەرە مەزنەدا؟ لێرەوە هەموو سەرەتایەکی شتەکان و کۆتاییەکانیان لە هەستی مرۆڤ مەعنا و واتای خۆیان دەبێت، ئەو هەستەش لە هۆشیاریی و ئاگایی مرۆڤ بە مێژوو وەک چوارچێوە و دەفرێکی زەمانی کە شتەکان تێیدا جوڵە دەکەن بەرەو ئامانجەکانیان ڕەنگدەداتەوە. هەروەها ئایین هاوکارێکی باشە بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگکردنی کۆمەڵایەتیی و بەردەوامبوون و توندوتۆڵی و تۆکمەیی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمەش بەدەوری خۆی هۆشیاریی و ئاگاییەکی تایبەتی بەخودی خۆی و پەیامە ژیاریی و مرۆییەکە دەدات بە کۆمەڵگە.

ئایین دیدێکی وجودیانە بۆ مرۆڤ تەحقیق دەکات، خودی مرۆڤ بەخۆی دەناسێنێت، هەروەها ئاراستە و ڕێنماییەکانی، کاریگەری ئەرێنی زۆریان دەبێت لەسەر هەموو ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، لەسەر هەموو ئاستەکانی تاک و دامەزراوەیی خێزانیی و ئابووریی و سیاسیی و فیکریی و فەرهەنگی، هەروەها ڕێکخستنە پەروەردەییەکانیش...هتد.

زانینی ئەو تەفسیرە و ئاگاداربوون لەو ڕاستیی و حەقیقەتانە و قەناعەت پێهێنانیان یارمەتی دەرێکی زۆرباش دەبێت بۆ:

١- چالاکی و تەندورستکردن و کامڵکردنی کار و پرۆسە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان.

٢- دارشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان کە کاریگەری لەسەر هەماهەنگیی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەبێت.

٣- یارمەتیدەردەبێت لبۆ تۆکمەیی و یەکڕیزی کۆمەڵگە و پاراستنی لەهەر جۆرە ناکۆکیی و درز تێکەوتنێک، کە ئەمەش کاریگەری جێدەهێڵێت لەسەر سەقامگیری فیکریی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، سەقامگیری بنیاد و دامەزراوە و ڕێکخستنە کۆمەڵگەییەکانی.

**پایەی دووەم: (سلطان قاهر)**

**دەسەڵاتێکی خاوەن هەیبەت و بەتوانا:**

بە گوزارشتی ماوەردی «سلطان قاهر»، مەبەست دەسەڵاتێکە سام و هەیبەتی لە دڵی خەڵکدا هەبێت، توانای بەرزەفتکردنی ئەو بەش و تاکانەی کۆمەڵگەی هەبێت کە پابەند نابن بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی دین، هەوڵی شێواندن و تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگە دەدەن.

دەبێت ئەو دەسەڵاتە ئەوەندە پشتئەستور بێت بە خەڵک و جێگەی قبوڵیان بێت بتوانێت لە ڕێگەی یاساکان و بەکارهێنانی هێزی شەرعییەوە توانای قەمتەرکردنی حەز و ئارەزووەکانی ئەو لادەرانەی هەبێت و ناچاریان بکات پابەندبن.

خەڵکە ناکۆک و خاوەن ئارەزووە جیاوازەکان لە ترسی ئەو دەسەڵاتە و بەهۆیەوە لەگەڵ یەکتر ڕیکبکەون، لە ترسی سزای ئەو دەسەڵاتە دەستە ستەمکارەکان کورتببنەوە و پاشەکشە بکەن و وازبێنن لە دەستدرێژی بۆ سەر مافی ئەوانی تر، چونکە ئاشکرایە کە لە سروشتی هەندێک مرۆڤدا حەز و ئارەزووی مومارەسەکردنی هەژموون بەسەر ئەوانی تر و ستەمکردن هەیە، ئەو حەزەش پێویستی بە هێزێک یا ئامراز و

فاکتەرێک هەیە لە شوێنی خۆی رایبگرێت، ئەو فاکتەرەش وەک ماوەردی ئاماژەی پێدەکات لە چوار شت بە دەر نییە، ئاوەز و ژیری خودی مرۆڤەکە، یا دین و ترسی سزای خوایی لە دوا رۆژدا، یا دەسەڵاتدارێکی بە هێز، یا لاوازیی و کەم توانایی خودی مرۆڤە لارەکە خۆی(٩). لەو چوار فاکتەرە سێیانیان ناوەکین، کە بریتین لە ژیرییەکی ئەوتۆ کە مرۆڤ لە ستەم دوور بخاتەوە، یا بوونی دین و ترس لە خودا، یا هەر لە سەرەتا نەبوون، یا کەم توانایی ستەمکرن لە مرۆڤ خۆی، واتە حەز و ئارەزووی ستەمکردن و خواردنی مافی ئەوانی تری هەیە، بەڵام ناتوانێت ئەنجامی بدات. دەی ئەگەر لە ناوەخۆی مرۆڤ ئەو سێ فاکتەرە نەبوو، کە ببێتە بەربەست لە بەردەم ستەم و دەستدرێژیکردن، ئەوەندە عاقڵ و ژیر نەبوو مافی ئەوانی تر بفامێت و ستەمیان لێ نەکات و مافیان پێشێل نەکات، ئەوەندەش دینی قایم نەبوو و ترسی خودای لە دڵدا نەبوو بیسەنگرێنێتەوە و رایگرێت، دەست بۆ مافی ئەوانی تر نەبات، بێ تواناش نەبوو، بەپێچەوانە بەڵکو خاوەن بازو و هێز بوو، کەرەسە و ئامرازی ستەمکردنی لە بەردەست بوو، ئەو کاتە پێویستمان بە فاکتەرێکی دەرەکی دەبێت مرۆڤ لە سنوری خۆی رابگرێت، لەوکاتەدا ترس لە قامچی و سزای دەسەڵاتی سیاسی باشترین بەربەستە لە بەردەم لادەر و ستەمکارەکان(١٠).

ئەو دەسەڵاتەش دەبێت رەوایەتی هەبێت و قبوڵکراو بێت لەناو کۆمەڵگە، توانای دەسەڵات بۆ بەرزەفتکردن و تەمێکردنی لادەر و تێکدەر پەیوەستە بەتوانای بەکارهێنانی هێزی یاسا و لەکاتی پێویستیش هێزی زۆرلێکردن _الاکراه_ ئەوەش ئەخوازێت کە دەسەڵات رێپێدراو و راسپێردراوی کۆمەڵگە بێت، چونکە ئەو دەسەڵاتانە لە بنەڕەتدا موڵکی کۆمەڵگەن، لە رێگەی ئەو دەسەڵاتەیەوە ماف و رەوایەتی لە جێگەی خۆی دادەنێت، رێگر دەبێت لە دەستدرێژی هەندێک بۆ سەر ئەوانی تر.

لەڕاستیدا واتای سیاسی بوونی کۆمەڵگە واتا رێکخستنی و رێکخراوەبییەکەیەتی، وەزیفە و ئەرکی سیاسەتیش لە رەنگدانەوە و شکلگرتنی کەسایەتییەکی هاوکار و هەماهەنگ خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش لە رێگەی دابەشکردنی ئەرک و رۆڵەکانەوە دەبێت، لەسەر ئەساسی پسپۆریەتییەوە و رەخساندنی هەل و بواری گونجاو و لەبار بۆ خەڵک، تا بەشێوەیەکی سروشتی مومارەسەی ژیان بکەن، وەک ماوەردی رونیدەکاتەوە و ئاماژەی بۆ دەکات، کە دین هەژموون و هەیمەنەیەکی رۆحیی و دەسەڵاتێکی مەعنەوی بەسەر مرۆڤی خاوەن بڕواوە دەبێت، رەفتار و هەڵسوکەتی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی چاک و دورست رێکدەخات، بەڵام بێگومان هەموو کەس وەک یەک پابەند نابێت بە ئایینەوە، لێرەوە هەرخودی دین و یاسا و رێسا مرۆڤکردەکانیش بەپێویستی دەبینن کە دەسەڵاتێکی بەهێز و خاوەن رەوایەتی هەبێت، تا حەق و راستی بخاتەوە شوێنی خۆی، ماف بۆ خاوەن مافەکان بگەڕێنێتەوە، رێگە لە شەڕانگێزیی و دوژمنایەتی هەندێک لەسەر ئەوانیتر بگرێت. دیارە کۆمەڵگە لە چەندین تاک و توێژی جیاواز لە هێز و توانا، لە ویست و ئارەزووەکانیان، هەریەک خاوەن بەرژەوەندی تایبەت و جیاوازە لەویترە، دیارە بەشێوەیەکی گشتیش بەرژەوەندییە تایبەتەکان تێک ئاڵاو و پێچەوانەن، لەم نێوەندەدا بۆ رێکخستنیان و تەحقیقکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان پێویست دەکات دەسەڵاتێکی رێزلێگیرا و بەهێز لە سەرووی هەمووانەوە هەبێت، ئەگینا بەهێزەکان لاوازەکان، دەوڵەمەندەکان هەژارەکان، زۆرەکان کەمەکان دەخۆن و مافەکانیان پێشێل دەکەن، شیرازەی ژیان تێکدەچێت و گەنین و گەندەڵیی و ناکۆکی کۆمەڵگە دەتەنێت و سەقامگیری نامێنێت.

**پایەی سێیەم/ دادپەروەرییەکی هەمەلایەن و گشتگیر:**

ئەمە پایەی سێیەمە بۆ سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە، ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە ئەم پایە دابین بکات، دادپەروەری گشتگیر بۆ هەمووان، ئاشتیی و ئۆقرەیی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دێنێت، تەسلیم بوون بە یاسا و گوێڕایەڵی لای هاوڵاتیان دورست دەکات، بەمەش ئارامیی و سەقامگیری باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت، دیارە کە ئەم ژینگە و دۆخەش پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەکردن و ئاوەدانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، هەر لێرەوە بوو، هورمزان کاتێک عومەری کوڕی خەتابی بینی بەتەنیا و لەژێر سێبەرێکدا خەتووە، پێی ووت: ئەی عومەر دادگەریت بەرقەرار کردووە بۆیە وا بەدڵنیایی و بێ ترس و خەم خەوتویت(١١).

هیچ شتێک نییە ئەوەندەی ستەم و پێشێلکردنی مافی ئەوانی تر و سەروەرنەکردنی یاسا ببێتە مایەی وێرانبوونی سەرزەوی، پیس و کرمۆڵبوونی دەرون و ویژدانەکان، چونکە ستەم و زۆرداری تەشەنەی کرد هەموو جومگە و گۆشە و کایەیکی کۆمەڵگە دەتەنێتەوە و هەموو سنوورێک دەشکێنێت، چونکە هەموو کەس بەشی خۆی لە حەزی زاڵبوون و دەستدرێژی تیایە، بۆیە هەرکەسە و هەڵدەستێت بە ممارەسەکردنی ئەو ستەمە لەسەر کەسانی خواری خۆی، ئیدی هەموو کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی لە خێزانەوە تا دامەزراوە باڵاکان دەگرێتەوە.

بۆیە دەبینین ماوەردی بەوە وازناهێنێت کە دادپەروەری بوونی هەبێت لە کۆمەڵگەدا وەک پایەیەکی چاکسازی و بەس، بەڵکو پێ لەسەر گشتگیری ئەو دادپەروەرییە دادەگرێت، کە بۆ هەمووان بێت و لەسەر هەموو ئاستەکاندا بێت، واتە دادپەروەری لەگەڵ خود، لەگەڵ ئەویتر، لەگەڵ خواری خۆت، لەگەڵ سەروی خۆت لەگەڵ هاوئاستەکانی خۆت.

پرسی دادپەروەری باسێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە مەنهەج و فکری سیاسی ئیسلامی، هەربۆیەش ماوەردی وەک بابەتێکی سەربەخۆ و وەک یەکێک لە گرنگترین پایەکانی فەرمانڕەوایش باسی لێوە دەکات، لێرەوە چوارچێوەکەی لای ماوەردی فراوان دەبێت: لای ئەو دادگەری ڕەفتاری کەسی خودی دەسەڵاتدار و چۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ خودی خۆی دەگرێتەوە، پابەندبوون بە فەزیلەت و ئاکارە باشەکان و دوورکەوتنەوە و وازهێنان لەهەر پەرگیریی و شلگیرییەک دەگرێتەوە، هەروەها دادگەری لای ماوەردی بەتەنیا کار و ئەرکی پاشا و دەسەڵاتدارەکان نییە، بەڵکو ئەرکی پاشا و سیاسەتمەدارەکان و خەڵکی ئاسایی و هەموو هاوڵاتییانیشە وەک یەک، لە شوێنێکدا دەڵێت: (دادگەری میزانی خودایە لەسەر زەوی، پێویستە لەسەر هەموو پادشایەکی باش و چاک و سیاسەتمەدارێکی کامڵ ئیقتدا بە خودا بکات، چەندە دەتوانێت ئەو خەسڵەت و سیفەتە باشانەی خۆی پێ وەصف دەکات بیانکات بەواقیع و بە کردار پێیانەوە پابەند بێت).

**پایەی چوارەم/ ئەمن و ئاسایشێکی گشتی:**

ئەمن و ئاسایش و ئۆقرەییەکی گشتی، کە ببێتە فاکتەری دڵنیایی و هێوربوونەوەی دەرونەکان و ڕەوینەوەی هەموو جۆرە ترس و بیمێک، ئەمن و ئاسایشێک وره بەرزیی و هیمەت لەگەڵ خۆی بێنێت، خەڵکی سڤیل لە سایەیدا ئوقرە و ئارامبگرن، لاواز و کەم دەستەکان بێ ترس بێن و بچن و بژین.

دیارە کەسێک هەمیشە سێبەری ترسی بەسەرەوە بێت هەرگیز ئاسودەیی و حەوانەوەی نابێت، هەرگیز لە خۆیی و خێزان و سامانی دڵنیا نییە، دانایان و زانایان هاودەنگن لەسەر ئەوە ئەمن و ئاسایش خۆشترین ژیان دابین دەکات، دادپەروەریش بۆ دەسەڵاتدار بەهێزترین سوپایە(١٢) ، ترس و دڵەڕاوکێ خەڵک دائەبڕێت

لە پرۆژە و بەرژەوەندییەکانیان، لەبەر خولادان و خۆپاراستن و دوورەپەرێزی لە سەرچاوەی ترسەکە نایانپەرژێتە سەر ئەو ئیش و ئەرکانەی ژیانیان پێوە بەندە، لەهەمانکات هەر ئەو کار و پرۆژان دەبنە هۆکاری بەردەوامی ژیانی ئەوان و پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیان و ژیاری گشتی.

ماوەردی سیفەتی گشتی ئەداتە پاڵ ئاسایش(١٣)، واتە هەموو کەس بگرێتەوە، هەمووان لە خۆیان و خێزان و ماڵ و مناڵ و سامان و کار و پرۆژەکانی و لە داهاتووی ئەمین و دڵنیابێت، ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەمن و ئاسایش سەراپای وڵات بگرێتەوە، کۆمەڵگە بەگشتی و خێزانەکان و تاکە تاکەی هاوڵاتیان لە سایەیدا حەوابنەوە، تەواوی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانی و پێکهاتەکانی و مافەکانیان دووربن لەهەر دەستدرێژیی و کێشە و ترس و پێشێلکارییەک، لەهەر هەرەشەیەکی دەرکیی و ناوخۆی خودی کۆمەڵگە، ئەگەر هەر هەرەشەیەکیش رووی تێکرد ئەوا هەست بکات دەسەڵاتێکی دادپەروەر هەیە و بەپێی یاسا مافەکانی ئەپارێزیت و بەرگری لێدەکات، ماوەردی ئاماژە بە راستییەکی حاشا هەڵنەگریش دەکات کە پێشکەوتن و گەشەکردن پێویستی بە پایەی ئەمن و ئاسایشی گشتی هەیە، دابینکردنی ئەو پایەیەش ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییە.

بە کورتی ماوەردی بایەخی ئەمن و ئاسایش لە ژیانی کومەڵگە دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند خاڵێک لەوانە:

١- دەرونەکان هێور و ئارام دەکاتەوە و دڵنیاییان پێدەدات.

٢- ورە و هیمەت بەرزی مرۆڤەکان دەجولێنێت، دواجار هەمووان پێکەوە دەستدەگرن بە ژیانییانەوە و فاکتەر و ڕێگەکانی پێشکەتن و گەشەکردنی ژیان و ژیار و خۆشگوزەرانی دەگرنەبەر.

٣- خەڵکە سڤیل و لاواز و بێدەرەتانەکان دڵنیادەبنەوە و ترسی برسییەتیی و هەژاریی و نەخۆشییان لەسەر نامێنێت، دواجار هیچ توێژێکی کۆمەڵگە نامێنێت، بە پاڵنەری هەژاری، یا برسییەتی، یا ترس و دڵەڕاوکێ ببێتە فاکتەری پشێویی و ناسەقامگیری.

**پایەی پێنجەم/ بەپیتی و بەرەکەتی:**

بەپیتی و بەرکەتێک بەسەر هەمووان‌دا برژێت، بەشی هەمووانی تێدابێت، ڕەخساندنی هەلی کاری تێدا بۆ هەمووان وەک یەک و یەکسان بێت، کەم دەست و لاوازەکان، بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان تێیدا هاوبەشبن، ئەمە وا دەکات حەسودیی و رژدی کەم بێتەوە، یا نەمێنێت، رک و کینە لەناو خەڵک ناهێڵێت. خەڵک دڵ و سینەی فراوان دەبێت و یەکسانی و هاوشانی و تەبایی و پەیوەندی لە نێوانیاندا گەرم و فراوان دەبێت، ئەم حاڵەتەش باشترین فاکتەری چاکتربوون و چاکسازی دنیا و ژیانی کۆمەڵگەکانە، بێگومان ئەو جۆرە بەپیتی و ڕەخسانی هەلی بەرەکەت و کارکردنەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی، دەوڵەمەندیش سەخاوەت و ئەمانەت پارێزیی و دڵفراوانی لێدەکەوێتەوە(١٤).

مەبەستی ماوەردی لە بەپیتی _الخصب_ دەوڵەمەندکردن و زۆر کردنی سەرچاوەکانی ژیان و بژێوی خەڵکە، کە دەبێتە مایەی سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە، بەپێچەوانەوە کەمی سەرچاوەی داهات و بژێوی لە کۆمەڵگەدا هۆکارێکی گەندەڵیی و فەساد و ناسەقامگیرییە، هەروەکو ئاسەواری چاکسازیی و زیادکردنی هۆکارەکانی بەپیتی گشتییە و هەمووان دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە ئاسەوار و خراپییەکانی قاتوقڕیی و گرانیی و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی داهات گشتییە و هەمووان دەگرێتەوە، لێرەوە وەک ماوەردی ئاماژە دەکات هەوڵی بەپیتکردنی وڵات و زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار دەبێتە پایەیەکی بەهێز بۆ سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە.

لە کۆتاییدا ماوەردی ئەو بەپیتی و بەرەکەتە دەگێڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر، کە وەک دوو ڕووی دراوێکن، ئەوانەش یەکەم: بریتییە لە بەپیتی و زۆری کار و بوارەکانی کارکردن، دووەم: بریتییە لە بەپیتی و زۆرکردنی مەواد و ئامرازەکان(١٥)، دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانی وڵات ئەگەر بیانەوێت چاکسازی بکەن و کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیریان ببێت، دەبێت لە یەکەمییان هەلی یەکسان لە بەردەم هەموو کەس دابین بکەن، لە دووەمیاندا، ڕاستە وەک ماوەردی ئاماژە دەدات کە بڕ و قەبارەی ئەو مەواد و ئامرازانە لای خوداوە بڕاوەتەوە(١٦)، بەڵام دەسەڵاتدار دەبێت دادپەروەرانە سەرچاوەکان و مەواد و ئامرازەکان دابەش بکات.

ئەمە ڕەهەندی ئابورییە لە پرۆژە چاکسازییەکەی ماوەردی، کە بریتییە لە کار لەسەر ئابووری گەشەسەند و بەپیتی و دەوڵەمەندکردنی وڵات بە سەرچاوەی زۆر و جۆراوجۆری داهات، دابینکردنی ڕەفاهییەت و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان لای ماوەردی یەکێکە لە پایەکانی چاکسازیی و سەقامگیری کۆمەڵگە، نەوەک هەمووشت بێت و تەنیا فاکتەر و کۆڵەگە بێت وەک فیکری هاوچەرخ تێیگەیشتووە، بەڵێ زۆر پێویستە بەڵام بەس نییە.

بە کورتی ماوەردی کاریگەری ئەو پایە لەسەر سەقامگیری دەگێڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵە:

١- بەرچاوتێریی و سنگفراوانی لەهەر دۆخێکدا.

٢- هاوبەشی هەموو کەس و توێژەکانی کۆمەڵگە لەو پیت و بەرەکەت و فراوانیی و زۆری سەرچاوەکانی بژێویی و داهات، کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتەوە فاکتەری نەمان و کەمبوونەوەی حەسودی و ڕک و کینە لەیەکتر هەڵگرتن لە نێوان خەڵکدا.

٣- فراوانبوونی بازنەی تێکەڵیی و لەیەکتر پرسینەوە و گەرموگوڕی پەیوەندییەکان.

٤- بەرچاوتێری و دەوڵەمەندی دڵ و بێنیازبوون ـ الاستغناء ـ کە سەخاوەت و ئەمانەتپارێزی بەرهەم دەهێنێت.

**پایەی شەشەم/ ئومێد و گەشبینی بە داهاتوو:**

بوونی ئومێد و گەشبینی بە داهاتوو، وا لە مرۆڤ دەکات چاوچنۆک و تەماحکار نەبێت، دڵنیابێت لەوەی هەمیشە بەشی پێویست و ژیانێکی ئابڕومەندانەی بەردەکەوێت، ئیدی هەوڵی ئیحتیکار و کۆکردنەوەی زۆر نادات، زوو بێنیازی خۆی پیشاندەدات و خۆی بە دەوڵەمەند دەزانێت، ئەمەش هەل بۆ ئەوانی تر دەڕەخسێنێت بەشی خۆیان دەستکەوێت(١٧).

ئەوەی ئەو ئومێد و گەشبینییە دەدات بە هاوڵاتی ئاسایی، بوونی نەخشە و پلانی ستراتیژی درێژخایەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایانی وڵاتە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و دابینکردنی خۆشگوزەرانی هاوڵاتی و دۆزینەوە و زیادکردنی هەلی کار و فراوانکردنی سەرچاوەکانی داهاتە.

بەڕاستی ئاماژە کردن بەو پایە لە پایەکانی سەقامگیریی و چاکسازی کۆمەڵگە لەلایەن ماوەردیی و لەو سەردەمە جێگەی سەرنجە، ووردبینی و گەورەیی عەقڵی ماوەردی پیشاندەدات. ئەوەندەی ئاگادار بم نەبینراوە و بەرچاونەکەوتووە بەوشێوە ڕاشکاوە هیچ زانا و بیرمەندێک باسی لەو خاڵە کردبێت، ئەوەش بەڵگەیە کە ماوەردی بەشێوەیەکی کارامە و زیرەکانە مامەڵەی لە تەک داهاتوو کردووە، پێشکەوتن و گەشەکردن تەنها پرسی ئێستا نییە و بەس، بەڵکو بە پلەی یەکەم پرسی داهاتووە، لێرەوە ماوەردی بە پێشەنگێکی دیار و گرنگی بیرۆکەی زانینی دابەشکردنی کات و بەروارەکان و گرنگیدان بە پلان و نەخشەڕێژی بۆ داهاتوو هەژمار دەکرێت، کە لەم سەردەمەی ئێستاماندا وڵاتانی جیهان خۆیان بەوە هەڵدەکێشن کە پلانی چەند ساڵەی داهاتوویان هەیە، هەروەها بە پێشەنگێکی بیرۆکەی سەرمایە «رأس المال» و هێنانی بۆ ناو چەق و جەرگەی گۆڕەپانی چالاکییە ئابوورییەکان دەژمێردرێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. سورەتی قورەیش، ئایەتی ٣-٤.

٢. ئەم کتێبە بەیەکێک لە سەرچاوە دیارەکانی فیقهی سیاسی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت، بایەخێکی زۆر پێدراوە، چەندینجار و لەلایەن چەندین موحەقیق ساغکراوەتەوە، دەیانجار چاپکراوە، بۆ چەند زمانێکییش وەرگێردراوە.

٣. ئەم کتێبە ئەوەندەی من ئاگاداربم جارێک لەلایەن د.محی هیلال سەرحانەوە ساغکراوەتەوە و بە چاپگەیەنراوە، جارێکیش لە لایەن د.رەزاوان سید ساغکراوەتەوە و توێژینەوەی لەبارەوە کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

٤. ئامۆژگاری _النصیحە_ پادشا و فەرمانڕەواکان نابێت بە سوک و کەم بایەخ سەیر بکرێت کە لە توراسی سیاسی ئیسلامی پێگەیەکی فراوانی وەرگرتووە، لە ئەزموون و خیبرەی مێژوویی سیاسی ئیسلامی نەصیحەت هەمان ئەو دەلالەت و مەعنا نەرێنیی و سەلبییەی ئێستای نەبووە، بەڵکو نەصیحەت بریتیی بووە لە پێدانی ڕاوێژ بە دەسەڵاتداران لەلایەن کەسانی خاوەن ئەزموون و قسە لێوەرگیراو و موعتەبەر لە ڕووی زانستی و ئەخلاقییەوە، کە داوایان کردووە مەلیک و پادشاکان دوربکەونەوە لە ئارەزوو و بڕیاری سەرپێی، زۆرجار ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی دەسەڵات کردووە.

٥. ئەم کتێبە چەندینجار ساغکراوەتەوە و چاپکراوە، تەنانەت ڕاڤە و شەرحێکیشی بۆ کراوە و ئەویش چاپکراوە.

٦. ئەم کتێبەش ساغکراوەتەوە و چاپکراوە.

٧. ادب الدنیا والدین، ل١٣٦.

٨. ه.س، ل١٣٦.

٩. ه.س، ل٣٦-٣٧.

١٠. ه.س، ل٣٧.

١١. ه.س، ل١٤١.

١٢. ه.س، ل١٤٤.

١٣. ه.س، ل١٤٤.

١٤. ه.س، ل١٤٥.

١٥. ه.س، ل١٤٦.

١٦. ه.س، ل١٤٦.

١٧. ه.س، ل١٤٦.

بۆ نوسینی ئەو بابەتە جگە لە کتێبەکانی ماوەردی سوودم لەم کتێبانەش وەرگرتووە:


١- المصلحة العامة من منظور اسلامي، د.محمد فوزی خليل.

٢- قراءة تربوية في فكر ابي الحسن الماوردي، د.علي خليل مصطفى.

٣- مصادر تراث السياسي الاسلامي، د.نصر محمد عارف.



# پوختەی بیروباوەڕ و بنەماکانی
# ئەهلی حەدیس و ئەسەر



**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

ئەهلی حەدیس و ئەسەر کە ناوە بۆ یەکێک لە گرووپە ئیسلامییەکان، خاوەنی چەند بیروبۆچون و تێڕوانینێکی تایبەتن کە لەنێو گرووپ و قوتابخانە ئیسلامییەکانی دیکەدا پێی جیادەکرێنەوە و دەبێتە سیمای دیاریان و چەند ناو و نازناوێکیان هەیە:

١- بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە فەرموودە و واتاکردنی و شەنوکەوکردنی عیللەل و جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستەکان و بەهەندوەرگرتنی ئەو ئەسەرانەی لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیانەوە هاتوون، بە ئەهلی حەدیس و ئەسەر دەناسرێن.

٢- سەلەفی ساڵح: مەبەست پێی هاوەڵان و شوێنکەوتەی هاوەڵان و پێشەوایان و زانایانە.

مەبەست لە ڕێبازی سەلەف: ئەو ڕێبازەیە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ)، گرتویانەتەبەر و شوێنکەوتەی هاوەڵان و پێشەوایانی ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەری ڕۆشتوون، نەک ئەو زانایانەی نازناوی بیدعەکاریان بەسەردا براوە و، دەدرێنە پاڵ گرووپەکانی: موعتەزیلە، خەواریج، قەدەری، ڕافیزە، مورجیئە، جەبری، کەرامییەکان. لە پاش بڵاوبونەوەی بیدعە و وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان و، برەوسەندنی ڕێبازی ئیعتیزال و، دروستکردنی میحنەتی خەلقی قورئان لەلایەن مەئمونەوە، ئەو بەرهەڵستییەی ئیمام ئەحمەد بەرامبەر خەلیفە کردی، لێرەوە نازناوی سەلەفیبوونی بەسەردا درا و، چەمکی سەلەفییەت هاتە گۆڕێ و تێکستی سەلەفیبوون درایە پاڵ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.

ئەگەر نا، ئەم ڕێبازە تەنها ئیمام ئەحمەد نەیگرتووەتەبەر و وتە و بۆچوونەکانی ئیمام ئەحمەد هەمان وتە و بۆچوونی زانایانی دیکەیە وەک: شافیعی، ئەبوحەنیفە، مالیک، ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی، زوهریی و زانایانی عێراق و شام.

زانایان زۆربوون لەبارەی عەقیدەی سەلەفەوە نوسیویانە و لە کتێبەکانی شرۆڤەکردنی قورئاندا عەقیدەی سەلەفیان بۆ خەڵک باسکردوە، وەک تەفسیری عەبدوڕەزاق، عەبدوڕەحمانی کوڕی دوحەیم، بن مونزیر، تەبەری، بن مەردەوەیهی، ئەبی شەیخی ئەسفەهانی و، جگە لە ئەوانیش.

هەروەها کتێب نوسراوە لەسەر سوننەت و وەڵامدانەوەی جەهمییەکان، وەک: کتێبی وەڵامی جەهمییەکان (الرد علی الجهمیة) کە دانراوی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای جوعفیی شێخی بوخارییە، هەروەها کتێبی (خەلقی ئەفعال) کە هی بوخارییە، لەگەڵ کتێبی سوننەی ئەبی داود و ئەبی بەکری ئەثرەم و ئەبی قاسمی تەبەرانی و ئەبی عەبدوڵڵای بن مەندە.

هەروەها کتێبی شەریعەی ئاجوریی و ئیبانەی بن بەتتە و کتێبی وەڵام لەسەر جەهمیی کە هی دارەمییە. هەروەها زانایانی دیکەی وەک بوخاری، موسلیم، بن ماجە، ئەبی داوود، ترمذی، نەسائی، بن خوزەیمە، ئەبی حاتەمی رازی، مەرزەوی، بن حیبان، ئەوزاعی(١). بن ئەبی لەیلا، ڕەبیع، بەربەهاری، بن موبارەک، شەعبی، بن حەجەری عەسقەلانی، ئەبی زورعە، شافیعی، مالیک، ئەبی حەنیفە- بەکەمێک جیاوازییەوە، دارەمی، تەحاوی، ئەشعەری- لە قۆناغی سێیەمی ژیانیدا دارەقوتنی، بن مەندە،. لالەکائی، ئەبی قاسمی ئەسفەهانی، سوفیانی سەوری، بن تەیمیە، بن قەیم، بن کەسیر، زەهەبی، بەغەوی، محەمەد بن عەبدولوەهاب، پاشان لەم سەردەمەدا ناسر سەعدی، ئەلبانی، بن عوسەیمین، بن باز، ...تاد. هەمان بۆچوونی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیان هەبووە دەربارەی دەستگرت بەڕێبازی سەلەفەوە و هەمیشە جەختیان لەوە کردۆتەوە دەست بە ڕێبازی سەلەفەوە بگیرێت و پشت لەو ڕێبازە داهێنراوانە بکرێت کە لە پاش هاوەڵان و تابعین دادەهێنران و بەهۆیەوە پشت لە قورئان و فەرموودە دەکران بەئەندازەی نزیکبونەوە لە داهێنراوەکە.

بن حەجەری عەسقەلانی لەمبارەیەوە دەفەرموێت: لە پاش سێ چاخی پیرۆزی ئیسلام

و نەمانی هاوەڵان و شوێنکەوتووانیان، کۆمەڵە بابەتێکی بەرفراوان هێنرانە نێو ئیسلام کە پێشەوایان لەوەوپێش بەتوندی ڕەتیانکردۆتەوە، کار گەیشتووەتە ئەوەی فەلسەفەی یۆنانییان تێکەڵ بە بنەماکانی ئایین کردووە و کردوویانەتە سەرچاوەیەک و دەگەڕێنەوە لای لەبری بنەماکانی ئیسلام، هەرکەسێکیش ڕێچکەی ئەوان نەگرێتەبەر بەکەسێکی ڕەمەک و نەفامی ناودەبەن، بەڵام خۆشبەخت ئەو کەسەیە کەوا لەسەر ئەو ڕێگەیەیە پێشینی لەسەربووە و خۆی دوورگرتووە لەوەی پاشین دایان هێناوە(٢).

٣- گرۆی ڕزگاربوو (الفرقة الناجية)، ئەمەش بۆخۆیان بەکاردەهێنن، چونکە خۆیان بەو گرۆیە دەزانن پێغەمبەر(د.خ) مژدەی ڕزگاربوونی پێداوە لەنێو حەفتا و سێ گرۆی سەرلێشێواودا، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (ئەم نەتەوەیە دابەش دەبێت بۆ حەفتا و سێ کۆمەڵ، حەفتا و دوویان بۆ ئاگرە و یەک دانەیان بۆ بەهەشتە، ئەویش جەماعەیە)(٣).

٤- گەلی سەرفراز و سەرکەوتوو، (الطائفة المنصورة): ئەم ناوەش لەم فەرموودەیەوە وەردەگرن کە پێغەمبەر (د.خ)فەرموویەتی: (بەردەوام خەڵکانێک لە نەتەوەکەم لەسەر ڕاستین، زیانیشیان پێ ناگەیەنن ئەوانەی پێچەوانەیان دەکەن و دژیانن)(٤).

٥- نامۆکان و چاکەخوازان (الغرباء ، والمصلحون): ئەم ناوەش بۆیە بۆخۆیان بەکاردەهێنن، چونکە خۆیان بەو خەڵکە نامۆیانە دەزانن کە پێغەمبەر (د.خ)فەرمویەتی: (ئیسلام بەنامۆی دەستییپێکردووە و کاتێکیش بەرەو نەمان دەچێت دووبارە نامۆ دەبێتەوە، هەروەک چۆن لە سەرەتاوە بە نامۆبوون دەستییپێکرد، خۆشبەختی بۆ نامۆکان ئەوانەی دەستیان بەدینەوە گرتووە وتیان نامۆکان کێن؟ فەرمووی: ئەوانەی کاتێک خەڵک خراپە دەکەن، ئەوان خەریکی چاککردنی خۆیانن یان چاککردنی خەڵکن(٥).

٥- ئەهلی سوننە و جەماعە.

هەروەها کۆمەڵێک ناو و نازناویان هەیە کە پێیان ناخۆشە پێیان بوترێت و لەلایەن نەیارەکانیانەوە بەسەریاندا بڕاوە:

١- موشەبیهە: بەهۆي جێگیرکردنی ناو و سیفاتەکانەوە بۆ خودای گەورە و تەئویل نەکردن و لەکارنەخستنیان هەریەکە لە گرووپەکانی موعتەزیلە و جەهمی و ئەشعەرییەکان، بە سەلەفییەکانیان وتووە: موشەبیهە، واتە لە جێگیرکردنی ئەم سیفاتانەدا خودایان چواندووە بە دروستکراوەکان.

٢- موجبیرە: ئەم نازناوە موعتەزیلە و قەدەرییەکان بەسەریاندا بڕیون، بەهۆی ئەوەی ئەهلی حەدیس باوەڕیان وایە خودای گەورە دروستکەری هەموو شتێکە، لەنێویشیدا کاری مرۆڤەکان، قەدەرییەکانیش دەڵێن کردەوە خراپ و بەدەکان مرۆڤەکان خۆیان دروستیان دەکەن و بەدییان دەهێنن نەک خودا.

٣- نەقسانی، موخالیفە، شیکاک: مورجیئەکان ئەم ناوەیان لێناون، چونکە مورجیئە بۆچونیان وایە ئیمان زیاد و کەم ناکات، ئەهلی حەدیسیش دەڵێن: زیاد و کەم دەکات، بۆیە پێیان وتوون نەقسانی، بەهۆی بۆچونی پێچەوانەشیانەوە پێیان وتوون موخالیفە، پێشیان وتوون شیکاک، واتە: گومانیان لە ئیمانی خەڵک هەیە و هەمووی چوونیەک ناکەن و ئیمانی هەندێک لە هی هەندێک بە زیاتر دەزانن.

٤- ناسیبە: ڕافیزەکان ئەم ناوەیان لێناون بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە پێشخستنی ئەبوبەکر و عومەر هەیە بەسەر عەلیدا لە پێشەوایەتیدا و هەرکەسێکیش ئەم بۆچونەی هەبێت، ڕافیزەکان بە دوژمنی عەلی دەزانن و ناوی ناسیبەی لێدەنێن.

٥- تێکڕاو ڕەمەکی خەڵک (العامة والجمهور): ئەم نازناوە ڕافیزەکان لە ئەهلی حەدیسیان ناوە وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی خۆیان خەڵکانی تایبەت و پاڵفتەن و جگە لە ئەوان ڕەمەکە و پێچەوانە کردنیان زیانێکی نیە.

٦- حەشوییەکان: موعتەزیلە و ئەشعەریی و ماتوریدیی و ڕافیزەکان ئەم ناوەیان لێناون، ئەمەش بەواتای وەرگرتنی فەرمووده و ئاسار دێت بەبێ شومار و بەدواداچوونیان، یان بەواتای جێگیرکردنی جەستە بۆ خودا.

٧- نابیتە، بەواتای بێ ئاگای دێت لە زانستی کەلام و توێژینەوەنەکردن لەسەری.

٨- غەسرا: واتە خەڵکی کەم عەقڵ و گێژ(٦).

## ڕێبازی ئەهلی حەدیس
## لە وەرگرتنی بیروباوەڕدا بەم جۆرەیە:

١- دەستگرتن بە قورئان و فەرمودەوە، بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، لەگەڵ کردنیان بەدادوەر و کارکردن بەوەی دەیخوازن، بەبێ ئەوەی ڕەتبکرێینەوە و تەئویل بکرێن و، جیاوازی لە نێوان فەرموودەی ئاحاد و موتەواتیردا نەکرێت و هەمووی بەیەک چاو سەیر بکرێت، ئەگەر نا، ئەوە خەسڵەتی ئەهلی بیدەعە جیاوازی لە نێوان فەرموودەی ئاحاد و موتەواتیردا بکرێت.

٢- ڕۆشتن لەسەر ڕێبازی هاوەڵانی پێغەمبەر لە چۆنیەتی تێگەشتن لە دین و عەقیدەدا.

٣- ڕۆنەچوون لە تێگەشتن لە مانای دەقەکان و لانەدان لە واتای ڕوکەشیانەی دەقەکان و ڕەتنەکردنەوەیان بەپێی عەقڵ، لەگەڵ ئەمەشدا عەقڵ پشتگوێ ناخەن و لە سنوری خۆیدا کاری پێدەکەن، سنورەکەشی بەلایانەوە ئەوەندەیە تەنها حوکمی لێ هەڵبگۆزن و تێی بگەن و بەهۆیەوە بکەونە ژێر تەکلیف، خۆ ئەگەر بەرهەڵستی لە نێوان عەقڵ و دەقدا هەبوو دەقەکە ڕەتنەکرێتەوە.

## بنەماکانی ئەهلی حەدیس و ئەسەر:

**بنەمای یەکەم:** باوەڕبوون بەخودا: یەک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەهلی سوننە باوەڕبوونە بە خودای گەورە کە خۆی لە دابەشکردنی تەوحیددا دەبینێتەوە بۆ سێ بەش، بۆ باوەڕبوون بە خوداو، دامەزران و پتەوبوونی، پێویستە ئەم سێ جۆرەی تەوحید پەیڕەو بکرێت، ئەویش: باوەڕبوونە بەوەی خودای گەورە هەموو بونەوەری بەدیهێناوە و پادشایەتی، کە پێی دەوترێت: یەکخواپەرستی لە بەخودا داناندا. هەروەها پەرستنی خودای گەورە و بەشایستەی پەرستنی بزانیت بەتەنها و، بەتەنها ڕاییگریت لە پەرستندا، کەسی دیکە نەپەرستی لەگەڵیدا و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەیت، ئەمەش تەوحیدی پەرستشە. لەگەڵ باوەڕبوون بەناو و سفاتەکانی خودای گەورە و جگێرکردنیان بەبێ تەئویل، تەعطیل، تەحرف، تەمسیل، تەفویزکردن و، نەفیکردنی سیفەتێک کە خودا و پێغەمبەر نەفییان کردووە، ئەمەش تەوحیدی ناو و سیفەتەکانە. هەروەها باوەڕهێنان بەلای ئەهلی سوننەوە شتێکی سروشتییە و خودای گەورە مرۆڤی دروستکردووە هەر لە بنەڕەتەوە بە باوەڕداری هێناویەتییە بوون و پێویست بەوە ناکات گەشتە تەمەنی باڵغبوون دەست بە نەزەر بکات و بچێتە قۆناغی یەکەمی نەزەر و شەک و..تاد. — کە بەلای موعتەزیلە و ئەشعەرییەکانەوە یەکەمین واجبی سەرشانی مرۆڤە، فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) دەکەنە بەڵگە کە فەرمویەتی:(هیچ لەدایکبوویەک نیە، مەگەر لەسەر فیترەت لەدایکدەبێت، دواتر باوک و دایکی دەیکەنە جولەکە، گاور، ئاگرپەرست) (٧).

**بنەمای دووەم** باوەڕبوون بە فریشتەکان: بەلای ئەهلی سوننەوە باوەڕبوون بە فریشتەکان خۆی لە چەند تەوەرێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە: ١- باوەڕبوون بە هەبوونیان. ٢- باوەڕبوون بەو سیفەتانەی کە خودای گەورە یان پێغەمبەر (د.خ) باسی کردووە لەبارەیانەوە. ٣- باوەڕبوون بەو کارانەی بەسەریاندا دراوە جێبەجێی بکەن و بە پاک بزانرێن (٨).

**بنەمای سێیەم:** باوەڕبوون بەو کتێبانەی خودای گەورە ڕەوانەی کردووە بۆ پێغەمبەرانی بۆ ڕێنمایی کردنی مرۆڤایەتی.

# ئەوە خەسڵەتی ئەهلی بیدەعە جیاوازی لە نێوان فەرموودەی ئاحاد و موتەواتیردا بکرێت.

**بنەمای چوارەم**: باوەڕبوون بە پێغەمبەرانی خودا بەشێوەییەکی گشتی.

**بنەمای پێنجەم**: باوەڕبوون بە کۆمەڵە ڕووداوێک کە مرۆڤ لە پاش مردن دێتە ڕێگەی کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە: ١- باوەڕبوون بە تاقیکردنەوەی ناوگۆڕ، هەموو مرۆڤەکان کاتێک لە گۆڕ دەنرێن دوو فریشتە دێنەلایی و لێی دەپرسن خودات کێیە؟ پێغەمبەرت کێیە؟ ئاینت چیە ؟، مرۆڤی مسوڵمان دەڵێت خودام (الله) یەو پێغەمبەرم محەمەدە، ئاینیشم ئیسلامە. کەسانی بێباوەڕ و دووڕوو و خراپەکار ناتوانن وەڵامبدەنەوە و دەڵێن: ها ها نازانم، ئەوجا گورزێکی ئاسنینیان پیدا دەکێشرت هەموو گیانلەبەرێک دەیبیستێت جگەلە جنۆکە و ئادەمی(٩).

٢- باوەڕبوون بە سزاو پاداشتی ناوگۆڕ، بەڵگەش بۆ ئەمە فەرمودەی پێغەمبەرە(د.خ)کاتێک تێپەڕیوە بەلای دوو گۆڕدا فەرمویەتی سزا دەدرێن، بەهۆی دوو تاوانەوە کە بەلای خەڵکەوە ئاسانن، بەڵام ئاسان نین، یەکەمیان قسەی خەڵکی بۆ یەک دەگێڕایەوە بەمەبەستی نانەوەی ئاژاوە(النميمة)، ئەوی دیکەش خۆی لە میز پاک ڕانەدەگرت(١٠).

٣- ڕوودانی قیامەتی گەورە و کۆتایی هاتن بە دنیا.

٤- باوەڕبوون بە میزان لە ڕۆژی دوایدا بۆ کێشانەکردنی باشە و خراپەی خەڵکی.

٥- باوەڕبوون بە لێپێچینەوە و حساب کردن.

٦- باوەڕبوون بە چەند پەڕاوێک تاوان و باشەکانی مرۆڤی تێدا هەژمارکراوە.

٧- حەوز و ئاوی کەوسەر کە تایبەتە بە ئوممەتی پێغەمبەرەوە(د.خ)و لە ڕۆژی دواییدا ئوممەتەکەی ئاوی لێدەخۆن و تینوێتی خۆیانی لەسەر دەشکێنن.

٨- باوەڕبوون بەپردی سیرات: کە بەسەر دۆزەخدا تێدەپەڕێت و ڕێگەی پەڕینەوەی خەڵکییە بەرەو بەهەشت، لە شمشێر تیژ ترە و لە تاڵەموو باریک ترە، بەپێی کەم و زۆری کردەوەکانیان مسوڵمان پێیدا تێدەپەڕن، کەسانێک هەن بەئەندازەی چاوتروکانێکیان پێدەچێت لە پەڕینەوەدا، خەڵکانێکیش بەوێنەی هەورە بروسکە خێران لە پەڕینەوەدا و، خەڵکانێکیش وەک با، وەک ئەسپسوار، وەک حوشتر سوار دەپەڕنەوە، هەندێکیش بەپیادە دەڕۆن، هەندێکیش بە سنگەخشێ، خەڵکانێکیش دەکەونە خوارەوە(ناو دۆزەخ)، لە چوارلای ئەم پردەوە قولاپی ئاسنین هەن ئەو کەسانە ڕادەکێشن کە بەلایاندا تێدەپەڕن، کاتێکیش برواداران پەڕینەوە لە شوێنێکی نێوان بەهەشت و دۆزەخدا دەوەستێنرێن و تۆڵەی یەکیان لێدەکرێتەوە، ئەوجا ڕەوانەی بەهەشت دەکرێن(١١).

٩- باوەڕبوون بە شەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ) کە پێکدێت لە:

١- شەفاعەتی گەورە بۆ دەستپێکردنی لێپرسینەوەی خودای گەورە.

٢- شەفاعەت دەکات بۆ خەڵکانێک کە تاوان و

چاکەیان چوونیەکە.

٣- شەفاعەت بۆ خەڵکانێک کە سزای دۆزەخیان بۆ دەرچووە، تاوەکو نەچنە ناوی.

٤- شەفاعەت بۆ بەرزکردنەوەی پلەی خەڵکانێک لە بەهەشتدا.

٥- شەفاعەت بۆ خەڵکانێک بۆئەوەی بچنە بەهەشت بەبێ لێپیرسینەوە.

٦- شەفاعەت دەکات بۆ سووککردنی سزا لەسەر مامی کە ئەبوتالیبە.

٧- شەفاعەت دەکات بۆ مۆڵەتدان بەبڕواداران بۆ چوونە ناو بەهەشت.

٨- شەفاعەت بۆ خەڵکانی خاوەن تاوانی گەورە لەنێو موسوڵمانان (١٢).

١٠- باوەڕبوون بە بەهەشت و دۆزەخ کە دوو دروستکراوی خودان و ئێستا ئامادە و سازن، بەهەشت بۆ بڕواداران و دۆزەخیش بۆ بێباوەڕ و خراپەکاران ، دوو دروستکراون کەوا لەناو ناچن و خودای گەورە لە پێشچاوی بەهەشتی و دۆزەخییەکان مردن دەکاتە شێوەی مەڕێک و سەری دەبرێت و دڵنیاییان دەداتێ لەسەر مانەوەی هەمیشەییان لەو شوێنەی تێیدان(١٣).

بنەمای شەشەم: باوەڕبوون بەقەزاو قەدەر:

أ- باوەڕبوون بەوەی خودای گەورە هەموو کار و بارەکانی مرۆڤ دەزانێت و زانستی هەیە پێیان. خودای گەورە دەفەرموێت: **{لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا}** الطلاق: ١٢.

ب- هەر شتێک ڕوودەدات هەمووی نوسراوە لەلای خودا، **{أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ}** یس: ١٢. هەروەها پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السموات والأرض بخمسين ألف سنة) (١٤).

ج- هەموو شتەکان لە ژێر ویستی پەروەردگاردا ڕوودەدەن خۆ ئەگەر خودا ویستی لێی نەبێت مرۆڤ ناتوانێت هیچ کارێک بکات و ڕوونادات. خودای گەورە دەفەرموێت: **{وَمَا تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ}** التكوير: ٢٩.

د- باوەڕبوون بەوەی خودای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتەکانە بە باش و خراپیانەوە هەمووی خودا بەدیهێناوە و هیچ شتێک و مرۆڤێک نییە جگە لە خودا شتێک بەرهەم بهێنێت. **{اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ}** **الزمر: ٦٢.**

هەروەها، پاشماوەی بنەماکانی دیکە ئەوەیە: ئەهلی سوننە نێوەندگیرن لە نێوان هەردوو گرۆی جەبرییەکان کە باوەڕیان وابوو مرۆ ناچارە بەو کارەی دەیکات و خودا لەسەری پێویست کردووە، لەگەڵ گرۆی موعتەزیلەکان کە دەیانوت مرۆڤ بۆخۆی بەدیهێنەری کارەکانیەتی و خودا بەدیهێنەری نیە. ئەهلی حەدیس دەڵێن مرۆڤ سەرپشکە لەو کارەی دەیکات و هیچ کات خودا، مرۆڤ ناچار ناکات کارێک بکات، بەڵام کارەکانیشی لەژێر ویستی خودا دەرناچێت و خوا بەدیهێنەریەتی و ویستی کەسەکە شوێنکەوتەی ویستی خودا دەبێت. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین ویستی خودا واتای ئەوە نیە بەتاوان و سەرپێچی ڕازی بێت کە مرۆ دەیکات، بەڵام ئەگەر مرۆڤ وییستی تاوان بکات خودا لە ڕووی شەرعەوە پێی ڕازی نییە و بۆشی بەدیدێنێت وەک ئازادییەک، بەڵام دواتر لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات لەسەری. **{وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ}** **الصافات: ٩٦.**

هەروەها، بنەمای ئەهلیی حەدیسە: باوەڕبوون بەوەی ئیمان پێکدێت لە دانپێدانان بە زمان، باوەڕ پێ بوون لە دڵەوە، ئەنجامدانی کردەوەی باشە و، بە بەندایەتیکردن ئیمان زیاد دەکات و بە تاوانکردن کەم دەکات.

هەروەها ئەهلی سوننە لەم بابەتەشدا نێوەندگیرن لە نێوان خەواریج وموعتەزیلەکان و مورجیئەکان: خەواریج و موعتەزیلە بۆچونیان وایە ئەنجامدەری تاوانی گەورە بەهەمیشەیی

له دۆزەخدا دەمێنێتەوە و پێویستە خودای گەورە سزای بدات، هەروەک چۆن پاداشتی خواپەرستان دەداتەوە، مورجیئەکانیش دەڵێن تاوانکردن هیچ زیانێک بە ئیمان ناگەیەنێت و کەم و زیادی ناکات. موعتەزیلە پێیان دەوت- بە ئەنجامدەری تاوانی گەورە پایەی نێوان دوپایەکە و خەوارییجەکانیش پێیان دەوت بێباوەڕ. ئەهلی سوننە بە مسوڵمانی تاوانباریان دەزانێت و دەڵێن: ئەنجامدەری تاوانی گەورە ئەگەر بە ڕەوای نەبینێت کافر نابێت و دەکەوێتە ژێر ویستی خوداوە، ئەگەر بیەوێت سزای دەدات ئەگەر نەشیەوێت سزای نادات و بشچێتە دۆزەخ بایی ئەوەندە دەسوتێت تاوانی کردووە و دواتر ڕزگاری دەبێت(١٢). بە بەڵگەی ئەوەی خودای گەورە دەفەرموێت: **{إِنَّ اللهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء} النساء: ٤٨.**

هەروەها نێوەندگیرن لە نێوان ڕافیزەکان و خەوارجەکان: ڕافیزەکان سێ پێشەواکەی پێش عەلییان کافراند و زێدەڕۆییان لە مافی عەلیدا کرد و خەواریجەکانیش پێشەوا عەلییان کافراند، بەڵام ئەهلی سوننە باوەڕیان بەو ڕیزبەندییە هەیە بۆ پێشەوایان کراوە و بە ڕەوا و دروستی دەزانن و وا نابینن مافی عەلی تێیدا خورابێت و بەکافریشی نازانن و بە پێشەوایەکی بەڕێز و هاوەڵی پێغەمبەری دەزانن.

هەروەها ئەهلی حەدس باوەڕیان بەوە هەیە لەژێر حوکمی پێشەوای مسوڵمانان دەرنەچێت هەرچەندە پێشەوایەکی ستەمکاریش بێت و مافی خەڵک بخوات، نابێت شۆڕشی چەکداریی لە دژ بکرێت و لابرێت، تا ئەوکاتەی کوفری ڕوون و ئاشکرای لێ دەبینرت (کەمێکیان نەبێت بۆچوونیان وایە ستەمکار هەرچەندە کوفریشی نەبێت دەرچوون لێی پێویستە) و بۆ ئەنجامدانی شۆ{شیش پێویستی هەبوونی پێشەوایەک و هێز و توانایی ساز و ئامادە هەیە و زانایان فەتوای جیهادی بۆ بدەن و دڵنیایی ڕوونەدانی پشێویی و خراپەی زیاتری تێدابێت.

هەروەها ئەم ڕێبازە کۆمەڵێکی تر بنەمای هەیە، لەوانە: باوەڕبوون بە کۆمەڵە ڕووداوێک کە لە پێش هاتنی قیامەت ڕوودەدەن: لە هاتنی دەججال و دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی و هاتنەخوارەوەی عیسای مەسیح بۆ سەرزەوی.

هەروەها، لە بنەماکانی ئەهلی حەدیسە: نوێژنەکردن لە پشت بیدعەچییەوە، وازهێنان لە دەمەقاڵێی ئەهلی بیدەع و هاونشینی نەکردنیان، دەستگرتن بە سوننەتەوە و شوێنەکەوتنی بۆچوون و ئارەزووەکان، جیهادکردن بەردەوام دەبێت و دەمنێت لەگەڵ پێشەوایان تاوەکو ڕۆژی دوایی، جێبەجێکردنی سنورەکانی شەرع لە: دەستبڕین و بەردبارانکردنی زیناکار و....هتد هەردەمێنێت، هەرکەسێک لەژێر حوکمی دەسەڵاتدار دەربچێت- جا مسوڵمانان کردبێتیانە دەسەڵاتدار یان کودەتای کردبێت ئەوا پێچەوانەی سوننەتی کردووە و لەسەری بمرێت لەسەر نەفامی مردووە، جەنگان لەگەڵ حکومەت بیدعەیە و جەنگاوەر بیدعەچییە.

جەنگان لەگەڵ خەواریجان پێوستە، دورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی وەک: نەمیمەت، غەیبەت، درۆ، زینا، خواردنی ماڵی خەڵک. هەروەها دەڵێن: گۆڕی مرۆ باخچەیەکی بەهەشت یان دۆڵێکی دۆزەخە، قورئان وتەی خودایە و دروستکراو نیە، لە ڕۆژی دواییدا بڕواداران خودا دەبینن، خودا لەسەر عەرشە.

بنەمای ئەهلی سوننە بوونە زبر ژیان و کەم خواردن وخواردنەوە و پۆشین، بڕوابوون بەوەی پێغەمبەرێتی کۆتایی پێهاتووە و پێغەمبەرێکی دیکە نایەت، بێدەنگبوون لەو شتانەی هاوەڵان لێی بێدەنگبوون، موعاویە خاڵی مسوڵمانان و کاتبی وەحییە و یەکێکە لە خەلیفەکانی مسوڵمانان، باسنەکردنی ئەو ڕوداوانەی لە نێوان هاوەڵان ڕوویانداوە و باسکردنیان بە باشە، خۆشەیستنی

خانەوادە و خێزان و ئالوبەیتی پێغەمبەر(د.خ)، هاوەڵان بە ئەهلی بەهەشت دەزانن و بە مەعسومیشیان نازانن، باوەڕبوون بە کەراماتی پیاوچاکان، فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، خۆگرتن لەکاتی ناخۆشی، شکورکردن لەکات خۆشی، چاکە لەگەڵ دایک و باوک، بەجێگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، چاکە کردن لەگەڵ خزمان و هەژاران، ڕۆنەچوون و زێدەڕۆی نەکردن لە مافی پیاوباشان.

باوەڕبوون بەوەی خودای گەورە بەدەستی خۆی ئادەمی دروستکردووە و لە بەهەشت جێگیری کردووە، لە بنەڕەتیشدا بۆ سەرزەوی دروستیکردووە، بە خواردنی دارێکیش تاقیکردەوە و تێیدا دەرنەچوو بەهۆیەوە لە بەهەشت دەرکرا. دورکەوتنەوە لە هاوبەش بۆ خودا دانان، دانانی نێوەندگیر(الواسطة) لە نێوان خۆت و خودادا و هاواری لێبکەیت و پشتی پێ ببەستیت بۆئەوەی لە ڕێگەیەوە بگەیتە خودا هاوبەش بۆخودا دانانە. کافراندنی هاوبەش بۆ خودا پەیداکەران و بێباوەڕان و بەهەڵەزانینی ئاینیان، ئاینی ئسلام لە هەموو ئاینێک بەباشتر بزانیت و هیچ ئاینێکی دیکەی هاوتا نەکەیت، گاڵتەنەکردن بە دین، دورکەوتنەوە لە جادووگەری، پشتگیری نەکردنی بێباوەڕان لە دژیی مسوڵمانان، هیچ کەس ناتوانێت لە دەرەوەی شەریعەتی ئیسلام بە ڕاستییەکی دیکە بگات و لێی دەربچێت، تەنها بونیاد لەسەر قورئان و فەرموودە دەکرێت، نەک لەسەر خەوی پیاوباشان و عەقڵ و..تاد.، پشت هەڵنەکردن لە دین، بە حەرام زانینی حەرامەکان و حەڵاڵ نەکردنیان لەگەڵ بە حەڵاڵ زانینی حەڵاڵەکان، گەڕانەوە بۆ لای حوکمی شەریعەتی ئیسلام لە هەموو ڕووداو و پێشهاتێک بەسەر مرۆڤ بێت، هیچ مرۆڤێک بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشت ئەگەر بەزەیی و میهرەبانی خودای لەگەڵ نەبێت.

گرووپەکانی شیعە، جەهمی، قەدەری، خەواریج، موعتەزیلە، ماتوریدی، سۆفی، ئەشعەری، کیلابی، جەبری، ئەهلی کەلام... هتد، هەمویان بە ئەهەلی بیدعە و سەرلێشێواو بزانرێن. هەرکەسێک بیدعە، کوفر، شیریک بکات بە بیدعەچی، کافر، موشریک هەژمار ناکرێت تاوەکو بۆی ڕووندەکرێتەوە و ئیقامە حوججە دەکرێت ئەگەر بەڵگەی پێویستی پێگەشت و هەر بەردەوام بوو ئەوجا بەوە ناوزەند بکرێت کە دەیکات، هەرکەس و پێشەوا و فەرمانڕەوایەک کار بە دەستور و یاسا دەستکردەکانی پێچەوانەی ئیسلام بکات بێباوەڕ نابێت پێی بەو مەرجەی لە ئیسلام باشتر یان وەک ئیسلام بەباشی نەزانێت. بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی نوێژنەکەر هێندێک بە بێباوەڕ و هەندێک بە تاوانباری شایستەی دۆزەخ و ملپەڕاندنی دەزانن.

هەروەها لە بنەماکان ئەهلی سەلەفە باوەڕبوون بەوەی جنۆکە دەچێتە لەشی مرۆڤ، جادوو کاریگەری دەبێت لەسەر مرۆڤ، باوەڕبوون بە مەسحی سەرخووف-جۆراب، زۆرفاک وفیک (المراوغة) نەکردن لە دیندا، بە حوججە زانینی وتە و تێگەشتنی هاوەڵان، ئەم بونەوەرە دروستکراوە و خودای گەورە بەدیهێناوە و بەشێک نییە لە خودا، ناوەکانی خودا تەوقیفییە و بە پێوانە ناتوانین ناوێکی دیکەی بۆ زیاد بکەین، زۆرینەی زانایانیان ڕێبازیان جێگیرکردنی ناو و سیفەتەکانی خودایە بەبێ تەئویل، کەمێکیان نەبێت ڕێبازیان تەفویزکردنی ماناکەیەتی بۆلای خودا و دەڵێن تەنها خودا واتایان دەزانێت، سۆفستائییەکان نەزانن کە نکوڵی لە حەقیقەتی شتەکان دەکەن، لە وتەی بێباوەڕانە بڵێیت خودای گەورە کەسی موکەلەف نەکردووە بیناسێت و زانیاری دەربارەی هەبێت(١٥).

## ئەنجام

ئەمەی باس کرا پوختەی بیروباوەڕ و بنەماکانی ئەهلی حەدیس بوو، کە جیاوازییەکانی ئەمان لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا خۆی لە کۆی ئەم بابەتانەدا دەبینێتەوە و بۆچونی تایبەت بە خۆیان هەیە لەسەر هەریەکێک لەم بابەتانە کە جیاوازە لە بۆچوونی بەرامبەرەکانیان. ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە: هەندێک لەم بنەمایانە دەچنە نێو بابەتی عەقیدەوە و هەندێکیشیان بابەتی عەقیدەیی نین، هەروەها هەندێکیان بۆ زەمانی خۆیان وتراون و نوسراون و فیقهی واقیعی خۆیانە، هەندێکیشیان کردەیی نەکراون لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا و پاساوی سیاسیی و سەردەم گیرییانە بۆ جێبەجێ نەکردنیان دەهێنرێتەوە لەلایەن زاناکانی ئەهلی حەدیسەوە.

بۆیە پێویستە زانایانی ئەهلی حەدیس جیاکاری بکەن لە نێوان بابەتەکاندا و مەودای پەیوەندییان بە عەقیدەوە ڕوون بکەنەوە ئەوجا بە هۆیەوە حوکم بەسەر بەرامبەردا بدەن، لە ئەهلی سوننە بێ بەشی نەکەن بەهۆی بۆچونێکەوە لەچاو بابەتە عەقیدەییەکاندا کێشی تاڵەموویەکی هەیە، بۆ وێنە باوەڕبوون بە مەسحی سەر جۆراب کە هیچ ویژدانێک قەبوڵی ناکات بەهۆی باوەڕنەبوون پێی کەسێکی پێ لە ئەهلی سوننە دەربکرێت و، تانەی لێبدرێت کە باوەڕی بەو بابەتە فیقهیە خیلافییە نییە. پاشان ڕەچاوی بارودۆخ بکرێت بۆ جێبەجێکردنی هەندێک بنەما و، ڕەچاوی بەدیهێنانی بەرژەوەندی و پاڵپێوەنانی خراپەی تێدا بکرێت. ئەوجا کۆمەڵە بابەتێکی دیکەی ڕۆژگار زیاد بکرێت بۆ بنەماکانی ئەهلی سوننەبوون کە لە واقیعی ئەمرۆماندا هەن و مسوڵمان لێی بێئاگا بووە، بەڵکە هەندێک لە بانگەشەکارانی ئەهلی سوننە خۆشیان تێی کەوتوون و لەو بنەمایە بێئاگابوون یان پێچەوانەی دەکەن هۆکارەکەشی بۆ ڕەچاونەکردنی بارودۆخ دەگەڕێتەوە و ژیانە لە دووتوێی کتێبدا و واقیعی نەبووونە و بە هۆیەوە ئەهلی سوننەی پێ لەکەدار دەبێت.

پاشان ئەو بابەتانە بژاردە بکرێن و لە تەرازووی قورئان و سوننەت بکێشرێن بۆئەوەی کۆمەڵێک بابەت بووەتە مۆرکی ئەهلي سوننەبوون و هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی شەرعی لەسەر نییە و بووەتە بەشێک لە دین و بنەماکان جیابکرێنەوە و ڕاستییان دەربکەوێت و هەر زانا، بیرمەند، توێژەرێک یەکێک لەو بابەتانەی لەگەڵ قورئان و فەرموودە و گیان و مەبەستە گەورەکانی شەریعە بەراورد کرد و بۆی ساغبوویەوە تەندروست نیە دەستبەجێ ناوی عەقڵانیی و ئەهلی بیدەعی بەسەردا نەبردرێت بە پاساوی ئەوەی بنەمایەکە سەدان ساڵە دانراوە و هیچ زانایەک پێش ئەم وتەی بەوجۆرەی لەبارەیەوە نەبووە. پاشان ئەوەی کێشەی گەورەی دروستکردوە لەنێو بانگەشەکارانی ئەم ڕەوتەدا لەم ڕۆژگارەدا تێکەڵکردنی دووبەرەکی خۆیانە بە دین و هەر شێخ، مامۆستا، بانگخواز، زانایەکی سەر بە ئەم ڕەوتە ناکۆکیی و ڕاجیایی لەگەڵ یەکێکی دیکەی سەر بە هەمان ڕەوت هەبێت و تەنانەت حەزیان بە سروشتی یەکیش نەبێت تێکەڵ بە دینی دەکەن و خوێندکار و هەوادارانی خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن و بەرامبەرەکانیان بە بیدعەچی ناوزەند دەکەن، هەرگا بۆخۆشیان ئاشتیان بوویەوە هەردووکیان دەبنە ئەهلی سوننە و دەست لە ملی یەک دەکەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- بڕوانە: لوامع الأنوار البهية وسواطع الأسرار الأثرية لشرح الدرة المضية في عقد الفرقة المرضية، شمس الدين، أبو العون محمد بن أحمد بن سالم السفاريني الحنبلي (المتوفى: ١١٨٨هـ)، مؤسسة الخافقين، دمشق، ط٢، ١٩٨٢، ص:٢٢.

٢- فتح الباري، دارالمعرفة، بيروت- لبنان، ١٣٧٩هـ (٢٦٧/١٣) .

٣- سنن ابن ماجه، كتاب الفتن، مكتبة المعارف، ط٢، ٢٠٠٨، (٣٩٩١)

٤- صجيج مسلم، دار الجيل، بيروت- لبنان، رقم ٥٠٥٩، (٥٢/٦).

٥- صحيح مسلم، (١/ ٩٠).

٦- وسطية أهل السنة بين الفرق، محمد باكريم محمد، دار الراية للنشر، ط١، ١٩٩٤، ص: ١٢٦- ١٥٢.

٧- صحيح البخاري، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ رقم: ١٣٥٨، (٩٨/٢).

٨- شرح أصول الإيمان، محمد بن صالح العثيمين، ص:٢٧.

٩- صحيح البخاري، كتاب الجنائز، باب ما جاء في عذاب القبر، برقم ١٣٦٩، ١٣٧٤، ومسند الإمام أحمد، ٤/ ٢٨٧، ٢٨٨، ٢٩٥، ٢٩٦، ومستدرك الحاكم ١/ ٣٧ – ٤٠.

١٠- صحيح مسلم، (١/ ١٦٦).


١١- صحيح البخاري، كتاب المظالم، باب قصاص المظالم، برقم ٢٤٤٠، وكتاب الرقاق، باب القصاص يوم القيامة، برقم ٦٥٣٣ - ٦٣٣٥،وصحيح مسلم، كتاب الإيمان، برقم ١٨٢ – ١٩٥.

١٢- بڕوانە: شرح العقيدة الطحاوية، ابن أبي العز، المكتب الإسلامي، بيروت- لبنان، (١/ ٢٢٩).

١٣- صحيح البخاري، كتاب الرقاق، باب صفة الجنة والنار، برقم ٦٥٤٨، وصحيح مسلم، كتاب الجنة وصفة نعيمها وأهلها، باب النار يدخلها الجبارون، والجنة يدخلها الضعفاء، برقم ٢٨٤٩، ٢٨٥٠.

١٤- صحيح مسلم، كتاب القدر، باب حجاج آدم وموسى، برقم ٢٦٥٣.

١٥- بۆبينينى مشتومڕى سەلەفييەكان لەگەڵ نەيارەكانيان لەسەر ئەم بنەمايانە و بەڵگەهێنانەوە بۆ هەريەكێک لەم بابەتانە بە تێروتەسەلى لە قورئان و فەرموودە و وتەى زانايان و هاوەڵان و پێشەوايان و چۆنيەتى چەسپاندنيان و وەڵامدانەوەى گرووپە نەيارەكانيان، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: أصول السنة للحميدي، أصول السنة للإمام أحمد، أصول السنة للمزني، عقيدة الطحاوية، اعتقاد أهل السنة للإسماعيلي، لمعة الإعتقاد لابن قدامة،- العقيدة الواسطية لابن تيمية، نواقض الإسلام لمحمد بن عبدالوهاب، عقيدة الرازيين، كتاب السنة لعبدالله بن الإمام أحمد، شرح العقيدة الواسطية لمحمد خليل هراس، الوسيطة الكبرى لابن تيمية.



# شێخ عەلی ئەمین
## بانگەشەکاری یەك ئوممەتی




**سەرتیپ عەزیز فارس**

لەدایکبووی ١٩٨٣ سلێمانی، ماستەر لە زانستی فەرموودەناسی، مامۆستا لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی.

یەکێک لەو مەترسییە گەورانەی بەرۆکی جیهانی ئیسلامی گرتووە و کۆمەڵگەی موسڵمانانی دابەشکردووە، فیتنەی تائیفییە، بەچوونە نێو قۆناغی کوشتاری یەک و تەقاندنەوەی مزگەوت و حوسەینییەکان بەسەر نوێژخوێنانیدا پێینایە قۆناغێک کە هەموو رۆژێ کەربەلایەک دوبارەبێتەوە، لەم نێوەندەدا لەپاڵ کولانەوەی برینی جەمەل و صەفین و کەربەلا و ستەمی سەر ئالوبەیت و گرتنی چەندان مێزگرد و موجادەلە لە نێوان هەردوو ئاینزای سوننە و شیعە، دەنگێک لەنێو ئاینزای شیعەوە بەرزدەبێتەوە بەجۆرێکی تر داوای یەکبوون و یەکتر قبوڵکردن دەکات، ئەویش مەرجەعی شیعەگەر شێخ عەلی ئەمینە لە وڵاتی لوبنانەوە، کە ئەو بە بەشداریکردنی لە مێزگردە رەمەزانییەکانی نێوان هەردوو ئاینزای سوننە و شیعە لە کەناڵی موستەقیلەوە بیروباوەڕەکانی خۆی پەخشکرد بۆ جیهانی سوننی، هەروەها لە یەکێک لە کتێبەکانی بەناوی (السنة و الشيعة أمة واحدة) گرنگترین تەوەرەکانی لە توێژینەوەیەکی فیقهیی و کەلامی دەربارەی بابەتی خیلافەت و ئیمامەت دەخاتە ڕوو کە گەورەترین خاڵی مشتومڕی ئەو دوو ئاینزایەیە، ئەم کتێبە بە پرسیار و وەڵامەکان و هەندێ پاشکۆوە لە دوو توێی (٢٣٨) لاپەڕەدا چاپکراوە، لە ساڵی ٢٠٠١ دا چاپکراوە، ئەوەی لەم نوسینەدا دەیخەینە ڕوو گرنگترین تەوەرەکانی بیروبۆچوونی شێخ عەلی ئەمینە لەوبارەوە، پشتبەست بە چاپی ئاماژە بۆ کراو.

## بنەمای مامەڵەی شێخ عەلی ئەمین لەگەڵ تەوەرەکانی ئەم باسە:

بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە قوڵبووەکانی نێوان هەردوو ئاینزاکە شێخ عەلی ئەمین چەند بنەمایەک بەکاردێنێ:

**یەکەم:** گەڕانەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە جیلی یەکەم لە سەردەمی پێغەمبەر درودی خوای لێبێت لەسەری بوون لە بنەماکان و دەلالەتی وەحی.

**دووەم:** تەفسیرکردنەوەی دەقەکان لەژێر رۆشنایی دەقە هاوشێوەکانیدا لە دەلالەتی زمانەوانیی و شەرعیدا.

**سێیەم:** وەرگرتنی مامەڵەی هاوەڵان لەگەڵ یەکتردا وەک بنەمای دوورکەوتنەوە لە جیاوازی پاشینەکان.

**چوارەم:** ئیجتهادی تەواو ئەوەیە ڕیوایەتی هەردوولا بەهەند وەربگرێ نەک تەنها یەک ئاینزا.

**پێنجەم:** سەیرکردنی هەندێ لە کێشەکان وەک پەڕەیەکی کۆتایی هاتوو لە مێژوو کە حوکمی تەکلیفی بۆ موسڵمانان نیە.

## کێشەی ئیمامەت:

پێگەی ئیمامەت کە وا ناسێنراوە پێگەیەکی دینییە خوا دەیدات بەو کەسەی بە لوتفی خۆی هەڵیدەبژێرێت و فەرمان بە پێغەمبەرەکەی ــ درودی خوای لەسەر ــ دەکات کە بەدەق داینێ لە دوای خۆی، لەلای شیعەی دوانزە ئیمامیش بە ئیمامی عەلی دەستپێدەکات و بە مەهدی مونتەزەر کۆتایی دێت، هەمووشیان مەعسومن.

تێڕوانینی ئاینزای سوننی بۆ ئەم پێگەیە ئەوەیە باسێکە لە باسەکانی بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان و خۆیان کەسێکی بۆ هەڵدەبژێرن و ئەو ئەرکەی پێدەسپێرن، واتە پێگەیەکی دنیاییە و ئەو کەسەی وەریدەگرێت مەعسوم نیە.

ئەگەرچی مشتومڕی ئەم باسە تەنها لە نێوان شیعە و سوننەدا چەقی نەبەستووە، بەڵکو گرووپ گەلێکی تریش قسەی جیاوازیان لەبارەوە هەبووە وەک خەواریج و هەندێ فیرەقی تر، بەڵام مشتومڕی ئەم دوو ئاینزایە زۆرترین زەقبوونەوە و بەردەوامی هەیە.

لەمبارەوە جیاواز لە بۆچوونی باوی ئیمامییەکان کە ئیمامەت مانای دینیی و سیاسی پێکەوە دەدات، شێخ عەلی ئەمین باوەڕی وایە بەگەڕانەوە بۆ

بەکارهێنانەکانی وشەی ئیمامەت و موشتەقاتەکانی لە قورئان و سوننەتدا دەمانگەیەنێت بەوەی: مەبەست لەم وشەیە پێگەی دینی پێشیکەوتوو یان پێشینەییە بۆ کەسێک کەوا لە هەڵگری ئەو ناوە دەکات ببێتە ئیمام و مەرجەع لە گەیاندنی پەیام و حوکمی شەریعەتدا، هەڵگری ئەو نازناوە دەکاتە پێشەنگ لە پراکتیزەکردنی شەریعەتدا بەوشێوەی خوا فەرمانی پێکردووە. بۆیە مەبەست لە وشەکە سیاسی نیە، کە مەبەست لێی گرتنەدەستی کاروباری سیاسیی و بەڕێوەبردن بێت، بەڵگەش بۆ ئەمە فەرموودەی خوای گەورەیە بۆ ئیبراهیم کاتێک پێی فەرموو: **((إنِّي جاعلُك للناس إماماً قال و من ذريّتي قال لاينال عهدي الظالمين)) البقرة:١٢٤**

ئەو ئیمامەتەی کە لێرەدا خوا پەیمانیداوە ستەمکاران نەگرێتەوە، ئەوانەن کە ناگونجێن ببنە پێشەنگ و هەڵگری پەیام، نەک بنەمای حوکم و دەسەڵاتی سیاسی بێت، کە ستەمکار و ئەوانیتریش بەدەستی دێنن، مێژووش لەوبارەوە گەواهیدەرە. هەرئەم مانایەشە کە ئیبراهیمی کردۆتە ئیمام لە هەڵگرتنی پەیامی خواییدا نەک دەسەڵات کە لە مێژوودا نەهاتووە ئیبراهیم پێی گەشتبێت. هەربۆیە لە دوای ((لاينال عهدي الظالمين)) ئیبراهیم و ئیسماعیل نزا دەکەن و دەفەرموون: ((ربنا و ابعث فيهم رسولا يتلو عليهم آياتك و يعلمهم الكتاب و الحكمة و يزكهم إنك أنت العزيز الحكيم)) البقرة:١٢٩، لە سورەتی (الأنبياء) باسی وەڵامی نزاکەی ئیبراهیم دەکات و دەفەرمێ: (( و وهبنا له اسحاق و يعقوب نافلة و كلا جعلنا صلحين * و جعلناهم أئمة يهدون بأمرنا و أوحينا إليهم فعل الخيرات و إقام الصلاة و إيتاء الزكاة و كانوا لنا عابدين) الأنبياء:٧٢-٧٣

ڕوونە کە ئایەتەکە حاڵی ئیمامەتی ڕونکردۆتەوە کە بانگەشەیە بۆ ڕێگای خوا ((يهدون بأمرنا)) نەیفەرمووە (يحكمون الناس بأمرنا)، ئەوەش بەڵگەیە کە ئیمامەتەکەی ڕینموونیە نەک سیاسی.

هەر لەسەر هەمان مانا دەفەرموێت: ((ربنا هب لنا من أواجنا و ذرياتنا قرة أعين و اجعلنا للمتقين إماما)) الفرقان: ٧٤ ئیمامەت بۆ تەقوادارەکان ئەوەیە لە پێشیانەوەبێ لە تەقوا و هیدایەت و دامەزراوییەوە، هەر بەم مانایەش بە قورئان وتراوە ئیمام، پێشتریش بە کتێبی موسا وتراوە (( ومن قبله كتاب موسى إماما و رحمة)) الأحقاف:١٢.

وشەی ئیمام بە مانای سیاسیش بەکاردێت، لێرەدا پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوامی ژیان، وەک ئیمای عەلی دەفەرموێت(وإنه لا بد للناس من أمير بر أو فاجر) و دەفەرموێت (و إنما المهاجرين و الأصار فإن اجتمعوا على رجل و سموا إماما كان ذلک لله رضى).

ئیمام لێرەدا سیاسییە، ئیمامی عەلی لە مەقامی گرێبەستی ئیمامەتی سیاسیدایە کە خەڵک هەڵیان بژاردووە وای وتووە.

بەڵام ئیمامەتی دینی پەیوەست نییە بە شورای موهاجرین و ئەنسار و بەیعەتیانەوە، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێ سیفەتی زانستی و دینیی بەدەستهاتووە و کەسێک دەیگاتێ، و بەشێوەیەکە کە مولزەمە و لە توانای کەسەکەدا نیە وازی لێبێنێت، بەپێچەوانەوەی ئیمامەتی سیاسی کە دەتوانێ وازی لێبێنێت، بۆیە دەبینین ئیمامی عەلی لە سیاسییەکەدا داوا دەکات کە واز لەوبێنن و کەسێکی تر هەڵبژێرن، و دەفەرموێت من بە وەزیری باشترم بۆ ئێوە لەوەی ئەمیرتانبم، و سوێند دەخوات کە هیچ خواستێکی لە خیلافەت نیە.

ئیمامەتی سیاسی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەستە بە هەڵبژاردنی خەڵکەوە، ئیمامەتی دینی مافی وەرگرتنی ئیمامەتی سیاسی بەدەر لە خواستی خەڵک ناگەیەنێت، ئەگەرچی سیفەتە تایبەتییەکانی شایستەیی و پێشەنگی پێدەبەخشێت لەوەی شایستەتر و گونجاوترە بۆ ئیمامەتی دنیایش، بەڵام بوونی شایستەیی بەدەرنیە لە هاتنەدی مەرج و نەمانی ڕێگرەکانی تر. هەر

بەمانای ئەم ویلایەتە دینییەیە کە پێغەمبەر _د.خ_ بە حەسەن و حوسەین دەفەرموێت: (ولداي هذا إمامان قاما أو قعدا)، بۆیەش حەسەن تەنازولی لە ئیمامەتی سیاسی کرد بۆ معاویە، و ئیمامی ریزاش ئامادەنەبوو لە سەردەمی مەئموندا وەریبگرێت.

### ئیمامەت بەپێی یاسای لوتف:

مەبەست لەیاسای لوتف ئەوەیە: عەقڵ درک بە پێویستی ناردنی پێغەمبەران لەلایەن خواوە بۆ بەندەکانی دەکات، چونکە عەدالەتی خوایی ئەوە دەخوازێت هەرچییەک لە سودی بەندەکانێتی یان زیانیانی تێدا هەیە بۆیان روون بکاتەوە، خوای گەورە بەخیلی لە شتێکدا نانوێنێ کە بەسودی هەردوو دنیای بەندەکانی بێت. عەلی ئەمین باوەڕی وایە هەندێ لە زانایانی کەلام ئەم باسەیان فراوانتر کردووە تا ئیمامەتیش لەخۆبگرێت، بۆیە لە پێناسەیدا دەڵێن: (لوتفێکی خواییە وەک پێغەمبەرایەتی).

شێخ عەلی ئەمین دەڵێت: ئەگەر ئەم یاسای لوتفە بەپێی ئەسڵەکەش ڕاستبێ، ئەوە بە عەقڵ دەردەکەوێ کە تەنها ئیمامەتی دینی دەگرێتەوە، چونکە ئەو ئامانجەی باسی لێدەکەن بە ئیمامەتی دینی بەدەستدێت و پێویست بە ئیمامەتی سیاسی ناکات، ئەوەتا خوا پێغەمبەران _کە ژمارەیان بە هەزاران بووە_ ، کردووە بە ئیمامێکی هیدایەتکار و سەرکەوتوبوون تێیدا، کەمینەیەکیشیان نەبێ هیچیان ئیمامەتی سیاسییان نەبووە. لەمەوە دەردەکەوێت پرۆسە سیاسییەکە شتێکی لاوەکی بووە لە جوڵانەوەیان. بۆچی ئێمە بیکەینە ئامانجی یەکەم لە ناردنیان؟!

هەروەها دەڵێت: باوەڕمان وایە ئەم یاسایە لەدایکبووی لێکدانەوەی دوای ناردنی پێغەمبەرانە، نەک یاسایەکە هۆکاری ناردنەکە بێت و حوجەی ڕوودانی بێت، زیاتر لە یاسا نەحوییەکان دەچێت کە زانایانی نەحو لە دوای هاتنی وشەکان بەو جۆرەی لە ئیعرابدا هەبوون باسیانکردووە.

ئەوەشی دەقەکانی قورئان و دەقە دینییەکانی تر پشتگیری دەکەن ئەوەیە بنەمای ناردنی پێغەمبەران شەرعە نەک عەقڵ، خوا خۆی ئاگاداری مەنزومەی سود و زیان و پێویستی بەندەکانێتی.

بۆیە ئەگەر دەست بەیاسای لوتفەوە بگرین تەنها هێندەیە کە خودا پێغەمبەرانی بۆ هیدایەتدان ناردووە نەک بۆئەوەی بیانکاتە حاکم و پادشا بەمانا سیاسییەکەی. یاسای لوتفیش زانایانی ئیسلام لە دوای دەرکەوتنی زانستی کەلام و فەلسەفە پێی ئاشنابوون، کاتێکیش دەگەڕێینەوە بۆ پێناسەیان بۆ پێغەمبەرایەتی نابینین بڵێن: سەرکردایەتییە لە دین و دنیادا، لە کوێوە پێناسەی ئیمامەت بەمشێوەیە هات؟ ئیمامەتی دینی بریتییە لە شوێنگرەوەی پێغەمبەرایەتی.

### ئیمامەتی سیاسی لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ـ د.خ ـ (خیلافەت):

ئایا لە دوای پێغەمبەر(د.خ) خیلافەت دەبێت چۆن بێت و کێ لە پێشتربوو بۆ ئەو پێگەیە؟ جێگەی مشتومڕی سەرەکی هەردوو ئاینزاکەیە. لەمبارەوە شێخ عەلی ئەمین باوەڕی وایە: باسکردنی ئەم بابەتە ئەگەرچی لە هەندێ گۆشەیەوە پەیوەستە بە نەزەریەی حوکم و شێواز و ڕێگاکانی لە ئیسلامدا، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە لە دوای کۆتایی هاتنی کاتەکەی و کۆتایی هاتنی بابەتەکە، نزیکترە لە باسێکی مێژوویی کە فەرموودەی خوای گەورەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەفەرموێت: ((تلك أمة قد خلت لها ماكسبت و لكم ماكسبتم و لاتسئلون عما كانوا يعملون)) البقرة:١٣٤، ئەم باسە هیچ کاریگەرییەکی نەماوە لە سەردەمی دەوڵەتی نوێ و کۆمەڵگەی هەمەچەشنە و گەلانی چەند ئایین و ئاینزا کە پێکەوە لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشن کە جۆرەها سستەمی هەمەڕەنگی سیاسیی و ڕێگای حوکم کردن و دەستاودەست

# بنەمای ناردنی پێغەمبەران شەرعە نەك عەقڵ، خوا خۆی ئاگاداری مەنزومەی سود و زیان و پێویستی بەندەکانێتی.

کردنی دەسەڵاتی بەرهەمهێناوە کە زۆر جیاوازە لە سستەمی ڕابردوو.

لەگەڵ ئەمەشدا شێخ ئەمین باوەڕی وایە زیانێک نیە لە توێژینەوە لە هەندێ لایەنی فکریی و مێژوویی باسەکە بۆ تێگەشتن لە سرووشتی ڕووداوەکان و ئەو ئیجتهادانەی لەو قۆناغەی نزیک لەسەرەی پێغەمبەرایەتییەوە ڕوویانداوە، کە هیچ کێشەیەک لە ڕوودانی جیاوازی لە بیربۆچونەکاندا نەبووە، ئەو جیاوازییە لە نێوان خەلیفەکانی ڕاشدین لە چوارچێوەیەکی سیاسی ماوەتەوە، وەک ئەوەی لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤیدا ڕوودەدات، باسی ئیمامەتی سیاسی نەبووە باسێکی دینی کە لە چوارچێوەی کوفر و ئیمان و چونە دۆزەخ و بەهەشتدا دابندرێت. بەڵگەکانی ئەو قۆناغەش هەموو پاڵپشتی لەم بۆچوونە دەکەن، پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان هاوەڵان بەردەوام بوو، کەس بەهۆیەوە لە دین دەرنەکرا و حوکمی پاشگەزبوونەوە لە دینی بەسەردا نەدرا، خۆیان دابەشنەکرد بۆ مسوڵمان و بێباوەڕ و بەهەشت بەسەرخۆیاندا دابەش بکەن، جیاوازییەکە لە چوارچێوەی سیاسی مایەوە و نەبووە بنچینەیەک لە بنچینەکانی ئاین یان ئاینزا.

بەڵام ئەو کێشانەی لە دوای ئەوان ڕوویدا لە بەردەوامی کێشە لەسەر دەسەڵات و حکومڕانی، و دروستبوونی چەندان ئاراستە و حیزب ئەم باسەیان کردە باسێکی ئاینی، تا لە کێشە و ململانێکانیاندا خۆیان بدەنە پاڵ ئایین هەتا بتوانن خۆیان بەهێز بکەن و شوێنکەوتوانیان زیاد بکەن، وەها بارودۆخێکیش تەکفیر و تانەدان لە بەرامبەری لێ لەدایکدەبێت و خوێندنەوەی بۆچوونی بەرامبەری تێدا ون دەبێت، ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی چەندان قوتابخانەی کەلامیی و فیقهی، دواتریش ئەم قوتابخانانە کورتیانهێنا لە شوێنکەوتووانی یەک بیروبۆچوونی دیاریکراو، بەبێ توێژینەوە لە بۆچوونی بەرامبەر و گفتوگۆکردن لەگەڵی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەریەکەیان چەند بنەما و چەمک و باوەڕی تایبەت بەخۆی هەبێ و بەرامبەرەکەی لە سۆنگەیانەوە بخوێنێتەوە. هەمیشە جیاوازییە سیاسییەکان هۆکاری زۆربەی فیتنەکان بووە لە نێوان موسڵمانانندا کە تا هەنوکەش بەردەوامی هەیە.

### هۆکاری بەردەوامی جەدەلی خیلافەت و ئیمامەت:

ڕاست وایە جیاوازی و جەدەل لەسەر خیلافەت لە دوای کۆتایی هاتنی قۆناغەکەی کۆتایی بهاتایە، وەک ئەوەی سروشتی بابەتە سیاسیەکانە کە لە دەمێک لە دەمەکان مایەی جیاوازی بووە، کاتێک ئەو سەردەمە دەڕوات و سەردەمێکی نوێ دێتە پێش، کە نەوەی ئەو سەردەمە پەیوەندییان بەو ڕابردووەوە نییە، بەڵام کاتێک چەندان سەدە و چەندان نەوە دەڕۆن و ئەو جیاوازییە هەر

بەردەوامە، دەبێت هۆکارەکەی چی بێت؟! کاتێک خیلافەت و خەلیفەکانیش بوون بە ڕابردووی مسوڵمانان لەسەرچی کێشەیانە؟! پێشینەکان چوون بۆ لای خوایەکی بەخشندە و ئەو زاناترە پێیان، ئەگەر پێکابێتیان لەوانەوە شوێنگەی پێکان دەدۆزینەوە و دەستی پێوەدەگرین، ئەگەریش هەندێک جار هەڵەیان کردبێ وەک سروشتی مرۆڤە، ئەوا سوود لە خوێندنەوەی ئەو ژیاننامەیە دەبینین و لە کەوتنە ناو هەمان هەڵە دوور دەکەوینەوە.

بەڵام ئەوەی دەربارەی خیلافەت ڕوویدا لەگەڵ ئەو هۆکارە سیاسیانەی کە بەشداری لە وروژاندنی کرد، هۆکارێکی تریش هاوبەشی ئەو بەردەوامییە بوو، ئەویش ئەو ڕێگایە بوو کە کۆمەڵێ لە فوقەهاکانمان و زانایانی کەلام لەمبارەوە گرتیانەبەر، کاتێک لە چوارچێوەی بابەتە سیاسییەکان کە دەرئەنجامی ئاینی نیە دەریانهێنا و خستیانە ناو بابەتە فیقهیی و عەقیدەییەکانەوە، لە کتێبەکانیان دەربارەی ئەحکامەکانی توێژینەوەیان کرد، سرووشتی بابەتە عەقیدەییەکانیش وایە کە بەردەوامی هەڵدەگرێ، ئیمامەتیان کردە بابەتێکی بنچینەیی عەقیدەیی جیاواز بەهۆی ئەو شوێنکەوتانەی پێوەیان لکاند، کۆمەڵی موسڵمانانی دابەشکرد بۆ باوەڕدارپێی و دژپێی، هەریەکەشیان حوکمی خۆی هەبوو، تەکفیری ئەوانەیان کرد کە نکۆڵیان لێکرد، و حوکمیاندا بەسەر ئەوانەی ڕێگربوون لێی و لە ئەهلی خۆیان سەند بەوەی سەرپێچیکار و ستەمکارن و دەستیان بەسەر مافدا گرتووە و بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخدان، و چەندان حوکمی تر بۆ شوێنکەوتوانیان، ئەم بۆچوونەش لە شێخ موفید نقڵکراوە و زیاد لە دانەیەکیش لە زانایانی پێشوو و سەردەمیش هاوڕاییان بۆ دەربڕیوە.

ئەم هۆکارەش پاڵنەری بەردەوامی ئەم کێشمەکێشمەیە لەسەر ئیمامەتی سیاسی نەک بوونی قوتابخانەیەکی فیقهی کە ئەئیمەی ئالولبەیت پێشەوایەتی دەکەن لە تێگەشتنی کتاب و سوننەدا.

لە سەردەمی ئەئیمەدا وەک سیرەیان شاهیدە باوەڕبوونی شیعە بە دوانزدە ئیمامەکە نەبووە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەی موسڵمانان لەسەر ئاستی بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە دینییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ئەوان بانگەشەکاری یەکبوون بوون لەگەڵ مسوڵمانان بەبێ ئەوەی داننان بە ئیمامەتیان بکەنە مەرج، بانگی شوێنکەوتووانیان دەکرد کە بچن بۆ مزگەوتی عامەی موسڵمانان و نوێژ لە پشت ئەوانەوە بکەن کە باوەڕیان بە ئیمامەتیان نییە، هەروەها دەیان وت ئەوەی نوێژیان لە دواوە دەکات وەک ئەوەیە لە ڕیزی یەکەمی دوای پێغەمبەرەوە _درودی خوای لەسەر_ نوێژ بکات، ڕۆژو هەمان ڕۆژی ڕۆژووی عامەی موسڵمانان و جەژن و قوربانی هەمان ڕۆژی ئەوان بوو.

بۆ پشتیوانی لەم قسانەشی شێخ عەلی ئەمین وتەی هەندێ لە زانایانی شیعەی ئیمامی دێنێتەوە کە باس لە فەزڵی خەلیفەکان دەکات لە خزمەتی ئیسلامدا.

### سادەیی بیروباوەڕ:

ئەو عەقیدەیەی پێغەمبەر _درودی خوای لەسەر_ داوایکردووە سادەیە، ئەو مسوڵمانبوونی کەسێکی تەنها بەوە وەردەگرت ڕستەی شەهادەت بێنێت. نەدەچوو دەربارەی واتا ورد و درشتەکانی یەکتاپەرستی و چەمکەکانی زانایانی کەلام و فەلسەفە پرسیاریان لێبکات، یاخود باسی ئیمامەت و ڕۆڵی لە چوونە ناو ئیسلام و دەرچوون لێی یان باسی ویلایەتی تەکوینی و سنورەکانی لێیان بپرسێ، بەڵام فوقەها و زانایان لە مەبەستەکانی شەریعەت دورکەوتنەوە بەوەی ئومەتیان بەناوی یەکتاپەرستی پاڵفتە و تەواو دابەشکرد بۆ باوەڕدارپێی و بێباوەڕپێی، لەگەڵ ئەوەی هەموویان باوەڕدارن بەخوا و هاوەڵی بۆ پەیدا

ناکەن، مەبەستەکانی ئیسلام و سوودی لە کوێی ئەوەدان ملیۆنەها موسڵمانان بە نوکە قەڵەمێک یان وتەیەکی نابەرپرس لە ئیسلام بکەیتە دەرەوە لە ڕێی حوکمدان بەسەریاندا لەسەر شتانێک کە قابیلی تەئویلن و دەکرێ کەسەکە عوزری هەبێ تێیدا، هەموو زانایانی سەلەفی ساڵحی ئومەت کۆکن لەسەر ئەوەی جائیز نیە تەکفیری کەسێک بە گوناهێک بکەی کە دەیکات و بە گوناهی دەزانێ، ئەی ئەگەر باوەڕی وابێ ئەوەی کە دەیکات حەرام نیە و ئەوەی نکۆڵی لێدەکات لە زەرووریاتی دینی نیە.

**مەرجەعیەتی جیاوازی:**

ئەگەرچی جیاوازبوون سونەتێکی خواییە لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤیدا، بەڵام جیاوازییەک کە ببێتە هۆی پارچەبوونی ئومەت و بەرامبەرگرتنی مەزهەبیی و تائیفی لەیەک و دەرگای ململانێ و پەرتبوونیان لێبکاتەوە، جیاوازییەکە کە خوا قبوڵی ناکات ((إن الذين فرقوا دينهم و كانوا شيعا لست منهم في شيء)) الأنعام: ١٥٩.

هۆکاری ئەو جیاوازییەی کە ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت ئەوەیە کە مەرجەعیەتێک نییە پەنای بۆ ببرێت، ئەوەش شتێکە ناکرێت لە نێوان موسوڵماناندا هەبێ، چونکە هەمووان هاوڕان لەسەر مەرجەع بوونی قورئان و سوننەت، ئەو دووانە سەرچاوەی عەقیدە و شەریعەتن و دەبێت ئەوەی جیاوازییان هەیە لەسەری بیگەڕێننەوە سەر ئەو دووانە، بەمەش دەتوانین سنورێک بۆ جیاوازییە زۆرەکان دابنێین و بچوکی بکەینەوە و ڕێگە لە فراوانبوونیان بگرین، ئەوکاتە جیاوازی لە سنووری جیاوازی ڕێپێدراودا لە بازنەی فیقهی وەک ئەوەی لە نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان هەیە دەمێنێتەوە.

مەنهەجی زانستی لای مسوڵمانانی سەردەمی یەکەم گەڕانەوەبوو بۆ قورئان و سوننەت، کاتێ جیاوازییەکیان دەبوو لە یەکیان دەپرسی کە ئایا بەڵگەت هەیە لە قورئان یان سوننەت؟ بەوەش جیاوازییەکە کۆتایی دەهات. لە چەندێتی بۆچووندا دەستیان بە نزیکترینی بۆچوونەکان لە قورئان و سوننەتەوە دەگرت. بۆیە لەو دەمەدا ئەم چەندێتییە نەگەشت بەپلەی دروستبوونی مەزهەب، ئەوکات ناوی ئاینزا نەبوو، تەنها ناوێک هەبوو ئیسلام بوو، ئەو مەزهەبی هەمووان بوو، مەزهەبی عەلی جەعفەری و شیعی نەبوو، مەزهەبی عومەر سوننی نەبوو، مەزهەبی ئەبوبەکر مالیکی یان شافیعی نەبوو، مەزهەبی خاتوو عائیشە حەنەفی یان حەنبەلی نەبوو، بەهەمان شێوەش بۆ هاوەڵانی تر، مەزهەبی هەموویان تەنها ئیسلام بوو بێ هیچ قەیدێکی تر.

بەڵکو پێشەوایانی ئاینزاکان کە دوای ئەوانیش هاتن، تەنها پێشەوابوون لە زانست و دیندا، ئیمام جەعفەری سادق جەعفەری نەبوو، ئیمامی ئەبوحەنیفە حەنەفی نەبوو، ئیمامی مالیک مالیکی نەبوو، ئیمامی ئەحمەد حەنبلی نەبوو.

پێشینەکان و ئەوانەی کە لە دوای ئەوانیشەوە هاتن هەموو دەگەڕانەوە بۆ لای قورئان و سوننەت، با ئێمەش بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو دووانە وەک ئەوان دەیانکرد.

**دیاریکردنی سنوری ئیجتهاد:**

ئەگەرچی شێخ عەلی ئەمین، شێخ موفید بەوە تۆمەتبار دەکات بەوەی داهێنەری بەستەمکارکردنی سەحابەیە لەسەر بابەتی ئیمامەت، کە لە دواتردا هەندێکی تر لە زانایانی شیعە هاوبۆچوونی بوون و هەندێکیشی تر ئەوەیانخستۆتە سەر کە جگە لە کەمینەیەک زۆرینەی هاوەڵان بەهۆی پێچەوانەکردنیان بۆ وەسیەتی پێغەمبەری خوا _درودی خوای لێبێت_ کە لە غەدیری خوم کردی بۆیان لە دین هەڵگەڕاونەتەوە، هەندێکیشیان ئیمامەتیان یەکسان کردووە بە باوەڕ بە خوا و پێغەمبەر، کە هەرکەسێک باوەڕی بە ئیمام نەبێ نابێتە باوەڕدار.

هەموو ئەمانە کە شێخ عەلی ئەمین باسی دەکات

لە بۆچوونی ئەودا بۆچوون گەلێکن کە پەیوەستن بە بێژەرەکانیان نەک بنەمایەک بن لە بنەماکانی ئاینزای شیعە، چونکە دەرگای ئیجتهاد دانەخراوە و کەسی موجتەهیدیش بە تەنها خۆی بەرپرسە لە بۆچوون و ئیجتهادەکانی، حوجە نییە بەسەر موجتەهیدەکانی ترەوە، مەزهەبیش بەرپرسیارێتی بۆچوونەکانی هەڵناگرێت تەنها لەو بابەتانەدا نەبێت کە کۆدەنگی زانایانی لەسەربێت لە هەموو شوێن و سەردەمەکان، ئەم هاودەنگییەش لەسەر پرسی ئیمامەت نییە، ئەو ڕێکەوتنەش کە شێخ موفید نقڵی کردووە هاودەنگی نییە لەسەر حوکمێکی شەرعی، بەڵکو دەچێتە ڕیزی گێڕانەوە لە زانایانی پێش و سەردەمی خۆی لەسەر بابەتێک کە بووەتە بەشێک لە مێژوو، پەیوەست نیە بە حوکمێکی شەرعییەوە کە پەیوەست بێت بە کرداری بەندەکانەوە، ئەو چەشنە ڕێکەوتنەش ناچێتە ژێر ناونیشانی کۆدەنگی (ئیجماع) پەسەندکراوەوە.

واتە ئەم باسە لای شێخ عەلی ئەمین باسێکی مێژووییە نەک شەرعی تا قسەکردن لەسەری ببێتە ئیجماع بەمانا ئسوڵییەکەی، لەوەش زیاتر ئەو دەڵێ ئەو بۆچوونانەی دەربارەی کەسانێک یان کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکرێت و حوکم دەدرێت بەسەریاندا لەلای فوقەها دەچێتە ڕیزی ئەو بابەتانەی کە بۆ ئەهلی تەقلید واجب نیە دەستی پێوەبگرن، چ جای بۆ ئەهلی ئیجتهاد. ئەویش لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی ئەو ناونیشانانە بەسەر بابەتاکاندا وازیلێهێندراوە بۆ خودی کەسەکان، وەک ئەوەی کاری فەقیهـ ئەوەیە بڵێ ئاو حەڵاڵە و مەی حەرام، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم حوکمە بەسەر بابەتەکاندا پەیوەستن بە کەسەکان، ئەوان کاتێک ئەو شلەیە دەبینن کە سیفەتەکانی ئاوی تێدایە و دەزانن ئاوە و حوکمی حەڵاڵیەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکەن، بەهەمان شێوەش حەرامی بۆ مەیەکە، ئەگەر فەقیهـ بەئاو بڵێ ئەوە مەیە و حەرامە، حەرام نابێت، چونکە چەسپاندنی بابەتە دەرەکیەکە ڕاست نیە بە قسەی ئەو ئاوەکە نابێتە مەی تا ناونیشانی حەرامێتی بەسەردا بچەسپێت. هەربۆیەش ئەگەر فەقیهێک بۆچوونی دەربارەی عەدالەت یان فاسق بوونی کەسێک دەربڕی واجب نیە شوێنی بکەوی کاتێ پێچەوانەی قسەکەی ئەوت لەسەر کەسەکە بۆ دەردەکەوێ، دروست نیە تەقلیدی فەقیهەکە بکەی لەوەدا، فەقیهـ لەمبارەدا تەنها هەواڵدەرە دەربارەی کەسێک نەک حاکم و فەقیهـ بێت کاتێک هەڵەکەیمان بۆ دەرکەوێت شوێنیان ناکەوین.

بەوەی دەربارەی فکری شێخ عەلی ئەمین هێنامان دەردەکەوێت کە هەوڵی ئەو بۆ جیاکردنەوەی بابەتە مێژوویی و شەرعییەکانە لەیەک، بە جۆرێک مێژووییەکان لە چوارچێوەی سودلێبین و توێژینەوەدا بەکاربێنین نەک وەک بنەمایەکی تەشریعیی و باوەڕ، لە بابەتە شەرعیەکانیشدا ئەو کێشانەی لە نێوان هەر دوو ئاینزاکەدا هەیە بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی تری قورئان دەربارەی ئیمامەت و پۆلێنکردنی بۆ ئیمامەتی دینی کە هەڵبژاردەی خواییە لە ئیمامەتی سیاسی کە پەیوەستە بە هەڵبژاردەی خەڵکەوە لێک جیابکرێتەوە، جیاوازبوون لە دووەمدا لێکەوتەی ئاینی نیە، ئەو تێکەڵیەشی بەهۆی ململانێی سیاسی دووروودرێژ و زانایانی کەلامەوە کراوە پێویستە لێکجیابکرێتەوە، تا نەبێتە هۆکاری پەرتکرن و تەکفیرکردنی یەکتری مسوڵمانان.

پەیوەستی ئیمامەتیش بە پێغەمبەرایەتیەوە لە بازنەی ئیمامەتی دینیدایە نەک سیاسی وەک لە ژیاننامەی پێغەمبەراندا ئاشکرایە. بەمەش شێخ عەلی ئەمین بنچینەکانی باوەڕداربوونی کەسێک لە باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەر و ڕۆژی دوایدا کۆدەکاتەوە کەسێک بنچینەی هاوبەشی نێوان بنەماکانی باوەڕی هەردوو ئاینزاکەن و هێڵی پێکەوەژیان و بەردەوامی ئاشتەواییانە، ئیمامەتی دینیش لای هەردوولا دانپێدانراوە، بەمەش خاڵێکی گرنگی جیاوازی چارەسەر دەبێت.

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویستی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١ـ ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.

٢ ـ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.

٣ ـ نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.

٤ـ بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.

٥ـ ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.

٦ـ بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.

٧ـ نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.

٨ـ لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.




## لە بڵاوكراوەكانی
## سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی




## له بڵاوکراوەکانی
## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

دواخاڵ



# تیرۆر، گەورەتر لە کوشتن!!

مودریک عەلی عارف

زۆرن ئەو کار و کردە و گوفتارانەی کە ڕیتم و شێوازی ژیانی ئاسایی ژیانی مرۆڤەکان دەشێوێنن و دەبنە مایەی ئاڵۆزیی و پشێوی دروستکردن و شەڕ و ئاژاوە و دواجاریش کوشتن و خوێنڕشتن، ئەو کردە و گوفتارە خراپ و نەشیاوانەی کە دەبنە مایەی نائارامیی و تێکچوونی کۆمەڵگە و خێزان و ناخ و دەروونی تاکەکان، هەندێک لەو کردەوە خراپ و تێکدەرانانە هێندە خراپ و دزێون کە لە یەک کاتدا پەلدەهاون بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان و دەبنە مایەی نائارامیی و ترس و دڵەڕاوکێ بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگە و تەنانەت دەوڵەتەکانیش، تیرۆر و توندڕەویی و تۆقاندن لە زەقترین و دیارترینی ئەو کردە خراپانەی مرۆڤە کە دەبێتە فاکتەری پشێویی و ئاڵۆزیی و شێواندنی ئارامیی و ئاسودەیی ژیانی مرۆڤەکان بەگشتی.

ئاشکرایە کە تیرۆر و توندڕەوی لە خراپترین و دزێوترین دێوەزمەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە بەگشتیی و مێژووی هاوچەرخ و سەدەی بیست و یەک بەدواوە بەتایبەتی و لە دیارترینی ئەو پرس و بابەتانەیە کە گەرمترین مشتومڕ و قسەی لەسەر دەکرێت، تیرۆر و توندڕەوی ئەو دێوەزمەیەیە کە هەندێک بەکاریدەهێنن و هەندێکی دیکەش لە دژیان بەکار دەهێنرێ و بڕێکی دیکەش کردوویانەتە پاساو بۆ لەناوبردن و بەرتەسک کردنەوەی ئازادیی و کار و خەبات و چالاکی ئەوانیتر، هەندێکیش کردوویانەتە قامچی و چەکوشێکی ستەمکارانە و ناعادیلانە بۆ لێدان و ئەزیەتدان و لەناوبردنی نەیار و ڕکەبەرەکانیان و سڕینەوەی ئەوانیتر و نەهێشتن و لەناوبردنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان و ڕەنگڕێژکردنی ژیان بەیەک ڕەنگ و بە سپی زانینی خود و بە ڕەش زانینی ئەوانیتر.

حەسرەتی گەورە و خەمە قوڵەکەش بۆ ئێمە لەوەدایە کە بەداخەوە تیرۆر و توندڕەوی کراوەتە بەرگێک بۆ موسڵمانان بەگشتی و ڕەوتە ئیسلامییەکان و تەوژمی ئیسلامی بەتایبەتی، کراوەتە ڕەنگ و بەرگێکی ڕەش و ناقۆڵا بۆ ناشیرینکردن و شێواندنی ئایین بەگشتیی و وێنەی ئیسلام و موسڵمانان و تەوژمی ئیسلامی بەتایبەتی، مەخابن لەمەشدا هەندێک لە خودی موسڵمانان و ڕەوت و تەوژمە ئیسلامییەکەی ناو گۆڕەپانەکە بەشێک لەو تاوان و خەتایەیان دەکەوێتە ئەستۆ لەم وێنا شێواوە و ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنەدا، چونکە هەندێک لەوان بوونەتە پاساو و زەمینەسازکار بۆ ئەو بۆچوونە نادروست و نارەوایە و ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی و توندڕەوانە، هەندێکیشیان بەکردەیی تێوەگلاون لە بیروبۆچوونی توندڕەوانە و پەڕگیرانە و کردەوەی تیرۆریستی و کەوتوونەتە

ناو بازنەی ڕەشی تیرۆری جیهانی و تیرۆرەوە بەگشتی.

ئەڵبەتە دەبێ ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆماندا کە نکۆڵی لەوەش ناکرێ و حاشا هەڵنەگرە کە بەشێک لە تیرۆریستان هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامن و ئیسلامین و پشتبەستوون بە تەفسیری هەڵە و ناسازگار بۆ کۆمەڵێک دەق و ئایەت و فەرموودە، هەروەها پەیرەوی کۆمەڵێک فەتوا و ڕاوبۆچوونی هەندێک لە زانایانی پێشین و هاوچەرخ دەکەن کە هاندەرن بۆ ئەو بابەتە، یاخود لەژێر کاریگەری سۆز و حەماسەتی دیندارانەدا و بێ مەبەست بوونەتە جێبەجێکاری پلان و پیلانی دوژمنان و نەیارانی ئیسلام و هەندێک لە دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتان، کە بەمەش بوونەتە بارێکی قورس و گران و زۆر خراپ بەسەر شانی موسڵمانان و خودی ئایینی ئیسلامەوە، بەوەش نموونەیەکی زۆر ناشیرین و شێواویان لە دین و دینداری پێشکەش کردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەشمان لە پێشچاو بێت کە بەشێکی فراوانتر و گەورەتری تیرۆریستان و ئەوانەی کە کردەوەی تیرۆریستی و توندڕەوانە ئەنجام دەدەن و ڕەواجپێدەری فیکری توندڕەویی و کاری تیرۆریستانەن -بەناو و ناونیشانی جیاوازی ڕووکەشکراوە- ئەوانی دیکە و غەیری موسڵمانانن، ئەوانەن کە دەبنە ڕێخۆشکەر و زەمینەی ڕەخساندنی بیر و هزری توندڕەویی و کردەی تیرۆریستی دەڕەخسێنن، کە بەشێکی ئێجگار زۆری لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئەو ژینگەیەدایە کە تیرۆر و تیرۆریستانی تێدا لەدایکدەبن، ئەوانەن کە هەڵگری بانگەشەی (ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری جیهانی)ن و چەندین دەزگا و ڕێکخراویان بەناوی (دژە تیرۆر)ەوە دروستکردووە، هەروەها کردوونیانەتە ئۆرگانێک بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی ئەوانیتر و بەرتەسککردنەوەی ئازادی بیروباوەڕ و ئایین و مەزهەب و ڕێچکە جیاوازەکان و بە دوژمنکردنی هەموو ئەوانەی کە هاوڕا نین لەگەڵیاندا و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا یەک ناگرنەوە.

یەکێک لە گەورەترین گرفت و ئاریشەکانی بەردەم ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ئەو تیرۆر و تیرۆریستانەش کە کراونەتە ماڵ بەسەر ئیسلام و موسڵمانانەوە ئەوەیە کە: بەداخەوە تا ئێستاش بەشێکی بەرچاو لە تەوژمی ئیسلامی بەگشتیی و لایەنە ئیسلامییەکان و زانا و کەسایەتییە ئیسلامییە کاریگەر و بەناوبانگەکان بەتایبەتی، ئازا و بوێر نەبوون و نین لە بە تیرۆر ناساندنی بیر و بۆچوون و کردەی تیرۆریستانەی ئەو ئیسلامییانەی کە هەڵگری بیروبۆچوونی توندڕەوانە و پەڕگیرانە بوون و کردەوەی تیرۆریستییانە و دڕندانەیان ئەنجامداوە، کە دژ بووە لەگەڵ قورئان و ڕۆحی دین و ئیسلام و تەنانەت بەها ئینسانیی و ئەخلاقییەکانیشدا، نەشیانتوانیوە یان نەیانویستووە کە بە ڕوونی ناویان ببەن و ئازا و دەنگ دلێریش نەبوون لەوەی کە لە کۆڵی موسڵمانان و ئیسلامیان بکەنەوە و نەهێڵن ببنە بار و موڵک بەسەریانەوە، بەمەش باجێکی گەورە و درێژخایانیان داوە و دەدەن، چونکە هێشتا نەیانتوانیوە ئەوان لە وێنە گشتییەکەی ئیسلام و موسڵمانان جیا بکەنەوە.

ئەڵبەتە ئێمە بڕوامان وایە کە تیرۆر و توندڕەوی گەورەتر و فراوانتر لەوەیە کە تەنیا لە کردەی کوشتن و لەناوبردنی فیزیکی جەستەی ئەوانیتردا کورت بکرێتەوە، تیرۆر تەنیا تیرۆری جەستەیی و فیزیکی نییە، بەڵکو زۆر فراوانتر و گەورەتر لەوەیە، ئەمڕۆ زۆر بەئاشکرا تیرۆری فیکریی و بیروباوەڕ دەبینین، تیرۆری کەسێتی مرۆڤەکان بەگشتی و کەسێتییە دیار و تایبەتەکان دەبینین، تیرۆری ئایینی

دەبینین کە ئایینی ئەوانیتر تیرۆر دەکرێ و ناشیرین دەکرێ و دەیان گومانی خراپ و پرسیاری شێواوی لەسەر دروست دەکرێت، تیرۆری ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی دەبینین، کە دەست دەبرێ بۆ ژیانی تایبەتی و خێزانی کەسەکان و ناو زڕاندنیان و لەکەدارکردنی سومعە و ئابڕوویان و تۆمەت بۆ دروستکردنیان بە شێوازی زۆر ناڕەوا، تەنانەت تیرۆری پێگەی زانستی و بڕوانامە دەبینین و هتد..، کە هەموو ئەم جۆرە تیرۆرانە پێویستیان بە لەسەر وەستان و قسە لەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی جددیی و شێلگیرانەی هەموو لایەک هەیە.

ئەمڕۆکە نەک تەنیا تیرۆری تاکەکەسی و لایەن، بەڵکو تیرۆری گەلان دەبینین، هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی گەلان دەدرێ بە پاساوی ناڕەوای جۆراوجۆرەوە، ئایا تیرۆری شوناس و ناسنامەی گەلێک سەخت نییە، ئیدی ناسنامەی نیشتیمانی بێت یان نەتەوەیی؟ کاتێک دەسەڵاتێکی ستەمکار و دیکتاتۆر دەیەوێ شوناس و ناسنامەی گەلێک بسڕێتەوە بە ڕێگە نەدان بە بەکارهێنانی زمانی دایک و پابەندبوون و بایەخدان بە کولتوور و فەرهەنگی میللیی و نەتەوەیی خۆیەوە، ئەوە تیرۆر نییە؟! ئەوە تیرۆر نییە کە لە وڵاتێکی زۆرینە موسڵماندا ڕێگە بە ئازادییە مەزهەبی و ئایینییەکانی گەلێک نەدرێت؟! ئایا ئەوە برینێکی سەخت و بەسوێ نییە کاتێک تیرۆری ئایینی زۆرینەی گەلێکی موسڵمان لەلایەن دەسەڵاتداری خودی نیشتیمانەکەیەوە دەکرێت، کاتێک کە زیاتر لە (٩٥٪)ی ئەو نیشتیمانە پێکدەهێنێ و لە بەرامبەردا بایەخی زۆر و زیاتر لە پێویست بە ئایین و مەزهەبگەلێکی زۆر کەمینەی دیکە دەدرێت کە کەمتر لە (٥٪)ی ئەو گەل و نیشتیمانە پێکدەهێنن، ئایا ئەمە تیرۆرێکی زۆر زەق و بێ ویژدانانە نییە؟!

ماوەتەوە لە کۆتاییدا ئەوە بڵێین کە: تیرۆر هەر تیرۆرە و توندڕەویی و پەڕگیریش هەر ناڕەوان، ئیدی هەرکەس و لایەنێک پێی هەستێ و بەرامبەر هەر کەس و لایەنێک بێت کردەیەکی نائینسانی و نائەخلاقییە و دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ ڕۆحی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بەگشتیی و قورئانی پیرۆز و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی، هەروەک هیچ کارێک نابێتە پاساو بۆ ڕەوایەتی بەخشین و ئەنجامدانی تیرۆر و کاری توندڕەوانە بەرامبەر ئەوانیتر، تیرۆر و توندڕەوی هیچ ئایین و گەل و مەزهەب و ڕێچکەیەک ناناسێ و حورمەتی هیچ لایەکیان ناگرێت و موڵک وماڵیش نییە بەسەر هیچ ئایین و گەل و مەزهەب و ڕێچکەیەوە، تیرۆر و توندڕەوی کارێکی زۆر نادروستی مرۆڤە هەلپەرست و بەرژەوەندخواز و لادەر و دەروون نەخۆش و عەقڵ شێواوەکانە، ئەرکی هەموو لایەکە زۆر شێلگیرانە و بە بوێریی و دلێرانە ئیدانەی تیرۆر و توندڕەوی و ئەو جۆرە بۆچوون و کردە تیرۆریستییانە بکەن، تەنانەت ئەگەر کەسانی موسڵمانی سەر لێشێواو و فریودراویش ئەنجامی بدەن، یان کەسانی گەرمکراو بە حەماسەتی ئایینی و تەفسیری هەڵەی ئایین و دەقە ئاینییەکانیش بن، موسڵمانان و تەوژمی ئیسلامی و سەرکردە و کەسایەتییە کاریگەرەکان و زانایان و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی لە هەموو کەس زیاتر دەبێ بوێرتر و دەنگ زوڵاڵتر بن لە ئیدانەکردن و سەرکۆنەکردنی بیر و کردەی توندڕەوانە و تیرۆریستانەدا، بۆ ئەوەی لە ئاست بەرپرسیارێتییە ئایینی و ئەخلاقیی و ئینسانییەکەیاندا بن.